# دەقی قورئانی

# ئیستاتیکا و ئەدەبییبوون

## لێکۆڵینەوەیەک لە تیۆری تەفسیر

# دەقی قورئانی

# ئیستاتیکا و ئەدەبییبوون

## لێکۆڵینەوەیەک لە تیۆری تەفسیر

نووسینی: عومەر حەسەن ئەلقیام

وەرگێڕانی:  محەمەد عەزیز لۆتەری

# دەقی قورئانی

## ئیستاتیکا و ئەدەبییبوون


لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری زەهاوی
بۆ لێکۆڵینەوەی فیکریی ژمارە (٩٤)

- نووسینی: عومەر حەسەن ئەلقیام
- وەرگێڕانی: محەمەد عەزیز لۆتەری
- بابەت: لێکۆڵینەوە
- دیزاین: ڕەوشت محەمەد
- چاپ: یەکەم - ٢٠٢٠ - ناوەندی ڕێنوێن.

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارە (٦٧٥)ی ساڵی ٢٠٢٠ی پێدراوە.

سەنتەری زەهاوی بۆ لێکۆڵینەوەی فیکریی
www.zahawi.org
ناونیشان: عێراق - سلێمانی - شەقامی سالم
تەلاری جەمالی حاجی عەلی – نزیک پردی خەسرەوخاڵ
07702422171

**پێشکەشە بە: باوکم**

ئەو مـــرۆڤە هەســـت ناســـکەی، کە بێـــدەنگی شـــەوانی بە خوێنـــدنەوەی قورئـــان بە دەنگێکـــی بەخـرۆش دەڕەوانـدەوە، هەمـوو هیـوام ئەوەیە، کە ئەو لە پلە هەرە بڵندەکانی فیردەوس بێت.

## ناوەڕۆک


پێشەکی سەنتەری زەهاوی ........................................................ ٨
پێشکەشکردن ................................................................... ٩
پێشەکی ........................................................................ ١٧

**بەشی یەکەم: ساتی بناغەدانان و ڕووبەڕووبونەوە ................ ٢٣**
محەمەد عەبدە و قورساییەکانی بناغەدانان ........................................ ٢٥
نمونەیەکی کرداریی لە تەفسیری محەمەد عەبدە ................................... ٤٧
ئەمین خوولی و پێشەنگە دەرکەوتووەکان .......................................... ٥٠
نمونەیەک لە تەفسیری ئەمین خوولی ............................................... ٦٧

**بەشی دووەم: دوو ڕەخنەگر لە خوێندنگای ئەمینییەکان .................. ٧٩**
عائیشە عەبدوڕڕەحمان و تەفسیری بەیانکردن بۆ قورئانی پیرۆز .................. ٨١
شوکری عەیاد و خوێندنەوەی چەسپاندنی ئەدەبی ڕەوانبێژی ........................ ٩٢

**بەشی سێیەم: محەمەد ئەرەگۆن و لەرینەوەی چەمکی پیرۆزیی و قەداسەت .... ١٣١**
خوێندنەوەی ئیمانیی لاهوتی ....................................................... ١٣٥
خوێندنەوەی مێژوویی فلیلۆژی ..................................................... ١٣٧
خوێندنەوەی زمانەوانی و سیمیائی و ئەدەبی ........................................ ١٤٠
ئەرەگۆن و خوێندنەوەی سوورەتی فاتیحە .......................................... ١٦٢

**بەشی چوارەم: نەسر حامد ئەبوزید: چەمکی دەق و سروشتی زمانی ئاینی ...... ١٨١**
چەمکی دەق ........................................................................ ١٨٣
سروشتی زمانی ئاینی ............................................................... ٢٠٨
کۆتایی ............................................................................. ٢٢٣

**سەرچاوەکان ........................................................................ ٢٣٠**

## پێشەکی سەنتەری زەهاوی

نووسین لەسەر لایەنی تیۆریی هەر بوارێک هەوڵێکی زۆر و شارەزاییەکی فراوانی دەوێت تا نووسەر بتوانێت کۆمەڵێک بنەمای گشتی هەڵهێنجێت، کە لێیەوە چوارچێوەی بابەتەکەی دیاریبکات، دواتر پێویستی بەوەیە بەرهەمی کەسانێکی پێشەنگی بوارەکە شیتەڵ بکات و هەوڵەکانیان بۆ تەواوکاریی یەکتری بەیەک بگەیەنێت، ئەمەش کارێی قورسترە لە توێژینەوە لە بەرهەمی تەنها کەسێک و گەیشتن بە ئاکام.

ئەم کتێبە (دەقی قورئانی ئیستاتیکا و ئەدەبییبوون) هەوڵێکی زانستی و جیدی نووسەرە بۆ تیۆریزەکردنی مەنهەج و ڕێبازێک لە بواری تەفسیردا، ئەویش مەنهەجی توێژینەوە و لێکدانەوەی قورئانی پیرۆز و سەیرکردنیەتی وەک دەقێکی ئەدەبیی باڵا، بەپەیڕەوکردنی میکانیزم و بنەماکانی زانستی زمانی هاوچەرخ، نووسەر هەوڵیداوە بابەتیانە لە بەرهەمی هەموو ئەوانە بکۆڵێتەوە کە لێکدانەوەی قورئانیان کردووە وەکو ئەوەی دەقێکی ئەدەبی و ستاتیکیە و هەڵگری مانا و دەلالەتی جۆراوجۆر و ئیجا و لێکدانەوەی جیاوازە کە دەتوانین بە پەیڕەوکردنی ڕێبازی زمانەوانیی هاوچەرخ مامەڵەی لەگەڵدا بکەین، چونکە قورئان پێش ئەوەی هەر شتێک بێت زمانە، زمانێکی ئاساییش نا، بەڵکو زمانێکە کە یاسا و ڕێساکانی زمانی ئاسایی و قسەکردنی تێکشکاندووە لە هەموو ئاستەکاندا، کاتێک باسی حەقیقەتێکی عەینی و بینراو دەکات لەوپەڕی خەیاڵ و وێنەی هونەری و مەجازدا بەرجەستەی دەکات، بنەماکانی دین و عەقیدە و ژیانی دواڕۆژ لە قاڵبێکی ئەدەبیدا دادەڕێژێت، کە باسی مێژوو دەکات لەوپەڕی گێڕانەوەی ئەدەبیانەدا پێشکەشی دەکات.

ئەوەی گرنگە لەم کتێبەدا زانستیانە و بابەتیانە مامەڵە لەگەڵ بەرهەمی موفەسیرەکانی ئەم ڕەوتە لە تەفسیرکردن دەکات، لایەنی باش و خراپیان دەستنیشان دەکات، لەپاڵیدا هەوڵدەدات تیۆرێکی گشتی دابڕێژێت بۆی لە ئەنجامی خوێندنەوە و ڕانان و شرۆڤەکردنی تێزەکانیان، ئەمەش پێویستی بە شەونخونی و خوێندنەوەیەکی زۆربووە تا بەتەواوی چواردەوری بابەتەکەی گرتووە، بۆیە کتێبێکی بەنرخ و بەسوودە.

خوێنەر لەم کتێبەدا دەتوانێت زانیاری تەواوی دەست بکەوێت لەسەر ڕێبازی هەریەکە لە (ئەمین خوولی و عائیشە عەبدوڕڕەحمان و موحەممەد عەبدە و شوکری عەیاد و موحەممەد ئەرەگۆن و نەسر حامید ئەبوزەید)، هێڵەگشتیەکانی بیر و تیۆرەکانیان بزانێت و ئەو هەڵە و کەموکوڕیانەشی بۆ دەردەکەوێت کە هەریەکەیان تێیکەوتوون.

هەربۆیە سەنتەری زەهاوی بە پێویستی زانی ئەم کتێبە ناوازەیە وەربگێڕێتە سەر زمانی کوردی و ئەرکی وەرگێڕان و بە چاپگەیاندنی بگرێتە ئەستۆ.

**سەنتەری زەهاوی بۆ لێکۆڵینەوەی فیکریی**

# پێشکەشکردن

**بە پێنووسی: دکتۆر تەها جابر عەلوانی**

**الحمدلله نستغفره ونستعينه ونستهديه، ونصلي ونسلم على سيدنا رسول الله، محمد بن عبدالله وعلى اليه وصحبه ومن اتبعه واهتدى بهديه الى يوم لقاه. اما بعد.**

زۆرن ئەو کتێبانەی، کە پەیمانگـای جیهـانیی هـزری ئیسـلامی، بـۆ لای منیـان دەنێرێ، تا بۆچوونی خۆمیان لە بـارەوە دەربـبڕم بـۆ بڵاوکردنەوەیـان، ئـاخۆ چەنـدە دەگـونجێن لەگەڵ ئامانجەکانیـان؟ مـن بە کەمێـک لەو کتێبـانە شـادمان دەبـم، بابەتەکانیـان سەرسـامم دەکەن، بـۆیە پـێش هەنـدێکجار ئەوەی پەیمانگـا داوام لێبکات، من خۆم ئامادەیی دەردەبڕم کە پێشەکییان بۆ بنووسم.

لە نـاو ئەو چەنـد کتێـبە کەمـانەدا ئەم کتێـبە یەکـێکە، کە ئێسـتا پێشکەشـتانی دەکەم، کاتێ خوێنـدمەوە بینـیم کۆششـی زانـایەکی زانـای تێـدایە، هەسـتبەرزی و جوانبێژی ئەدیبێکم تێدا درکپـێکرد، توانستی ڕەخنەگرێکی چاوڕوونم بینی، کـاتێ دەستم کرد بە خوێندنەوەی، حەزم دەکـرد کتێبەکە درێژتـر بـێ، تـا ئەم نووسـەرە ئەو خوێندنەوە هاوچەرخانەی، کە هەن هەمـووی هەڵسـەنگاندنایە و هەر بەو چەنـد خوێنـدنگا و پەیـڕەوەی، کە خوێنـدوونییەوە وازی نەهێنابـایە، وەک ئەوەی بەم پەیـڕەوانەی، کە باسـیکردوون، شـرۆڤەی ئەو پەیڕەوانەشـی کـردووە، کە باسـی نەکردووە، ئەمەش ئەوە لەسەر خوێنەر دادەنێ، کە چێـژ لە خوێنـدنەوەیەکی ورد و پشکنەر ببینێ، تا بگاتە تێگەیشتنی ئەو تێگەیشتنەی، کە باسنەکراوە.

تێڕوانین بۆ ئەدەبیبوونی دەقـی قورئـانی، پـێم باشـتربوو، کە وشـەی گـوتـاری لە جیـاتی دەق بەکـار بهێنـایە، کە لە چەنـدین ئـایەتی قورئـان و بە چەنـدین شـێواز هاتووە، ئەوەتا دەفەرموێ: ﴿بِلِسَانٍ عَرَبِيٍّ مُبِينٍ﴾. [الشعراء ١٩٥]

ئەم گـوتـار و دەقە بە زمـانێکی پـاراوی عـەرەبـیە، کە هـیچ لەنگـی و کەموکـوڕیەکی تێـدانییە، هـیچ پەرتەوازەیـی و بەریەککەوتنێکـی تێـدانییە، قورئـان

لەمەدا مەیدانـداری جنۆکـە و مرۆڤەکـان و بەتـایبەت عەرەبەکـانی کـرد، بەوەی کتێبێکی هاوشێوەی قورئان بێنن، پاشان بنمیچی مەیدانداریەکەی نەوی ترکرد و فەرمـووی: تەنیـا دە سـوورەت وەک قورئـان بێـنن، پاشـان کـردیە تەنیـا یەک سـوورەت، عەرەب و جـگە لە عەرەب دەستەوسـان بـوون، مەیدانـداریەکە تـاکو ئێستاش بێ وەڵام ماوەتەوە، بۆ هۆکاری دەستەوستان بوونەکەش، زانـا و ڕەوانبێـژان هۆکاری زۆریان باسکردووە، گوتراوە:

بەهـۆی شـێوازی ڕێکبێـژی و بڵنـدی قورئـان، هەنـدێکی تـر گوتویـانە بەهـۆی ڕەوانبێـژیەکەی، هەنـدێکی تـر گوتویـانە بەهـۆی زمانەپـاراوەکەی، یـان بەهـۆی ڕێکخـراویەکەی، کـۆمەڵێکی تـر دەڵـێن ئەمـانەی هەمـوو تێـدایە، گرنگتـرین شـت ئامـاژەی پێکـراوە، پەیوەنـدی بە ئەدەبیـات و ڕەوانبێـژی گوتـاری قورئـانەوە هەیە، ئەدەبی عەرەبی بە شیعر و پەخشـانەوە، لە هەمـوو سـەردەم و قۆناغەکـان نەیتوانیـوە بگاتە ڕەوانبێژی قورئان.

قورئـــان ئامـــاژەی بە هۆکـــاری ئاســـانکاریەکەی کـــردووە، تـــا عەرەبە نەخوێنـدەوارەکان تێـی بـگەن و گوتـاری قورئـان هەسـت و هـۆش و بیریـان ببوژێنێتەوە و هۆشداریان بەهێز بکات:

- ﴿فَإِنَّمَا يَسَّرْنَاهُ بِلِسَانِكَ لَعَلَّهُمْ يَتَذَكَّرُونَ﴾. [الدخان ٥٨]
- ﴿وَلَقَدْ يَسَّرْنَا الْقُرْآنَ لِلذِّكْرِ فَهَلْ مِنْ مُدَّكِرٍ﴾. [القمر ١٧]

لەگەڵ ئەو ئاسانکاریەش، مەیدانداریەکە هەر مـایەوە، دەستەوسـانی مرۆڤـایەتیش هەر بەردەوام بـوو، تـا ئـەدەبیوونی گوتـاری قورئـانی و دەستەوسـتانکەری بـۆ هەمـووان بسـەلمێ، وەک مـوعجیزە و دەستەوسـتانکەرێکی زینـدوو و بەردەوام تـا ڕۆژی قیامەت، بەمەش موعجیزەی پێغەمـبەری خـاتەم (دروودی خـوای لەسـەر) لە مـوعجیزەی هەمـوو پەیـامبەرانی تـر جیـابکرێتەوە، کە ئەم مـوعجیزە بەڵـگەی چەسـپاویی و ڕاسـتگۆیی ئەو گوتـارە هەمیشـە زینـدووە بـێ، فەرمـانڕەوایی و دەسەڵات و حاکمیەتی ئەم گوتارە لەسەر بیروهۆش و هەسـت و ئەندێشـە و چێـژە

ئەدەبییەکـان، هەر بەردەوام بـێ، ئەو شـەریعەتە و پەیـڕەوە بە نەمـری و جیهـانی بمێنێـتەوە، چـونکە هەمـوو تایبەتمەنـدیە چـاک و بـاش و جیاکەرەوەکـانی شەریعەتێکی زیندووی بۆ هەمـوو بـوار و تایبەتمەنـدیەکانی لە هەمـوو کاتەکـان و شوێنەکان، تێدایە.

ئەو دەمەتەقێـیەی لە کەلەپـور و مێـژووی ئـێمە وروژێنـراوە لەبـارەی (خـەلقی قورئان) و ئەو بانگەشانەی، کە دەگوترێ قورئان دەستەواژەی جـگە لە عەرەبیشـی تێـدایە، دەربـڕدراو و وشـەی هـاوبەش و هاوواتـا و درکە و خواسـتن و تەوریە و خوێندنەوە ڕیزپەڕەکـانی قوئـان و دووبـارەبوونەوەی تێـدایە، هەمـوو ئەم بۆچوونـانە نەیـانتوانیووە ئەو موعجیزەبـوون و دەستەوسـتانکەریە لە قورئـان وەربگـرنەوە، ئەو مەیدانداریەشـی لاواز بـکەن، هەر چەنـدە جەنگـی دەسـتەویەخەی قورئـان لەگەڵ دووژمنانی هەر لە ڕۆژی هاتنییەوە تـا ئەم سـەردەمەی ئێسـتا، هەر بەردەوام بـووە و درێـژەی هەیە و تـا ڕۆژی دوایـیش هەر بەردەوام دەبـێ، هەر کەسـێکیش بێـتە ئەو مەیدانە و دژایەتی قورئان بکات، ئەوە بێگومان قورئان دەیبەزێنێ.

دوو سـەدەی ڕابـردوو، هەمـوو شـوبهە و گومانەکـانی سـەدەکانی ڕابـردوو زیندووکرانەوە، زمانی عەرەبی کرا بە بیانووی پەراوێزخستنی قورئـان لە جیهانـدا و بـووە جێگـای تـانەو تەشـەری نـاحەزان و خەڵکیـان لـێ دوورخسـتەوە و بەسـەریدا بازیاندا، وەک زمانێکی زیادەڕەو و بێ کەڵک و زیادە و زمانێکی لەکـارکەوتوو و مردوو ئەژماریان کرد، کە هـیچ نـاوەرۆکێکی زانسـتیی و بەڵگەنەویسـتی ژیـاری و شارسـتانی لەخۆنـاگرێ، بەڵام ئەوانەی دەیـزانن و گفتوگـۆی پێـدەکەن، تەنیـا دیـاردەیەکی دەنگـین، ئەم هەمـوو سـوکایەتیکردنەش بە عەرەبـی بـۆ ئەوەبـوو، تـا قورئـانی پـێ نەنـگ و پشـتگوێخراو بـکەن، چـونکە قورئـان زاڵ و سەرپەرشـت و ڕاستگۆ و مەتنی زمانی عەرەبییە، هەندێ گوتیان پەیامی ئیسلام پەیامێکی نەتەوەیـیە و جیهانی نییە، گوتارەکەی دیاریکراوە بۆ تەنیا نەتەوەیەک بە بەڵگەی:

﴿**وَمَا أَرْسَلْنَا مِنْ رَسُولٍ إِلَّا بِلِسَانِ قَوْمِهِ لِيُبَيِّنَ لَهُمْ فَيُضِلُّ اللَّهُ مَنْ يَشَاءُ وَيَهْدِي مَنْ يَشَاءُ وَهُوَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ**﴾.[ابراهيم ٤]

دەڵێن ئەوەتا گوتاری قورئان، بەهەمان زمانی نەتەوەی پێغەمبەرەکەی دابەزیوە و گوتارەکە تەنیا بۆ ئەو و نەتەوەکەی بووە، تا ئەو پێغەمبەرە و نەتەوەکەی ئاگادار بکاتەوە و هیچ پەیوەندیەکی بەگەلانی تری جگە لە عەرەب نەبووە، ئەو نەتەوە و گەلە، جگە لەو عەرەبانەش – بە خوێندەوار و نەخوێندەواریانەوە- کە هێنراونە ناو ئیسلام، هاتنەکەیان بەزۆرەملێ و بەهۆی باڵهاویشتنی فەتحی ئیسلامی بووە، بۆیە هەر نەتەوەیەک و هەر کەسێک لە ڕەگەز و نەتەوەی عەرەب نەبێ، گوتار و پەیامی ئەم دینە نایگرێتەوە، پێویست ناکا ژیان و تەمەنی خۆی بەفیڕۆ بدات بە فێربوون و خزمەتی زمانێک، کە زمانی ئەو نییە و پەیامەکەی ئەو ناگرێتەوە و زمانێکی مردووە، چونکە لە بۆچوونی ئەمانەدا زمانی عەرەبی ناتوانێ ببێتە زمانێکی زانستیی.

ئەم هێرشی سوکایەتیکردنە بەزمانی عەرەبی، تەنیا لە ناو گەلانی جگە لە عەرەبدا تەشەنەی نەکرد، بەڵکو ئەوانەش کە عەرەب بوون و بەعەرەبی دەدووان و چاوەڕێ دەکرا، کە بەرگری لە عەرەبی بکەن و بیبوژێننەوە و وەک ڕابردووان خزمەتی بکەن و پەرەی پێبدەن، تابتوانێ لەگەڵ داهێنرانی ئەو دەستەواژە و زانستە نوێیە هاوچەرخانە، بگونجێ و ببێتە دەفرێکی هاوچەرخ بۆ پێشکەوتن و هەر بە زمانێکی جیهانی بمێنێتەوە بەو تایبەتمەندی و توانستانەی هەیەتی، تاببێتە زمانی هاوبەشی تێکگەیشتن لە نێوان گەلان و نەتەوەکانی جیهان، وەک لە ڕابردوودا بەو شێوە بوو، بەتایبەتیش، کە پەروەردگار ژمارە و داهات و توانای دارایی و مرۆیی و لاشەیی و ڕوحی بە ئەم نەتەوە بەخشیووە و تەنیا هۆشیاریی و ڕاستگۆییان دەوێ، تا بەم کارە هەڵسن.

عەرەب لەجیاتی ئەوەی، کە شانازی بە زمانەکەیانەوە بکەن، ئەو گەلە مسوڵمانانە فێری عەرەبی بکەن، کە عەرەب نین، چونکە زمانی قورئانی پیرۆزە و ئەم زمانە بکەنە زمانێکی جیهانی، بەڵام بە پێچەوانەوە عەرەبیش بەشدارییان لە هەوڵەکانی دووژمنانیان بۆ پەڕاوێزکردنی زمانەکەیاندا کرد، جا کاتێ پێیان گوترا: ئەگەر دەتانەوێ زمانەکەتان بپارێزن، ئەوە بیکەنە بەشێک لەکەلەپورتان و واز لەو

شێوەزارە جلّفانە بهێنن، تا ماندوو نەبن بە خوێندنی نەحو و ڕێزمـان و ڕەوانبێـژی و بەیانەکەی.

بە پەڕاوێزکردنـی زمـانی عەرەبـی لە وڵاتـی عەرەبانـدا گەیشـتۆتە ئاسـتێک، کە عەرەبیزان لە وڵاتی خۆیدا نـامۆیە و نـاتوانێ لەگەڵ کەسـانی دەوروبەری گفتوگـۆ بکـات و زمـانی عەرەبـی لە کـارە فەرمـی و دامودەزگـا و دامەزراوەکـان گرنگـی پێنـادرێ، ئەوان قسـە لە نـوێکردنەوە و بـووژانەوە و ئیجتهـاد دەکەن و بـۆ داهێنـان شـین دەگێـڕن، بـۆ پاشەکشـەی توانـا فیکریـی و دەروونیـی و عەقڵییەکـان لای ڕۆڵەکانی عەرەب دەگرین، بەڵام کاتێ باسی هۆکارەکـانی ئەو نەهامەتیـانە دەکەن، لە ناو ئەو هۆکارانەدا، باسی پشتگوێخستنی زمانی ئوممەت و پەڕاوێزکرانـی نـاکەن بەدەگـمەن نەبـێ، بەڵام لە ڕاسـتیدا پەڕاوێزکرانـی عەرەبـی، لە ڕیـزی پێشـەوەی هۆکارەکانی دواکەوتنی ئوممەتی ئیسلامی دایە.

ئەم ڕاڤە و خوێنـدنەوە هاوچەرخـانەش، لەگەڵ گەمـارۆدرانی زمـانی عەرەبـی و هێرشی بە پەڕاوێزکرانی لەدایکبوون، هەندێکیان لە کـاتی سـەرهەڵدانی ڕەوتەکـانی (مـۆدێرنە) و هەنـدێکی تریـان لەکـاتی هـاتنی ئاڕاسـتەکانی (پۆسـت مـۆدێرنە)دا دەرکەوتـن، ئەم دوو ئاڕاسـتەش، هەردووکیـان کـۆکن لەسـەر داڕنینـی بەرگـی پیرۆزی و قەداسەت لە دەقەکان، جـا داڕنینەکە بەڕاسـتەقینە بـێ، یـان بە نەهێشـتنی ڕێز و ئیعتبار بێ، واتە خوێنەر نابێ بەچـاوێکی پیـرۆز و بـێ هەڵە لە هـیچ دەقێـک بڕوانێ و دەبێ هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەقدا وا بێ، کە بۆ دەسـەڵاتی دەق گـوێڕایەڵ و ملکەچ نەبـێ، بـا خـوێنەر و ڕاڤەکەر و لێکـدەرەوە ئاسـتێکی فراوانتـر لە ئـازادی وەرگرێ لە کاتی لێکدانەوەی دەقەکاندا. ئەم بنەمایە کـۆنە و لە کەلەپـوری ئیسـلام ڕەگ و ڕیشـاڵی هەیە، پێـدەچێ کێشـەی خەلقـی قورئـان، کە موعتەزیلەکـان بانگەشـەیان بـۆ دەکـرد، ڕەنگـدانەوەیەک بێـت بـۆ ئەو بنەمـایە و شـێوەیەک بـێ لەشێوەکانی، هەموو ئەو درێژدادڕیەی، کە لە بارەی ئەو بنەمایە دەگوترێ، ئامـاژەیە بـۆ شـوێنەوارەکانی ئەو بنەمـایە لە لێکـۆڵینەوە قورئانییەکانـدا، لەوانەش لێکـۆڵینەوە ئەدەبی و ڕەوانبێژی و ڕەخنەییەکـان، ئەو بـابەتە کـاریگەریی زۆری هەبـوو لەسـەر

هەڵوێستی زانایانی ئەهلی کەلام و ئەو ڕەوتانەی، کە نوێنەری بوون لە بارەی دەقی قورئان و ڕێگاکانی هەڵسوکەوتیان لەگەڵی.

ئیبن قوتەیبە، کە لە ساڵی ٢٧٦/ك.دا مردووە، کتێبی (تأويل مشكل القرآن)ی نووسی، بەڵام نووسینەکەی ئەو چارەی دەردی جاحیزی نەکرد، کە لە ساڵی ٢٥٥/ك.دا مردووە، جاحیز پێیوابوو، کارەکەی ئیبن قوتەیبە بۆ پاراستنی قورئان لە تانە و تەشەر بەس نییە، بۆیە قازی عەبدولجەبار، ئەم ناونیشانەی تەنزیهی قورئانی کردە ناونیشانی کتێبەکەی، جاحیزیش چەندین توێژنەوەی گرنگی لە کتێبی (نظم القرآن)دا نووسی، ئەو بەم هەوڵەی، ویستی ڕێبازێکی تایبەت بەخۆی، بە ناوی تیۆری سیستەم و ڕێکخراوەکان دابمەزرێنێ، کە ڕێکخراوەکان پارێزەری ناوخۆی قورئانن، ئەمانە ئیعجازەکەی دەردەخەن و دەشیپارێزن لە دەستێوەردان، بە بەڵگەی ئایەتی: ﴿لَا يَأْتِيهِ الْبَاطِلُ مِنْ بَيْنِ يَدَيْهِ وَلَا مِنْ خَلْفِهِ﴾ [فصلت ٤٢]

هەر بۆیە کاتێ، کە تیۆری ڕێکخراوەکان سنوورشکێن بکرێ، یان پشتگوێ بخرێ، ئەوە لای جاحیز، دەبێ پەناببرێتە بەر تیۆری بەلادابردن (نظرية الصرفة)ە و بکرێتە تاکە تەفسیر بۆ تیۆری ئیعجاز، بەڕاستی بیرمەندانی موعتەزیلە، لەگەڵ ئەوەی لەوانە بوون، کە باوەڕیان بە خەلقی قورئان هەبوو، بەڵام هیچ بوێریان نەدەکرد؛ لە پشتگیری تێڕوانینی ئیعجازی ڕەوانبێژیی و زمانەوانیی قورئان بەهەر هۆکارێک، کە لە توانایاندابوو بێت.

هەندێک خوێندنەوەی هاوچەرخ هەن، کە دەرهاویشتەی چوارچێوەی نوێکردنەوەی ئیسلامین، چەند چاکەخوازێک بنیاتیان ناون، کە بە پابەندبوون بە ئیسلامەوە ناسراون، کە بیکەنە وێستگەی نوێبوونەوەی ئوممەت و زیندووکردنەوەی کاراییەکەی و دانانی لەسەر ڕێی نوێبوونەوە و ئیجتهاد، ئەم خوێندنەوە نوێیانە لەو بۆچوونەوە هاتن، کە دەبێ تەفسیری قورئان لە هەموو سەدەیەکدا، بەرگێکی نوێ بپۆشێ، چونکە خەڵکی هەر سەدەیەک داوا لێکراون، کە وا لە قورئان بڕوانن، کە بۆ سەردەمەکەی ئەوان دابەزیووە و لەناو ئەوان هاتووە، بۆیە دەبێ تەفسیری تایبەت بە خۆیان هەبێ، نابێ لێکدانەوەکانی

ڕابردووان، لەسەرخۆیان فەرز بکەن، چونکە پابەندبوون بە سنووری لێکدانەوەی ڕابردووان و خۆبەندکردن تیایدا لە دۆزینەوەی ئەو پەیوەندیەی کێشەکانی ئەوان و سەدەکەیان لە قورئاندا بێ بەشیان دەکات.

ئەو پرۆژانەی لە دەرەوەی بازنەی ئیسلام، کە داوای گۆڕانکاریی دەکەن و ئیسلام بەسەرچاوەی گۆڕانکاریەکانیان نازانن و لەو وێستگەوە دەرنەچوون، ئەوان هەوڵی بەکارهێنانی دەق دەدەن بۆ پرۆژەکانی نوێبوونەوە و مۆدێرنبوون، یان کەنارگیرکردنی دەق تا نەبێتە لەمپەر لەبەردەم خواستەکانیان و هەوڵدەدەن هەر هەوڵێکی نوێبوونەوە، کە لە لاسایی کردنەوەی ڕۆژئاوا و پاشکۆیی بۆ ڕۆژئاوا نەبێ پووچەڵ بکەنەوە.

لەوەتی لێککەوتنمان لەگەڵ ڕۆژئاوا پەیدا بووە، دوو ئاڕاستەیان گرتۆتەبەر؛ ئاڕاستەی ملکەچکردن و هاتنەوەی دەقەکان لەگەڵ دەرهاویشتە زانستییەکانی ڕۆژئاوا و ئاڕاستەکانی، ئاڕاستەی دووەمیش تا ئێرە، لەگەڵ ئاڕاستەی یەکەمە، بەڵام ئەو ئەوە زیاد دەکات، کە دەبێ لە بەراوردکردنماندا، بنەما و ژیاری ئیسلام لە ڕۆژانی گەشەکردنیدا، بەسەر شارستانی ڕۆژئاوای هاوچەرخدا سەربخەین، جا لە هەردوو ئاڕاستەکە، هەر ڕۆژئاوا سەرچاوەیە، دامەزرێنەرانی خوێندنەوە هاوچەرخەکان وەرگێڕن، چونکە ئەوەی بیرمەندە ڕۆژئاوا لاهوتییەکان و پسپۆڕە زمانەوانەکانی وابەستە بە قۆناغی کۆن و نوێ، واتە تەورات و ئینجیل گوتویانە، ئەمان وەریان گێڕاوە، کە بەدواداچوون بکەی، دەتوانی ئەوانەی بۆچوونەکانیان بەسەر قورئاندا سەپاندووە بە کاڵای جگە لە خۆیان، دەتوانی بگەیە ناوە ڕاستەقینەکانی ڕۆژئاواییەکان لەبارەی زمان و دەقی دینی، کە لە لاهوتیی و زمانەوانە ڕۆژئاواییەکان وەرگیراوە، هیوادارم (د. عومەر حەسەن ئەلقیام) لە توێژینەوەی داهاتووی ئەم کارە ڕەچاو بکات.

ئەم لێکـۆڵینەوە، کە پەیوەسـتە بە تیـۆری تەفسـیر لە گۆشـەنیگای ئەدەبـی و ڕەوانبێژی دەقی قورئانی، کەلێنێک پڕدەکاتەوە، کە زۆرنووسـراوی تـر لە ڕەخنەی خوێنـدنەوە هاوچەرخەکـان نووسـراوە و پڕینەکـردۆتەوە، ئەم جـۆرە تێـڕوانینە، لە پـڕۆژە و خوێنـدنگای هەردوو شـێخ محەمـەد عەبـدە و ئەمـین خـوولی، پاشـان تێڕوانینی شوێنەوارەکانی ئەبوزەید و ئەرەگۆن، هەستی بەراوردکاری لای خـوێنەر دەوروژێنـێ، لەڕووی عەقڵـی و دەروونـی ئامـادەی دەکـات، کە جیـاوازییە جەوهەرییەکان درکبکات، لە نێوان خوێنـدنەوەیەک، کە لە وێـستگەی پابەنـدبوون بە ئیسـلام و کەلەپـوری ئیسـلامی و پابەنـدی زانسـتیی دەردەچـێ و لەنێـوان خوێنــدنەوەیەکی تــر، کە بانگەشــەی بــابەتی و بێلایەنیبــوون دەکــات، بەڵام جیاوازییەک لە نێوان ئەو بابەتە بانگەشە بۆکراوە و ئەو خوێنـدنەوانەی نـابینرێ، کە زانـا زمانەوانییەکـانی تەورات و ئینجیـل و لاهوتیەکـان بـۆ قورئـان کردوویـانە، کە هەموو ئەو جیاوازییە زۆرانەیان لابردووە، کە لە نێوان تەورات و ئینجیـل و قورئـان بۆ بەرژەوەندی یەک هاوبەشی نێوانیان، کە ئەم سێیانە کتێبی دینین.

خـوا پاداشـتی ئەم کـارە پیـرۆزەی نووسـەر بـداتەوە و هیـوادارین، کە بیکـاتە پرۆژەیەک و درێژەی پێبدا..

# پێشەکی

خوولیای نووسینی ئەم بابەتە، ئەو کاتە لام گەڵاڵە بوو، کە خەریکـی تەحقیقـی کتێبـی (الانتصـار للقـرآن)ی ئەبـوبکری بـاقلانی بـووم، ئەم کتێـبە دانگـدانەوەی زۆرێـک لە شـوبهە و گومـانە هاوچەرخەکـانی بەبیرهێنـامەوە، ئەم کتێـبە لەبـارەی مێژووی قورئان و بنیاتەکەی، ئەو واتـا بڵند و بە بەڵـگەی نـاوازەش، زۆر سەرسام بووم بە خستنەڕووی ئەو ڕەخنانەی باقلانی دەیخستنەڕوو لە گفتوگـۆکردنی لەگەڵ دژەکـانی و بنەبڕکردنـی شـوبهە و گومانەکانیـان، لە بـارەی بـوونی وشـەی زیـاد لە دەقـی قورئـان، یـان بانگەشـەی کەموکـوڕی لە قورئانــدا، منــیش بە مەبەسـتی بەرگریکـردن لە قورئـان، پشـکنینی خوێنـدنەوە هاوچەرخانەکـانم بـۆ قورئـان بە بیرداهـــات، بەتـــایبەتی ئەو خوێنـــدنەوانەی، کە لە چوارچێـــوەیەکی پەیـــڕەوی زمانەوانییان هەیە.

خوێندنەوەی ئەدەبیی بۆ قورئان یەکێکە لە وەڵامدانەوە زانستییەکان، کە هـۆش و بیری مسوڵمانان بۆ لۆجیکی سەردەم و مەیدانارییەکانی وەڵامدانەوەی ببێ.

سەرەڕای ئەو ڕەگوڕیشەی بۆ دەروازەی ئەدەبـی لە کەلتـور، بەتـایبەت هەوڵ و کۆششـی ڕاڤەکەرەکـان و زانایـانی تیـۆری ئیعجـازدا هەیە، بەڵام دەبـێ بـزانین، کە جیاوازیی هەیە لە شێوەخوێندنەوەی کۆن و نـوێ، ئەم جیاوازیـانەش دەرهاویشـتەی ئەو گۆڕانکارییە جەوهەرییە قووڵانەیە لە بـارەی چەمـکە زمـانەوانی و ڕەوانبێـژی و لێکدانەوەکانیان.

بـایەخی بنچینەیـی بـۆ ئەم کتێـبە، لەپێکهـاتەی سروشـتی خوێنـدنەوەی ئەدەبـی هـاوچەرخ و پشـکنینی میکانزمـەکانی و ڕوانینـی دیـاردەی نوێبـوونەوەی، کە لەو بوارەدا دەخولێتەوە پوخت دەبێتەوە.

هەر لەسـەرەتادا، ئەم خوێنـدنەوە زمـانەوانییە، کە یەکگرتـوویێتی خوێنـدنەوە و دانگدانەوەی هاوچەرخێتی دەنوێنێ و دابەش دەبێ بۆ سێ ئاست:

- ئاستێک کە زمان بۆ تەفسیر و ڕاڤەکردن بەکاردەهێنرێ.

- ئاستی دووەم زمانەکە بۆ تەئویل و لێکدانەوە بەکاردەهێنرێ.

- لە ئاستی سێیەم زمانەوانییەکە بۆ بەیانکردنی ئیعجازی قورئان بەکار دەهێنرێ.

هەر سێکیان لە بەکارهێنانی بواری زمانەوانی هاوبەشن، لە سەر ئەم بناغە هاوبەشەش جیاکاریان داناوە، من لەلای ئەم سێ ئاستە بە شیکار و تویژینەوە هەڵوێست وەردەگرم، هەروەک چۆن لە خوێندنەوە ئەدەبییەکانی دەقی قورئانیی لە ناو ڕۆشنبیری عەرەبی هاوچەرخدا، دەردەکەوێ.

ئەم تویژینەوە هەڵاویری کردووە لە نێوان دوو ئاڕاستەی بنچینەییدا، لە ئاڕاستەکانی خوێندنەوەی هاوچەرخ بۆ قورئان، ئەوانیش: ئاڕاستەی شێوازگەریی و ڕەوانبێژیی و ئاڕاستەی تەئویلکردن.

سەرەڕای بوونی یەکتربڕی، تێبینیکراوە لە نێوان ئەو دوو ئاڕاستە، هەروەها جیاوازییەکی قووڵیش لە نێوانیاندا هەیە، دەتوانرێ بگوترێ:

ئاڕاستەی یەکەم خوێندنەوەی ئیمانی بۆ دەقی قورئان قووڵتر دەکاتەوە، لەو ئاسۆ نوێیانەی تیۆری ئیعجاز لە چوارچێوەی ئاسۆ زانستییە مۆدێرنەکان دەکۆڵێتەوە، بێئەوەی باسی خوێندنەوەی پیرۆزکردنی ڕووکەشی بکات، کە ڕێ بە هیچ جۆرێکی ڕەخنە نادا.

ئاڕاستەی دووەم، خوێندنەوەکەی لەسەر گومانەکان و دوودڵی و پاڵنەری ڕەخنەگرتن بنیاتنراوە، سەیری دەقی قورئانیش وەک دەقێکی زمانەوانی دەکات، کە لە چوارچێوەی سیاقێکی کلتووریدا پێکهاتووە و ملکەچی ئامرازە شیکاریەکانە و لایەنی پیرۆزی ئاینی دەق کەنارگیردەکات.

لە بەشی یەکەم، هەڵوێستەم لە سەر کۆششە بناغەییەکانی محەمەد عەبدە بۆ ڕزگارکردنی تیۆری تەفسیری قورئان و پاڵنانی بەرەو ئاسۆیەکی هاوچەرخ کردووە. لەڕاستیدا محەمەد عەبدە، مرۆڤێکی ئاگاداربوو بەگرنگی لایەنی زمانەوانی لە نوێکردنەوەی هەستی زەمانیی بە دەقی قورئانی، هەروەها خاوەنی بەرچاوڕوونییەکی شایستەبوو بۆ هەڵبژاردنی دەقە درەوشاوەکان لەناو کەلەپوری

عەرەبیدا، توانای چێژێکی باڵای هەبوو، دەیتوانی بە هەستێکی زمانەوانی لە قورئان نزیک بێتەوە، کە جیاواز بێ لەو چێژەی، کە بە عەرەب گەیشتووە، وەک دیاردەکانی پیشەسازی زمانەوانی و پەڕینەوە بە سەر ئەو گرێکوێرە و لەمپەرانەی پەردەبوون لە نێوان خوێنەران و دەقەکەدا.

ئالێرەدا، دەتوانین هەست بە زیرەکی و هەڵکەوتووی محەمەد عەبدە بکەین، کاتێ هەردوو چاوی بڕیبووە کەلەپووری (عەبدولقاهری جورجانی) و دوو کتێبە ناوازەکەی، کە (دلائل الإعجاز) و (اسرار البلاغة) بوون، ئەو لە توانای خۆی ڕادەبینی بۆ گێڕانەوەی پلەوپایەی ڕەوانبێژیی زمانی عەرەبی لە چوارچێوەی ئەم دوو پەرتووکەدا، کە هەوڵ و کۆششی زانایانی کۆن لە لوتکەی ئەم دوو نووسراوەدا ڕاوەستاوە، لە دوای گەیشتنە ئەم دوو لوتکە، کاروانی شۆڕبوونەوە لە لوتکەوە، کە لە ڕەوانبێژیی عەرەبی دەستی پێکردووە، ئاڵۆزکاریی فەیلەسوفان و پێناسەی مەنتیقییەکان ڕەوانبێژی کۆت کردووە، بۆیە لە ژێر زەمینی شەختەبوون و دەقبەستوویی، خۆی خواردۆتەوە و چاوەڕێی فریادڕەسێک بووە، کە بێ گرێی دەست و پێکانی بکاتەوە و پاراوییە وێژەییەکە و ڕەوانییە زمانەوانییە ڕەونەقدارەکەی بۆ بگێڕێتەوە.

تێڕوانینی تەفسیری محەمەد عەبدە، لە چوارچێوەی پاڵەپەستۆی بیروهۆشی مۆدێرن و پاڵەپەستۆی پرسیارگەلە هەراسانکەرەکانی، کە ڕووبەڕووی عەقڵی ئاینی ببۆوە لەسەر ئاستی مرۆڤایەتی بلورەی کردبوو، هەوڵ و کۆششێکی زەبەلاحیدا بۆ بەرگریکردن لە ڕاستیە ئاینییە باڵاکان، ئەو هەرچەند باوەڕێکی قووڵ و پتەوی بەوە هەبوو، کە قورئان کتێبی ڕێنمایی و ڕێ نیشاندانە، بەڵام لەگەڵ ئەمەش، پێی هەڵخلیسکایە ناو هەڵکردن لەگەڵ ئەو سەردەمە خێرایەی، کە تیایدا دەژیا، پەنای دەبردە بەر زمانی مەجاز بۆ تەفسیرکردنی زۆرێک لە ئایەتەکانی قورئان، کە بەڕووکەش بەریەککەوتنی هەیە لەگەڵ زانستەکانی سەردەم، بەڵام هەموو ئەم کەموکوڕیانە لە پلەی پێشەنگێتی هاوچەرخی کەم ناکەنەوە، کە گەمارۆی دەریای

پـڕ شـەپۆلی تەفسـیریدا و بە دڵسـۆزیەکی سـەرنجڕاکێش هەوڵیـدا، کە سروشـتی بیرکردنەوەی خوێنەری قورئانی پیرۆز، لەم سەردەمەدا بگۆڕێ.

دوای محەمـەد عەبـدە، ئەمـین خـوولی هـات، کە بـووە پێشـەنگی کـاروان و چـاوڕێژراو بە کلـی زیرەکـی و زانیـاری، متمـانەی بە تواناکـانی خۆشـی لە نـوێکردنەوەی خوێنـدنەوەی قورئانـدا هەبـوو، پێسـت و مەشـکەیەکی ئـاخنراو و سـیخناخ لە ڕۆشـنبیری عەرەبـی ڕەسـەن، قەد و بـاڵایەکی نەرم و تەڕوپـاراو بە ڕۆشـنبیری ڕۆژئـاوا، کە بە هـۆی شـارەزایی تەواوی لە هەردوو زمـانی ئەڵمـانی و ئیتالی، بۆیە بە لێوەشاوەیەکی سەرنجڕاکێش هاتە مەیـدان و ململانێـی نوێبـوونەوەی گەمـارۆدا، بیـرۆکەی نـوێکردنەوەی خوێنـدنەوەی قورئـان، هەمـوو بیروهۆشـی داگرتبـوو، تێـڕوانین و ڕوانگەیەکـی بـۆ خوێنـدنەوە پێشکەشـکرد، کە بنـاغەکەی ئەوەیە قورئـان ئەو دەقە ئەدەبییە بـاڵایەیە لە نێـوان دەقەکـانی ڕۆشـنبیری عەرەبـی، بڵندی شێوازە ئەدەبیەکەی وایکرد، کە ڕەوانبێژە زمانپـاراوە عەرەبەکـان ملکەچ بـن بۆ بەیانە باڵکێشەکەی.

ئـالێرەدا ئەمـین خـوولی بـانگەوازی کـرد، کە تـوێژینەوەیەکی بەرنـامەڕێژکراو دابنرێ، کە لە وێستگەی زمانەوە دەردەچێ و هەر بۆ زمـانیش بگەڕێـتەوە، بـۆ ئەوە بڕیاربدا، کە موعجیزەی سەرەکی لە قورئاندا موعجیزەی زمانەوانییە، بەڵگەی دینیی لەسەر بنەمای بیروهۆشی مرۆڤایەتی ڕاناوەستێ لە دەرگای زمانەوە نەبـێ، بـۆیە ڕای خـۆی بەڕاشـکاوی ڕاگەیانـد، کە وەرگێڕانـی قورئـانی پیـرۆز بە هـیچ شـێوەیەک ڕێپێدراو نییە و نابێ بۆ تێگەیشتنی ئەم کتێبە پیـرۆزە بە دوای بیـردۆزە مۆدێرنەکـان و دۆزیـــنەوە نوێیەکـــان ڕابکەیـــن، ئەوانەی وا گومـــان دەبەن، کە ئەم تیـــۆر و دۆزینەوانە، قورئان لە بیروهۆشی مرۆڤایەتی نزیک دەکەنەوە، بەهەڵەدا چوون.

ئەمین خوولی ئاگاداری ڕۆڵە پێشـەنگیەکەی بـوو، بـۆیە کـۆمەڵەی ئەمینییەکـانی دامەزراند، کە پێکهاتبوو لە دەستەبژێرێك لە لێکۆڵەرە لێهاتووەکـان، لە پێشەوەشـیان محەمەد ئەحمەد خلف الله و شوکری عەیاد و عائیشـە عەبـدوڕڕەحمانن، هەریەک لەمانە بەشـداریەکی بەرچـاوی لە تێڕوانینـی تەفسـیری هاوچەرخـدا هەیە، هەرچەنـد

جیاوازیی لە بیروبۆچوونیان هەبوو، بەتایبەت لە لایەنـی کرداریـی. ئەم تـویژینەوە لە بەشی دووەم لەلای دوو لەم پێشـەنگانە ڕادەوەسـتێ، کە لە کـۆمەڵەی ئەمینییەکـانن، ئەوانیش عائیشە عەبدورڕەحمان و شوکری عەیـادن، لەو بەشـە شـیکاری پێکهـاتەی پەیڕەوەکەیان و خوێندنەوە کرداریەکەیـان، بـۆ ئەم دوو ڕەخنەگـرە کـراوە، لەگەڵ ئاماژەکردن بۆ ئەو ڕەسەنایەتیە زانستییەی، کە کردوویـانە، لەمەدا عەیـاد، بە توانـاتر بووە لە چەسپاندنی پێشنیازە تیۆرییەکان، کە مامۆستاکەی خوولی پێشنیازی کردبوو بۆ پەرەدان بە تیۆری تەفسیر، چاوپۆشی کـرد لەو تـویژینەوە وروژێـنەرەی محەمـەد ئەحمەد خلف الله، کە لە بارەی هونەری چیرۆک لە قورئانی پیرۆزدابوو، کە بووە هۆی ڕەخنەی زۆر لادانێکی گەورە، کە تووشی پەیڕەوی تەفسیری ئەدەبی بوو.

ئاڕاسـتەکەی تـر؛ لە بەشـی سـێیەم و چـوارەمی ئەم نووسـراوە هەڵوێسـتەم لەسەرکردووە و تیشکم خستۆتە سـەری، هەوڵەکـانی محەمـەد ئـەرەگۆن و نەسر ئەبوزەید لە گەشەپێدانی خوێندنەوەی سەردەمیانەی قورئان، سـەرەڕای ئەو خەرمـانە ترسەی، کە نووسینەکانی ئەرەگۆن دەیکێشن لە دەروونی خوێنەردا لەسـەر ئاستی مەعریفی، بەڵام ئەمە نەبـووە تکاکـاری، چـونکە ئەو لەم بـوارەدا، خوێنـدنەوەیەکی زۆر کەمـی پێشـکەش بە خـوێنەر کـردووە، ئـەرەگۆن تیـۆری تەفسـیری کـۆنی بەلانـاوە و ڕەخـنەی زۆری لە هەوڵەکـانی بـواری فیلۆلـۆژی گرتـووە، کە لە سـەر بنەمای تویژینەوەکانی ڕۆژهەڵاتناسـان پەپـکەی بەسـتووە، مژدەی خوێنـدنەوەیەکی نوێشـی دا، کە ڕێ لە هەمـوو خوێنـدنەوەکانی پێشـوو دەگـرێ بە کـۆن و نوێـوە، بەڵام کاتێ چووە ناو ئەو دەریـایە بـۆی دەرکەوت، کە هەژاری و بێئاگـایی ئەو لە مێژوو پاڵیناوە، کە ئەم بڕیـارە ئـاڵۆز و سـەختە بـدا بە زانسـتیی نـوێ، ئەوەتـا دەقـی قورئـانی لێـی یـاخی بـووە، چـونکە ئەو دەقە لەسـەر بنەمـای بەیـانی زمـانەوانیی دامەزراوە و دوورە لە هێماکاری زمانی دینی و غەنووسیەت.

لە بەشی چواردا، لەگەڵ هەوڵەکانی ئەبوزەید لە گەشەپێدانی مەنهـەجی ئـەدەبی لەگەڵ قورئـان هەڵوێسـتە دەکەم، لەگەڵ ئەو هەمـوو کێشـانەی ئەم لێکـۆڵەرە وروژاندوویەتی لە ڕەوتـی ڕۆشـنبیری عەرەبیـدا، بـەڵام هەوڵـەکانی بەڵگـەن لەسـەر

ئەوەی کە بە وردی ئاگاداری تیۆری تەفسیری کۆنە و دەیەوێ لەهەمان کاتدا سوود لە تیۆری (پەرژین) و هێرمینۆتیکاو وەربگرێت بەو شێوەیەی لە ڕۆژئاوا هەیە، زۆریش سوورە کە خۆی بەدرێژەپێدەری خوێندنگای ئەمین خوولی بزانێ، بەڵام بەریەککەوتنی بۆچوونەکانی لەگەڵ ئەم ڕەوتە وادەکات، کە لە چوارچێوەی ئەو ڕەوتە جێی نەبێتەوە، ئەو خوێنەرێکی زۆر بەگومان و دڕدۆنگ و ڕەخنەگر و پەلپدارە، بە شاراوەیی لەگەڵ ئامانجەکانی محەمەد ئەرەگۆن یەکدەگرێتەوە، ئەویش داڕنینی قەداسەت و پیرۆزیە لە دەقی قورئان، بۆیە کەلێنێکی گەورە لە نێوان ئەبوزەید و ڕەوتی ئەمینییەکاندا هەیە، ئەمینییەکان لە وێستگەی شێوازی باڵای ئەدەبیی قورئانیی ئەو ئیعجازەی قورئان دەبینن، کە دڵ و دەروونی مرۆڤایەتی داگیردەکات و ڕوحی پێکانی واتایەکی قووڵ بۆ بوونی مرۆڤایەتی دەوروژێنێ.

من لەپەیرەوی ئەم توێژینەوە سوودم لە تیۆری کۆنتوێکست (contextualism) وەرگرتووە، هەڵسام بەخوێندنەوەی بیرۆکە تیۆرییەکان و شیکردنەوەی کارە پراکتیکییەکان لە چوارچێوەی ئەو ڕەوتەی، کە لێی دەرکەوتوە، جا ڕەوتێکی کۆن بێ یان نوێ، تیۆری کۆنتێکست هاوکارە بۆ توێژینەوە لە دیاردەکان بەهۆی گەڕانەوە بۆ ڕەگ و ڕیشاڵە یەکەمییەکان، بۆیە ڕەخنەی مێژوویی و دەرەنجامە باشەکانی قەرزداری ئەم تیۆریەن، کە پێیوایە شاکارە ئەدەبییەکان و بیرۆکە زمانەوانییەکان و ڕەخنەییەکان، ناتوانرێ درکی پێ بکرێ و ناتوانین تێی بگەین و هەڵیسەنگێنین، ئەگەر دایبڕین و کەنارگیری بکەین، لەو سیاق و دەوروبەرە زەمانی و شوێنی و ڕووداوگەلەی تیایدا ڕوویداوە و لە چوارچێوەیدا جوڵەی کردووە.

**(والحمد لله الذي بنعمته تتم الصاحات)**

**عومەر حەسەن ئەلقیام**
**ئەردەن- ئیربید**
**٢٤ قوربانی ١٤٣١ك**
**٣٠ تشرینی دووەمی ٢٠١٠ز**

# بەشی یەکەم:

# ساتی بناغەدانان و ڕووبەڕووبوونەوە

## محەمەد عەبدە و قورساییەکانی بناغەدانان:

محەمـــەد عەبــدە (١٨٤٩- ١٩٠٥ز) بەوە دادەنــرێ، کە درێژەپێــدەرێکی ڕەخنەئامێز و هۆشیاریی مامۆستا بەناوبانگەکەی و چاکسازیی ئیسلامی بەناوبانگ جەمالەدینی ئەفغانی، (١٨٣٩-١٨٩٧ز) بووە، هەرچەندە چەندین جیاکەرەوەی جەوهەریی لە نێوان ئەو دوو کەسایەتیەدا هەیە، بەڵام کاریگەری کارا و بەهێزی ئەفغانی لەسەرخوێندکارەکەی، یەکێک بوو لە بەڵگە نەویستە مێژوویەکان، بۆ ئەمەش دەتوانین پەناببەینە بەر بەدواداچوونی ورد و قووڵ، کە ئەلبێرت حۆرانی (١٧٩٨- ١٩٣٩ز) کردوویەتی بۆ زانینی سروشتی بیرکردنەوە لای ئەو دوو پیاوە و ڕادەی بەشدارییان لە بوژاندنەوەی هەستەوەری دینیی ڕۆشنگەرایی لە جیهانی ئیسلامیدا، لە چوارچێوەیەکی ژیاریی ئاڵۆزدا، کە تیایدا ڕۆژهەڵات لاوازیی خۆی لەبواری ژیاری گشتگیر لە بەرامبەر ڕۆژئاوای پڕچەک، بە هەموو جۆرێکی زانست و زانیاری و هێز و سیستەمی بۆ ئاشکرابوو.

کێشەی سەرەکی لای ئەفغانی - بە بۆچوونی حۆرانی- بریتی بوو لە چۆنێتی قەناعەتکردن بە مسوڵمانان، کە پێویستە بە شێوەیەکی ڕاست و دروست لە دینەکەیان تێ بگەن، تا بەپێی ڕێنماییەکانی بەڕێوەبچن.[1]

بە تێڕوانینێکی ورد دەگەینە ئەوەی، کە دین لای ئەفغانی تەنیا دروشم و پەرستشی تاکەکەسی نییە، بەڵکو ڕەوشت و کۆمەڵایەتی و شارستانێکی گەشە کردووی مرۆڤایەتییە، ئەو پێیوایە مەبەستی کارەکانی مرۆڤ تەنیا پەرستشێکی

---

[1]- حوراني، البرت. الفكر العربي في عصر النهضة ١٧٩٨-١٩٣٩ز، ترجمة: كريم غزقول. بيروت. دار النهار، ط٤، ص١٤٢، هەروەها سەیری کتێبی: جولد تسيهر، أجناس. مذاهب التفسير الإسلامي، ترجمة عبدالحليم النجار، بيروت، دار إقرأ، ط٣، ١٩٨٥، ص٣٤٨، کاتێك لە بارەی ئەفغانیەوە دەڵێت: "تێکۆشەرێکی پڕ چالاک بوو لە دژی ئەو شێوە تێگەیشتنەی لەبارەی دینەوە هەبوو، بانگخوازێکی زۆر سوور بوو، بۆ بزووتنەوەی نوێکردنەوەی ژیانی ئیسلامی، هەر لە بنی پێوە تا سەری سەرەوە."

ڕووت نییە، بەڵکو بنیاتنانی شارستانییەکی مرۆڤایەتییە بە هەموو ئاڕاستەکانەوە[1]، ئەلبێرت حۆرانی پێیوایە، کە بیرۆکەی مەدەنیبوون لە ڕێی ئەفغانییەوە هاتۆتە ناو ڕۆژهەڵات لە ڕێگای خوێندنەوەی بیروبۆچوونەکانی غیزو، کە یەکەم کەسبوو لە گوتارەکانیدا بیرۆکەی مێژووی مەدەنیبوونی لە ئەوروپا دەربڕی، ئەفغانی داوای لە محەمەد عەبدە کرد، کە لە گوتارێکدا ئەم بیرۆکە لێکبداتەوە و دەستخۆشی لە وەرگێڕانی ئەو کتێبە بۆ عەرەبی لە ساڵی ١٨٧٧دا لێ بکات، کە چەمکی پێشکەوتن زۆرترین چەمکێکە، کە لەو کتێبەدا، هاتووە.

ئەگەر بیرۆکەی پێشکەوتن لای چاکسازانی پێش ئەفغانی، وەک خەیرەدین تونسی پەیوەست بە خانەدان و پلە باڵاکان، لە کەسانی بەڕێوەبەر و دادوەر و سوپاسالارەکان بووبێ[2]، بەڵام ئەفغانی ئەم بیرۆکەی پێچەوانە کردەوە و ڕۆڵی جەماوەری بە بنچینەی پێشکەوتن دانا، فەهمی جدعان باسی ئەم جیاوازییە جەوهەریەی، کە لە نێوان ئەم دوو پیاوەدا هەیە کردووە، باسی ڕۆڵی پاڵەوانێتی ئەفغانیشی لەم بوارەدا کردووە، چونکە ڕۆڵی جەماوەر لە پێشکەوتندا ئەرکی ئەفغانی بوو، ئەم پیاوە، کە لە شوێنێکی دوورەوە هاتبووەناو پایتەختی عوسمانیان، پاش ئەوەی زۆر لە وڵاتان گەڕابوو، بۆیە هەمیشە زەنگی مەترسی لێدەدا و نوستوەکانی بە ئاگا دەهێنایەوە و کێشەکانی شیکار دەکرد و تواناکانی دەتەقاندەوە وجێپەنجەی دیاری خۆی لە ناو بیروهۆش و زەین و خواستەکان بەجێدەهێشت.[3]

ترس و هۆشداری زاڵبوون و سەرکەوتنی ڕۆژئاوا، بەسەر بیروهۆشی ئەفغانی دا زاڵبوو، ئەمەش لە کەسایەتی ئەفغانی زۆر بە ئاشکرا و دیاربوو، لەو دیمانە بەناوبانگەی، کە لەگەڵ ڕۆژهەڵاتناسی فەڕەنسی ئارنست ڕینان (١٨٢٣-١٨٩٢ز)

---

١- هەمان سەرچاوە ل ١٤٤.
٢- فهمي، جدعان. اسس التقدم عند مفكري الاسلام، عمان، دار الشروق، ط٣، ١٩٩٨ز ، ص١٥٦.
فيلد، شتيفان. ترجمة القرآن الكريم، اشكاليات وابعاد، مجلة التسامح، ع١١، ص ١٥٦.
٣- هەمان سەرچاوە، ل ١٥٧.

کـردی، که وتـارێکی له زانکـۆی سـۆربۆن له سـاڵی (١٨٨٣ز) پێشکەشـکرد به ناونیشانی ئیسلام و زانست، لەو گوتاره ڕینان گوتبووی، که ئیسلام و زانست دژی یەکترن، کەواته ئیسلام و مەدەنیبوونیش دژی یەکترن[1]، ڕینان پێیوایه، که جیهـانی ئیسلامی شایانی ئەوه نیـیه، وەک شارسـتانی و کەلەپـوری یۆنـان و هینـد و یەهـود چاودێریی بکرێ و بپارێزرێ).[2]

حورانی لەم بارەوه، له ڕێنان ئەم گوته دەگوازێتەوه، که بەڵـگەیه له سـەر ڕقـی زۆری له شارستانی ئیسلامی "هەر کەسێ تۆزێک ڕۆشنبیری هەبێ، دەزانێ وڵاتانی ئیسلامی، چەنـده داڕوخـاو و دواکەوتـوون، ئەو گەلانەی ئیسـلامیان کـردۆته تـاکه سەرچاوەی پێزانینەکانیـان، چەنـد بـێ ڕۆشـنبیر و فیکـرن؟، هەمـوو ئەوانەی دەچـنه ڕۆژئاوا دەبینن، که ئەو ئیماندارانه چەند ئاسۆتەنگن، دەڵێی کـۆتی ئاسـنه و دەوری مێشکی داون و هۆش و بیری له ڕووی زانست به حەوت قفڵ داخستوون، نـاتوانن هیچ زانینێکی نوێ وەرگرن، ناشتوانن به ڕووی هیچ بیرێکی نوێدا بکرێنەوه".[3]

بەکـــورتی وتـــارەکەی ڕینـــان، هەڵگـــری ڕۆشـــنبیرییەکی ڕەگەزپەرســـتانه و خودپەسندیه، بەم هۆیەشەوه چەندجار ڕەخنەی لێگیراوه[4]، هەروەهـا دژی چەنـدین بنەمـای زانسـتیی و مێـژووییه، ئەو دەڵـێ هـاڕونه ڕەشـید و مەنسـوور و مەئمـون خەڵکانێکی پابەند به دین نەبوون، لەوانەیه نوێژێکی ساردوسڕیان کرد بێ.[5]

ئەم گوتـــارەی ڕینـــان، ئەفغـــانی وروژانـــد[6] و وایکـــرد، که بەرپەرچێکـــی دەمکوتکەری بداتەوه و - به پێی گوتەی گوڵد تسیهەر- شکۆی ئیسـلام بپارێزێـت

---

[1]- حوراني، البرت. الفكر العربي في عصر النهضة، سەرچاوەی پێشوو، ص ١٥١.

[2]- جعيط، هشام. اوروبا والاسلام، صدام الثقافة والحداثة، ترجمة: طلال عتريسى، بيروت، دار الطليعة، ط١، ١٩٩٥ز، ص ٣٣.

[3]- حوراني، البرت. الفكر العربي في عصر النهضة، سەرچاوەی پێشوو، ص ١٥١.

[4]- جعيط، اوروبا والاسلام، صدام الثقافة والحداثة، سەرچاوەی پێشوو، ص ٥١.

[5]- مجدي، الاسلام والعلم، ص ٣٦-٣٧.

[6] – حوراني، البرت. الفكر العربي في عصر النهضة، سەرچاوەی پێشوو، ص ١٥٢.

و بەرگری لـە نەرمکێشیەکەی بکـات بەرامبـەر بـە شارسـتانی [1] و بیسـەلمێنێ، کە ئیسـلام کرۆکـی عەقڵانیـیەت بیروهۆشـی نـوێیە[2]، ئەم سـەلماندنە مەترسـی زۆری تێدابوو، ڕەخنەی زۆر ئاڕاستەی ئەفغانی کران لەسـەر ئەم وەڵامە، تـۆمەتی ئەوەیـان دایەپـاڵ، کە ئەو دەیەوێ لە پێنـاوی خۆشـگوزەرانییە وەهمـیەکەی مسـوڵمانان، لە سەردەمی خەلیفە و سـوڵتانە عەباسییەکان، حەقیقەت و ڕاستەقینەی ئیسـلام بکـاتە قوربانی[3]، هەرچەند بەرپەرچدانەوەکەی ئەفغانی خوێنگەرمیەکی زۆری تێـدا بـوو، بەڵام هەسـت بەوە دەکـرا، کە ئەفغـانی لە بەرامـبەر باڵادەسـتی ژیـار و شارسـتانی ڕۆژئـاوا لەناخیـدا لاوازە، هەر بـۆیە پەنـای بـردۆتە نمـونە هێنـانەوە بەو ڕابـردووەی سەردەمی ئیسلام، کە ئیسلام تیایدا باڵادەستبوو، تا بیکـاتە بەڵـگەی مەزنـی ئیسـلام، هەروەها ببێتە بەڵگەش، کە لە داهاتوودا ئیسـلام ڕۆڵـی زێڕینـی بـۆ دەگەڕێـتەوە، لە نێوانی ئەو ڕابردووە و داهاتووە، هەست بە سەرکۆنەی ئەفغانی دەکـرێ بـۆ ئێسـتای دواکەوتوویی و پاشکۆیی مسوڵمانان.

منیش - قیام دەڵێ- هەمان هەڵوێستەی ئەفغانیم، لە بەرامـبەر ڕۆشـنبیری ڕۆژئـاوا وەرگرت، چونکە زۆرێک لەو خوێندنەوە تەفسیرییە هاوچەرخانەش مەحکـومە، کە هەمان هەڵوێستی هەبێ، بەردەوام لێکدەرەوە و تەفسیرکەر و ئاڕاستەکەری قورئـان، لەم سەردەمەدا بیروهۆش و عەقڵ و جیهانبینییەکەی، پڕە لە بیروبۆچـوون و تیـۆر و ڕۆشنبیری و پەیـڕەو و پرۆگرامـی ڕۆژئـاوا و ڕێوشـوێنە نوێبووەکـانی، تەنیـا چەنـد عەقڵیەتێکی کەم، کە لەم ڕەوتە ڕیزپەڕن و هەر ڕۆشـنبیری و بۆچـوونی ئیسـلامیان لایە و لەمەدا گەیشـتوونە خودویسـتی ڕۆشـنبیری، وەک ئەو خوێنـدنەوە ڕەگ و ڕیشاڵییەی سەید قوتـب کردوویەتـی لە تەفسـیری (فـي ظـلال القـرآن)دا، بەڵام ئەم هەڵاوێـردنە کەمەش، هەر بنەمـا و ڕێسـایەکەی پێشـوو دەسـەلمێنێ، کە ڕاڤەکـاری قورئان و ڕاڤەکـاری هـاوچەرخ بیروهۆشـی خەریـک بـووە، بەو لێشـاوە داهێنـان و

[1] – جولد تسیهر. مذاهب التفسیر الاسلامي، سەرچاوەی پێشوو، ص ٣٥٠.
[2] – حوراني، الفكر العربي في عصر النهضة، سەرچاوەی پێشوو، ص ١٥٤.
[3] – هەمان سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو.

ڕۆشـــنبیریە نـــوێیەی، کە هەمیشـــە لە زیـــادبوون دایە، هەرچەنـــدە بـــیەوێ لە ژێـــر کاریگەریی دەرچێ، ناتوانێ ببێتە خـاوەنی خوێنـدنەوەیەکی نـوێی هـاوچەرخ، کە کەنارگیر بێ لە مەعریفەی هاوچەرخ، کە ڕۆژئاوا بەرهەمی هێناوە.

لەم پێوەندە ژیارییە ئاڵۆزەدا، پێویستە قسە لە سەر هەوڵی محەمـەد عەبـدە بکـرێ بۆ دامەزراندنی خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ قورئـان[1] و نـوێکردنەوەی تێڕوانینییەکـانی ڕاڤەکـاری قورئـان و ئاڵوگۆڕەکـان و ئەو ئـامرازانەی، کە پێویسـتیەکانی سـەردەم سەپاندنی، ئەم دامەزراندنە هەڵقووڵاوی تێڕوانینێکی گشـتگیر بـوو بـۆ چاکسـازی و تـازەگەری، بـە پێـی ڕای نەسـر حامـد ئـەبو زەیـد، ئەو کـارەی هەمـوو کاتەکـان عەبدەی خەریک کردبوو، بریتی بوو لە دووبارە واڵاکـردنەوەی دەروازەی ئیجتهـاد لە هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و فیکری.

یەکێک لەو بیرۆکـانەی ئەفغـانی، کە سـەرنجی عەبـدەی ڕاکێشـابوو، بیـرۆکەی وێناکردنێکی تازەگەریی بوو بـۆ ئیسـلام[2]، ئەم وێنـاکردنە عەقـاد بەم چەنـدە دێـڕە پـوختی کـردۆتەوە: (گەورەتـرین سـوودێک، کە عەقڵـی مامۆسـتای پێشـەنگی ڕۆشنگەری لە مامۆستای پێشەوا کردوویەتی لە چاکسـازیی و ئـازادیی مرۆڤـایەتی، ئەوەبـوو متمـانەی بە بیروبـاوەڕەکەی بـۆ گەڕایەوە لەم سـەردەمە نـوێیەدا، هەمـوو لەمپەرەکانی ئەفسانە و دەقبەستویی و لاسایکردنەوەی کوێرانە لەبەردەمـی لاچـوون، چـونکە ئەفغـانی فەلسـەفەی ژیـانی لە بنەماکـانی دیـن دەرهێنـا و بەرامـبەری کـرد، لەگەڵ فەلســەفە خۆســەپێنەکانی ڕۆژئــاوا و لە بــواری بــاوەڕ بە بیروبۆچــوون و تێڕوانینەکان، عەبدە هەموو ئەمانەی لە مامۆستاکەی وەرگرت).[3]

محەمەد عەبـدە، لە وێسـتگەی نـوێکردنەوەی زانسـتی تەفسـیر، لە پێویسـتبوونی چێـژی زمـانەوانی و هەسـت ناسـکی ئەدەبـی دەسـتی پێکـرد، هەوڵـی زۆریـدا بـۆ

---

[1] Nasr – Abu-Zayd,."The Dilemma of the Literary Approach to the Quran" Alif:Journal of Comarative Poetics,no.٢٣ -٢٠٠٣.p١٩

[2]– هەمان سەرچاوە و لاپەڕە.

[3]– لعقاد، عباس محمود. محمد عبدة. وزارة الثقافة والارشاد، سلسلة اعلام العرب، القاهرة، مكتبة مصر. ص ٢٥٧.

پایەدارکردنی چێژ وەرگرتنی ئەدەبی و جیاکردنەوەی ئەو چێژە لە ڕازاندنەوەی ڕووکەشی زمانەوانی، کە دەستوپێی بیروهۆشی داهێنەرانی ئەو بوارەی لە سەدەکانی کۆتاییدا بەستبوو، بۆ ئەوەی ئەم تێڕوانینە ڕەسەنتر بکات، ڕووی لە بنچینەی، کەلەپووری دەوڵەمەند و توانادار بۆ پێکهێنانی ئەو چێژە ئەدەبییە کرد؛ بە ڕەوانبێژی هەستی نازکی هێنایەوە ناو ئەدەب، لە پێشەنگی ئەم کەلەپورە دەوڵەمەندەش، کتێبە بەناوبانگەکانی (عبدالقاهر جورجانی)یە، بە ناوی (دلائل الإعجاز) و (أسرار البلاغة)، ئەم دوو نووسراوە، کە ترۆپکی بیروهۆشی ڕەوانبێژی ڕاوەستا و لەسەر چێژوەرگرتن لە دەقەکانی قورئان و شیعر و پەخشاندا تیادا بەرجەستە دەبێ و لایەنی ئەدەبی بەهێز دەکات.[1]

بەبۆچوونی نەسر ئەبوزەید ئەو مەعریفە بەرزەی، کە محەمەد عەبدە لە ڕەوانبێژی جورجانی، وەرگرتووە و لە تەفسیری مەناردا بەرجەستەبووە، تەفسیری مەناریش[2] لە ڕووی مێژووییەوە وابەستەیە بە محەمەد ڕەشید رەزا (١٨٦٥-١٩٣٥ز)، کە خاوەنی گۆڤاری مەناربوو و یەکێک بوو لە خوێندکارە زیرەکەکانی محەمەد عەبدە، گرنگی زۆر بەبۆچوون وکەلەپوری مامۆستاکەی دەدا، بۆیەش لەدوای مردنی مامۆستاکەی لە ساڵی ١٩٠٥دا، تەفسیرەکەی کۆکردەوە و لە دوای ئایەتی (١٢٥)ی سورەتی (النساء)ەوە خۆی کەوتە تەفسیرکردن، چونکە مامۆستاکەی وەفاتیکرد و نەیتوانی تەواوی بکات.

محەمەد ڕەشید شێوەی ئەم کارە هاوبەشەی نێوانیانی بەم دەربڕینە ڕوون کردۆتەوە:

"من پوختەیەک لە تەفسیری مەنارم دەنووسی و پێشانی پێشەوایڕاڤەکاری قورئانم دەدا، ئەویش مۆڵەتی دەدامێ و بڵاوم دەکردەوە، پاشان شێوەکەم فراوانترکرد، بۆچوون و ڕای کەسانی تریشم، بێجگە لە ڕای ئەو باسدەکرد،

---

[1]- عباس، احسان. تاريخ النقد الادبي عند العرب. بيروت، دار الثقافة، ط٤ ، ١٩٨٣ز، ص٤١٩.

[2]- Abu-Zayd،Nasr."The Dilemma of the Literary Approach to the Quran، p١٩

ئەوەش کە خۆم لە ڕەوانبێژی و بەیان دەمزانی، دەم نووسی و پیشانم دەدا ئەویش پوختی دەکردەوە، بەڵام لەشێوازی ئەو ڕەزامەندی و مۆڵەتی ئەو دەرنەدەچووم." [١]

محەمەد عەبدە ئامانجی لە تەفسیری قورئاندا لەم دەربڕینەدا کورت کردۆتەوە:

"تێگەیشتنی قورئان وەک دەقێکی دینی، کە ڕێنمایی خەڵکی دەکات بۆ لای ئەو ڕێبازەی، کە بەختەوەری ژیانی دنیایانی تێدایە لەگەڵ سەرفرازی دوارۆژ، ئەمە مەبەستی هەرەبەرزە لە قورئاندا، ئەو بابەتانەی تریش هەموو لە دەوری ئەم مەبەستە دەخولێنەوە و پاشکۆی ئەو مەبەستەن[٢]، متمانەشم هەیە، کە ئەو کردار و ئاکارانەی ناومانناون فیقە زۆر کەم لە قورئاندا هاتوون، زۆرترینی قورئان پوخت کردنەوە و بانگەوازی ڕوحەکانە بۆ ئەو ڕێبازەی بەختەوەری دنیا و دوارۆژی تێدایە و لە زەلکاوی نەفامی دەریان دەهێنێ بۆ ترۆپکی زانین و ڕێنماییان دەکات بۆ شێوەی ژیانی کۆمەڵایەتی، ئەو شتانەی هەرگیز ناکرێ پشتگوێ بخرێ لە بابەتی بڕوابوون بە خوا و ڕۆژی دوایی، کە ئەمە شایەنترە بۆچوونە ناو فیقە و تێگەیشتنی ڕاستەقینە، ئەم ڕێڕۆشنەش تەنیا لە قورئاندا هەیە"[٣]

زمان بنچینەی یەکەمە لای محەمەد عەبدە، جەختیش لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە لێکدانەوەی جوانترین بۆ قورئان وادەخوازێ کە:

(تێگەیشتن لە واتای ڕاستەقینەی دەستەواژەکانی قورئان، دەبێ ڕاڤەکاری قورئان لە بەکارهێنانەکانی زمانەوان بۆ وشەکان بکۆڵێتەوە، نابێ بە قسەی یەکێک و دوان وازبێنێ، چونکە وشەکان لە سەردەمی دابەزینی قورئاندا بە چەندین واتا بەکاردەهاتن، پاشان یەکێک، یان دوان لە واتاکان بۆ وشەکە مانەوە و ئەوانی تر بزر بوون، بۆیە دەبێ بۆ تێگەیشتن لە وشەکانی قورئان، بگەڕێینەوە بۆ سەردەمی دابەزینی؛ داخوا ئەو وشانە چ واتایەکیان بەخشیوە و نابێ واتا وگەیاندنەکانی

---

١- عبدة، محمد. مشكلات القرآن الكريم وسورة الفاتحة. بيروت، دار مكتبة الحياة.- عصفور، جابر. دروس الاستاذ، مجلة الهلال، ع١٠٨، ص٧.

٢ – سەرچاوەی پێشوو، ل١٠.

٣- عبدة، محمد. هەمان سەرچاوە، ص١٢-١٣.

ئەمڕۆی دەستەواژەکان بەسەر واتاکانی ئەوسایاندا بسەپێنرێن، باشتروایە قورئان لە خودی قورئانەوە تێبگەین و سەیری هەموو دووبارەبووەکان بکەین لە قورئاندا و بزانین بە چەند واتا هاتووە).[١]

ئەم ڕستەی کۆتایی، هەمان بۆچوونی ئیبن تەیمیەیە، کە گوتویەتی: (ئەگەر یەکێ بڵێ: جوانترین شێوەی تەفسیر چییە؟ وەڵامەکەی: باشترین تەفسیر، تەفسیری قورئانە بە قورئان، ئەوەی لەقورئاندا لە شوێنێک بە پوختی باسکراوە، لە سوورەتێکی تر بەدرێژی باسکراوە).[٢]

ئاشکرایە محەمەد عەبدە دەیەوێ، کە بە تەواوی وێنای زمانی قورئان و واتاکانی بکات، لەکاتی هاتنە خوارەوەی قورئان، نابێ واتا و گەیاندنەکانی ئەمڕۆی دەستەواژەکان بە سەر واتاکانی ئەوسایاندا بسەپێنرێن.[٣]

هەنگاوی بەرنامەی دووەمی پەیوەست بە واتای زمانەوانی، درککردنە بە هەموو شێوازە باڵاکانی ئەدەب، ئەمەش تەنیا بە ڕەوانبێژی و جوانیی و ڕێکبێژیی و زانینی خواستی قسەکەر لای ڕاڤەکاری قورئان دەستدەکەوێ[٤]، چونکە تەنیا بوونی زانینی تیۆریی بۆ ئەم زانستانە و تێگەیشتن لە بابەتەکانی ئەو مەبەستەمان نادا بەدەستەوە ئەمە ئەوە دەگەیەنێ، کە زانینی ڕووکەش بێ جێبەجێکردن، دەبێتە هۆی دەقبەستوویی و ساردوسڕی و تێکچوونی زمانپاراویی[٥]، هەر بۆیە محەمەدی عەبدە، چەندین ئاڵقەی بۆ خوێندنی کتێبەکانی جورجانی دانا، تا چێژ لە زمانپاراویی وەرگیرێ و هەست بە زمان ناسکی بکات.

---

[١]-عبدة، محمد. هەمان سەرچاوە، ص ١٥.

[٢] - ابن تيميه. مقدمة في اصول التفسير، ضمن (مجموع الفتاوى)، اعتنى بها وخرج احاديثها: عامر الجزار وانور الباز، بيروت: دار الجيل، ط١، ١٩٩٧ز، ج١٣، ص ١٩٥.

[٣]- ابوزيد، نصر حامد. القراءة الادبية للقرآن: اشكالياتها قديما وحديثا، مجلة الكرمل، ع٥٠، ١٩٩٧ز، ص١٤٢.

[٤] - عبدة،. مشكلات سورة الفاتحة، سەرچاوەی پێشوو، ص١٦.

[٥] - الجرجاني، عبدالقاهر. اسرار البلاغة، قراءه وعلق عليه: محمود شاكر، القاهرة- جدة: مطبعة المدني، چ١ ١٩٩١ز، ص ٢١.

لەدوای ئەم دوو هەنگــاوەی زمانپــاراویی و ڕەوانبێژیــی، هەنگــاوی پەیــڕەوی ســێیەم؛ زانینــی بارودۆخەکــانی مــرۆڤە (چــونکە قورئــان، کە بارودۆخەکــان و سروشــتەکانی مرۆڤەکــانی تێــدا بەیــانکراوە، ســونەتە ڕەبانییەکــان لە ڕەوتــی بەرێوەچوونی مرۆڤایەتی باسکراون، جوانترین چیرۆکیش لە بارەی سەرگوزەشتەی ژیانی میللەتان باسکراوە[1]، ئەگەر ئەمانە نەزانێ، ناتوانێ ئەم ئایەتە تەفسیر بکات:

﴿كَانَ النَّاسُ أُمَّةً وَاحِدَةً فَبَعَثَ اللَّهُ النَّبِيِّينَ مُبَشِّرِينَ وَمُنْذِرِينَ وَأَنْزَلَ مَعَهُمُ الْكِتَابَ بِالْحَقِّ لِيَحْكُمَ بَيْنَ النَّاسِ فِيمَا اخْتَلَفُوا فِيهِ وَمَا اخْتَلَفَ فِيهِ إِلَّا الَّذِينَ أُوتُوهُ مِنْ بَعْدِ مَا جَاءَتْهُمُ الْبَيِّنَاتُ بَغْيًا بَيْنَهُمْ فَهَدَى اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا لِمَا اخْتَلَفُوا فِيهِ مِنَ الْحَقِّ بِإِذْنِهِ وَاللَّهُ يَهْدِي مَنْ يَشَاءُ إِلَى صِرَاطٍ مُسْتَقِيمٍ﴾ [ البقرة ٢١٣]

(لە سەرەتای پەیدابوونی خەڵکیدا، پێش تۆفانەکەی نوح، خەڵکی یەک ئوممەت بوون و خاوەنی تەنها بیروباوەڕی یەکتاناسین بون، بەڵام بەرەبەرە لایاندا خواش وێڵی نەکردن و پێغەمبەرانی ڕەوانەکرد، تا مژدەدەر و ترسێنەر بن هاوڕێ لەگەڵ کتێبی ئاسمانیدا، بۆ ڕوونکردنەوەی حەق و ڕاستی، تا لەنێوان خەڵکیدا فەرمانڕەوایی و دادوەری ئەنجام بدات لەسەر ئەو شتانەی، کە بۆتە کێشەیان و ڕاو بۆچوونیان لەسەری جیاوازە، کەسیش جیاوازیی و کێشەی لەسەر بەرپا نەکرد، جگە لەوانەی ئەو کتێبانەیان پێ بەخشراوە (کە گاورو جولەکەن)، دوای ئەوەی بەڵگە و نیشانەی ڕوون و ئاشکرایان بۆ هات (کە قورئانە، ئینجا کێشە و دووبەرەکیان تێدا دروست بوو)، ئەمەش بەهۆی حەسادەت و ستەم کردنیانەوە (بۆیە پەیڕەوی حەق و ڕاستیان نەکرد)، ئەوسا خوا هیدایەت و ڕێنموونی ئیماندارانی کرد بۆ دۆزینەوەی حەق و پەیڕەوی کردنی لە نێوان ئەو مەسەلانەی، کە ئەوان کێشەیان لە سەری هەبوو، خوا ڕێنموونیی هەرکەسێک دەکات،کە بیەوێت و (شایستە بێت) بۆ ڕێگە و ڕێبازی ڕاست و دروست[2]).

---

[1] - عبدة، محمد، مشكلات القرآن وسورة الفاتحة، سەرچاوەی پێشوو، ص ١٦-١٧.

[2] -عبدة، محمد، مشكلات القرآن، سەرچاوەی پێشوو، ص ١٧.

بێگومان کە بارودۆخەکانی مرۆڤ و مێژوو و جوگرافیا نەزانێ، نەزانێ کەی و چۆن یەکیان گرتووە و کەی و چۆن پەرتەوازە بوون، ئەو یەکێتییە چی بوو، کە لەسەری بوون و شوێنەواری ناردنی پەیامبەران چی بوو لە سەریان؟ هەر بۆیە محەمەد ڕەشید دەڵێ: مامۆستای پێشەوا تەفسیرێکی بۆ ئەم ئایەتە کرد، کە لە هیچ کتێب و تەفسیرێکی پێشوودا، بوونی نەبوو.(١)

نەسر حامد ئەبوزەید، لای ئەم هەنگاوانەی محەمەد عەبدە لە تەفسیری قورئان هەڵوێستەی کرد، داڕشتنەوەیەکی وردی بۆ ئەم پەیڕەوە خستەڕوو، کە دوو چاوگی زمانی سەردەمی هاتنەخوارەوەی قورئان و ڕێساویاسا و بزوێنەرە سروشتی و کۆمەڵایەتییەکانی جیهان لە بەڕێوەچوونی مێژوودا(٢)، جەختی لەسەر ئەوەش کردووە، کە دەقی قورئان لە تێگەیشتنی محەمەد عەبدەدا، بریتیە لە "بنیاتێکی زمانەوانییە و ڕێنماییە لە سەر ڕەوتێکی مێژوویی دیاریکراو، ئەو ڕەوتە دابڕاویش نییە، لەوەی توانای وەبەرهێنانی ڕەوتێکی لە دەرەوەی ئەم ڕەوتەدا هەبێ، بەڵام ئەو ڕەوتەی دووەمە، کە لە دەرەوەی چوارچێوەی مێژوویییە، نابێ بەسەر تێگەیشتنە زمانەوانییەکەی سەردەمی هاتنی قورئاندا بسەپێنرێ".(٣)

محەمەد عەبدە بەپشتبەستن بە عەقڵ، وەک یەکەم پێوەر بۆ تێگەیشتن لە قورئان، دەستی بەپرۆژە تازەگەریەکەی کرد، ئەم پرۆژە، کە ڕیشاڵەکانی لە بیروهۆشی ئەفغانیشدا دەبینرێ، ئەفغانی داوای دەکرد، کە تەفسیری قورئان پاک بکرێتەوە لەو زیادەڕەوییە ڕێزمانی و ئەفسانانەی پێیەوە لکاوە و فەرموودە ساختە و هەڵبەستراوەکان و بۆچوونە ساردوسڕەکانی فەقیهە لاساییکەرەوەکان.(٤)

هەروەها ئەم ئامانجە دەبێتە هۆی ڕووبەڕووبوونەوەی ئامادەباشی و پێشکەوتنی فیکریی ئەوروپییەکان لەگەڵ فیکری ئیسلامی بە چەند پرسیارێکی بێزارکەر و

[١]- هەمان سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو.
[٢]- ابوزید، القراءة الادبية للقرآن: اشكالياتها قديما وحديثا، سەرچاوەی پێشوو، ص ١٤٢.
[٣]- هەمان سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو.
[٤]- النيفر، حميدة. الانسان والقرآن، وجها لوجه. بيروت، دمشق، دار الفكر المعاصر. ط١، ٢٠٠٠ز، ص ٥٨.

جیاواز، کە پێویست بوو وەڵام بدرێتەوە[1]، یەکێک لە مەبەستەکانی محەمەد عەبدە هەماهەنگی کردنی بۆچوونی ئیسلام و فیکری هاوچەرخ بوو لە پرۆژە چاکسازیەکەیدا[2]، وەک حورانی دەڵێ: شەبەنگی ئارنست رینان لەسەرانی فیکری ئیسلامیی نوێ دوورناکەوێتەوە.

لێرەدا دەبێ هەڵوێستە بکەین لەو گفتوگۆ گەرمەی، کە لە نێوان محەمەد عەبدە و وەزیری دەرەوەی فەڕەنسا میسیۆ هانۆتۆ ڕوویدا، کاتێ وەزیر گوتارێکی نووسی لەبارەی ئەوە، کە ئیسلام ئەوەندە لە پلەوپایەی مرۆڤ کەم دەکاتەوە و دەستەوستان و بێدەسەڵاتی دەکات؛ بەرامبەر ئەو پەرستراو و دروستکەرەی، کە پایەکی بێسنووری لە هەموو ڕوویەکەوە پێدەبەخشێ و لە هەموو کەموکوڕیەک بە دووری دەگرێ، بە پێچەوانەی مەسیحیتەوە، کە ئەوەندە پلەوپایەی مرۆڤ بەرز دەکاتەوە، کە نزیک دەبێتەوە لە پایەی خواوەندێتی.[3]

محەمەد عەبدە، زۆر بەگەرمی وەڵامی ئەم تۆمەتانەی دایەوە، بەوەی (ئیسلام بوو،کە کەسانی پەراوێزکراو و پێ پەتی بیابانیشین و نەخوێندەوار و نەفام و دوور لە شارستانیی و پیشەسازیی و زانستیی، کردە کەسانی شاسوار لە هەموو بوارەکانی عەقڵ و زانستەکان و لەسەر کورسی دەسەڵات و سەروەری گشت جیهانی بۆ چەندەها سەدە دانان، مێژوو شایەدی بەرزی ویژدان و عەقڵمەندیی و دۆزەوەی زۆر لە نهێنییە شاراوەکانیان بۆ دەدا، چەندین گەنجینەی زانستییان دەرهێنا و گەلانی ئەوروپا بۆ چەندین سەدە بە ڕۆشناییەکەی بەڕێوە چوون).[4]

عەقادیش، لە بارەی ئەم هەڵوێستە ئاڵۆزەی ململانێی فیکریی دەڵێ: "وەڵامەکەی محەمەد عەبدە بۆ بیرمەند و فەیلەسوفەکانی ڕۆژئاوا، کاریگەرتربوو لە ناپاڵم و تۆپی دوورهاوێژ، بەهێزتربوو لە وەڵامدانەوەی بەرگریکارانی ئەم سەردەمە لە

---

[1] – هەمان سەرچاوە، ص ٥٨ – ٥٩.

[2] – حوراني، الفكر العربي في عصر النهضة، سەرچاوەی پێشوو، ص ١٧٨.

[3] – عبدة، محمد. الاسلام بين العلم والمدنية، دمشق: دارالمدى. ط خاصة، ٢٠٠٢، ص ٢١.

[4] – هەمان سەرچاوە، ل ٤٨.

ئیسلام لە بەرامبەر هێرش و ڕەخنەکانی مژدەدەران، چونکە گفتوگۆکان زیاتر پەیوەندیی بەدینەکانی ترەوە هەبوو، بەڵام گفتوگۆکانی نێوان ئەفغانی و عەبدە لەگەڵ ڕینان و هانونۆ پەیوەندیی بە فیکرێکی هاوچەرخ و متمانەدار بە دین هەبوو بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی فیکرێک، کە نە دان بە ئیسلام دادەنێ و نە بە غەیری ئیسلام، بەڵام بە پرسیارەکانی، دەیەوێ عەقڵ و ویژدانی مسوڵمان پەردەپۆش و سەرخۆش بکات، تا بزانێ کەسانی بێدار و بە متمانە بە دین و فیکری ئیسلامی بوونیان هەیە، تا وەڵامی بدەنەوە، پێشەوای مامۆستا عەقڵێکی پڕ و ڕۆشنبیر بوو لەو سەردەمەدا و خاوەنی متمانە و بەڵگەبوو).[1]

سەردەمی محەمەد عەبدە پڕ بوو لە گومان و پرسە عەقڵییەکان، لە بەرامبەر ئەو پاڵەپەستۆیە بەردەوامە لەسەر ئیسلام وایکرد، کە ڕەوتی عەقڵانییەت تاکڕەو و زاڵ بێ بە سەر بیروبۆچوونی عەبدەدا و لە هەموو خوێندنەوە و شرۆڤەکانیدا بەسەریدا زاڵ بێ، بۆیە بۆ زانینی واتاکانی دەقەکان پەنای بۆ لێکدانەوەی موعتەزیلەکان برد، بەڵام سەرچاوەی لێکدانەوە و تەئویل لای عەبدە لەهی موعتەزیلە ئاڵۆزتربوو، وەک ئەبوزەید دەڵێ کە چاوگی عەبدە، موعتەزیلییەکی چەرخی نۆزدەبوو، هەوڵی دەدا لە لێشاوی بەرهەمی فیکری مرۆڤایەتی سوود وەرگرێ و بتوانێ گوڵچنێکی لێبکات، کە لەگەڵ دەقە بنچینەییەکەی و ژیار و ڕۆشنبیریی خۆیدا بگونجێ.[2]

ولهستێری ڕۆژهەڵاتناس ئاماژەی بە بوونی پەیوەندی لە نێوان محەمەد عەبدە و کەلەپوری موعتەزیلە کردووە، بەڵکو خوێندنگای عەبدەی بەنموونەی نوێی موعتەزیلە داناوە، کە لە گفتوگۆ و دەمەتەقێکانی پشت بە تەنز و ڕەخنە و دژایەتی لاساییکردنەوە دەبەستێ، کە لە قورئاندا سەرکۆنەکراوە.[3]

[1] – العقاد، محمد عبدة، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥٧.

[2] – بوزید، القراءة الادبیة للقرآن، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٤.

[3]– جولد تسیهر. مذاهب التفسیر الاسلامي، سەرچاوەی پێشوو، ص ٣٩١.

محەمەد عەبدە، تێڕوانینی تەفسیریی لە سەر ئەو شێوەی، کە لای موعتەزیلە بلورەی کردبوو وەرگرتووە، هەندێک لە هەڵوێستەکانی عەقڵانییەتی موعتەزیلەی لە تەفسیری هەندێک ئایەت بەکارهێناوە، زمانەوانی و زانستەکانی زمان لای موعتەزیلە ئامڕازی سەرەکی تەفسیر بوون، زەمەخشەری ئەو پەیوەندییە عەقڵانییەی نێوان تەفسیر و زانستەکانی زمانی لە تەفسیری کەشافدا ڕوون کردۆتەوە، ئەو دەڵێ: تەفسیر زانستێکە پیاوێک دەتوانێ ئەو شوورە و ڕەمەندە بکێشێ، کە لە دوو زانستدا باڵادەست بێ، ئەوانیش زانستی واتاکاریی و زانستیی بەیان بوون[1].

هەر بۆیە پشتبەستن بە عەقڵ بە تەنها و بە چوارچێوەکردنی بۆ خوێندنەوەی دەقی قورئانی وایکرد، کە محەمەد عەبدە پێی هەڵخلیسکێ و بکەوێتە چەندین هەڵەی زانستییەوە، کە هاوچەرخەکانی بەو هۆیەوە ڕەخنەیان لێگرتووە، ئەو دەرگایەی عەبدە کردیەوە، ڕێخۆشکەربوو بۆ ئەو خوێندنەوانەی دوای عەبدە، زیاتر زیادەڕەوی لە تێڕوانینی عەقڵانییەت بکەن، ئەمەش وایکرد ڕەسەنایەتی ئیسلام بتوێتەوە لە فیکری هاوچەرخدا[2]، چونکە لە ناو جەرگەی بەرگری لەخۆکردندا، جاریوایە بەرگریکار لە دووژمنەکەی نزیکترە لە خودی خۆشی.[3]

هەر بۆیە ئەلبرت حورانی، ئەم پرسیارە دەوروژێنێ و دەڵێ: ئایا محەمەد عەبدە، بێئەوەی هیچ مەبەستێکی هەبێ ئەم دەرگایەی کردەوە، تا بیروباوەڕی ئیسلام و ئیسلامییەکان هەموو لەناو شەپۆلەکانی داهێنراوە نوێیەکان بخنکێنێ؟ ئەو دەیویست دیوارێک بەڕووی عەلمانییەت دروست بکات، بەڵام ئەوەی دروستیکرد پردێک بوو، کە عەلمانییەت پێیدا پەڕیەوە و یەک لە دوای یەک، هەموو سەنگەرەکانی داگیرکرد[4]، ئەم کەلێنانەش کە پەیدابوون، لە چوارچێوەی ئەو تێڕوانینە

---

[1]- الزمخشري، ابو القاسم محمود بن عمر، الكشاف عن حقائق التنزيل وعيون الاقاويل في وجوه التاؤيل، القاهرة، دار الريان، ط٣، ١٩٨٧ز، ج١، ص٥.

[2]- حوراني، الفكر العربي في عصر النهضة، سەرچاوەی پێشوو، ص ٢٠٠.

٣- هەمان سەرچاوە، ل ١٧٨.

[4]- هەمان سەرچاوە، ل ١٧٩.

پەیــدابوون، کە پێیوابــوو دەبــێ مســوڵمانان لێکــدانەوەی دووبــارە و نــوێ بــۆ شەریعەتەکەیان بکەن، کە لەگەڵ داخوازیەکانی ژیانی هاوچەرخ بگونجێ.(١)

دیـارە ئەم تێـڕوانینە بـۆ لێکـدانەوەی دەقـی قورئـان، بە سـەر محەمـەد عەبـدەدا زاڵبـوو، بـۆیە هەنگاوەکـانی لە لێکـدانەوەکەی بەرفراوانکـرد، لەمەشـدا پشـتی بە بەرژەوەنـدییەکان و مەبەسـتەکانی شـەریعەت لە خوێنـدنەوە و تەفسـیرکردنەکەیدا بەست، ئەم تێڕوانینە ڕەگ و ڕیشاڵێکی قـووڵی لای فیقهـی مـالکی هەیە، کە لای شــاتبی و کتێبــی (موافقــات)دا گەیشــتە ترۆپــک(٢)، عەبــدە ئەو ڕێســایەی بــۆ لێکدانەوەی دەقەکانی قورئان بەکارهێنا، پێیوایە مەبەستی خوای گەورەیە لە نـاردنی وەحـی چـاودێریکردن و پاراستنی بەرژەوەنـدییەکانی مرۆڤـایەتییە(٣)، پێشـیوابوو کە پێشخستنی تەفسیری عەقڵانی باشـتر دەتـوانێ خـۆڕاگر بـێ لە بەرامـبەر پاڵەپەسـتۆی عەقـڵ و زانسـتیی نـوێ، بـۆیە لە خوێندنەوەیـدا بـۆ قورئـان زۆر لەو هەڵوێسـتانەی دەرکەوتن، کە جێی ڕەخنە و وروژانـدنی هاوچەرخـانی بـوون، ئەوانەی کە دانیـان بە زانایی و هۆشیاریی و نیازپاکی پێشەواش داناوە.

محەمەد زەهەبی، خاوەنی کتێبی (التفسیر والمفسرون) دەڵـێ: پێشـەوا سەربەسـتی تەواوی دابوو بە عەقڵی خۆی بـۆ ڕاڤەکردنـی قورئـانی پیـرۆز، بەڵام وا دەزانـم لەو سەربەســتیەدا دەخنکــێ، چــونکە ئەو لە فراوانکــردنەکەی گەیشــتۆتە ئاســتی زیادەڕەویکردن.(٤)

سەرەڕای دژایەتـی زۆری محەمـەد عەبـدە بـۆ لاسـایی کـردنەوەی مەزهەبـی لە تەفسـیری قورئانـدا، هۆشـداریی زۆری دەدا، کە نـابێ قورئـان بکـرێتە دەلاقەی مەزهەبێکـی بیروبـاوەڕی و عەقیـدەیی ڕابـردووان، یـان لێکـدانەوەی ئایەتەکـان بە شــێوەیەک، کە لەگەڵ تێڕوانینێکــی مەزهەبێــک بگــونجێن، چــونکە ئەمە بە

١- هەمان سەرچاوە، ل ١٨٧.

٢- دراز، عبدالله، الموافقات.

٣- حوراني، الفکر العربي في عصر النهضة، سەرچاوەی پێشوو، ص ١٨٧.

٤- الذهبي، محمد حسين. التفسير والمفسرون، بيروت، دار احياء التراث العربي، ط٢، ١٩٧٦م، ج٢، ص ٥٦٩.

لاڕێکردنی دەقەکانی قورئانە، کە لە ئامانجەکانی بە مەبەستی کەسی و مەزهەبی، دووری دەخاتەوە، ئەم ڕەوتە دەبێتە هۆی دوورخستنەوەی قورئان لەو مەبەستەی بۆی هاتووە، کە بە عەقڵ و بیروهۆشە سەلیمەکان بەتەواوی لێکبدرێتەوە.[1]

بەڵام عەبدە، کە قورئانی لە مەزهەبییەکان ستاندەوە نەیدایەوە عەقل سەلیمەکان، بەڵکو دایە دەستی ئەوانەی، کە دەقەکان بەشێوەی نموونەیی و خەیاڵی لێک دەدەنەوە، تا لەگەڵ عەقڵیەتی نوێی مرۆڤی سەردەم بگونجێ، کە عەقڵیەتێکە یەقین و دڵنیایی و متمانەی لەدەستداوە و توانای باوەڕکردنی بە جیهانی نادیار و غەیب و موعجیزەکان نەماوە.

ئا لەم ئاڕاستەدا، پێویستە ئاماژە بە چەند هەڵەیەک بکرێ، کە محەمەد عەبدە تێکەوتووە بەهۆی پابەندی بە تێڕوانینێکی عەقڵی پەتی لە تەفسیرکردندا، وەکو لێکدانەوەی بۆ پێغەمبەرایەتی و موعجیزەکان و مەلائیکەکان و سیحر و ئیبلیس، هەروەها ئەو شتانەی، کە پەیوەندی بە جیهانی نادیار و غەیبەوە هەیە، کە هەوڵیداوە ئەم بوونەوەرانە لە زەین و هۆش نزیک بکاتەوە، کە لەگەڵ عەقڵ و زانست و گرێدانی هۆ بە هۆکارەکان بگونجێ، هەروا بۆچوونی تایبەتی لەبارەی چیرۆکەکانی قورئان، هەندێک لەوانەی ئەم بابەتەیان تاوتوێ کردووە، گوتویانە مەبەستی عەبدە ئەوە بوو، کە ئەوە بسەلمێنێ کە قورئان کتێبێکی مێژوویی نییە، بۆیە گێڕانەوەی قورئان نابێ وەک دیکۆمێنتێکی مێژوویی سەیربکرێ، بەڵام ئەم ڕووداوە مێژووییانە لە قاڵبێکی ئەدەبی داڕێژراون، تا وانەکانی ئامۆژگاری و هۆشداری بدەنە خەڵکی.[2]

هەریەک لە تەها حسێن لە کتێبی "شیعری سەردەمی نەفامی" و محەمەد خلف الله لە کتێبی "هونەری چیرۆک لە قورئاندا" لە سەر ئەم جیاکردنەوە لە دەقی قورئان و ڕەوتی مێژوویی بەڕێوە چوون.

---

[1]- شحاتة، عبدالله. الامام محمد عبدة بين المنهج الديني والمنهج الاجتماعي، الهيئة المصرية العامة للكتاب، مصر، ٢٠٠٠م، ص ١٣٤.

[2] - Abu-Zayd،Nasr."The Dilemma of the Literary Approach to the Quran، p١٢

ڕێسایەکی ترهەیە، کە ڕەچاوکردنی زۆر گرنگە لە تەفسیری قورئان: (ئاشکرایە کە قورئان لەسەدەی حەوتەم بۆ عەرەبە نەفامەکانی دوورگەی عەرەب دابەزیوە، جا هەر ئایەتێک لەگەڵ عەقڵ و زانست، بەریەککەوتنی هەبێ، ئەوە دیارە باسی ئاستی نەفامی و نەخوێندەواری ئەوسای عەرەب دەکات، کە دوور بوون لە هەموو عەقڵ و زانینێک، کەواتە ئەو ئایەتانە ڕەنگدانەوەی تێڕوانینی عەرەبە نەفامەکانن بۆ جیهان).[1]

محەمەد عەبدە، هەوڵیدا موعجیزەکان بەعەقڵ شی بکاتەوە، ئەو پێیوایە موعجیزە لە ڕووی عەقڵەوە مەحاڵ نییە، چونکە ڕوودانی ڕووداوێک، کە لەگەڵ ڕەوتی سروشتی ڕوداوەکان ڕێک نەکەوێ واتای ئەوەنییە، کە ئەم جۆرە ڕوودانە لە ڕووی عەقڵەوە مەحاڵ بێ.[2]

هەندێک پەڵپیان لەم بۆچوونە گرتووە و دەڵێن، کە واتای موعجیزە واتا جیاواز و پێچەوانەی ڕێساکانی سروشت بێ و لە سەروو وێنای عەقڵی مرۆڤایەتی بێ، بۆیە عەقڵ مافی ئەوەی نییە، کە حوکمی ئەوە بدا، کە ئایا موعجیزە مەحاڵە یان نا.[3]

قسەکردن لەسەر ڕەوتی محەمەد عەبدە لە تەفسیردا پێویستیەکی مەنهەجییە، کە ڕێخۆشدەکات بۆ قسەکردن لە هەوڵەکانی دوای خۆی، ئاشکرایە عەبدە ڕێی بۆ خوێندنەوە ئەدەبی و زمانەوانییەکانی قورئان کردەوە، پاشان گەشەی پێدرا و خوێندنەوەی شێوازیی لێدەرهێنرا، زەهەبی کە باسی ئاڕاستەکانی خوێندنەوەی کۆمەڵایەتی و شێوەی ئەدەبی دەکات، هەڵوێستە لە سەر ئەم جۆرە تەفسیرە ئەدەبییە کۆمەڵایەتییە دەکات و دەڵێ: ئەم جۆرە تەفسیرە پێشەوا محەمەد عەبدە

---

١- هەمان سەرچاوە، ل١٣.

٢- عبدة، محمد، رسالة التوحيد. بيروت، دار الكتاب العربي، ١٩٧٧ز، ص ١١٩.

٣- الشرقاوي، عفت. الفكر الديني في مواجهة العصر، دراسة تحليلية لاتجاهات التفسير في العصر الحديث، القاهرة، مكتبة الشباب، ١٩٧٦ز، ص ٢٩٤-٢٩٥.

دایهێناوە و موعجیزەی ڕەوانبێژیی و ڕۆشنی واتاکانی و مەبەستەکانی قورئانی پـێ دۆزیوەتەوە.[١]

پـێش زەهەبـیش، گۆڵدتسـیهر ئەم ئاڕاسـتەی لای عەبـدە تێبینـی کـردووە و لە بارەیەوە دەپرسێ:

ئەو هەڵوێستە چییە، کە ئەم مەزهەبە دەینوێنێت لە بارەی تێڕوانینی عەقیدەیی بۆ ئەم شێوازە ئەدەبییەی قورئان؟[٢]، پاشان هەر خۆی وەڵام دەداتەوە و دەڵێ:

هەرچەنـدە ئەم خوێنـدنگایەی عەبـدە زۆر جەخـت لەسـەربوونی مـوعجیزەی نائاسـایی و نـاوازە بـۆ قورئـان ناکـاتەوە، لەگەڵ پارێزگـاری وردیشـی بـۆ دەقە کەلەپورییەکان، بەڵام هەر لە خولگەی مەزهەبی عەقڵ دەخـولێتەوە، سـەرەڕای ئەم بۆچوونەش، سوورە لەسەر ئەوەی دوانەکەوێ لە مەزهەبـی سـەلەفییە پارێزکارەکـان لە دانـان و پیاهەڵـدانی جوانکـاریی و ڕەوانبێژیـی قورئـانیی و ڕوونکـردنەوەی ئەو پەیوەسـتی و یەکگرتـووییەی نێـوان بەشـە جیاوازەکـانی نـاو سـوورەتەکان، بەڵکـو لەمەدا پـێش زانـا پێشـینەکانیش دەکەوێـتەوە و بەڵـگەی زۆر و زەبەنـد بـۆ ئەمە دەهێنێتەوە[٣]، ئەوەتا محەمەد عەبـدە هێـرش دەکـاتە سـەر بۆچـوونی پێشـینەکان، لە بـابەتی هۆکارەکـانی دابەزینـی سـوورەتەکان، کە پێشـینەکان ئـایەتە یەک لەدوای یەکەکان لە یەکتر دادەبڕن و هەریەکەیان گرێدەدەن بەهۆکـارێکی دابەزینـی دوور لە یەکتر، بەمەش یەکەی هونەریی و جوانیی نێوان ئـایەتە قورئانییەکـان دەشـێوێنن، عەبدە ئەم پیشە ڕەخـنە لێـدەگرێ و دەڵـێ: یەکێـک لە شـتە سـەیر و سـەمەرەکانی گێڕەرەوانی هۆکارەکانی دابەزین، ئەوەیە، ئەوان دێن کۆمەڵێک ئـایەتی وابەسـتە و گونجاو و پێکداچوو لەگەڵ یەکتر لە گوتاری ئیلاهـی لەتـوپەت دەکەن و قورئـان دەکەنە لەتــوپەت، کە لە قورئانــدا هەڕەشــە لەم کــارە کــراوە، کە ئایەتەکــان لێکدەترازێنن و لە یەکتریـان دادەبـڕن ﴿جَعَلُوا الْقُرْآنَ عِضِينَ﴾ [الحجر ٩١]، بەڵکـو

[١]- الذهبي، التفسير والمفسرون، سەرچاوەی پێشوو، ج٢، ص ٥٤٨.
[٢]- جولد تسيهر. مذاهب التفسير الاسلامي، سەرچاوەی پێشوو، ص ٣٧٢.
[٣]- هەمان سەرچاوە و لا پەڕەی پێشوو.

جاریوایە لەڕستەکانی ناو یەک ئایەتدا، ئەم کارە دەکەن و بۆ هەر ڕستەیەک، هۆکارێکی دابەزین باس دەکەن، یان بۆ هەر ئایەتێک لە ئایەتەکانی بابەتێکی یەکگرتوو هۆکارێکی سەربەخۆ بۆ دابەزینی باس دەکەن.[1]

توێژینەوە لە یەکێتی ناوخۆیی دەقی ئەدەبی بە گشتی و یەکێتی بابەتیی دەقی قورئانیی بەتایبەت، یەکێکە لە دەستکەوتەکانی ڕەخنەی سەردەم، هەرچەندە کەلەپووری ڕەخنەی ڕەسەنیش بۆ ئەمە زۆرە.[2]

سەبارەت بە یەکێتی بابەتی دەقی قورئانی، لەوانەیە خوێنەر ئەو هەوڵە زۆرەی لەبیر بێ، کە بورهانەدینی بوقاعی لە کتێبی "ڕشتەی مرواری لە پێکەوەگونجانی ئایەت و سوورەتەکان" (نظم الدرر في تناسب الآيات والسور)، بۆ سەلماندنی گونجان لە نێوان سوورەتەکانی قورئان لەسەر ئاستی بنیاتی گشتی قورئان داویەتی، دوای ئەوە بۆ سەلماندنی پێکەوەگونجانی چەند ئایەتێکی یەک لە دووی یەک سوڕەتدا، هەرچەندە هەندێکجار هەندێک لە نەگونجان و زیادەڕەویش لەو کتێبە دەبینرێ.

تێڕوانینی محەمەد عەبدە بۆ یەکێتیی بابەتی دەقی قورئانیی، زیاتر چەسپێنراوە و درکپێکراوە، بە تایبەتی بۆ واتای یەکبوونی مەعنەوی، لەوانەیە تەفسیری عەبدە بۆ سوورەتی فەجر بەڵگە بێ لەسەر واتای جوانی، کە دەقی قورئانی پێوە هۆگر دەکات و لەگەڵ تێڕوانینی گشتگیر بۆ گشت شتەکان دێتەوە.[3]

محەمەد عەبدە، خاوەن تێڕوانینێکی مرۆڤایەتی فراوان بوو، دەیەویست ڕوحی هەموو مرۆڤایەتی بە ئاماژە ئیلاهیەکان ڕۆشن بکاتەوە، عەقاد دەڵێ خانەدانانی مەسیحی پێشبڕکێیان بوو بۆ وانەکانی لە مزگەوتەکانی بەیروت کاتێ، کە دوور

---

[1]- رضا، محمد رشيد. تفسير المنار، تحقيق: ابراهيم شمس الدين، بيروت، دار الكتب العلمية، ط٢، ٢٠٠٥ز.

[2]- بكار، يوسف. بناء القصيدة في النقد العربي القديم في ضوء النقد الحديث، بيروت: دارالاندلس، ط٢، ١٩٨٣ز، ص٢٧٥-٣٦٢.

[3]- عبدة، محمد. تفسير القرآن العظيم، جزء عم، بيروت، القاهرة، دار ابن زيدون، ١٩٨٩ز، ص٩٠.

خرابۆوه بۆ ئەویٰ، چونکـه لـه دەرسـەکانیدا توانایـەکی بـەهێزی ئـەویان دەبینـی لـه بـارەی جێگیرکردنـی مانـای ئـاینی لـه دڵـی مرۆڤـدا، یەعقـوب سـەروف ئـاوا ئەم هەسـتیارییه دەردەبـڕێ و دەڵـێ: ئەو سـاتەی مامۆسـتای پێشـەوا نێـژرا، بیسـتم خوێندکارەکانی دەیانگوت، که لەدەستچووی ئیسلام و مسوڵمانانه و لەوه زیاتریـان نەدەگووت، بەڵام ئەو لەدەستچووی فیکر و زانست بـوو، له هەرکـوێیەک بـێ، ئەو لەدەستچووی هەمووانمان بوو.(١)

چـارلز ئـادامز پێیـوایه محەمـەد عەبـدە، یەکـێکه له دامەزرێنەرانـی ئیسـلامی هاوچەرخ.(٢)

هەروەها هامڵتون جیب، دەڵێ ئەو شیکاره ورد و جوانەی، که ئـادمز بـۆ عەبـدە کردوویەتـی، پاشـان پـوختەیەکی وردی، که عەبـدەی به پێشـەوای چاکسـازان له چوار خاڵدا دانا، لەو خاڵانەش دووبـاره داڕشـتنەوەی بنـاغەی بیروبـاوەڕی ئیسـلامی لەژێر ڕۆشنایی فیکری نوێ(٣)، جیب هەڵوێستەی لای هەوڵەکانی محەمەد عەبـدە له نـوێکردنەوەی تیـۆری تەفسـیری قورئـانیی کـرد، که بیـرۆکەی مـانەوەی تەواوی قورئان بەڵگەیه لەسەر بەهێز و تەوانای خـوا، بەڵام نەوەی نـوێی ئێسـتای مسـوڵمانان پێویستیان به زیاتر هەیه، پێویستیان بەوەیـه، که بۆیـان بسـەلمێنرێ هـیچ شـتێک لەم قورئانه هەڵه وکۆن نییه، بیروهۆشی زانسـتیی نـوێیش هـیچ کـاریگەرییەکی نەرێنـی لەسەر نەبـووه، قورئـان خسـتنەڕوویەکی تەواو و کۆتـاییه بـۆ بابەتەکـانی بـوونەوەر، چونکه ئەو کەسەی بەرگری لێدەکات، تەنیا بڵێ ئەوه گوتـاری خـوایه، به پیـت و وشه ڕوخاندوویەتی و بەرگری لێ نەکردووه، بۆیه پێویسته دووباره قورئان تەفسـیر

---

١- العقاد. محمد عبدة، سەرچاوەی پێشوو، ص ٢٥٧-٢٥٩.

٢- آدمز، تشـارلز. الاسـلام والتجديد في مصـر، ترجمـة: عبـاس محمـود، القـاهرة: لجنـة دائـرة المعـارف الاسلامية،١٩٨١ز، ص٤.

٣- جيب، هاملتون. الاتجاهات الحديثة في الاسلام، ترجمة: هاشـم الحسـيني، بيروت: دار مكتبـة الحيـاة، ١٩٦٦ز، ص٦٠.

بکرێتەوە، لەو تەفسیرە نوێیەدا بە پوختی ئاماژە بە ڕاستەقینەی مادیی قورئان بکرێ لە جیاتی ڕاستەقینە ڕوحیەکەی.[1]

ئەو خاڵە گرنگەی هاملتون هەستی پێکردووە ئەوەیە، کە دەزگای تەفسیری کۆن وەلانرا[2]، بەڵام ئەو ڕەخنەیەکی توندیشی ئاراستەی عەبدە کردووە لە لێکدانەوەی هەندێ لە ئایەتە قورئانییەکان لە تێڕوانینی زانستیی نوێ، وەک تەفسیری جنۆکە بە میکرۆب، کە جیب پێیوایە ئەمە تەفسیر نییە وگاڵتەجاڕی و پێکەنیناوییە، وەک ئەو هەوڵانە دەچێ، کە ڕوهبانە مەسیحیەکان ویستویانە سفری تەکوینی تەوراتی، لەگەڵ چاخە جیۆلۆجیەکان ڕێکبخەن-، مسوڵمانە ڕۆشنبیرەکانیش تێڕوانینیان بۆ تەفسیرەکەی عەبدە، وەک تێڕوانینی ئێمەی ڕۆشنبیری مەسیحی و تێڕوانینی ڕوهبانەکانە، ئەم قۆناغە تەنیا قۆناغێکی بەرگریکردنی کورتە، تەها حسێنیش لەم خاڵە لەگەڵ هاملتۆنە و پێیوایە ڕەخنەکەی هاملتۆن بۆ عەبدە زۆر بەهێزە.[3]

تەها حسین دەڵێ: تەفسیرەکەی محەمەد عەبدە قابیلی مانەوە و تەمەندرێژی نییە، چونکە عەبدە بۆ تەفسیری دەقەکانی قورئان پشتی بە تیۆرییەکانی زانستیی نوێ بەستووە، ئاشکرایە کاتێ پەرەسەندنی ڕۆژهەلات بگاتە قۆناغی ئارام و جێگیری، خەڵکی وڵاتی ئێمە دووبارە دەگەڕێنەوە و بیر لە نزیککردنەوەی دین و زانست دەکەنەوە، بەڵام من پێموانییە ئەوە بەو شێوە سادەی، کە محەمەد عەبدە وێنای کردووە، ڕوو بدا، عەبدە هەرچەندە نیازپاک بووە، بەڵام ئەو بەڵگانەی، کە هێناویەتیەوە بوون بە دژی دەقە ئاینییەکان بەبێئەوەی هەستی پێ بکات.[4]

لە بەرامبەر ئەم ڕەخنەی تەها حسین بۆ عەبدە، نەسر ئەبو زەید بە تێگەیشتنێکی ڕەخنەیی گەورە وەسفی کردووە لە بەکارهێنانی شێوازی ڕەوانبێژیی وەک مەجاز-

---

[1]- هەمان سەرچاوە، ل ١٠٣.

[2]- هەمان سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو.

[3]- هەمان سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو.

[4]- حسين، طه. من الشاطيء الاخر، كتابات طه حسين بالفرنسية، جمع وترجمة وتعليق: عبدالرشيد الصادق محمودي، القاهرة، المركز القومي للترجمة، ط١، ٢٠٠٨ز، ص٤٣.

به مەبەستی خستنەڕووی allegory- - گێڕانەوەی ڕەمزییەت و metaphor-
تەفسیرێکی عەقڵانی بۆ ئەوکردەوە و ڕووداوە ئیعجازیانەی، کە لە قورئاندا هاتوون، کە هەموو ئاماژەن بۆ چەند ئەفسانە و ئەندێشەیەک، وەک سیحر و دەستلێوەشاندن و لەم (گوشین و وێکهێنانەوە)، مەسی شەیتانی پێویستە وا تەفسیر بکرێ، کە ئەمانە چەند دەربڕینێکن عەرەب خوویان پێوەگرتبوو و باوەڕیان پێی هەبوو. هەروا عەبدە هاتنی فریشتە لە جەنگ و یارمەتیدانیان دژی کافران، پێیوایە ئەمانە تەنها دەربڕینێکە بۆ هاندان و بەرزکردنەوەی مەعنەوی).[١]

حورانی ئەم هەوڵە ئاڵۆزانەی عەبدە، لەم ڕەوتە زانستییەدا بەوە پوخت دەکاتەوە، کە هەموو هەوڵەکانی عەبدە لە هەموو نووسینەکانی گرتنی ئەو کەلێنە بوو، کە لەکۆمەڵگای ئیسلامیدا دەرکەوتبوو، تا ڕەگەکانی ڕەوشتی بەهێز بکات، بۆ ئەمەش تەنیا ڕێگایەکی کێشابوو ئەویش، کە ڕانەوەستاندنی ڕەوتی پەرەسەندن و نەگەڕانەوەبوو بۆ ڕابردوو، بەڵکو دانان بوو بە حەوجێی گۆڕانی بنەماکانی ئیسلام، ئەویش بەسەلماندنی ئەوە، کە ئەم گۆڕانکارییە نەک هەر ئیسلام مۆڵەتی پێداوە، بەڵکو بە پێویست و زەروریشی زانیوە، ئەگەر لەڕووە ڕاستەکەی تێی بگەین.[٢]

بەمەش محەمەد عەبدە، لای هاملتۆن کەسایەتی عەقڵانی و دینداری لە خۆیدا کۆکردەوە و هەموو ئامانجی ئەوەبوو، کە ڕاستیەکانی ئیسلام لە ژێر تیشکی زانستیی نوێ بژیێنێتەوە، وا لە ژیانی ڕەوشتی و کۆمەڵایەتی و فیکریی میسردا، ڕوحێکی نوێ پەخش بکات، کە ئەو ڕوحە نە هەوڵی ڕیشەکردنی ڕابردوو بدا و نە هەوڵی کۆپیکردن و ژیاندنەوەی کەلەپووری گشتگیری ڕابردوو بدا، بەڵکو دەبێ ئەم ڕابردووە، بکرێتە بناغە و ڕێسایەکی گشتی بۆ ژیان و فیکری نەتەوەیی و بنیاتنانی بە توخمە چاکەکان، کە ڕۆشنبیری عەقڵی ڕۆژئاوای گەشەکردوو، بەرهەمی هێناوە.[٣]

---

١ - Abu-Zayd،Nasr."The Dilemma of the Literary Approach to the Quran".p٢٠

٢- حوراني، البرت. الفكر العربي في عصر النهضة، سەرچاوەی پێشوو، ص١٧٢.

٣- جيب، هاملتون. دراسات في الادب العربي، دمشق، المركز العربي للكتاب، سەرچاوەی پێشوو، ص ٣٧- ٣٨.

محەمـــەد عەبــدە، كـــاریگەریەكی ڕاســـتەوخۆی هەبـــوو لەســـەر زۆرێــك لە فێرخوازەكانی، لەوانەی لە تەفسیری قورئاندا شوێن هەنگاوەكانی كەوتن، لـە پـێش هەموویانەوە، محەمەد ڕەشید ڕەزا- ١٢٨٢/ ١٣٥٤ك – بوو، كە ئەركی تەفسیری مەنــاری لە دوای مامۆســتاكەی بە ئەســتۆوە گــرت، تــا گەیانــدیە ئــایەتی ٥٢ی سوڕەتی یوسف، پـاش ئەویـش محەمـەد مسـتەفا مەراغـی شـێخی ئەزهەر، كە زۆر شوێنەواری لەسەر تەفسیری قورئان بەجێهێشت[1]، هەردووكیـان لە تەفسـیردا شـوێن پێی مامۆستاكەیان هەڵگرت، هەروەها دەبێ ئاماژە بە عبـدالعزیز سـەعالبی (١٨٧٤-١٩٤٤ز) بكەین، كە لە كتێبی ڕوحـی سەربەسـتیی لە قورئانـدا (روح التحـرر فـی القــرآن)[2] زۆر شــوێنەواری محەمــەد عەبــدەی لە ڕەخنەگــرتن و گۆڕانكــاریی و كارلێــك لەگەڵ داهێنــراوە هاوچەرخەكــان، بەڵام هەمــوو ئەمــانە بەس نەبــوون و قۆناغەكە پێویستی بە كەسێك بـوو، پەیـڕەوی گەشـەكردنی ڕاسـتەقینە لە پەیـڕەوی زمــانەوانی لە تەفســیری قورئانـــدا چـــاوەڕێی كەســـێك بـــوو، كە ڕەســـەنایەتی و تازەگەری بەشێوەیەكی قووڵ كۆبكاتەوە، ئەو كەسەش شـێخ ئەمـین خـوولی بـوو، كە نەسر ئەبوزید ناویناوە پاڵەوانی نوێكردنەوە.[3]

---

[1]- الذهبي، التفسير والمفسرون، سەرچاوەی پێشوو، ج٢، ص ٥٩١ - ٥٩٤.

[2]- الثعالبي، عبدالعزيز. روح التحرر في القران، ترجمة: حمادي الساحلي، راجعه ووضع حواشيه: محمد مختار السلامي، بيروت: دار الغرب الاسلامي، ط١، ١٩٨٥ز.

[3]- Abu-Zayd،Nasr."The Dilemma of the Literary Approach to the Quran".p٢٢

## نمونەیەکی کرداریی لە تەفسیری محەمەد عەبدە:

ئاماژە بەوەکرا، کە محەمەد عەبدە ئارەزوویەکی زۆری هەبوو، کە تەفسیرێکی عەقڵانی بۆ ئیسلام بکات، تاکو ئەم تەفسیرە لە بەرامبەر پاڵەپەستۆی بەردەوامی عەقڵی مرۆڤایەتی هاوچەرخ خۆڕاگر بێ، هەروا ئاماژە بە بۆچوونە بەناوبانگەکەی لە بارەی چیرۆکەکانی قورئان کرا، کە قورئان بۆ ئامۆژگاری و پەندووەرگرتن هاتووە، نەک بۆ ڕوونکردنەوەی مێژوو، نە بۆ دژایەتی و ڕاستکردنەوەی بەشەکانی بیروباوەڕی پێشینان هاتووە[1]، گێڕانەوەکانی قورئان تەنیا بۆ پەند وەرگرتنە و ڕێنماییە، قورئان لەکاتی گێڕانەوەی چیرۆکی میللەتان، شتەجوانەکان ستایش دەکات و شتە ناشیرنەکان دەبێزرێنێ، لەو گێڕانەوانەش دەربڕینەکانی بەکارهاتوو لای دووێنراوەکان بەکاردێنێ، یان لەوانەی لێیانەوە دەگێڕدرێتەوە، ئەگەرچی لە ڕاستیشدا هەڵەبێ و ڕاست نەبێ، هەروەک ئایەتی ﴿**كَمَا يَقُومُ الَّذِي يَتَخَبَّطُهُ الشَّيْطَانُ مِنَ الْمَسِّ**﴾ [البقرة ٢٧٥].

ئەم شێوازە زانراوە، ئێمە زۆر لە کتێب و دەقەکان لە ناو میللەتان دەبینین، کە باسی خواوەندەکانی خێر و شەڕ لە گوتار و نووسینەکانیان دەکەن، بێئەوەی کەس لەوان، باوەڕیان بەو ئەفسانە و خواوەند و هێزانە و شوێنەواریان هەبێ.

لە چوارچێوەی ئەم تێڕوانینە جیاوازە بۆ چیرۆکە قورئانییەکان، محەمەد عەبدە خوێندنەوەی خۆی بۆ چیرۆکی هاڕوت و ماڕوت و ئەوەی پەیوەستە بەم چیرۆکە لە داننان، یان ڕەتکردنەوەی سیحر دەکات، کە لە وێستگەی نەریتی زمانەوانی و گۆڕانکارە بەڵگەییەکان دەرچووە، لێرەدا هەندێک لە تەفسیرەکەی دەگوازینەوە، تا ڕەوتە زمانەوانییەکەی لە تەفسیری دەقی قورئانی بزانین و بزانین چۆن شتە شاراوە و غەیبەکانی لە زەین و هۆشی هاوچەرخەکان نزیک کردۆتەوە، عەبدە دەڵێ:

سیحر لە زۆرشوێنی قورئان باسکراوە، بەتایبەتی لە چیرۆکی موسا و فیرعەون و جولەکەکان، کە بمانەوێ لە ڕووی زمانەوانی لە سیحر تێبگەین، دەبینین کە سیحر

---

[1]- رضا، محمد رشيد. تفسير المنار، ج١، سەرچاوەی پێشوو، ص٣٢٥.

لای عەرەب بە هەمـوو ئاکـارێکی شـاراوە و دووتارمـایی دەگـوترێ، بە واتـای خەڵەتانــدن و هەڵەکــردن و چاوبەســتەکی وگــومڕاکردن و سەرلێشــێواندن و سەرگەردانکردن دێ، بۆ وەسفی شتی زۆر جوانیش دێ، دەڵێن چاوێکی ساحر و ئەفســوناوییە، لە فەرموودەشــدا هــاتووە، کە هەنــدێک لە ڕەوانبێــژی ســیحر و ئەفســوونە(1)، ســەحەر ســپێەڵاکە، ڕیــئە و ســیش بە هەر شــتێک گــوتراوە، کە دروستکردنی ئاڵۆزیی و وردەکاریی و دیقەتـی بـوێ و شـارەزای ئەو بـوارە نەبـێ، کەسی تر سەری لێ دەرنەچێ، ئەوانەی خوولیای جوانین چاوی جـوان سـیحریان لێـدەکات، ئەوانـی خوولیـای ڕەوانبێـژین، گوتـاری پـاراو سـیحرە بۆیـان، زۆربەی خەڵکی تر نازانن، کە دەردی ئەو خوولیـا و ئـاڵودانە چییە، چـونکە سـیحر ورد و شاراوەیە.

قورئان سیحری وەسـف کـردووە، کە خەیـاڵکردن و ئەندێشـەیە، کە چاوەکـان دەخەڵەتێنێ، ﴿**يُخَيَّلُ إِلَيْهِ مِنْ سِحْرِهِمْ أَنَّهَا تَسْعَى**﴾ **[ طه ٦٦]**.

هەروەهــا ســیحری پەتــک و گوریســی ســاحیرەکان: ﴿**سحروا أَعْـيُنَ النَّـاسِ وَاسْتَرْهَبُوهُمْ**﴾ **[الاعراف ١١٦]**.

سیحر لای میسرییەکان بەفێرکـردن بـرەوی پێـدەدرا، مێـژووش شـایەدی ئەمەیە، میسریەکان بە زاناکانیان دەگووت ساحر، هەروەک بە موسـایان دەگـووت: ﴿**وَقَالُوا يَاأَيُّهَ السَّاحِرُ ادْعُ لَنَا رَبَّكَ**﴾ **[الزخرف ٤٩]**.

ئەم دەقـانە ئەوە دەگەیەنـن، کە سـیحر یـان فێـڵ و تەڵەکە و تەلیسـمە، یـان زانستێکی شاراوەیە و تەنیا هەندێ خەڵـک بنەماکـانی دەزانـن و زۆربەیـان نـایزانن، هەر بۆیەش ناویان ناوە سیحر، چونکە هۆکارەکەی شاراوەیە، یەکێك لەجۆرەکـانی سیحر کاریگەریی دەروونی هەنـدێ کەسـە لە دەروونـی کەسـانی تـر، مێژووناسـان دەڵێن ساحیرەکانی سەردەمی فیرعەون پشتیان بە جیوە دەبەست بۆ جوڵانـدنی پەت

---

1- بوخاری بە ژمارە (٥٧٦٧) و ئەبو داودبە ژمارە(٥٠٠٧) و ئیبن حبان بە ژمارە (٥٧٩٥) لە عبداللە- کوڕی عومەرەوە گێڕاویانەتەوە.

وگوریسەکان لەسەر شێوەی ئەژدیها، بۆیە جوڵەی پەتەکە وەک ئەژدیها خەیاڵی بوو[1]، هەروەها ئەوانەی، کە شارەزان لە کارتێکردن لە دەروونی خەڵکی هەندێ وشە و دەستەواژەی نامۆ بەکاردێنن، خەڵک پێیوایە ئەمانە ناوی دێو و درنج و شەیتانەکانن، کاتێ بانگ دەکرێن، ئامادە دەبن و ژێر بار دەبن بۆ ئەو کەسەی بانگی کردوون، ئەم جۆرە وەهم و بانگەشانە کاریگەرە لەسەر دەروونی خەڵکی، کە بە ئەزموون ساغ بۆتەوە، ئیدی خەڵک بێ خواستی خۆیان گوێڕایەڵی ساحیرەکان دەبن، هۆکەشی بیروباوەڕی کەسە واهیمە بووەکەیە، کە ئەو کەسە عیفریتەکانی لەگەڵ وگوێڕایەڵی دەکەن و ئەو تریاکی تەلیسم و شوێنەوارەکە دەزانێ، ئەم بیروباوەڕە بەد و خراپە وا لە دەروون و ڕوحی واهیمەدار و ویست لاواز و ساویلکە و خۆشباوەڕەکان دەکات، کە بە تەواوی ڕادەستی ویستی ساحیرەکە دەبێ، ئا ئەمەیە، کە ئاپۆڕای خەڵک وا لێدەکات گوێڕایەڵی ساحیرەکان بکات و ساحیرەکان دەڵێن بۆ ئەمە شەیتانەکان و ڕوحی ئەستێرەکان یارمەتیان دەدەن.[2]

موتەکەلیم و زانایانی عەقیدە و بیروباوەڕ و تەفسیر کارو فەقیهەکان ڕاوبۆچونیان جیاوازە لە بارەی سیحرەوە و ئەو فەرمان و حوکمانەی سەر سیحر، هەندێکیان دەڵێن وەک موعجیزە و کارێکی نائاساییە و جیاوازیی نێوان سیحر و موعجیزە ئەوەیە، کە سیحر پێویستی بە فێربوون هەیە و بەکردنی و گوتنی تەلیسمەکە، کردارەکە دووبارە دەبێتەوە، بەڵام موعجیزە کەس ناتوانێ فێری بێ و دووبارەش نابێتەوە.[3]

---

[1]- الجصاص، ابوبكر. احكام القرآن، بيروت: دار الكتاب العربي، ١٩٨٦ز، ج١، ص ٤٣.

[2]- رضا، محمد رشيد. تفسير المنار، ج١، سەرچاوەی پێشوو، ص٣٢٥.

[3]- الجصاص، ابوبكر. احكام القرآن، ج١، سەرچاوەی پێشوو، ص ٤١- ٤٩.

## ئەمین خوولی و ڕابەرایەتیکردنی پێشەنگەکان

لە نـاو هەمـوو خوێنـدکارەکانی ئەمـین خـوولی، تەنیـا شـوکری عەیـاد تـوانی وێنایەکی ڕەخنەیی ورد، بۆ شێوازی زانستیی مامۆستاکەی بکات و پایەی لە نێـوان پێشەنگانی هزر و ڕۆشنبیرانی عەرەب، لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، بکاتەوە.

دوای دانانان بەوەی، کە ئەمـین خـوولیش لقـێکە لە درەختـی محەمـەد عەبـدە و جۆگایەکە لەو کانییە[1]، شوکری ویستی بیسەلمێنێ، کە خـوولی جیـاکراوە بـوو لە هاوتەمەنـانی لە هزرمەنـد و ڕەخنەگـران؛ (لەکاتێکـدا هەریەک لە تەهاحسـێن و عەباس عەقاد و محەمەد حەسەنێن هەیـکەل و ڕافعـی.... هتـد، وایـان بە باشـزانی لە بواری ئەدەب و توێژینەوەی وێژەیی سەرەتای تازەگەری دەسـت پێبکەن، کەچـی نەوەی ڕابردوو هیچ خۆی بە قەرزداریان نازانێ و تەنیـا لە تێکەڵکردنـی ڕۆشـنبیری عەرەبی و یەکێک، یان زیاتر لە ڕۆشنبیری وڵاتە ئەوروپییەکان پشـتیان پێدەبەسـتێ، بەڵام ئەمین خوولی تاقانە بوو لە ناو هاوتەمەنانیدا، کە وەکو پێویست توانی ڕەسـەن بێ، تاقانەبوو لە پایەداربوونی لە کەلەپووری نەوەی ڕابردوو، کە خێر و باشـییەکانی پەرەپێـدا و ناکامەکـانی بـۆ تەواوکـردن و هەڵەکـانی بـۆ ڕاسـتکردنەوە و هەوڵـی گەیشتن بەو ئومێد و بریایانەیدا، کە ئەوان پێڕانەگەیشتن پێی بـگەن، ئەو لە جیـاتی ئەوەی پێیەکی لە ناو ڕۆشنبیری میسـر و پێیەکـی لە نـاو ڕۆشـنبیری ئەوروپـادا بـێ، ئەوەی هەڵبـژارد، کە هەر دوو قاچەکـانی لە نـاو ڕۆشـنبیری وڵاتەکەی دانـێ و بە چاوەکـانی بـۆ ڕۆشـنبیریی ئەوبەری ئەوروپـاش بڕوانـێ، ئەگەر لە بەروبوومەکەیـان شتێکی بەباش و پێویست و تەواوکـار زانـی، بە پێـی پێویسـت بیچنـێ و تـێکەڵ بە ڕۆشنبیری وڵاتەکەی بکات).[2]

ئەم جـۆرە لێـوەرگرتنە درێـژ و ڕیـژەییە، بەڵـگەی ڕۆشـنە لە سـەر کرۆکـی هەڵوێستی فیکریی و ڕەخنەیی ئەمین خوولی.

---

[1]- عیاد، شکري. الرؤیا المقیدة، دراسات في التفسیر الحضـاري لـلادب، الهیئة المصریة العامة للکتاب، ١٩٧٨ز، ص ١٦٦.

[2]- عیاد، شکري. الرؤیا المقیدة، دراسات في التفسیر الحضاري للادب، سەرچاوەی پێشوو، ص ١٦٦.

خوولی له ساڵی (١٩٢٠ز) له خوێندنگای قەزای شەرعی دەرچووە، پاشان له کونسوڵخانەکانی میسر له بەرلین و ڕۆما کراوە بە پێشنوێژ[١]، ئەمەش وایکرد فێری هەردوو زمانی ئەڵمانی و ئیتاڵی بێ و پەنجەرەکانی عەقڵی بە ڕووی ئاسۆی نوێی زانستەکانی مرۆڤایەتیدا کردۆتەوە و له ناو ناخی کەسایەتی ئەودا، دەمەتەقێیەکی کارایان وروژاندووە و بۆتە ئاوێتەی دوو چەشنی پێکهاتەی ڕۆشنبیری؛ ڕۆشنبیرێکی ئاسایی ڕەسەن، کە بە بەرچاو ڕوونییەکی شارەزا و وردبین له چوارچێوەیدا گەشتی کرد و بە خوولیا و ئارەزوییەکی زۆرەوە بۆ نوێکردنەوەی ئەم ڕۆشنبیرییە ڕەسەنە و سەلماندنی دۆستایەتی و گوێڕایەڵی له چوارچێوەی ئاسۆی زانستێکی نوێ و ڕۆشنبیرییەکی تازەوە بۆی دەڕوانی له تەمەنێکی پێگەیشتوو و بیرێکی گەیشتوو و هۆشیاریەکی قووڵ بە خود و بە توانا لەسەر هەڵبژاردنی هزر و پەیڕەوە گونجاوەکان، لەم پێکهاتە کۆکراوەش، کەسایەتیەکی پارێزکار و له هەمانکاتدا ڕۆشنبیرێکی هاوچەرخ پێکهات، کە بە شێوە گوتارە سەلەفیەکەی سەرسامی دەکردی و بە تواناشبوو لەسەر ڕازیکردنی عەقڵت، کە دەتبینی له لێکۆڵینەوە زانستییەکانی توێژینەوەی پتەو و مەحکەم و پەیوەستی مەرجەکانی لێکۆڵینەوەی زانستی ئەکادیمی بوون.[٢]

ئەمین خوولی بە تامەزرۆییەکی زۆرەوە بۆ نوێبوونەوە و تازەگەریی له ڕەگ و ڕیشاڵی ڕۆشنبیری ئیسلامی چووە ناو ژیانی ڕۆشنبیری، دروشمەکەی ئەوەبوو کە پێیوابوو: یەکەم کاری هەر نوێکاریەک تێگەیشتنی کۆن دەکوژێ، هەرچەندە ئەم لێکۆڵینەوەمان بۆ توێژینەوەیە له هەوڵەکانی ئەمین خوولی له بواری تێڕوانینی تەفسیری قورئاندا، بەڵام ئەم وێنەیە بەبێ تیشک خستنەسەر بوار و هەوڵەکانی تری مامۆستا له بواری نوێکردنەوەدا، سەرناگرێ، چونکە بابەتی نوێکردنەوەی گشتگیر زاڵبوو بەسەر عەقڵ و قەڵەمی مامۆستادا، کتێبەکەی کە ناوی: (پرۆگرامی

---

١- طبانة، بدوي. سوانح واراء في الادب والادباء. لونجمان، مكتبة لبنان، ناشرون، الشركة المصرية العالمية للنشر. ط١، ١٩٩٧ز، ص ٨٥.

٢- عياد، شكري. الرؤيا المقيدة، دراسات في التفسير الحضاري للادب، سەرچاوەی پێشوو، ص ١٦٧.

نوێکردنەوە لە ڕێزمـان و ڕەوانبێـژی و تەفسـیر و ئەدەبـدا) بەڵـگەیە لەسـەر ئاڕاسـتە فیکـریەکەی، هەروەهـا پەرتـوکی: (نـوێکەرەوان لـە ئیسـلامدا)، ئەم دوو کتێبـانە ڕەنگدانەوەی ڕەسـەنایەتی و ڕۆچوونی بیـرۆکەی تـازەگەریی لە بیـر و کەسـایەتی خوولی-دا دەردەخەن.[1]

ئەبوزەید دەڵێ: (خوولی گرنگیدا بە چەسپاندنی میتۆد و پەیـڕەوی تـازەگەریی لەسـەر تـوێژینەوەی زمـانەوانی و ڕەوانبێـژی و تەفسـیر و ئەدەب، ئەو پێیوابـوو بووژانەوە و هەڵسـانەوە و ڕێنیسـانس، هەمیشـە - هەروەک مێـژوو سـەلماندوویەتی- لەم چەشنە نوێبوونەوەی هونەرەکان و ئەدەبەوە دەستپێدەکات، خوولی پێیوابـوو ئەم نوێبوونەوەی هونەرەکان و ئەدەبەکان مەرجێکی بنچینییە بۆگەشـەکردنی هۆشـیاریی و فیکریی و جوانکاریی لای گەلی میسر تابتوانێ بگـاتە بـووژانەوە و ڕێنیسانسـێکی ئیسلامی گشتگیری ڕاستەقینە).

سەبارەت بە نوێکردنەوەی تێڕوانینی تەفسیری قورئان لای خـوولی، لەو گوتـارە بەناوبانگە بە ناوی مادەی تەفسـیرەوە بڵاویکـردەوە، بیـرۆکە بنچینەییەکـانی بلـورەی کردبوو، ئەم گوتارەی لە (دائرة المعارف الاسلامية)دا بڵاوکردەوە، پاشان لە کتێبی "پرۆگرامی نوێکردنەوە لە ڕێزمان و ڕەوانبێژی و تەفسیر و ئەدەبدا"، دووبارە بـڵاوی کـردەوە، هەر لەوێ بەشـێکی پـڕ بەهـای لەسـەر چەمکـی تەفسـیر و چـۆنێتی گەشـەکردن و دامەزران و ئاڕاسـتەکان و چەشـنەکانی نووسـی، پاشـان تێڕوانینـی تایبەتی خۆی لە ژێـر نـاوی تەفسـیری ئەمـڕۆ خسـتبووەڕوو، ئەمەشـی لە وێسـتگەی پەلێپێکی بنچینەییەوە، لە بۆچونێکی محەمەد عەبدەی مامۆستایەوە دەستپێکرد، عەبـدە پێیوابوو مەبەستی هەرەگرنگ و سەرەکیترین لە تەفسـیردا ئەوەیە، کە ڕەنگـدانەوەی ڕێنمایی و میهرەبانی قورئان بێ، حیکمەت و فەلسەفەی شـەرع لە بیروباوەڕەکـان و ڕەوشتەکان و فرمانەکاندا ڕوون بکاتەوە.

---

١ - Abu-Zayd،Nasr."The Dilemma of the Literary Approach to the Quran" p٢٢

ئەم مەبەستە لای خوولیش هەر چەند گرنگە، بەڵام مەبەستی یەکەمیش نییە بۆ زانستیی تەفسیر، بەڵکو مەبەستێکی تر هەیە، کە لەم مەبەستە لە پێشتر وگرنگترە، مەبەستێکە هەموو مەبەستەکانی تر، لەوەوە چڵ وپۆپیان کردووە، بۆیە دەبێ پێش هەموو مەبەستێک بەدی بهێنرێ، ئەویش ئەوەیە، کە قورئان پێش ئەوەی هەر شتێک بێ، یەکەم و بەرزترین و گەورەترین کتێبی عەرەبییە و کەلەپورە ئەدەبییە گەورەکەی عەرەبە و ئەو کتێبەیە، کە نەمری بەزمانی عەرەبی بەخشیوە و قەوارەی عەرەبی - وەک نەتەوە و زمان- پاراستووە و لەگەڵ خۆی نەمری کردووە، ئەم سیفەتەی قورئان تەنیا کەسی عەرەبی دەیزانێ، ئەگەر مسوڵمانیش نەبێ، یان ڕاوبۆچوونی چەپ و ڕاستیشی هەبێ، تا ئەو هەست بە عەرەبایەتی خۆی بکات، جا بیەوێ، یان نا، سەنەم پەرست بێ، یان جولەکە و مەسیحی، یان مسوڵمان، ئەو بەهەستی عەرەبایەتی پلەوپایەی ئەو کتێبە لەناو زمانی عەرەبیدا دەبینێ، بێئەوەی هیچ پەیوەندییەکی بەلایەنە دینییەکەی قورئان هەبێ، یان هەواڵەکانی بەڕاست بزانێ و باوەڕی پێ هەبێ.[1]

بەم تێڕوانینەوە عەرەبی ڕەسەن، کە ئەم کتێبە بەنرخە دەخوێنێتەوە و لە ڕووی ئەدەبییەوە لێی دەتوێژێتەوە، هەروەک چۆن زانایانی ڕێزمان دەقە ڕەسەنە ئەدەبییە بەپێزەکان دەتوێژنەوە، ئەم توێژینەوە ئەدەبییە شوێنەوارێکی گەورەی هەیە، هەرچەندە ئەم توێژەرانە مەبەستیان ئەوە نییە، ڕێنمایی دینیشی لێوەرگرن و سوود لە ناوەرۆکەکەی ببینن، بێئەوەی باوەڕیشیان بەوە هەبێ، کە ئەم دەقە پیرۆزترین دەقە، بەڵکو بە سەلیقە و چێژی زمانەوانی و ڕێزمان و ڕەوانبێژی هەست بەو بەرزی و جوانییە دەکەن، جا هەر دین و بیروبۆچوون و تێڕوانینێکیان هەبێ.[2]

---

[1]- الخولی، امین. مناهج تجدید في النحو واللغة والتفسیر والادب، سەرچاوەی پێشوو، ص ٣٠٣.
[2]- هەمان سەرچاوە ، ل ٣٠٤.

نەسر حامد ئەبو زەید، ئەم بۆچوونەی مامۆستاکەی ڕۆشنتر دەکاتەوە و دەڵێ: ئەمین خوولی، کە پێیوایە ئەم بۆچوونە تاکە تێڕوانینە، کە بتوانێ ڕاڤەی ئیعجازی قورئان بکات، بەڵگە و پاڵپشتیشی بۆ ئەمە ئەوەیە، کە عەرەبەکان قورئانیان قبوڵکرد، بەم هۆیەشەوە هاتنە ناو ئیسلامەوە، چونکە درکیان بەوەکرد دەقی قورئانی، دەقێکی ئەدەبی و ڕەوانبێژی زاڵە و بە سەر هەموو دەقەکانی تری مرۆڤەکاندا، کەواتە عەرەب لەبەر ڕێز و سەرسامیان بە قورئانەوە و هەڵسەنگاندنیان بەوەی، کە قورئان دەقێکی ئەدەبی وایە، کە بەسەر هەموو دەرهاویشتەکانی دەقی ئەدەبی مرۆڤایەتی زاڵە، بڕوایان هێنا، هەر بۆیە دەبێ میتۆد و پەیڕەوی ئیستاتیکی دەقی قورئانی، هەموو تێڕوانین و میتۆدەکانی تر بداتە پاش و پێشەنگی هەموویان بێ، جا ئەو میتۆدانە میتۆدگەلێکی لاهوتیی و دینیی بن، یان فەلسەفی بن، یان ڕەوشتی و تەسووف بن، یان فیقهی و شەرعی بن.[1]

لە شوێنێکی دیکە ئەبوزەید دەڵێ: کە دەڵێین قورئان دەقێکی هونەری عەرەبییە ئەوە ناگەیەنێ، کە کتێبێکی پیرۆزی دینی نییە، بەڵکو واتای ئەوەیە، کە بەم لایەنە هونەریەی قورئان، کاریگەریی لەسەر مسوڵمان و نامسوڵمان بەجێدێڵێ، ئەویش بەجیاکراوە ئەدەبی و تایبەتمەندییە هونەرییەکانی، کە لە هەموو دەقەکانی تر جیا دەکرێتەوە، ئەو جیاکردنەوە و تایبەتمەندییەی قورئانە، کە پێشینەکان ناویانناوە موعجیزەی قورئان.

خوولی لە خوێندنەوە و تەفسیری ئەدەبیی قورئان، لە دەرچونگە و وێستگەیەکی زمانەوانییەوە، دەردەچێ و تەفسیری قورئانیش هەر لەو ڕوانگەیەوە دەکات و دەڵێ: (ئەمە وانەی ئەدەبییە بۆ قورئان لەم ئاستە هونەریەدا، بێ گەڕانەوە و گوێدان بە هیچ تێڕوانینێکی دینی، ئەمە ئێمە و نەتەوەی عەرەب و ئەوانەی تێکەڵی عەرەبن، پشتی پێدەبەستین، مەبەستی یەکەمە و پێویستە پێش هەموو مەبەستەکانی تر بکەوێ، پاش ئەم مەبەستە ئەدەبی و زمانەوانییە، با هەر کەسێک بێ و مەبەستی تری شەرعی و یاسایی و بیروباوەڕی و ڕەوشتی و چاکسازیی کۆمەڵایەتی، جگە لەمانەی لێوەرگرێ،

---

١ - Abu-Zayd،Nasr."The Dilemma of the Literary Approach to the Quran" p٨

بەڵام کەس ناتوانێ لەهیچ یەکێ لەو مەبەستە پلەدوانە تێبگا، تا مەبەستی پلەیەک، کە توێژینەوەی زمانەوانی و ئەدەبی قورئانە نەکرێ و تێی نەگا، ئەم توێژینەوە پلەدوانەش بنیاتی خۆیان لەبەر ڕۆشنایی ئەودا، بە شێوەیەکی دروست و تەواو نەکەن، ئەم توێژینەوە زمانەوانییە ئەدەبییە ئەمڕۆ ناودەنێین تەفسیر، چونکە ناتوانین مەبەستەکانی قورئان بەیان بکەین و لە واتاکانی تێبگەین، بەبێ بوونی ئەو تەفسیرە).[1]

لێرەدا عفت شەرقاوی و شوکری عەیاد پەڵپیان لە خوولی گرتووە لەمەدا، کە خوولی درککردنی موعجیزەی قورئانیی لەسەر ڕەگەزی عەرەب کورت هەڵێناوە. خوولی دەڵێ: (وەک تەنیا عەرەب دووێنراوبن بەم گوتارە نەمرە و ئەم پەیامە جیهانییە! ئەمەش وا دەکات، کە ئەمە موعجیزەی هەموو مرۆڤایەتی نییە، چونکە گەڕان بە دوای واتاکانی قورئان بەشێک نییە لە چەمک و تەفسیری ئەدەبی، بەڵام لە ڕاستیدا گرنگیدان بەواتا و ناوەرۆکی قورئان بەشی جەوهەری و هەرەگرنگی ڕەوانبێژی و ئەدەبی قورئانە)[2].

هەر لەم بارەوە، شوکری عەیادیش دەڵێ: (هەر ئەوەندە بەس نییە، کە لێکۆڵەر بێ لە دەستەواژە و دەربڕدراوەکانی دەقە ئەدەبییەکە و ڕەوانبێژییەکەی بکۆڵێتەوە و هەوڵ و کۆششی خۆی بۆ زانینی بەها و سەنگینی واتا مرۆڤایەتیەکانی بدا، بەڵکو دەبێ کار بکات، کە ئەو هۆشیاریی و بێداریی و شارەزاییەی ئەم دەقە بە خەرمانی زانستی مرۆڤایەتی، لە بارەی دەروونی خودی خۆی و بوونەوەرەوە بخاتەڕوو).[3]

هەروەها خوولی لە نوێکردنەوەی تێڕوانینە تەفسیرییەکەی پێشنیاز دەکات، کە قورئان تەفسیرێکی بابەتییانەی بۆ بکرێ، کە جیاواز بێ لەو ڕیزبەندیی و ڕیزکردنەی پێشینان بۆ لێکدانەوەی قورئان، کە بە ڕیزبەندی سورەتەکان و ئایەتەکان لێکیان داوەتەوە: (قورئان بە بابەتی و پرسەکان ڕیزبەند نەکراوە، وەک

---

[1]- الخولی، امین. مناهج تجدید في النحو واللغة والتفسیر والادب، سەرچاوەی پێشوو، ص٣٠٤.

[2]- الشرقاوي، عفت. الفكر الديني في مواجهة العصر، دراسة تحليلية لاتجاهات التفسير في العصر الحديث، سەرچاوەی پێشوو، ص ٣٠٣.

[3]- عیاد، شكری. دراسات قرآنية، يوم الدين والحساب، القاهرة، دار الشروق،١٩٨٠ز، ص١٠.

له کتێبە عەقیدەیی و فیقهیەکاندا ئەو ڕیزبەندیەکراوە، قورئان بە پێچەوانەی ئەمانەیە، دەبینی بابەتی زۆر نمایش دەکات و هیچ کامیانی لە یەک شوێن کۆنەکردۆتەوە، هەموو بابەتەکان لە هەموو قورئاندا پەخشکراون و لە یەک جیاکراونەوە).

بۆیە بە تێڕوانینی جزم و سوورەتەکان تێگەیشتنی وردت دەست ناکەوێ، درکی دروستی واتاکانیشی ناکەی، دەبێ ڕاڤەکاری قورئان ئەو بابەتە لە هەموو جزم و سوورەتەکان کۆبکاتەوە، تا بتوانێ لەم کۆکردنەوە سەرەتا بەکۆتاییەوە گرێبدا و ئەوجار لە مەبەستی بابەتەکە تێبگا[1]، نمونەی ئەمەش قورئانخوێن ناتوانێ، کە لەسەرەتای سوورەتی بەقەرە بگا، تا پەیوەستی نەکا وگرێی نەدا بە سەرەتای سوڕەتی موئمنونەوە، ئەم لە جزمی یەکەم و ئەو لە جزمی هەژدە، کەواتە تێگەیشتنی کۆی بابەتەکە، بە خوێندنەوەی گشت دەقەکانی دەبێ، تا بە وردی واتا ورد و دروستەکانی بزانێ، بەتایبەتیش ئەم لەیەکتر دووربوونە، کە لە نێوان ئایەتەکانی قورئاندا هەیە).[2]

بێگومان ڕیزبەندی و بنیاتی قورئان، کە ئێستا لەبەردەستمانە، وەک ڕیزبەندییە مێژوویەکەی یەکەم جار نییە لە ئایەت و سورەتەکانی، کۆڕای زانایانی تەفسیر لەسەر ئەوەیە، کە ڕیزبەندی قورئان بەم چۆنێتییەی ئێستای بەفەرمانی پێغەمبەر (درووودی خوای لەسەر) بووە، بەڵام ئەم ڕیزبەندیە زانایانی تەفسیری قەدەغە نەکردووە، کە قورئان بە قورئان تەفسیر بکەن، بەڵکو کارلێکی گەورەی قورئان لەسەر دەروونی مرۆڤایەتی لەسەر ئەم ڕیزبەندییە تەواوبووە، ئەبو زەید ئاماژەی بەوە کردووە، پوختەی قسەکانی دەڵێ: (لە شێخ خوولی چاوەڕوانکراو بووە، کە قورئان لەسەر شێوەی ڕیزبەندی و بنیاتی ئێستای بخوێنێتەوە و تەفسیر بکات بەبێ

---

[1]- الخولی، امین. مناهج تجدید في النحو واللغة والتفسیر والادب، سەرچاوەی پێشوو، ص ٣٠٥.
[2]- هەمان سەرچاوە، ص ٣٠٦.

گەڕانەوە بۆ چۆنێتی ڕیزبەندییە مێژووییەکەی، چونکە بەم شێوە دەقی هەرەپیرۆز و پاراوی هونەریی پیرۆزی عەرەبیە).[1]

ئەبو زەید پێیوایە تێڕوانین و ڕۆشنبیری وبیروهۆشی خوولی، کە زانستیی ئوسولی فیقە و بابەتیبوونی بەسەریدا زاڵبوو، کە ئایەتەکانی سەر بابەتێک لە بابەتەکان کۆبکرێنەوە، پاشان بەڕیزبەندی مێژوویی قۆناغەکانی مەککی و مەدەنی ڕیزبکرێن، پاشان کرداری تەفسیرکردنە بکرێ، ئەمە میتۆدێکە ناتوانرێ لە پایەی کەم بکرێتەوە، لە لێکدانەوەی قورئان و بابەتەکانی فیکر و بڕوا و ڕەوشت و کۆمەڵناسی پەیوەست بە قورئان، بەڵام ئەوە جوانترین میتۆد نییە لە توێژینەوەی قورئان، وەک دەقێکی ئەدەبی).[2]

هەرچەندە ئەم ئاڕاستەکردنەی ئەبوزەید جوانە، بەڵام دەشکرێ بپرسین: ئایا خوولی کاریگەریی ڕۆژهەڵاتناسانی قورئانیی لەسەر بووە، کە بە پێویستی دەزانن دووبارە، ڕیزبەندی بۆ قورئان بکرێتەوە و بەشێوازە دروستەکەی ڕیز بکرێتەوە، کە دەتوانێ شێوەی چۆنێتی دامەزرانی ئیسلام و کۆمەڵگای ئیسلامی بە خوێنەر ببەخشێ، ئەو کارە گران و سەرسامکەرە، کە تیۆدۆر نۆڵدەکەی ئەڵمانی پێیهەڵساوە و خوولیش وەک خۆی دەڵێ خوێندوویەتیەوە، وا دیارە هەردوو هۆکارەکە، کاریگەرییان لەسەر شێوازی بیرکردنەوەی خوولی هەبووە.[3]

هەر لەبارەی کاریگەریی ڕۆشنبیری ڕوژئاوا لەسەر بیرکردنەوەی خوولی، پێویستە هەڵوێستەیەکی ڕەخنەگرانە بکەین لەبارەی ئەوەی، کە ئەحمد محەمەد سالم لەبارەی خوولیەوە گوتویەتی: (بەدڵنیایی پێیوایە تەفسیرە نوێکەی خوولی هەر گواستنەوەی بیردۆزەی پەرژێن (هێرمینۆتیکا)یە، ئەمەش بۆ ملکەچکردنی دەق بۆ عەقڵ[4] چونکە

---

[1]- ابوزید، نصر حامد. القراءة الادبية للقرآن: سەرچاوەی پێشوو، ص ١٤٩.

[2]- هەمان سەرچاوەی پێشوو و لاپەڕەی پێشوو.

[3]- نولدکە، تیودوور. تاریخ القرآن. ترجمة: جورج تآمر وآخرين، بيروت، بدون اسم الناشر، ط١، ٢٠٠٤ز، ص XVI

[4]- سالم، احمد، محەمەد. الاسلام العقلاني: تجديد الفكر الديني عند امين الخولي، القاهرة، رؤية للنشر والتوزيع، ط١، ٢٠٠٩ز، ص١١١.

خــوێنەری دەق، بەتــایبەت دەقــی ئەدەبــی لای خــوولی پێویســتە، کە ئەو دەقە بە تەفسیرەکەی و چۆنێتی تێگەیشتنی هەمەڕەنگ بکات، چونکە ڕادەی تێگەیشتنی ئەو لەو دەقە، ئاستی فیکریـی وکەسایەتی ئەو دیـاری دەکـات و ئاسـۆی عەقڵـی دەسـت نیشان دەکات، کە سەردەکێشێ بۆ واتا و تێگەیشتنی دەقەکە وکۆنترۆلکردنی دەقەکە، ئەم بوارەش لای خوولی، زیاتر پەیوەستە بە لایەنی زمانەوانی لەگەڵ لایەنی دەروونـی بـۆ داهێـنەری دەقە ڕەسـەنەکە، کە لەمەدا وای بـۆ دەچـم، کە خـوولی کـاریگەریی فەیلەسوفی ئەڵمانی شیللر ماخر (١٧٦٨-١٨٣٤ز)ی لەسەربوو بێ).[١]

پاشــان ســالم، پــوختەی بۆچــوونی ئەم فەیلەســوفە لە نەســر ئەبــو زەیــدەوە دەگـوازێتەوە (کە لێکـدانەوەکەی لە سـەر ئەو بنچیـنە وەسـتاوە ، کە دەق بـریتیە لە ناوەندێکی زمانەوانی، کە بیروهۆش و تێڕوانینـی بێـژەر و نووسـەر دەگـوازێتەوە بـۆ خوێنەر، لێرە ئەو ئاماژە بە هەموو زمانەکە دەکات، کە دەقەکەی پـێ نووسـراوە، لە لایەنی دەروون و خودی نووسـەریش، ئامـاژە بە بیـر و هـزری دانەر و داهێـنەرەکە دەکـات، پەیوەنـدی لە نێـوان ئەم دووانە-زمـان و هـزری داهێـنەر- لای شـلێرماخر پەیوەنـدییەکی دیـالیکتیکی جەدەلـیە، جـا هەر چەنـدە دەقەکە کـۆنتر بـێ وکـاتی بەسەردا بڕوا، ئەوەندەش نامۆتر دەبێ لای کۆمەڵگا و وردە وردە پەیوەنـدیی نێـوان خەڵکی و دەق، کە لە یەکەمجاردا تێکگەیشتن بوو، دەبێتە تێک نەگەیشتن.

بۆیە پێویستە زانست و هونەرێک هەبـێ، کە هەمـوو جـارێ ئەو ناتێگەیشـتنە و خراپ تێگەیشتە، لە سەر دەقەکە لاداتەوە و لە خەڵکی بگەیەنێتەوە، شلیر مـاخر بـۆ ڕوونکـردنەوەی بنچینەکـانی تێگەیشـتن، باسـی هەردوو لایەنەکەی دەق دەکـات، لایەنی زمان و لایەنی دەروونی خـودی نووسـەرەکەی، کە پێویسـتی بە ڕاڤەکـاری قورئانێکی کارامە هەیە، کە واتای دەقەکە لێکبداتەوە، بۆ ئەمەش ڕاڤەکاری قورئان پێویستی بە دوو بەهرە هەیە:

---

١- هەمان سەرچاوە، ل ١١٢.

١- بەهرەی زمانەوانی.

٢- توانای تێگەیشتن و خوێندنەوەی سروشتی دەروونیی مرۆڤەکان.[١]

ئەبو زەید لە شیلرماخەرەوە دەگوازێتەوە: (بەهرەی زمانەوانی بە تەنها بەس نییە، چونکە مرۆڤ ناتوانێ درک بە چوارچێوەی بێسنووری بە تەنها لە زمانەوانییەوە بکات، هەروەها بەهرەی ناسینی سروشتی دەروونی مرۆڤایەتیش بە تەنیا بەس نییە، چونکە مەحاڵە سروشتی مرۆڤەکان تەواو و کامڵ بێ، هەر بۆیە پێویستە پشت بە هەردوو لا ببەسترێ).[٢]

دیارە ئەو ڕوونکردنەوانەی، کە ئەبو زەید لە سەر تیۆری لێکدانەوەی ماخر گرنگن، بەڵام ئەم ڕوونکردنەوانە ئەوە ساغ ناکەنەوە، کە خوولی هیچ پەیوەندیی وکاریگەرییەکی ماخری لەسەر بێ، بەڵکو هەر ئەبو زەید خۆی دەڵێ خوولی لە نووسراوەکانی هەرگیز باسی ئەو تیۆریەی نەکردووە، ئەو تۆمەتەش، کە ئەحمد سالم ئاڕاستەی خوولی کردووە لەسەر ئەوە بنیاتی ناوە، کە خوولی لە نێوان ساڵان (١٩٢٣-١٩٢٧ز)دا، لە ئیتالیا و ئەڵمانیا ژیاوە و هەردوو زمانی ئیتالی و ئەڵمانی زانیوە، بۆیە سروشتی و ئاساییە، کە تیۆرییەکەی ماخری تاوتوێ کرد بێ، کە ئەو تیۆریەش بناغەدانەری تەفسیرکردنی ئەدەبیە بۆ دەقەدینی و شاکارە ئەدەبیەکان.[٣]

بەڵام ئەم پێزانینانەی سالم نابێتە بەڵگەی ئەم پەیوەندییە و تەنیا قەبڵاندنە، چونکە خودی خوولی ئەمەی نەگوتووە، خۆ ئەگەر بە نزیکی بابەت و پێکچوون بێ، ئەوە تیۆریەکەی خوولی لە هزر و بۆچوونی لێکدەرەوەی ئەڵمانی جوهان سیملر (١٧٢٥-١٧٩١ز) نزیکترە، ئەم پیاوە پێیوایە، کە گرنگترین کار لە پیشەی هێرمینۆتیکا ئەوەیە، کە ڕاڤەکار و شارەزای ئەو شێواز و زمانە بێ، کە ئینجیلی پێ نووسراوە، بەشێوەیەکی گونجاو و ورد لەگەڵ ئاگاداربوون لەو بارودۆخە

---

[١]- ابوزيد، نصر حامد. اشكاليات القراءة وآليات التاؤيل، المغرب: المركز الثقافي العربي، ٢٠٠١ز، ص٢٠.

[٢] – هەمان سەرچاوە، ل٢١.

٣- سالم، احمد. الاسلام العقلاني: تجديد الفكر الديني عند امين الخولي. سەرچاوەی پێشوو، ص١١٣.

مێژووییەی، کە ئینجیلی تێدا نووسراوە، هەروەها لەم ڕۆژدا مرۆڤ دەتوانێ، کە لەسەر ئەم بابەتانە بدوێ، بەشێوەیەک لەگەڵ ئاڵوگۆڕی سەردەم و بارودۆخەکاندا، بگونجێ.[1]

ئەم تیۆریە زۆر بە بۆچوونەکەی خوولی دەچێ، کە شارەزابوون بە مانای پڕاگماتیکی وشەکان هەروا شارەزابوون لە سیاقی گشتگیری ورد بە پێویست دەزانێ، کە ناوی ناون دوو بارودۆخەکە؛ بارودۆخی مادی و بارودۆخی مەعنەوی، واتە ئەو بارودۆخە مێژووییەی، کە دەقەکەی تێدا دەرکەوتووە، وەک سیملر دەڵێ، ئەمەش هەر قەبڵاندنە و پشتڕاستکراوە نییە.[2]

پوختەی دەرەنجامێ، کە خوولی پێیگەیشتوە ئەوەیە، کە پێشنیازی کردووە قورئان بابەت بابەت تەفسیر بکرێ، هەموو ئایەتەکانی پەیوەست بە بابەتەکە کۆبکرێنەوە، پاشان بەپێی هاتنی مێژووییان لە مەککی بۆ مەدەنی ڕیزبکرێن، ئەمە وا دەکات زانینی تەفسیر و تێگەیشتنیان ئاسان بێ، بەڵام ئەم میتۆدە پێویستی بە دوو هەنگاوی پێشتر هەیە:[3] یەکەمیان دەرەوە و دەوروبەری قورئان، دووەمیش ناو دەقی قورئان.

**هەنگاوی یەکەم:** توێژینەوە لە ئەوەی لە دەوروبەری قورئانە، کە ئەوانیش دوو جۆرن، توێژینەوەیەکی تایبەت و نزیک لە قورئان، ئەوەیە، کە ئەم قورئانە بەبیست و سێ ساڵ هاتووە و هەر بە پەرش و بڵاوی ماوەتەوە، پاش چەند ساڵ لەمە لەچەند بارودۆخ و خولێکی جیاواز کۆکراوەتەوە، ئەم نووسینەوە و کۆکردنەوە کاتێکی ویستوە و کێشەی زۆری هاتۆتەڕێ، چۆن ئەم خوێندراوە لەگەڵ گەشەکردنی زمانی عەرەبی هەڵیکردووە، کە لەدوای بەجیهانیبوونی بانگەوازی ئیسلامی لەگەڵ خۆی هێنا، ئەمانە چەند لێکۆڵینەوەیەکن لە هۆکارەکانی دابەزین و

[1] - جاسبر، دايفيد. مقدمة في الهرمنيوطيقا، ترجمة: وجيه قانصو، الجزائر: الدار العربية للعلوم/ناشرون. منشورات الاختلاف، ٢٠٠٧ز، ص١٠٧.

[2] - خولي، امين. مناهج تجديد في النحو واللغة والتفسير والادب، القاهرة، دار المعرفة، ١٩٦١ز، ص ٣٠٦.

[3] - سەرچاوەی پێشوو، ل٣٠٧.

کۆکردنەوە و خوێندنەوە و جۆرەکانی ئەم زانستە، کە بەزانستەکانی قورئان (علوم القرآن) ناسراوە.[1]

ئەم جۆرە نووسراو و لێکۆڵینەوانە زۆر پێویستن، تا لە دەقەکان تێ بگەین، ئەمە هەر لە کۆنەوە هەستی پێکراوە، ئەوەتا سیوتی، کە لە (٩١٢ک) مردووە دەڵێ: (کتێبە ناوازەکەی (اتقان فی علوم القرآن) تەنیا پێشەکی و ڕێخۆشکردنێکە بۆ تەفسیرە گەورەکەی سیوتی، کە لە دەیان موجەلەددا نووسیویەتی و ئێستا کورتەی ئەو تەفسیرە چەندین موجەلەدە بە ناوی – الدر المنثور- ).[2]

پاشان خوولی، ئاماژە بۆ هەوڵەکانی نۆڵدەکە، دەکات لە کتێبی "مێژووی قورئان" (تاریخ القرآن)، کە سەرەتای دەستپێکردنی پرۆژەیەکی لێکۆڵینەوەی ڕۆژهەڵاتناسی فیلۆلۆژییە لە بارەی دەقی قورئان، کە لێکۆڵینەوەیەکی قووڵ و گرنگی کردووە و چەند زانا و توێژەرێکی لێوەشاوەی ئەڵمان، وەک شفالی و زیمون و برجستراشر بەشدارییان تێدا کردووە.[3]

هەروەها خوولی باسی ئەوە، دەکات ئەم پرۆژە هەرچەندە کرایە عەرەبی، بەڵام ڕێی لێگیرا بڵاو بکرێتەوە، هەرچەندە ئەم هەوڵە پشتگیر و بەهێزکەری توێژینەوە کۆنەکان بوو لەو بوارەدا، بەڵێ گیانی هەڵاوێردن و ڕەخنەگرتنی تێدایە، ئەم بابەتە زۆر پێویستە بۆ زانستی تەفسیر بە پێی میتۆدی پێشنیازکراو[4]، جا هەر کەسێ لە زانستی قورئان شارەزا نەبێ نابێ، کە دەست بۆ تەفسیرکردنی قورئان درێژ بکات، تا بە شێوەیەکی ئەدەبیی و ڕەوانبێژیی دروست تێی بگات.[5] عەیاد ئەم ئاماژە

---

[1]- سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٠٨.

[2]- السیوطي، جلال الدین. الاتقان في علوم القرآن، تحقیق، محمد قیسیة و محمد اشرف الاتاسي، الامارات العربیة، مؤسسة النداء ٢٠٠٣ز، ج ٤، ص٤١٤.

[3]- نولدکە، تیودور. تاریخ القرآن، سەرچاوەی پێشوو، ص XI.

[4]- خولي، امین. مناهج تجدید في النحو واللغة والتفسیر والادب، سەرچاوەی پێشوو، ص ٣٠٩.

[5]- هەمان سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو.

وردەی شـێخەکەی گەڕانـدۆتەوە بـۆ لێکـۆڵینەوە ڕۆژهەڵاتناسـیيەکان لە بـارەی قورئانەوە، کە دەڵێ: ئەو ڕۆژهەڵاتناسانە ڕێگـایەکی تایبەتیـان هەیە، کە لەسـەر دوو پایە بنیاتنراوە، پایەی یەکەم مادام قورئان لە ماوەی بیسـت و سـێ سـاڵدا دابەزیـوە، لەم ماوە بابەت و شێوازەکەی گۆڕانی بەسەردا هاتووە، بە پێی گـۆڕانی بـارودۆخی دابەزینی.

**پایەی دووەم:** قورئان داڕێژراوی محەممەدە، محەممـەدیش زۆر لە بیـرۆکە و هـزر و بۆچوونەکـانی جـولەکە و مەسـیحیەکانی کـۆکردۆتەوە، کە ئەم دینـانە لە دوورگەی عەرەبی بڵاوبوون، هەندێکیشی لە شـاعیرانی نەفـامی وەرگرتـووە[1]. هەر بۆیە ئەم ڕۆژهەڵاتناسانە ناگەڕێنەوە سەر مێژووی چۆنێتی تۆمارکرانی قورئـان، بەڵام ئەم لێکۆڵینەوانە بەشێکن لە هەوڵەکانیـان لە بـارەی قورئـانەوە، ئەوان کە لە قورئـان دەکۆڵنەوە، هەر بەشـێک لە قورئـان دەگێـڕنەوە بـۆ ئەو سـەرچاوانەی، کە پێیـانوایە محەممەد قورئانی لێوەرگرتوون).[2]

پاشـان عەیـاد، کـارادی ڕۆژهەڵاتنـاس وەک نمـونە بـاس دەکـات، کە ئەو ڕۆژهەڵاتناسـە لە بـارەی مـادەی جەنـنەت لە ئیسـکلۆپیدیای ئیسـلامی گوتـوويەتی: پێدەچێ بیرۆکەی غوڵام و کەنیزە و حۆری و مێردمنداڵان، لە جەنـنەت لە هەنـدێ لەو وێـنە و ئەیقـۆنە مەسـیحیانەوە وەرگیـرا بـێ، کە لەو سـەردەمەدا بڵاوبـوو، لەو سەردەمە لە ناو کەنیسەکان وێنەی فریشـتەکان کێشـراوە، محەممـەد وایزانیـوە ئەمـانە حۆری و غیلمانن.[3]

هەمـوو ئەوەی ڕابـورد، بەشـی یەکەم بـوو لە هـەنگاوی یەکـەم لە بنەماکـانی خوولی بۆ زانینی تەفسیری قورئان.

---

[1]- عیاد، شکری. دراسات قرآنیة، یوم الدین والحساب، سەرچاوەی پێشوو، ص٢٠.

[2]- هەمان سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو.

[3]- هەمان سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو.

**بەشی دووەم:** توێژینەوە لەو بارودۆخە مادی و مەعنەویەی، کە قورئانی تێدا دابەزی، ڕوحی قورئان و شێواز و ئاخاوتن وگوتارێکی عەرەبییە، ﴿بِلِسَانٍ عَرَبِيٍّ مُبِينٍ﴾[1] **[الشعراء ١٩٥].**

تێگەیشتن لە مەبەستەکانی وا دەخوازێ، کە هەمووی ڕابنوێنرێ، هەموو ئەو بارودۆخ و دەوروبەرە عەرەبیە بوونی هەبێ، هەموو ئەمانە هۆکاری تێگەیشتنن لە قورئانی عەرەبی ئاشکرا و موبین[2]، ئەم بارودۆخە و دەوروبەرە، ڕابردوویەکی لەمێژینە و مێژوویەکی ناسراو و ڕژێمێکی کۆمەلایەتی بنەماڵەیی و تیرەگەری و کاروبارێکی فرە لقی هەیە، کە بە دەوروبەری مەعنەوی دەناسرێ، واتە هەرچی ژیانی مرۆڤایەتی ئەم شارستانییە پێ پایەدار دەبێ، بوونی واجب و فەرزە و هۆکارگەلێکی زەروورین؟ بۆ تێگەیشتن و زانینی تەفسیری ئەم قورئانە عەرەبییە ئاشکرایە.

ئاشکرایە خوولی، لە چوارچێوەی ئەم دوو دەوروبەرە مادی و مەعنەوییە، داوای توێژینەوە لە دەقی قورئان دەکات لە ڕەوتێکی گشتگیردا، ئەم دوو دەوروبەرە هەموو لایەنەکانی دینیی و کۆمەلایەتی و مێژوویی و ڕۆشنبیری ڕەوتەکە لەخۆ دەگرێ، خوولی هەستی بە گەورەیی ئەم سپاردە کردووە، بۆیە دەڵێ: (زۆر نییە بۆ قورئان، کە لە هەموو ئەم بوارانە بکۆڵینەوە، چونکە قورئان نوێترین و گەورەترین ڕاسپاردەی ئاسمانە، کتێبەکانی تر چەندین چاخ بەسەر هاتنیاندا تێپەڕیووە و ئەو بارودۆخانەی تێیدا هاتوون، زۆربەی لەبیرچۆتەوە، زمانەکانی کە پێیهاتوون مردووە و چۆتە مۆزەخانە، کەچی دەبینین ئەو کتێبانە باسی هەر مردوو و زیندوویێکیان کرد بێ، باسی هەر ڕووداو و و زانینێکیان کرد بێ، هەموویان یەک بە یەک توێژینەوەیان لەسەر کراوە و فەرهەنگ و فراوانگەی گەورە و درێژیان بۆ دانراوە، کە هەرچی لە بارەی ئەو کتێبانە نووسرا بێ لەو

---
[1] - خولی، امین. مناهج تجدید في النحو واللغة والتفسیر والادب، سەرچاوەی پێشوو، ص ٣١٠.
[2] - هەمان سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو.

فەرهەنگـانە نووسـراوە، ئەمە بـێجگە لە تـوێژینەوەی مێژوویـی و ئەدەبـی و دینـی و یاسایی و کۆمەڵایەتی قووڵ و بەراوردکاری).[1]

جۆری دووەم لە توێژینەوەکان، سـەیرکردن و وردبـونەوەیە لە خـودی قورئـان. ئەمەش میتۆدی چەسپێنراوی توێژینەوەی دەقـی قورئـانە لای خـوولی، کە هەنگـاوە میتۆدیەکانی لە چوارچێوەی هەسـتکردن بەگرنگـی سیسـتم لەنـاو بینـای زمانەوانیـدا کردووە.

هەنگاوی یەکەم وردبـوونەوە و سـەیرکردنی مـوفرەدات و وشـە و دەسـتەواژە و دەربڕدراوەکـانە، لەمەشـدا دەبـێ چـاودێری دیـاردە دەروونـی و کۆمەڵایەتیەکـان بکـرێ و کـارکەرانی ژیـاری ئـوممەت و هەرچـی بە دەسـتەواژە عەرەبییەکـان نمایشــکراوە. زۆر هەڵەیە یەکــێ بــێ، ئەم دەربــڕدراوانەی ئەم دەقە ئەدەبیــیە لە دەرەوەی ئەم چوارچێوەی پـلە بەپـلەیە و ئەوگۆڕانکـاریەی، کە بە سـەر ژیـانی ئەم دەربڕدراوانە لەمێژووی ئەم دەربڕدراوانە هاتووە، تێ بگەن.[2]

ئەمـین خـوولی گرانـی ئەم داواکـاریەی دەزانـی و دەیزانـی، کە بەجێهێنـانی لە ڕۆشنبیریەکدا زەحمەتە، کە خاوەنی فەرهەنگی ئەوەندە فراوان نییە کە ئەم مەبەسـتە بێننە دی، ئەو چاودێرییە واتـاییە بـۆ دەستەواژەکان لە کـاروانی مێژووییانـدا بـوونی نیـیە، بـۆیە ڕەخنەیەکـی تونـد ئاڕاسـتەی زانایـانی پێشـین دەکـات لە نووسـینی فەرهەنگەکانیان، دەڵـێ: (گەورەتـرین فەرهەنگمـان (لسـان العـرب)ە، کە بەڕێـگەی بـڕین و پێوەلکانـدن نووسـراوە، چەنـدین دەقـی بەسـەرچووی تێـدایە، کە چـاخی خاوەنەکانیـان دوورکەوتـۆتەوە، هەروەهـا قاموسـی موحیـت، کە گوشـراوی چەنـد ڕۆشـنبیرییەکی جیـاواز و لێکجـودایە، لە فەلسـەفە و بـابەتی عەقڵـی و نـوژداری و پیشەیی و دینی و بیروباوەڕی).[3]

---

[1]- خولی، امین. مناهج تجدید في النحو واللغة والتفسیر والادب، سەرچاوەی پێشوو، ص ٣١١.

[2]- هەمان سەرچاوە، ل ٣١٢.

[3]- خولی، امین. مناهج تجدید في النحو واللغة والتفسیر والادب، سەرچاوەی پێشوو، ص ٣١٣.

هەر بۆیە ڕاڤەکاری قورئان ناچارە، کە ئەو مادەی دەیەوێ تەفسیری بکات، دەبێ بەدواداچوونی بۆ بکات، تا واتا زمانەوانییەکەی لە دەستەواژەکانی تر جیا بکاتەوە، پاشان پلە بە پلە بە واتاکانی ئەم بابەتەدا بێ لە قۆناغەکانی مێژوودا و لە ڕیزبەندی ئەمەدا، پشت بەگومانی زۆرینە ببەستێ، پێشینەکان بەسەر دوای ئەواندا هەڵبژێرێ، تا متمانەی بەکارەکەی هەبێ و واتایەکی زمانەوانی هەڵاوێردە بۆ دەستەواژەکە بدۆزێتەوە.[1]

دوای ئەو هەنگاوە زەحمەتەی جیاکردنەوەی واتا زمانەوانییەکان لە واتای چەمک و زاراوەکان، کە باسمان کرد لە میتۆدی ئەمین خوولی، هەنگاوی دووەم بریتییە لە گەڕان لە دوای ئەو واتایانەی بۆ دەربڕاوە قورئانییەکە لە ناو خەڵک باون و بە کاردەهێنرێن، کەواتە هەنگاوی لێوردبوونەوەی دەربڕدراوەکان بە تەنیا ناچار نییە بە بەکارهێنانی زمانەوانیان لە دەرەوەی دەقدا[2]، بۆیە دەبێ توێژەری ڕاڤەکاری قورئان، بەدواداچوون بۆ دەربڕاوەکانی قورئان بکات و بزانێ لای خەڵک بە چ واتایەک بەکاردێن، لەم بەدواداچوونەشدا بگاتە دەرەنجام و ئاکام، ئایا دەربڕدراوەکە بەدرێژایی چاخە جیاوازەکان و بۆنە هەمەڕەنگەکان، هەر بۆیەک واتا و تێگەیشتن بەکارهاتووە؟ ئەی کە دەرەنجامەکە پێچەوانە بوو، ئەو واتا و تێگەیشتنە هەمە چەشنانە چین، کە لە چاخە مێژوویی و بۆنە جیاوازەکان ئەم دەربڕاوە قورئانییەیان بۆ بەکارهێنراوە؟، بەمەش ئەم واتایانە دەبنە ڕێنمایی و پردێک لە نێوان واتا زمانەوانییەکان و واتا زاراوەیی و بەکارهێنراوەکانی دەربڕینە قورئانییەکە[3]، جا کە ڕاڤەکاری قورئان، هەردوو ئاستەکەی فەرهەنگی و بەکارهێنراوی دەربڕینەکەی زانی، هەنگاوی سێیەم دەیگوازێتەوە بۆ تێبینیکردنی

---

[1]- هەمان سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو

[2]- ابوزید، نصر حامد. القراءة الادبية للقرآن: اشكالياتها قديما وحديثا، سەرچاوەی پێشوو، ص١٥٠.

[3]- خولی، امین. مناهج تجديد في النحو واللغة والتفسير والادب، سەرچاوەی پێشوو، ص ٣١٣- ٣١٤.

دەستەواژە لێکدراوەکان، بۆ ئەمەش پشت بە زانستە ئەدەبییەکانی ڕێزمان و ڕەوانبێژی و... هتد، دەبەستێ.[1]

نابێ لەو هەنگاوانە واتێبگەین، کە گەیشتن بە ڕێزمان مەبەستە مەزنەکەیە، بەڵکو واتا ڕێزمانییەکەش ئامراز و هۆکارێکە بۆ ڕونکردنەوە و بەیانکردنی واتا و دیاریکردنی ئاڕاستەکانی، پاش ئەمەش تێڕوانینی ڕەوانبێژی بۆ ئەو دەستەواژە لێکدراوانە نابێ ئەو تێڕوانینە وەسفیە بێ، کە مەبەستە بۆ چەسپاندنی دەستەواژەیەکی ڕەوانبێژی دیاریکراو، یان بەکارهێنانی ئایەتێک لە بوارێک لەبوارەکانی ڕەوانبێژی، بەڵکو هەر ئەو تێڕوانینە ڕەوانبێژیەیە، کە تێڕوانینە هونەرییە ئەدەبییەکەیە، کە جوانکاری و وشەسازی لە شێوازی قورئانیدا ڕادەنوێنێ و ناسنامەی ئەم جوانکارییە ڕۆشن دەکاتەوە و بەشەکانی بەچێژێکی لێهاتووانە نمایش دەکات، ئەمە تایبەتمەندییەکانی لێکدراوە عەرەبییەکان و شێوازە قورئانییەکان شەفاف و زەلال و ڕوون دەکات، تا جیاکەرەوە تایبەتیەکانی لە ناو کەلەپوری عەرەبیدا بزانرێن.[2]

بەلای کەمەوە، لایەنێکی تاقانەیی و ناوازەیی دەقی ئەدەبی بۆ ڕێگەیەکی جیاکراوە لەبەکارهێنانی زماندا دەگەڕێتەوە [3]، کەواتە ئەمین خوولی لەسەر لێواری شێوازی هزر و بیر وەستابوو، مستەفا ناسف گوتەنی دەیەویست لە ئاسۆی شێواز هەڵوێستە بکات[4]، ئەم دەربڕینە وردە بەڵگەیە لەسەر ویستێکی شاراوە،کە لە هزرکردنێکی زۆر و لە فەلسەفە و ڕەوانبێژی زمان سەرچاوە دەگرێ، ناسف ئەم ئاکامە ڕوونتر دەکاتەوە و دەڵێ:

---

[1]- هەمان سەرچاوە، ل٣١٤.

[2]- هەمان سەرچاوە، ل ٣١٤-٣١٥.

[3]- عياد، شكري. اللغة والابداع، مبادئ علم الاسلوب العربي، القاهرة، انترناسيونال برس، ط١، ١٩٨٨ز، ص٦٠.

[4]- ناصف، مصطفى. اللغة والبلاغة والميلاد الجديد، سەرچاوەی پێشوو، ص ١٥٧.

٣- هەمان سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو.

خوولی کتێبێکی لەسەر ئەبو عەلا هەبوو بەناونیشانی (بۆچوونی من لەسەر ئەبوعلا)، هەموو بەریەککەوتە هزرییەکانی موعەری تێدا ئامارکردبوو، بەدواداچوونی وردیشی بۆکردبوون و دەیزانی ئەو بەریەککەوتنانە واتای قووڵیان هەبوو لە عەقڵی موعەری دا، هەر بیری لەو واتایە دەکردەوە، تا گەیشتە ئەوەی ئەم بەریەککەوتنە، تەنیا لە چوارچێوەی هزرەکان نییە، بەڵکو دەبێ لە چوارچێوەی زمانی موعەری شاعیریشدا لێی بکۆڵرێتەوە[١]، خوولی هەر لە هەوڵدابوو تا وشە نهێنییەکەی لای موعەری دۆزیەوە، کە ئەم وشە لای هەموو توێژەرانی شیعری موعەری نەزانرابوو، چونکە ئەوان هەر خەریکی لایەنی عەقڵی و هزری و فەلسەفی موعەری بوون و ئاوڕیان لەلایەنی زمانەوانی نەدابۆوە، خوولی پێیوابوو تەنیا تێڕوانینی لایەنی فەلسەفی و پشتگوێخستنی لایەنی زمانەوانی، کەموکوڕیەکە لە ئەرکەکانی خانەی ئەدەبی.[٢]

خوولی دەیویست بگاتە ئەو دەستەواژە کلیلانەی،کە بوێریان دابوو بە مەعەری، کە لە هەموو بوارە ڕەوشتی و کۆمەڵایەتی و فەلسەفییەکان بەئازایەتیەکی لەڕادە بەدەر قسە بکات[٣]، ناسف دەڵێ دوای دۆزینەوەی ئەم دەستەواژە کلیلانە، هەڵوێستی کۆتایی خوولی ئەوە بوو، کە شێوازی فرە ئاڕاستە بگرێتەبەر بۆ دۆزینەوەی وشە کلیلەکان.[٤]

ئەو واتا بەکارهێنراوانەی لە هەرکتێبێک، کە بمانخوێندبایەوە کۆدەکردەوە لە هەمەجۆری و تاقانەییدا، ئەمەش دەیگەیاندە کرۆکی وانەی ئەدەب.[٥]

عەیاد دەڵێ: توێژینەوەکانی خوولی لەسەر ڕەوت و خوێندنگای ڕۆمانسی بلورەی کردبوو[٦]، هەر لەو چوارچێوەش خوولی ڕەوانبێژی و زمانەوانی و ئەدەبی

---

[٢]- هەمان سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو.

[٣]- ناصف، مصطفى. اللغة والبلاغة والميلاد الجديد، سەرچاوەی پێشوو، ص ١٥٧.

[٤]- هەمان سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو.

[٥]- هەمان سەرچاوە، ل ١٥٨.

[٦]- عياد، شكرى. اللغة والابداع، مبادىء علم الاسلوب العربي، سەرچاوەی پێشوو، ص ٢٥.

ئەدەبی لەلایەکەوە، گرێدان لەگەڵ تەفسیری قورئان لەلایەکی تر، کاتێ تێڕوانینی کلاسیکی بۆ ئیعجاز پشتی بە چەمکی کلاسیکی بۆ ڕەوانبێژی دەبەست، پێویست بوو ئەو تێگەیشتنە، بە تێڕوانینێکی نوێ بۆ ڕەوانبێژی ئاڵوگۆڕی تێدا بکرێ، کە پەیوەندیی بە ڕەخنەی ئەدەبییەوە هەبێ، هەر ئەم پەیوەندیەی نێوان ڕەخنە و ڕەوانبێژی، پەیوەندییەکی تری لەگەڵ دەروونناسیی پێویست کرد، ئەم چەند پەیوەندیەش هێڵی تەریبی نێوان ڕەخنەی ئەدەبی و جوانکاری بوون، هەر بۆیە دەبێ توێژینەوەی ڕەوانبێژیی لەسەر لێکۆڵینەوەی شێوازی ئەدەب وکاریگەریی لەسەر خوێنەر و بیسەر دابمەزرێندرێ[1]، تا ئەمە ببێتە ئەرکێکی ڕەخنەیی، کە لەمەودوا شوکری عەیادی ڕەخنەگر کۆڵەکەی هەڵدەگرێ، کە لە شاگردە دیارەکانی ئەمین خوولی بوو.

---

١ - Abu-Zayd،Nasr."The Dilemma of the Literary Approach to the Quran" p٢٣

# نمونەیەک لە تەفسیری ئەمین خوولی

میتۆدی ئەدەبیی لە تەفسیردا، هەموو بیروهۆشی ئەمین خوولی داگیرکردبوو، بەرهەمێکی ئەوتۆمان لە تەفسیری ئەمین خوولی لەبەردەستدا نییە، چەند نمونەیەکی هەڵاوێر نەبێ، کتێبی (لە ڕێنماییەکانی قورئان)[1] سێ خوێندنەوە بۆ هەندێ بابەتی قورئانیی لەخۆ دەگرێ، میتۆدی ئەدەبی لەم کتێبە چەسپێنراوە، لە سێ بابەتدایە:

- بابەتی پێغەمبەرە پێشەنگەکان.
- لە ڕەمەزاندا.
- لە ماڵ و سامانەکەیاندا.

ئەمانە چەند وتارێکی ڕادیۆن و دواتر لەم کتێبە کۆکراونەوە، کە ویستویەتی ڕەنگدانەوەی میتۆدی ئەدەبی هونەری قورئانی تێدا بێ، کە موعجیزەی ڕەوانبێژی عەرەبییە و بنچینەی هەرە مەزنە لە بانگەوازی ئیسلامدا و نمایشی ڕێنمایی قورئانە لەتەفسیری ژیاندا بەگشتگیری و هەمیشەیی.[2]

پاشان ئەم میتۆدەی لەم چەند خاڵەدا پوخت کردەوە، بابەتە عەقڵیی و تایبەتمەندیی و بایەخەکانی ئاماژە پێکرد:[3]

١- میتۆدێکە لایەنی کۆمەڵایەتیی و دەروونیی بۆ ژیانی مرۆڤایەتی لە قورئاندا نمایش دەکات، کە ئەمە بواری تایبەتی و ڕێبازی گەیشتن بە ئاکامەکانی پەیامی ئیسلام و شوێنەواریەتی لە ژیاندا.

٢- ئەم واتایانەی ئەم دەستەواژانە دەیگەیەنن بە عەرەبیەکی پەتی، پاشان چەندین واتای ئاماژە و هێمایی و شاراوە و تێگەیشتنی ڕێزمانیی و عیرفانیی لەسەر ئەم تێگەیشتنە سادەوە هەڵدەهێنجرێ، بە ئامرازەکانی ڕێزمان و ڕەوانبێژی، ئەمەش

---

[1]- الخولي، امين. من هدي القرآن، الاعمال الكاملة، القاهرة، الهيئة المصرية العامة للكتاب، ١٩٧٨ز.

[2]- هەمان سەرچاوە، ل ٨.

[3]- سەرچاوەی پێشوو، ل ٨- ١١.

هەمووی بەهۆی ئەوە، کە دەربڕدراوی عەرەبی چەندین نیگـای هـونەری و ئەدەبـی هەڵدەگرێ.

٣- ئەم بابەتـانە ئاڕاسـتەی ئەوەیە، کە قورئـان لەدووتـوێی چەنـد بـابەتێکی دیاریکراو تەفسـیر بکـات، نەک لە چوارچێـوەی سـەدان سـوورەتدا، ئەو ئایەتـانەی پەیوەندیی بابەتیی بەیەکیانەوە دەبەستێ، لە ناو جـزم و سـوورەتە جیاوازەکانـدا، کە پەیوەندییان بەو بابەتەوە هەیە، چونکە قورئان هەندێکی هەندێکی تەفسیر دەکات.

خوولی لەبەرامبەر ئەم ئایەتە:

﴿مَّن ذَا الَّذِي يُقْرِضُ اللَّهَ قَرْضًا حَسَنًا فَيُضَاعِفَهُ لَهُ أَضْعَافًا كَثِيرَةً وَاللَّهُ يَقْبِضُ وَيَبْسُطُ وَإِلَيْهِ تُرْجَعُونَ﴾ [ البقرة ٢٤٥]

هەڵوێستە دەکات و دەڵێ: قورئان لە هەموو ورد و درشتێکدا، تاک بە بەرپـرس دەزانـێ، لەمەشـەوە بەرپرسـێتی کـۆمەڵایەتی بڕیـار دەدا و دەگـاتە یەکێتیـی کـۆمەڵایەتی، لە دەربڕینێکـی زۆر بەرزدا لێپرسـراوان و سەرمەشـقان لەبەردەم کاریگەریی کارەکانیان دادەنێ، کە تاکەکانی تر لەو کارانەدا، شـوێنیان دەکەون و لاسـاییان دەکەنەوە، لەگەڵ ئەوەی کەس کـۆڵی کەس هەڵنـاگرێ، ئەگەرچـی دۆست و خزمـی یەکتـریش بـن، ئەمەیە بڕیـاری لێپرسـراوێتی و دەربـاز نەبـوون لە لێپرسینەوە، سزا و لێپرسینەوە لەوانە دەکرێ، کە خەڵکی گومڕادەکەن:

﴿لَيَحْمِلُنَّ أَثْقَالَهُمْ وَأَثْقَالًا مَّعَ أَثْقَالِهِمْ وَلَيُسْأَلُنَّ يَوْمَ الْقِيَامَةِ عَمَّا كَانُوا يَفْتَرُونَ﴾ [العنكبوت ١٣].

سزای تاوانبارانی سەرکردە دوو چەندانەیە، ئەوەتا قورئان ئەم گفتوگۆیەمـان بـۆ باس دەکات:

﴿رَبَّنَا آتِهِمْ ضِعْفَيْنِ مِنَ الْعَذَابِ وَالْعَنْهُمْ لَعْنًا كَبِيرًا﴾ [الاحزاب ٦٨]

پەروەردگارا: دووبەرابەر و دوو چەندانە سزای ئەوان بدە و نـەفرینێکی زۆر بـێ ئەندازەیان لێ بکە.

سەبارەت بە خاتونەکانی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) دەفەرموێ:

﴿يَا نِسَاءَ النَّبِيِّ مَن يَأْتِ مِنكُنَّ بِفَاحِشَةٍ مُّبَيِّنَةٍ يُضَاعَفْ لَهَا الْعَذَابُ ضِعْفَيْنِ وَكَانَ ذَلِكَ عَلَى اللَّهِ يَسِيرًا﴾ [الاحزاب ٣٠]

ئەی هاوسەرانی پێغەمبەر، هەرکەس لە ئێوە بە گوناهێکی گەورەی ئاشکرا هەستێت، ئەوە بابزانێت کە دوو بەرابەر سزا دەدرێت.

بەکارهێنانی قورئان، وەک یەکەیەکی هونەریی و هزرێکی ئەدەبی دوور و نزیکەکان و مەککی و مەدینییەکان بە یەکەوە گرێدەدا و بە سەر ساڵ و کات و شوێنەکاندا باز دەدا و نمونەی ناوازەی هونەریی گوتارمان پیشان دەدا، کتێبی گەورەی عەرەبی، نمونە هونەریەکانی، هونەر بۆ هونەر بەکارناهێنن، بەڵکو هونەرێکی گرێدراوە بە ئامانجی کۆمەڵایەتی کە قورئان مەبەستیەتی، کە بڵێن باشە خۆ هونەر خوازیاری هەندێ نییە، کە بەها ڕەوشتییەکان ببنە بابەت بۆی؟، بەڵکو هونەر هەر لە پێناوی هونەردایە، بەڵام ئێمە ئەم ئاڕاستەمان ناوێ، واش نازانین، کە قورئان مەبەستی بوو بێ، بەڵکو هونەرە بەهێزەکەی قورئان، بۆ چاککردنی ژیانی مرۆڤایەتییە لەڕووی ڕەوشت وکۆمەڵایەتیەوە، کە هەر لە پێناوی ئەمەشدا بە ڕێنمایی و بەزەیی بۆ مرۆڤایەتی هاتووە:

﴿اِنَّ هَذَا الْقُرْآنَ يَهْدِي لِلَّتِي هِيَ أَقْوَمُ وَيُبَشِّرُ الْمُؤْمِنِينَ الَّذِينَ يَعْمَلُونَ الصَّالِحَاتِ أَنَّ لَهُمْ أَجْرًا كَبِيرًا﴾ [الاسراء ٩]

بەڕاستی ئەم قورئانە هیدایەت بەخشە بۆ چاکترین ڕێگە و ڕێباز و بەرنامە، مژدەیش دەدات بەو ئیماندارانەی، کە کار و کردەوە چاکەکان دەکەن، کە بێگومان پاداشتی زۆر و بێسنوور چاوەڕێیانە.

سەیری ئامانج و مەبەستەکەی قورئانمان کرد، کاتێ دەستەواژەی دوو بەرامبەر بەکار دێنێت بۆ پاداشت و سزا، تاکو ئێمە بزانین، ئەمە بیرۆکەیەکی جێگیرە، کە دەبێ متمانەمان لەسەر بڕیار لەسەردانی هەبێ.

ئەم بیرۆکەی دووبەرامبەریە، پەیوەستە بە مەبەستی ڕەوشتی و کۆمەڵایەتی، کە سەرمەشقەکان لێی بەرپرسن، ئەو تاکە شوێنکەوتوانەش بەرپرسن، ئەمەش

ڕازیبــوونی دەروونیمــان پێدەبەخشــێ و تێڕوانینێکــی گشــتگیر و بیرۆکەیەکــی کۆکەرەوەمـان لە تەفسـیری قورئانـدا پیشـان دەدا، کە ڕاڤەکـاری قورئـان دەتـوانن بەدوای دابچن و لە هەموو بـابەتە هاوشـێوەکاندا بەکـاری بێـنن، تـاکو بەم شـێوازە، بـگەنە ئاکـامە دوورەکـان و بە ئاکـامە بەش بەشـەکان وازنەهێـنن، چـونکە لەگەڵ ئاسۆفراوانیی ئەم کتێبە نایەتەوە و کەس پێی ناگاتە ئامانجە چاکسازییە گەورەکـان، کە قورئان بۆیان هاتووە، ناشتوانین بەتەواوی لە واتا وردەکـانی قورئـان بگەیـن، تـا ئەم بەدواداچــوونە وردانە نەکەیــن، ئــابەمە دەگەیــنە دەرەنجــامی داهێنــراو، کە ڕاڤەکەرانی پێشوو پێی نەگەیشـتوون، بـا هاوشـێوەکانی قورئـان بەرامـبەر و بەراورد بکەیـن، تـا بگەیـنە هاوکێشـەی نـوێ و هەر هاوکێشـەیەکیش، بە شـیکارکردنی ئەنجامێکی نوێمان دەداتە دەست.

وشەی (ضعف= چەند بەرامبەر) هەم بۆ سزا و هەم بـۆ پاداشـت لە زۆر ئـایەت بەکارهاتووە، ئەوەتا دەفەرمووێ:

**﴿قال ادْخُلُوا فِي أُمَمٍ قَدْ خَلَتْ مِن قَبْلِكُم مِّنَ الْجِنِّ وَالْإِنسِ فِي النَّارِ كُلَّمَا دَخَلَتْ أُمَّةٌ لَّعَنَتْ أُخْتَهَا حَتَّى إِذَا ادَّارَكُوا فِيهَا جَمِيعًا قَالَتْ أُخْرَاهُمْ لِأُولَاهُمْ رَبَّنَا هَؤُلَاءِ أَضَلُّونَا فَآتِهِمْ عَذَابًا ضِعْفًا مِّنَ النَّارِ قَالَ لِكُلٍّ ضِعْفٌ وَلَكِن لَّا تَعْلَمُونَ وَقَالَتْ أُولَاهُمْ لِأُخْرَاهُمْ فَمَا كَانَ لَكُمْ عَلَيْنَا مِن فَضْلٍ فَذُوقُوا الْعَذَابَ بِمَا كُنتُمْ تَكْسِبُونَ﴾ [ الاعراف ٣٨-٣٩]**

دە بچنـە ڕیـزی ئـەو کۆمـەڵانـەوە، کـە پـێش ئێـوە هـەبوون (لـەگومڕاکان) لـە دەسـتەی پـەری و ئادەمیزادەکـان لـەناو دۆزەخـدا، هـەر کاتێـک هـەر کۆمـەڵ و دەستەیەک دەچنە ناوی، نەفرین دەکەن لە هاوئاین و هاو بیرانیان، هەتا ئەو کاتـەی هـەموویان کۆدەکرێنـەوە و بەسـەریەکدا لـە ناویـدا دەدرێـن، شـوێنکەوتەکان ڕوو بەگەورەکانیان دەڵێن: پەروەردگارا ئا ئەوانە ئێمـەیـان گـومڕا کـرد، دە تـۆش لـەناو دۆزەخـدا سـزای دوو بەرامبـەریان بـدە!!. بـۆ هـەموو لایـەک (سـزا و تۆڵـە) دوو بەرامبەرە، بەڵام ئێوە پێی نازانن.

(پاشان) دەستە پێشوەکان بە دوایینەکان دەڵێن: وەنەبێت ئێوە هیچ ڕێز و فەزڵێکتان هەبێت بەسەر ئێمەدا، دە ئێوەش بچێژن سزا و ئازار بەهۆی ئەو کار و کردەوە نالەبارانەوە، کە ئەنجامتان دەدا.

هەروەها باسی تاغوتەکان لە ناو ئاگر دەکات و دەفەرموێ:

**﴿هَذَا فَوْجٌ مُّقْتَحِمٌ مَّعَكُمْ لَا مَرْحَبًا بِهِمْ إِنَّهُمْ صَالُو النَّارِ﴾ [ ص: ٥٩]**

(کاتێك ستەمکاران بەرەو دۆزەخ ڕاپێچ دەکرێن هەندێ فریشتە پێیان دەڵێن: (ئەوە تاقمێکە لەگەڵ ئێوەدا پاڵەپەستۆیانە، ئەوانیش دەڵێن: دەك بەخێر نەیەن، ئەوانیش دەبێت بگەیەنرێنە دۆزەخ و بچنە ناو ئاگرەوە.

**﴿قَالُوا بَلْ أَنتُمْ لَا مَرْحَبًا بِكُمْ أَنتُمْ قَدَّمْتُمُوهُ لَنَا فَبِئْسَ الْقَرَارُ﴾ [ص:٦٠]**

لە وەڵامیاندا دەڵێن: نەخێر ئێوە بەخێر نەیەنەوە، ئێوە ئەم شوێنەتان بۆ ئێمە مسۆگەر کرد ئای کە جێگەیەکی ناساز و ناخۆشە.

**﴿قَالُوا رَبَّنَا مَن قَدَّمَ لَنَا هَذَا فَزِدْهُ عَذَابًا ضِعْفًا فِي النَّارِ﴾ [ص ٦١]**

دوایی بەدەم ئاهو ناڵەوە دەڵێن: پەروەردگارا ئەوەی بوو بەهۆی ئەوەی، کە ئا ئەم شوێنە بەنسیبی ئێمە ببێت، سزای چەند بەرامبەری لەناو دۆزەخدا بۆ پێش بهێنە.

تەنانەت پێغەمبەریش لەم هاوکێشە بەدەر نییە و هەڕەشەی ئەم سزا چەند بەرامبەرەی لێدەکرێ کە دەفەرموێ:

**﴿وَلَوْلَا أَن ثَبَّتْنَاكَ لَقَدْ كِدتَّ تَرْكَنُ إِلَيْهِمْ شَيْئًا قَلِيلًا﴾ [الإسراء ٧٤]**

خۆ ئەگەر ئێمە تۆمان پایەدار و دامەزراو نەکردایە، ئەوە بەڕاستی نزیك بوویت (بە مەزەندەی خۆت، بۆ بەرژەوەندیی بانگەوازەکەت) کەمێك بە لایاندا مەیل بکەیت و بەدڵی ئەوان بکەیت!!

**﴿إِذًا لَّأَذَقْنَاكَ ضِعْفَ الْحَيَاةِ وَضِعْفَ الْمَمَاتِ ثُمَّ لَا تَجِدُ لَكَ عَلَيْنَا نَصِيرًا﴾ [الإسراء ٧٥]**

ئەوکاتە ئیتر دوو بەرامبەری (هاوبەشدانەران) لە دنیادا و بە دوو بەرامبەری ئەوان لە دوای مردن، سزا و ئازارمان پێدەچەشتیت، پاشان کەسیشت دەست نادەکەوت فریات بکەوێت و لەدەستی ئێمە ڕزگارت بکات.

هەموو جارێ وشـەی (ضـعف) بـۆ سـزا بە نکـرە و نەناسـراو هـاتووە، بەڵام بـۆ پاداشت بە ناسراوی و معرفە هاتووە:

﴿وَمَا أَمْوَالُكُمْ وَلَا أَوْلَادُكُم بِالَّتِي تُقَرِّبُكُمْ عِندَنَا زُلْفَى إِلَّا مَنْ آمَنَ وَعَمِلَ صَالِحًا فَأُولَئِكَ لَهُمْ جَزَاءُ الضِّعْفِ بِمَا عَمِلُوا وَهُمْ فِي الْغُرُفَاتِ آمِنُونَ﴾ **[سباء ٣٧]**

(لەڕاستیدا) نە ماڵتان و نە نەوەتان شتێك نین، کە ببنـە هـۆی نزیکبوونـەوەتان لـە ئێمە، (یا ڕازیبوونی ئێمە لێتان)، بەڵکو ئەوانەی باوەڕیان هێناوە و کـار و کـردەوەی چاکە ئەنجام دەدەن، (ئەوانە نزیکن لە ئێمەوە و ڕێزیان لای ئێمە هەیـە)، ئـا ئەوانـە پاداشتیان چەند بەرابەرە بەهۆی کردەوەی چاکیانەوە، هـەر ئـەوانیش لـە کۆشـك و تەلارەکانی (بەهەشتدا) بە ئاسوودیی و ئارامیی و خۆشیی، ژیان دەبەنە سەر.

ئەمە تا ئێستا بە کارهێنانی وشەی (ضعف) بوو بە تاک، ئێستا باسی ئەو شـوێنانە دەکەین، کە وشەکە بە دووانە (ضعفین)، تێدا هاتووە:

﴿وَمَثَلُ الَّذِينَ يُنفِقُونَ أَمْوَالَهُمُ ابْتِغَاءَ مَرْضَاتِ اللَّهِ وَتَثْبِيتًا مِّنْ أَنفُسِهِمْ كَمَثَلِ جَنَّةٍ بِرَبْوَةٍ أَصَابَهَا وَابِلٌ فَآتَتْ أُكُلَهَا ضِعْفَيْنِ فَإِن لَّمْ يُصِبْهَا وَابِلٌ فَطَلٌّ وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ﴾ **[ البقرة ٢٦٥]**

نموونەی ئەوانەی ماڵ و سامانیان دەبەخشن لە پێناوی بەدەسـتهێنانی ڕەزامەنـدیی خوا و بۆ دامەزراندن و ڕاهێنـانی خۆیـان لەسـەر چاکـەکاری، وەکـو باخچـەیـەک وایە: لە بەرزاییەکدا بێت و بارانێکی دڵۆپگەورە بیگرێتەوە و ببێتە هۆی ئەوەی، کـە دوو بەرامبەر بەرهەمی هەبێت، خۆ ئەگەر بارانی دڵۆپ گەورەش نەیگرێتەوە، ئـەوە نمە باران پاراوی دەکات. ئەمە بۆ پاداشت بوو، جا هەر وەک چۆن تـاکەکەی بـۆ سزا هاتووە، دووانەکەشی بۆ سـزاش هـاتووە، کە تـاوانی ئەوانە لەتـاوانی تاکەکـان گەورەترە، دەفەرموێ: ﴿وَقَالُوا رَبَّنَا إِنَّا أَطَعْنَا سَادَتَنَا وَكُبَرَاءَنَا فَأَضَلُّونَا السَّبِيلَا﴾ **[الاعراف ٣٨]**

(هەروەها) دەڵێن: ئێمە ملکـەچ و فەرمانبـەرداری ئاغـا و گـەورەکانمان بـووین، هەر ئەوان ڕێگەو ڕێبازی (ڕاستیان) لە ئێمە شێواند و ون کرد

﴿رَبَّنَا آتِهِمْ ضِعْفَيْنِ مِنَ الْعَذَابِ وَالْعَنْهُمْ لَعْنًا كَبِيرًا﴾ **[الاحزاب ٦٨]**

پەروەردگارا: دووبەرابەر و دوو چەندانە سزای ئەوان بدە و نەفرینێکی زۆر بێئەندازەیان لێ بکە.

دەبێ بەهەستی هونەریی جاوازیی بکەین لە تەفسیری هەمان دەستەواژە، کاتێ بۆ سزا دێ، یان بۆ پاداشت دێ، کە تاک بێ یان دووانە بێ، کاتێ ناسراو بێ، یان نەناسراوبێ. لێرەدا خوولی، کە بەتەفسیری خەڵکانی تر ڕازی نەبووە لەوەی، کە بۆچی بۆ هەڕەشە لە خاتوونەکانی پێغەمبەر بە ﴿**يُضَاعَفْ لَهَا الْعَذَابُ ضِعْفَيْنِ وَكَانَ ذَلِكَ عَلَى اللَّهِ يَسِيرًا**﴾ **[الاحزاب ٣٠]**

ئەی هاوسەرانی پێغەمبەر: هەرکەس لەئێوە بە گوناهێکی گەورەی ئاشکرا هەستێت، ئەوە بابزانێت کە دوو بەرابەر سزا دەدرێت، بەڵام بۆ پاداشتەکە فەرمووی: ﴿**وَمَن يَقْنُتْ مِنكُنَّ لِلَّهِ وَرَسُولِهِ وَتَعْمَلْ صَالِحًا نُّؤْتِهَا أَجْرَهَا مَرَّتَيْنِ وَأَعْتَدْنَا لَهَا رِزْقًا كَرِيمًا**﴾ **[الاحزاب ٣١]**

ئەوەشتان فەرمانبەردار و ملکەچی خوا و پێغەمبەرکەی بێت، کردەوەی چاکیش ئەنجام بدات، ئەوە دووجار پاداشتی دەدەینەوە، هەروەها ڕزق و ڕۆزیەکی بەنرخ و پیرۆزمان بۆ ئامادەکردووە. خۆشی هیچ جیاوازییەکی باس نەکردووە.

خوولی دەڵێ: واتاکانی وشەی (ضعف = دووبەرامبەر) لە زماندا ئەوەیە، کە مرۆڤ پاداشت و سزای کردووەکانی هەر لەیەک بەرامبەرەوە تا هەر ژمارەیەک، کورت هەڵنەهاتووە لەسەر دوو چەندانە، کەمەکەی دیارە، بەڵام زۆرەکەی بێسنوور و نادیارە، لەسەر ئەم بنچینەیە دەبێ سەیری واتای ئەم وشانە بکەین، کاتێ بە نەناسراویی (نەکیرەیی) دەیبینین بۆ سزایە، واتە هیچ زیادەیەکی لەیەک بەرامبەر زیاتر تێدا نییە، بۆ نمونە دەرحەق بە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر)، ئەگەر گوێڕایەڵیان بکات لە دنیادا و بە دوو بەرامبەری ئەوان لە دوای مردن سزا و ئازارمان پێدەچەشتیت.

ئەمە گوناهێکی گریمانەییە و هێشتا ڕووی نەداوە و لەمەولاش ڕوونادا.

سزای چەندجار و دووبارە بوو دەرحەق بەو، کەسانەی پێشەنگی بەدکارین، سزاکە بە پێی لێپرسراویێتی هەر یەکێکیان دابەشبووە بەسەریاندا.

کاتێ وەڵامی باری دەفەرمویێ بۆ هەر یەکێ لە ئێوە، سزای چەند بەرامبەر هەیە، بە نەناسراو هێناویەتی، کە هی کەسیان زیادەی تێدا نییە، بەڵام کە دەیەوێ بە وشەکە، باسی زیادەیەکی زۆر بکات، ئەوە بە ناسراو و مەعریفە دەیهێنێ، بۆیە لەپاداشتی چاکەکاران دەفەرموێ:

**﴿مَنْ جَاءَ بِالْحَسَنَةِ فَلَهُ عَشْرُ أَمْثَالِهَا وَمَنْ جَاءَ بِالسَّيِّئَةِ فَلَا يُجْزَى إِلَّا مِثْلَهَا وَهُمْ لَا يُظْلَمُونَ﴾ [الانعام ١٦٠]**

ئەوەی بەیەک خێر و چاکەوە هاتبێت، ئەوە دە چەندانەی چاکەکە، پاداشتی بۆ هەیە، ئەوەش بە گوناهو هەڵەیەکەوە هاتبێت، ئەوە سزا نادرێتەوە، جگە بە ئەندازەی تاوانەکەی نەبێت و ئەوانە ستەمیان لێناکرێت.

وشەکە کاتێ دوانەیە و واتای زۆری دەگەیەنێ، کاتێ باسی پێشەنگی سەرلێشێواوان دەکات، کە خەڵکێکی زۆریان گومڕاکردووە: **﴿رَبَّنَا آتِهِمْ ضِعْفَيْنِ مِنَ الْعَذَابِ وَالْعَنْهُمْ لَعْنًا كَبِيرًا﴾ [الاحزاب ٦٨]** پەروەردگارا: دووبەرابەر سزای ئەوان بدە و نەفرینێکی زۆری بێ ئەندازەیان لێ بکە. کاتێکیش باسی خاتونەکانی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) دەکات، کە ئەوان بەوە وەسفیکراون، کە وەک ژنانی تر نین: **﴿يَا نِسَاءَ النَّبِيِّ لَسْتُنَّ كَأَحَدٍ مِنَ النِّسَاءِ﴾ [الاحزاب ٣٢]**

تاوانەکەیان بە تاوانێکی دیار و ئاشکرا: **﴿بِفَاحِشَةٍ مُبَيِّنَةٍ﴾ [النساء ١٩]** وەسفیکراوە، بۆیە سزاکەشیان بەدووانە هاتووە: **﴿يُضَاعَفْ لَهَا الْعَذَابُ ضِعْفَيْنِ﴾. [الاحزاب ٣٠]**

کاتێ باسی خێرێکی زۆر و زەبەندەی بەهەشت دەکات، کە گەشەی زۆری کردووە: **﴿بِرَبْوَةٍ أَصَابَهَا وَابِلٌ فَآتَتْ أُكُلَهَا ضِعْفَيْنِ﴾ [البقرة ٢٦٥]** ئەوە تەنیا بۆ دووجار نییە، بەڵکو بۆ زۆر و زەبەندییە.

بۆ نمـونه کـاتێ دەفەرمـوێ: ﴿ثُمَّ ارْجِعِ الْبَصَرَ كَرَّتَيْنِ يَنْقَلِبْ إِلَيْكَ الْبَصَرُ خَاسِئًا وَهُوَ حَسِيرٌ﴾. [ الملك ٤]

پاشان هەر سەرنج بدە و چاوبگێرە و وردبـەرەوە، جار لـە دوای جار و کـۆڵ مەدە، سەرسـام و ملکـەچ دەبیـت، چاوت بـە نائومێدیی دەگـەڕێتـەوە، لەکاتێکـدا چاوت ماندووە و پەکیکەوتووە. لێرە دووجار (کرتین) بـۆ چەنـدین جاری زۆرە و تەنیا بۆ دووجار نییە.

هەروا کە دەفەرموێ: ﴿وَمِمَّنْ حَوْلَكُمْ مِنَ الْأَعْرَابِ مُنَافِقُونَ وَمِنْ أَهْلِ الْمَدِينَةِ مَرَدُوا عَلَى النِّفَاقِ لَا تَعْلَمُهُمْ نَحْنُ نَعْلَمُهُمْ سَنُعَذِّبُهُمْ مَرَّتَيْنِ ثُمَّ يُرَدُّونَ إِلَى عَذَابٍ عَظِيمٍ﴾. [ التوبة ١٠١]

لەو ناوچانەی دەوروبەرتان، هەندێ عەرەبی بیابانشینی دووڕوو هـەن و هەنـدێ لە دانیشتوانی شار (المدینة) ڕاهاتوون لەسەر دووڕوویی و زرنگن لەو بارەیەوە، تـۆ - ئـەی پێغەمبـەر- (دروودی خـوای لەسـەر) نایانناسـیت، بـەڵکـو ئێمـە دەیانناسـین، لەمەودوا ئەوانە هەر لە دنیـادا دوو جار ئازاریـان دەدەیـن، پاشـان دەبرێنـەوە بـەرەو سزا و ئازارێکی زۆر سەخت و دژوار.

ئەم دووجارەی ئایەتەکە بەڵگەی زۆریە، نەک تەنیا دووجار.

ئەم جـۆرە تێـڕوانینە پـڕ هەسـتەوەرییە کـاری کەسـانێکە، کە بەتـامەزرۆیی و چێژێکی ئەدەبی و هونەریی سەیری قورئـان دەکەن و بەدواداچـوونی بـۆ دەکەن و دەیکەنە بناغەی تێگەیشـتن و تەفسیر و هەمـوو جـۆر و شـێوەکانی کـۆدەکەنەوە و بەراوردییـان دەکەن، تـا دەگەنە ئامـانجە بەرزەکـان و ئاکـامە کۆمەڵایەتییەکـانی قورئـان. ئەم هـۆنەرە و ڕێنماییـانە فەیـز و نـورێکن، کە دڵ و دەروون ڕوونـاک دەکەنەوە، چاکە و میهرەبانین بە خەڵکی، هەر کاتێک شتێک، کە خێـر و چـاکەی تێدا بێ، بە شێوەی کۆ باسی دەکات و بەرۆری دەنرخێنێ:

﴿مَنْ ذَا الَّذِي يُقْرِضُ اللَّهَ قَرْضًا حَسَنًا فَيُضَاعِفَهُ لَهُ أَضْعَافًا كَثِيرَةً ﴾. [البقرة ٢٤٥].

داڕێژراوەکـانی قورئـان زۆر ورد و هەسـتیارن، سەرسـامکەر و سەرنجڕاکێشـن، ئامانجی زۆریان هەیە، کاتێ سزای شـوێنکەوتوانی بەدکارانیـدا و پۆزشـی نەدانـێ،

که ئەوان تەنیا لاساییکەرەوەی کاریزماکانیان بوون، تا تاکەکان لاساییکەرەوە نەبن، عەقڵ و بیروهۆشیان بەکاربێنن و بە بەرچاوڕوونی کارەکانیان بکەن، ئەگەر پۆزشی ئەم هەموو ئاپورایەی خەڵکی، بدایە بەهۆی ئەوەی لاساییکەرەوەی پێشینان بوون، ئەوە کەس سزا نەدەدرا و تاوان تەشەنەی دەکرد و هەست و عەقڵ و هۆش و کۆشش و هەڵێنجان لەکار دەکەوت، بەڵام بۆ پێشەوا ستەمکارەکان، سزاکان توند و چەند جارکران، ئەمە تەرازووی عەدالەت و دادوەری ڕەبانییە، پاڵنەری چاکسازیی و هەڵوێستەکردن و بەخۆداچوونەوەکانە.[1]

[1]- الخولي، من هدى القرآن، سەرچاوەی پێشوو، ص ١٣٧-١٤٦.

# بەشی دووەم:

# دوو ڕەخنەگری قوتابخانەی ئەمینی

## عائیشه عەبدوڕڕەحمان و تەفسیری بەیانکردن بۆ قورئانی پیرۆز:

عائیشه عەبدوڕڕەحمان، کە لە ساڵی ١٩٩٩زدا مردووە، ئەوە دوویات دەکاتەوە، کە ئەمین خوولی مامۆستای و هاوسەری بەوە ڕازی نەبووە، کە خوێندکار و خێزانەکەی - واتە خودی عائیشە- بەبێ قووڵبوونەوە لە زانستەکان هیچ هەنگاوێک بنێ لە بارەی تێڕوانین و توێژنەوەی دەقی هەرەگەورەی زمانی عەرەبی، کە دەقی قورئانە.[١]

بۆیە پاش پەیداکردنی ئەو شارەزاییە- کە عائیشە نامەی ماستەر و دکتۆراکەی لەسەر (رسالة الغفران)ی ئەبوعلای مەعەری بوو- خۆی تەرخانکرد بۆ ئەو پرۆژەی، کە خۆ شارەزاکردن و وەرگرتنی پسپۆڕی بوو لە لێکۆڵینەوەکان دەربارەی قورئان، لەسەر ئەو ڕەوتەی، کە لەسەر دەستی مامۆستاکەی بلورەی لەسەرکردبوو، بۆیە لەم ڕێبازە چەندین داهێنانی زانستیی دەستکەوتی بوو، کە لە پێش هەموویانەوە، تەفسیرکردنی بەیانی و ڕوونکراوە بوو بۆ قورئانی پیرۆز، کە لە دوو بەشدا پێشکەشی کرد، هەروەها بابەتی (الاعجاز البياني للقرآن ومسائل ابن الأزرق) و بابەتی (القرآن والتفسير العصري)، ئەمانە چەند لێکۆڵینەوەیەکی قووڵبوون، کە لە وێستگەی هەستکردن بە لێپرسراوێتی ئەدەبی بەرامبەر خوێندنەوەی زمانەوانی بەیانی بۆ دەقی قورئان نووسراون.

ئەم بابەتانە هەرچەندە زۆرجار چارەسەرێکی زۆر سادە و ڕاوەستان لە سەر سنووری ڕەوانبێژی عەرەبی بووە، هەروەک لە تەفسیرە بەیانییەکەی ئەمە زۆربە ئاشکرایی دیارە[٢]، بەڵام لەمەشدا چەند جیاکەرەوەیەکی خودی هەبوو، کە

---

١- عائیشه عەبدوڕڕەحمان هەردوو قۆناغی ماستەر و دکتۆراکەی لەسەر (رسالة الغفران)ی ئەبوعلای مەعەری بووە.

دار الهلال، التكوين.حياة المفكرين والادباء والفنانين باقلامهم، القاهرة،كتاب الهلال، ع٥٦٦، ١٩٨٨ز، ص ٢٦٣.

٢- ابو زيد، نصرحامد. القراءة الادبية للقرآن، سەرچاوەی پێشوو، ص١٤٨.

کەسایەتی عائیشەی لە بۆچوونی زۆرێک لە زانایانی تەفسیر جیا دەکردەوە، ئەندازەیەکی باشی لە چاوڕوونی خودی پێشکەشکرد، کە ئەو وا لە قورئان دەڕوانێ، کە یەکەیەکی زمانەوانی تەواوە و هەندێکی هێندەکەی تری تەفسیر دەکات[1]، بەمەش ڕەخنەیەکی ئاڕاستەی ڕاڤەکارانی قورئان لە کۆندا کرد، کە هیچ گرنگیان بەتایبەتمەندی زمانەوانی دەربڕینەکان و چەمک و لێکدراو و وشەکان و بارودۆخی ناوخۆی دەقەکە نەداوە.

بە دەربڕینی (عبدالجبار الرفاعی)، کە لە بابەتی ئاڕاستە نوێکانی تەفسیردا، دەڵێ: ڕەوانبێژی کۆن هەر بەشێوەی بەشیی دەقی قورئانی وەردەگرت و تەنیا گرنگی دەدا بەلایەنی بەڵگەیی و جوانکاریی وشە و ڕستە و بڕگە، هیچ باسی تێگەیشتنی لایەنی هونەریی دەقەکەی نەدەکرد، تاکو بگاتە چۆنێتی دیاریکردنی چنینی ئەندامی بۆ دەقەکە، کە هەموو ڕستە و وشە و بڕگەکان بۆ ئەو واتا هونەرییە هاتوون، کە لێرە کۆکراونەوە و دابەزیون.

عائیشە لەمەدا، بە دوای خوولی مامۆستای کەوتووە، لە بەرچاوگرتنی زانستیی مێژووی دەستەواژە قورئانییەکان، گونجانی لێکدراوەکانیش لەگەڵیدا، چونکە گرنگترین لایەنی تەفسیری بەیانی بریتیە لە زاڵبوون بەسەر ئەو لایەنەی، کە موعجەم و فەرهەنگە زمانەوانییەکان تیایدا هەژارن، کە بەدواداچوونی ڕەوتی پەرەسەندنی واتاکانی وشە و دەربڕینەکانە لە سەردەمە جیاوازەکانی قورئاندا و لە بۆنە و هەڵکەوتە گۆڕاوەکانیدا.[2]

لەسەرەتا ئاماژەمان بەوەکرد، کە خوولی تەفسیرکردنی بابەتی قورئانی پێباشترە، واتە کۆکردنەوەی ئایەتەکانی سەر هەر بابەتێک لە هەموو سوورەتەکان و ڕیزکردنی ئەم ئایەتانە بە پێی ڕیزبەندی زەمانی دابەزینیان و زانینی هۆکاری

---

[1]- النيفر، حميدة. الانسان والقرآن، وجهالوجه. بيروت، دمشق، دار الفكر المعاصر. ط١، ٢٠٠٠ز، ص ١٢٥.

[2]- الرفاعي، عبدالجبار. الاتجهات الحديثة في التفسير، مجلة قضايا اسلامية معاصرة، ع٤، ١٩٩٨ز، ص ١٣.

هاتنیان و ئەو بارودۆخەی تێیدا هاتوون، پاش ئەم ڕیزبەندیە قۆناغی تێگەیشتن و تەفسیرکردن دەستپێدەکات[1]، عفت شەرقاوی پێیوایە، کە عائیشە لەم داواکاریەی مامۆستاکەی لایداوە و خۆی پەیوەست نەکردووە بە بانگەشە بۆ تەفسیرکردنی بابەتی، چونکە ئەگەر خۆی پەیوەست کردبایە، چەند لێکۆڵینەوەیەکی بە پێزی لەو بوارە دەبوو).[2]

تەنیا بەنمونە هێنانەوەی سوورەتە کورتەکان، عائیشەی زۆر نزیک کردەوە لە تەفسیری بابەتیی، چونکە لە هەر سوورەتێکی کورتدا، بابەتێکی دیاریکراو هەیە، هەروەها بابەتی تریش هەیە، کە دوورە لە تەفسیری بابەتی وەک لێکۆڵینەوە لە بارەی بوونی بۆنە و گونجاوی لە نێوان ئایەتەکان، کە دەتوانرێ بگوترێ عائیشە، لێرە هەردوو لایەنی تەفسیری بابەتی و چنینی ئەدەبی گشتگیری دەقەکەی بەیەکەوە کۆکردۆتەوە.[3]

(شەرقاوی، لە درێژەی بەدواداچونەکانی بۆ هەڵسەنگاندنی ڕۆڵی عائیشە لە تەفسیری هاوچەرخدا پێیوایە، کە ناوبراو کۆشش و هەوڵێکی ناوازەی داوە، وەک تێڕوانینە قووڵەکانی لە تەفسیری سوورەتی عەلەقدا[4] و توانای ئەو لە وروژاندنی ژوانی یەکەمی وەرگرتنی قورئان، هەروەها ئارامییەکی زۆری هەبووە لە بەدواداچوونی واتا و بەکارهێنراوەکانی وشە و دەربڕدراوەکان، لە موعجەم و فەرهەنگە کۆن و نوێکاندا و بەراوردکردنی لەگەڵ واتای وشەکە لە قورئاندا، لەمەشدا جاریوایە دەگاتە دەرەنجامێک، کە ڕاڤەکاری قورئان لە کۆندا پێی

---

[1]- خولی، امین. مناهج تجدید في النحو واللغة والتفسیر والادب، القاهرة، دار المعرفة، ١٩٦١ز، ص ٣٠٦.

[2]- الشرقاوي، عفت. الفکر الدیني في مواجهة العصر، دراسة تحلیلیة لاتجاهات التفسیر في العصر الحدیث، القاهرة، مکتبة الشباب، ١٩٧٦ز، ص٣٤٠.

[3]- هەمان سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو.

[4]- عبدالرحمان، عائشة. التفسیر البیاني للقرآن الکریم. مصر، دار المعارف، ١٩٦٨ز، ص١٥- ٢٣.

نەگەیشتوون و ئەو هێما و تەنزەی، کە عائیشە بۆ ڕەخنەگرتن لەوان بەکاری دێنێ).[1]

وەک ئەوەی شەرقاوی دەیەوێ پێمان بڵێ، کە ڕاڤەکاری قورئان لەکۆندا، نەیویراوە خۆی لە هەموو بوارێکی تەفسیر بدا و ئەوەی تەفسیری ڕاشکاو و ئاشکرای نەبوو بێ خۆی لێ نەداوە، هەروەها شەرقاوی بابەتی هەمەجۆری و بوونی چەند جۆرێک لە پێکان دەوروژێنێ و دەڵێ: (بواری ئەدەبی جیاوازە لەبوارەکانی تر، چونکە لە بوارە زانستییەکان پێکان و ڕاستی، مەبەست تەنیا یەک ئامانجە، بەڵام ئایا ڕاستی و مەبەستی دەقی ئەدەبیش هەر وایە؟ ئایا تەنیا یەکلێکدانەوە و تەفسیر بۆ هەر دەقێک ڕاستە و لێکدانەوە و تەفسیرەکانی تر، گشتیان هەڵەن؟)[2]

لە دوای ئەمە، عەفەت شەرقاوی بە بەڵگەی بەهێز پێش عائیشە عەبدوڕڕەحمانیش دەکەوێتەوە و دەڵێ:

(ئێمە ئەوە ڕەتدەکەینەوە، کە ئایەتێک چەند مەبەست و لێکدانەوێکی ڕاست و بەریەککەوتووی هەبن، مەگەر ئەم هەموو ڕوانە و ئاڕاستە و لێکدانەوە زۆرانە بۆ ئایەتێک بە بەڵگەی ئاشکرا باسکرابن، کە هەموو ئەو مەبەستانە ویستراو و خواستی پەروەردگارن، کەوا نەبێ ئێمە ناتوانین لێکدانەوەی ئەم هەموو ڕاڤەکارانەی قورئان، کە زۆرجار جیاواز و بەریەککەوتوون هەموویان بە موراد و ویستراوی خوا بزانین، بەڵام هەوڵدەدەین، کە لە ناو ئەو لێکدانەوە زۆرانە، بەواتا و مەبەستی ویستراو و مورادی خوا بدۆزینەوە، ئەمەش هەوڵ و کۆشش و بەدواداچوونی دەوێ، لەمەشدا هەریەک لەم هەوڵدەرانە بە ئەندازەی بەرچاوڕوونیی و بەسیرەکەیان بێدارییان پێدەدرێ، ئەم بەرچاوڕوونییەش ڕوحی ئەو وزە عەقڵییەیە، کە ڕێژەییە لە ناو بەندەکان، بەمە واتای تەقوا و پارێز لە دڵەکاندا دەردەکەوێ).[3]

[1]- الشرقاوي، عفت. الفكر الديني في مواجهة العصر، سەرچاوەی پێشوو، ص٣٤٠ - ٣٤١.
[2]- هەمان سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو.
[3]- هەمان سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو.

شەرقاوی لێرەدا، لە عائیشە بەرچاورۆشنتربوو، ئەو پێیوایە کە: (لێکدەرەوە و ڕاڤەکاری قورئان لەکۆندا ئەوە تێدەگات، کە ئەو دەقەی لێکدانەوە قبوڵ دەکات کۆمەڵێک ئەگەرە، ئەم ئەگەرانەش هەندێکیان بەسەر هەندێکیاندا تەرجیح و پارسەنگ دەدرێن، چونکە ڕەوتی گشتی دەقەکە ئەو ئاراستە دەسەپێنێ، بەڵام ئەم پارسەنگدانە لای شەرقاوی ناتوانێ دڵنیایی بدا و لێکدانەوەکانی تر هەموو بەهەڵە بزانێ، بەڵام عائیشە ئەم دەرەنجامەی پەسندکردووە، شەرقاوی دەڵێ لێکدانەوە و تەفسیرە بەهێزەکان، هەمیشە هەوڵدەدەن ئەوەمان تێبگەیەنن، ئەگەری زۆرتر هەیە لەدەقی قورئانی).[1]

عائیشە عەبدوڕڕەحمان بۆچونێکی بنچینەیی، لە ئیمامی خەتابی هێناوە- کە لە ساڵی ٣٨٨ ك، مردووە- پێیوایە کۆڵەکەی ڕەوانبێژی قورئانی لەسەر (جۆرێک لە گووتە و دەربڕدراو دانراوە، کە هەموو بەشەکانی گوتارەکان لەخۆی دەگرێ و ئەو تایبەتمەندیی و شێوازەی هەیە، کە وشە و دەستەواژەی تریشی لە جێ دابنرێ، هەر واتای خۆی بەدەستەوە دەدا، بەڵام گۆڕینی واتا، وەک گۆڕینی دەربڕدراو و وشە نییە، چونکە گۆڕینی واتا تێکچوونی گوتە و دەستەواژەکان دەخوازێ و جوانیی و بریقەداریی ڕەوانبێژی بەهۆیەوە لەناو دەچێ).[2]

هەرچەندە عائیشە، هەندێ بەشی قسەکانی خەتابی ڕەتدەکاتەوە، بەڵام پوختەی بۆچوونەکەی پەسند دەکات و دەڵێ: (ئەو تێبینی و سەرنجەیە، کە عبدالقاهر جورجانی، ڕەوتی ڕەوانبێژی لە ئیعجازی قورئاندا لە سەر بنیاتناوە، تاڕادەیەکی باشیش لەگەڵ بۆچوونی ئێمە، لە ئیعجازی بەیانی قورئاندا دەگونجێ، بەڵام پاش ئەوە لە مەبەست و دووری ئاراستەکانی و چۆنێتی کردنی بە بەڵگە و لەگەڵی ڕێک ناکەوین، چونکە خەتابی، کە دەڵێ گۆڕینی واتا دەبێتە هۆی هەرەسهێنانی

---

[1] - هەمان سەرچاوە، ل ٣٤١-٣٤٢.

[2] - الخطابي، ابوسليمان. بيان اعجاز القرآن، حققها وعلق عليها: محمد خلف الله و محمد زغلول، مصر، دار المعارف، ١٩٥٦ز، ص ٢٩.

ڕەوانبێژی و ڕەونەقی نامێنێ، مەبەستی تێکچوونی ڕەونەقی دەستەواژە و گوتەکانە لای ئەو، ئەوە بێجگە لە تێکچوونی واتایە).[١]

ئەم ڕێسا و بنچینە، بەسەر بیر و هۆشی عائیشەدا، زاڵە و تێڕوانینەکەی لەمەڕ ئیعجازی قورئان، لەم ڕێسایەوە دەردەچێ و هەر لە ژێرکاریگەریی ئەو ڕێسایەش عائیشە پێیوایە، کە ئایەت نابێ لە لێکدانەوەیەکی ڕاست زیاتری هەبێ، ئەم هەڵبژاردەی عائیشە، بەریەککەوتنی ڕاستەوخۆی لەگەڵ زانستی لێکدانەوە و تەفسیر و دەوڵەمەندی و فرەئاڕاستەیی دەقی قورئانیدا هەیە، ئەوەتا خوێندنەوەی فیقهی و هەڵێنجانی فەرمان و حوکمە فیقهییە جۆربەجۆرەکان و هەڵێنجانی حوکمە شەرعییەکان، بەم ڕەوتە بەرتەنگە سەیری دەقی قورئانیان نەکردووە، بەڵکو بوارەکەیان بە بەرفراوانی کردۆتەوە بۆ درککردنی بیروهۆش و عەقڵی فەقیهـ و تێگەیشتوەکان، هەر بەهۆی ئەم دەرگا والاکردنەشەوە ئەم دەوڵەمەندییە سەرسامکەرە لە هەڵێنجانی فرمانە شەرعیەکان بەرهەمهات، هەروەک دەیبینین لەم هەموو جیاوازییە فیقهی و مەزهەبیەی لەنێوان چوار مەزهەبەکاندا هەن لە تێگەیشتنی دەقی قورئانی.

(کەواتە خوێندنەوەی ئەدەبی زمانەوانیی بۆ دەقی قورئانی، هەر یەکەمجار لەسەر بنەمای جیاواز بوون دامەزراوە، ئەوەشی گوتە و بۆچوونێک هەموو بۆچوونەکانی تر بداتە پاش و بسڕێتەوە، لە بەرژەوەندی دەقی باڵای قورئانی نییە، چونکە گوتاری قورئانیی خاوەنی چەندین ئاڕاستە و ڕووکاری ئەدەبی و ڕەوانبێژییە، کە بوار دەڕەخسێنێ بۆ هەموو هەستەوەرێک، کە لێکدانەوەی گونجاوی بۆ بکات لە چوارچێوەی ئەو میکانیزمانەی، کە دەبنە هۆی چاوڕۆشنیی و لە ڕاڤەکاری قورئانە بوون، ئەم ئاڕاستانە بەیەکدەگەن و یەکتر ناسڕنەوە و بە هەموویان خزمەتی ڕاستەقینە دینیی و ئەدەبییەکە دەکەن).[٢]

---

[١]- عبدالرحمان، عائشة. الاعجاز البياني للقرآن. مصر، دار المعارف، ١٩٨٤ز، ص١٠١.

[٢]- الشرقاوي، عفت. الفكر الديني في مواجهة العصر، سەرچاوەی پێشوو، ص ٣٤٣.

عائیشه هەمیشه خوێنەر لەلایەنی هەست و هۆشەوە ئامادە دەکات، کە لەکاتی خوێندنەوەی دەقی قورئانیی خۆی ئامادە بکا، کە نهێنی نوێ و سەرسامکەر بزانێ و ئاسۆی نوێ لەبەردەمی بکرێتەوە، (ئەوەی کە منی سەرسامکرد، ئەوانیش سەرسام دەکات، نهێنییەکانی بەیان، کە بەشێوازی ئیستقرائی- هەڵێنجانی بنچینەکان لە لق و چڵ و پۆپەکان- و خوێندنەوەی هەستەوەرانە و بەدیقەت، دەربڕینەکانی هیچ گوتەیەکی تر ناتوانێ جێیان بگرێتەوە، تەنانەت ناتوانرێ هیچ پیتێک لە شوێنی پیتەکانی دابنرێ، تەنانەت لە بزوێن و شێوازی دواندن، هەموو ئەمانە، لە ناو دەقێکی ڕەوانبێژی ڕێکخراو و سەرسامکەر سەنگەری خۆیان گرتووە).[١]

هەر بۆیە، هەستی خوێنەر لە سەرەتادا لە ترۆپکی هەستەوەریدایە، بەڵام کە دەگەیە کۆتایی دەستکەوتی بیروهۆش و بۆچوونەکانی ئەم هەستە نامێنێ، چونکە خوێنەر هیچ خوێندنەوەیەکی ڕەخنەگرانەی هەڵسەنگێنەر، لە قووڵایی فیکر و باڵکێشیەکانی نابینێ، بە نمونە باسی واوی سوێند خواردن دەکات و دەڵێ:

ئەوەی من دوای لێوردبوونەوە لەو سوورەتانەی، کە بەم جۆرە واوە دەست پێدەکەن، دڵم لەسەری ئۆقرەی گرت، ئەوەیە پێدەچێ ئەم واوە لە بابەتە زمانەوانییەکەی دەرچوو بێ — کە سوێندی بە گەورەگرتنە- و بۆ واتای بەیانیی بەکار هاتبێ، هەروەک چۆن شێوازەکانی داخوازیی و نەهی و پرسیار، هەندێک جار لە بنچینەی مەبەستەکانیان بۆ مەبەستێکی ڕەوانبێژی دەردەچن، بۆیە لێرەدا، ئەم واوە ئاوڕدانەوەیەکی سەرنجڕاکێشە بۆ هەستەوەرە درککراوەکان، کە ئەمە جێی سەرسوڕمان نییە و ڕێخۆشکردنێکی بەیانییە بۆ هەڵنان بۆ درککردنی ئەو واتا شاراوانەی بە هەستەکان درک ناکرێن.

واوی سوێند، شێوازێکی ڕەوانبێژییە بۆ ڕوونکردنەوەی واتا، بە هەستەکان، مەبەستیش سەرنجڕاکێشانە بۆ گەورەیی و بایەخی سوێند پێ خوراوەکە، لە سوێندەکانی سوورەتی زوحا و سوورەتەکانی تریش، چەند وێنایەکی مادی

---

١- عبدالرحمان، عائشة. التفسير البياني للقرآن الكريم، سەرچاوەی پێشوو، ج١، ص ١٨.

درککراو و چەند دیمەنێکی بینراو سەرنجمان ڕادەکێشێ، ئەمە ڕێخۆشکردنێکی بەیانییە و بینراوە، بەڵام بۆ وێنەیەکی تری مەعنەوی هاوشێوەی خۆی، بەڵام نەبینراو و درکنەکراو بەکاردێ، کە هەندێ کەس نکولی لەو وێنە و دیمەنە درکنەکراوە دەکەن.

بۆیە قورئان کاتێ سوێند دەخوات بە زەردەپەڕی بەیان و شنەی بەیان و ڕۆژی ڕووناک و شەوی ئارام و بێدەنگ وکپ و داپۆشەر، ئەمانە چەند دیمەنێکی درککراو و دیارن، بۆ دەرخستنی واتاکانی ڕێنمایی و ڕاستی و گومڕایی و ناحەق و ڕووناکی و تاریکی دوو دیمەنی درککراون و هەستپێکراون بەو سوێندە پێیان، هەروەک چۆن لە جیهانی دیمەنە هەستپێکراوەکاندا زۆر ئاساییە، کە دوای ڕۆشنایی چێشتەنگاو و نیوەڕۆ، جیهان ڕادەستی شەوەزەنگی ئەنگوستە چاو دەکرێ، کەواتە زۆر سروشتیە، کە مرۆڤایەتی دوای ڕێنمایی ڕادەستی گومڕایی بکرێ، بە پێچەوانەش لە گومڕاییەوە ڕادەستی ڕێنمایی بکرێ، کە من - عائیشە دەڵێ- ئەم جۆرە لێکدانەوەم لای ڕاڤەکاری قورئان بە ئاشکرایی نەدیت.[1]

عائیشە عەبدوڕڕەحمان لە ئاسۆی مامۆستا و هاوسەرەکەی تێنەپەڕی، هەمیشە شانازیی هەرەگەورەی ئەوەبوو، کە ئەو یەکێکە لە خوێندکارەکانی ئەمین خوولی، هەر چەندە چەسپاندنیشی بۆ بنەماکانی خوولی لاواز بووە، سووربوونی لەسەر پێشکەشکردنی کتێبەکانی بۆ خوولی مامۆستای، کە دەڵێ کتێبەکانی پێشکەشکردووە بەو کەسەی ئەم پەیڕەوەی فێرکردووە و لە ویژدان و دڵ و عەقڵ و هۆشماندا دەژی، ئەم خۆبەستنەوەی عائیشە بە هاوسەرەکەی، هیچ بوارێکی بۆ عائیشە نەهێشتەوە، کە خوێندنەوەیەکی ڕەخنەگرانەی سەربەخۆی هەبێ.

هەر لەم چوارچێوەشدا، عائیشە لە کتێبی: "قورئان و هەوڵدان بۆ تێگەیشتنێکی هاوچەرخانە" هێرشێکی توند دەکاتە سەر دکتۆر مستەفا مەحمود ، لەو بنەمایەی

---

[1]- عبدالرحمان، عائشة. التفسیر البیاني للقرآن الکریم، سەرچاوەی پێشوو، ج١، ص ٢٥- ٢٦.

ئەمین خوولی، کە دەڵێ: (دژایەتی ئەو کەسانەی وابەستەکردنی نێوان کتێب و دەقەکانی دین و ڕاستییە هەمەچەشنەکانی زانست، دەکەنە سەلمێنەری ڕاستگۆیی و موعجیزەی ئەو دینە و شایەنبوونی ئەو دینە بۆ مانەوە).[1]

عائیشە بەگیانێکی پەیڕەوی پتەو دەڵێ: (بێگومان هیچ دەقێکی دینی ڕاست، بەریەککەوتنی لەگەڵ ڕاستیەکی زانستیی سەلمێنراودا نییە، کە گەڕان و بەدواداچوون بیسەلمێنێ ئەم ڕاستیە زانستییە سیستەم و دیاردەیەکی گەردوونی و سونەتێکی بوونەوەرە، بەمەش ئەوە ساغ دەبێتەوە، کە ئەم کتێب و دینە شایانی مانەوەیە و چاکە و لەگەڵ زانست دێتەوە و ڕەخنەی لێناگیرێ.[2]

بەڵام قورئان هیچ پێویستی بەم ڕێگەیە نییە، ئەم بۆچوونە قورئان لە ئامانجە مرۆڤایەتیی و کۆمەڵایەتییەکەی لە چاکسازیی ژیاندا و بۆ گرنگیدان بە زانستییە سروشتی و گەشەپێدانی خود دوور دەخاتەوە).[3]

خەڵکانێک باسی تەفسیری زانستیی دەکەن، کە لەگەڵ پێشکەوتنی زانستیی بێتەوە و لەگەڵ ئەو داهێنراوە زانستییانە و ئەو نهێنیی و پەرەسەندنانەی، کە لە گەردیلە و ئەلکترۆن و بایۆلۆژیا و گەردوونناسی بگونجێ، لێرەدا کەسانێک دەپرسن: چۆن دەبێ تێگەیشتنمان بۆ قورئان دەقبەستوو بێ و لە سەر هەمان تێگەیشتنی چواردە سەدە پێش ئێستا بمێنێ؟ ئاخر ئەوان بە بیر و هۆشێکەوە ژیاون، کە نەیانزانیوە تەکنەلۆژیا چییە و کیمیای ئۆرگانی و جیۆلۆجیایان نەزانیوە و هیچیان لە ئەنسرۆپۆلۆژیا و زانستیی کۆرپەلە و توێکاری نەزانیوە؟.

ئەم پرسیارە، کە بە ڕووکەش زۆر جوان و بەجێیە، خەڵکی گوێی بۆ دەگرن و قەناعەتیان پێیەتی، بێئەوەی بزانن ئەم پرسیارە هەڵدێران و هەڵخلیسکانە و عەقڵ و بیروباوەڕ دەشێوێنێ، چەمک و تێگەیشتن و شێوازەکانیش تێکەڵ و پێکەڵ دەکات

---

[1]- خولی، امین. مناهج تجدید في النحو واللغة والتفسیر والادب، سەرچاوەی پێشوو، ص٢٩٤.

[2]- هەمان سەرچاوە، ل٢٩٤- ٢٩٥.

[3]- هەمان سەرچاوە، ل ٢٩٦.

و بەرەو سەرگەردانی و گومڕاییان دەبات، با دەست بە عەقڵ و ئیمانمانەوە بگرین، بانگەشە بۆ تێگەیشتنێکی هاوچەرخانە بۆ قورئان بە پێچەوانەی ئەو تێگەیشتنەی، کە پێغەمبەری ئیسلام ڕۆشنی کردۆتەوە، دەمانگەیەنێتە بیرۆکەیەکی ژەهراویی و خەڵکی لە موعجیزە و پەیڕەوی پێغەمبەری نەخوێندەواران دوور دەکاتەوە، ئەو پێغەمبەرە (دروودی خوای لەسەر)، کە بۆ کۆمەڵگەیەك نێردرا تەژی بوو بە نەخوێندەواریی و سواری حوشتر دەبوو، نەیدەزانی سواربوونی مارسیدس و ڕۆلزڕویس بۆینج و ئەپۆللۆ و لۆنا چییە، ئەو شەوانە بە کۆلکە دارێک ماڵی ڕووناک دەکردەوە و ڕووناکی کارەبای نەدیوە، ئاوی زەمزەم و بیروکارێزانی دەخواردەوە و ئەم خواردنەوە و ساردەمەنی و بەستەنیانەی هەر نەبینیبوون!. ئالێرەدا ئەم بیرۆکە، دزە دەکاتە ناو عەقڵ و هۆشی ئەم نەوە دەڵێ: ئەگەر قورئانێک زانستی پزیشکیی و توێکاری و بیرکاری و گەردوونناسی و نهێنییەکانی بایۆلۆژی و ئەلکترۆن وگەردیلەتان فێر نەکات و پێشکەش نەکات، ئەوە بەکەڵکی ئەم سەردەمە نایە، هیچ شایانی ئەوەنییە، کە عەقڵ و هۆشی ئێمەی سەردەمی زانستیی پێوە خەریک بێ!! ئابەم شێوە، بە ناوی زانستی سەردەم لەو تەفسیر و تێگەیشتن و لێکدانەوەیان دوور دەخەنەوە، کە پەیامبەر و یارانی قورئانیان پێ لێکدەدایەوە، تا وایان لێ بکەین، سەردەمیانە لە قورئان بگەن، لێکدانەوەکانیان تێکەڵ بە ئەلکترۆن وگەردیلە و بایۆلۆژیا و تەکنەلۆژیا بکەن، لێکدانەوەی نوێ دابنێن!

ئا بەم ناوە بریقەدارانەوە، لێکدانەوەی سەیروسەمەرە و عەنتیکە بە ناوی تەفسیری هاوچەرخەوە پێشکەش دەکرێ، کە چاوەکان سەرسام دەکات و ناهێڵێ بەجیاکردنەوەی حەق و ناحەق خەریک بن و پەلکێشیان دەکات، بەرەو جەدەل و چەنەبازی، لەبری بیرکردنەوە لە زانست و فێربوون.

**﴿وَمِنَ النَّاسِ مَن يَشْتَرِي لَهْوَ الْحَدِيثِ لِيُضِلَّ عَن سَبِيلِ اللَّهِ بِغَيْرِ عِلْمٍ وَيَتَّخِذَهَا هُزُوًا أُولَئِكَ لَهُمْ عَذَابٌ مُّهِينٌ﴾ [لقمان ٦]**

هەندێک لە خەڵکی هەن قسەی بێ خێر و بێ مانا دەکڕن (وەک گۆرانیە ناپوختەکان، کتێب و شریتە بێ خێرەکان... هتد) تا خۆی و کەسانی تریش لە

ڕێبازی خوای گەورە وێڵ بکات، بێئەوەی هەست بکات بە مەترسی کارەکەی و بزانێت چ کەتنێک دەکات بە خۆی و خەڵکی، بۆیە ئەو شتە بێ نرخە دەکرێت، تا گاڵتە بە پەیام و ڕێبازی حەق بکات، ئا ئەوانە سزا و تۆڵەیەکی ڕیسواکەر و ئابڕووبەر چاوەڕێیانە.

﴿وَإِذَا تُتْلَى عَلَيْهِ آيَاتُنَا وَلَّى مُسْتَكْبِرًا كَأَن لَّمْ يَسْمَعْهَا كَأَنَّ فِي أُذُنَيْهِ وَقْرًا فَبَشِّرْهُ بِعَذَابٍ أَلِيمٍ﴾ **[لقمان ٧]**

هەر کاتێکیش ئایەتەکانی ئێمەی بەسەردا دەخوێنرێتەوە، فیز دەکات و فوو دەکاتە خۆی و پشت هەڵدەکات، هەر وەک نەیبیستبێت، هەروەک لە گوێیدا قورسی و گرانیی هەبێت، کەوابوو مژدە بدە بەو جۆرە کەسانە، بەوەی سزای بە ئێش چاوەڕێیانە!! زانست فەرزە، شایەتیدان ئەمانەت و سپاردەیە، گوتنی وشەی حەق لێپرسراوێتی و ئەرکە، لە دژی ڕەوتی گومڕاکاران (عائیشە) دەڵێ: من فەریزە و واجب و ئەرکی زانست بەجێدەهێنم، ڕاسپاردە و ئەمانەتی شایەتی دەگەیەنم، تاکو تووشی نەفرەتی دڵڕەشبوون نەبم.[1] ئەمە گرنگترین جیاکەرەوەکانی هزرە ڕەخنەییەکەی عائیشە عەبدوڕڕەحمان بوو، کە لە خوێندنەوەی چەسپاندنی بە سەر دەقی قورئانی بەرجەستە بوو، لە چوارچێوەی ئەو پەیڕەوەی، کە شێخ ئەمین خوولی بنەماکانی دانابوو، هەرچەندە عائیشە یەکێک بوو لە خوێنەرەوە چالاک و ڕاستگۆکانی قوتابخانەی ئەمین خوولی، بەڵام بەهێزترینیان نەبوو، بۆیە وەک لەمەو دوا دەبینین، کە بەخت زیاتر یاوەری شوکری عەییاد بوو.

---

[1]- عبدالرحمان، عائيشة. القرآن والتفسير العصري، سەرچاوەی پێشوو، ص ٧- ٩.

## شوکری عەیاد و جێبەجێکردنی خوێندنەوەی ئەدەبیی:

باسی هەر یەکێ لە ئەندامانی ئومەنا و ئەمینییەکان بکەی، دەبێ هەڵوێستە لای ئەو شوێنەوارە هزریی و روحییە بکەی، کە ئەمین خوولی بەسەریانەوە بەجێیهێشتووە، هەر چەندە (عائیشە عەبدورڕەحمان) بەهۆی هاوسەرگیری، هەندێ تایبەتمەندی هەبوو، بەڵام لەکۆتاییدا هەر دوو ڕەگەزی " زانیاریی" و "پەیڕەو"، هۆکاری دروستبوونی هەڵوێست و کەسێتی شوکری عەیاد بوون لە خوولی مامۆستایەوە، هەرچەندە لە ئاسۆی شێخەکەشی لەڕووی زانین تێپەڕی، بەڵام هزری هەر لە دەوری شێخەکەی بوو.

شوکری عەیاد، ڕۆڵی ڕۆشنکەرەوەی سەربەخۆی پێشەنگی مامۆستاکەی بەرز دەنرخاند، ئەو ڕۆڵەی بەوە وەسفی دەکات، کە دانانی کەمێک لە ڕۆن زەیتە لە ناو بیرومێشکی شاگردەکەی، تا هەمیشە ئەم تۆزە زەیتە، لە ناو تاریکیەکاندا بە درەوشاوەیی تاریکییەکە ڕووناک بکاتەوە[1]، ئەم هەستە ڕۆشنکاریەی زانست هەمیشە لە ناو هۆش و هەستی شوکری دابوو، چۆن ئەو لە سەردەمی گەنجی و خوێندکاری زانکۆدا، بە ڕەخنەگرانی مامۆستای سەرسام نەبوو، تەنیا ئیبراهیم مستەفا و ئەمین خوولی، توانیان جێ لەناو دڵی ئەم لاوەدا بکەنەوە، شوکری دەڵێ: (زۆر لەو ڕەخنەگرانە فێربوون لە کتێبەکانیان بەسوودتربوو لەفێربوون لەکۆڕ و وانەکانیان، تەنیا ئەو دوو مامۆستایە، کە کتێبەکانیان جێی وانەکانیانی بۆ نەدەگرتمەوە.

---

[1]. عیاد، شکری. تجارب في الادب والنقد. القاهرة، سەرچاوەی پێشوو، ص ٦٥. قەیام ئاماژە بەنووسینێکی عەیاد دەکات، کە لەبارەی مەحمود محەمەد شاکر نووسیویەتی: (بەڕاستی مەحمود شاکر، وەک یاخیەک لە ژیانی کەرنەڤاڵ و میهرەجان ژیا، لەم ژیانەدا بەوە ڕازی بوو، کە وەک ڕاهیبێک کۆڵی ڕووناککردنەوەی تاریکی هەڵگرێ، لەمەشدا کەس هاوکاری نەکرد، کۆمەڵێک کەسانی باش نەبێ، کە هۆنراوەکەی (صلاح عبدالصبور) لەسەر وان بەڕاست دەردەچێ، کە گوتویەتی:
لەوانەیە هیچ کامیان هێندەی نەبێ تادەمی پڕکا،
بەسوکی بەم جیهانادا ڕادەبوورن هەروەک نەسیم
دەستەمۆن وەکو بێچووەکۆتر. کەچی گرانترین کۆڵیان لەسەرشانە
کۆڵی ئەوە کە مۆمێکی نوێ لە تاریکایی لەدایک بێ.

بواری مستەفا تەنیا ڕێزمان و ناساندنی شیعری کۆن بـوو، بەڵام ئەمـین خـوولی هەمیشە لە گفتوکۆ و هەوڵ وکۆششدا بوو، بەگفتوگـۆ و دیـالۆگە سـوکراتیەکانی، توێکڵەکانی تێکدەشکاند و بابەتەکـانی دەبـوونە نـاوک و کاکـڵ، خوێنـدکارەکانی دەکردە کۆپیکراوێک لە کەسایەتی خـۆی، لە هەمـوو پرۆژەکانیـدا دووربـین بـوو، دەرگای پرۆژەکانی بەکراوەیی لەدوای خۆی بەجێدەهێشـت و پێـوەی نەدەدا، بـۆیە پەیوەندیم بەم مامۆسـتایانەم هێشـتەوە، بەتـایبەت ئەمـین خـوولی، تـا کـۆچی کـرد، سـێبەری بـووم و لەدوای گەڕانەوەشـم بـۆ زانکـۆ لەگەڵ خوێنـدکارەکانم لە سـەر ڕەوتی ئەو درێژەم بەفێرکردندا).[1]

هەر ئەم وابەستە ڕوحـی و هـزرییە، لە هەمـوو هەنگاوەکـانی لەمەودوای دیـارە، ئەو لە پێشەکی کتێبی -میتۆدەکانی نوێکردنەوەی ڕێزمـان و ڕەوانبێـژی و تەفیسـر و ویژەیـی شـێخەکەی دەڵـێ: (ڕەوتـی تەفسـیری ئەدەبـی قورئـانی پیـرۆزی شـێخی خوولی، بانگەوازێک بوو بۆ کۆشش کردن بـۆ تێگەیشـتن لە کتێبـی ڕۆشـنکراو بە تێگەیشـتنێک کە سـنووری تێگەیشـتنی تەفسـیرە کۆنەکـان تێپەڕێنـێ، چـونکە ئەو تەفسـیرە کۆنـانە زۆربەیـان گرێـدراوبوون بە ئەفسـانە کۆنەکـانی گەل و شارسـتانییە دوابڕاوەکـان و بیروبۆچـوونی گەل و نەتەوە یەکتـر قەڵاچۆکەرەکـان، تـا بتـوانرێ هۆکار و شێوازی هـاوچەرخ بەکـاربهێنرێ لە لێکـۆڵینەوەی زمـانەوانی و ویژەیـی و پشــت بە زانســتەکانی ســەردەم ببەســترێ بەتــایبەت زانســتەکانی دەروونناســی و کۆمەڵناسی).[2]

شوکری عەیاد، بە شێوەیەک لەشێوەکان هەست و هزری مرۆڤێکـی وجـودی و بونیادگەرایی لە دەروونـدا جێگیربوو، ئەو ویستی (بـوون) بەوە تەفسـیر دەکـات کە: "ویستی (بوون) واتە هەستکردنی مرۆڤ بەخـودی خـۆی و هەوڵـی بەردەوامـی بـۆ

---

[1] - دار الهلال، التكوين. حياة المفكرين والادباء والفنانين باقلامهم، سەرچاوەی پێشوو، ص ٢٣-٢٤.
[2] - عياد، شكری. تجارب في الادب والنقد. القاهرة، سەرچاوەی پێشوو، ص ٦٣.

پێکهێنانی چارەنووسی، لەو شتانەی ئەو ویستە بۆ مرۆڤی بەدی دێنێ، بەدیهێنانی فێربوون و خوێندنەوە و پەیڕەوی بیروهۆش و هزرکردنییەتی".[1]

تێڕوانینە زانستییەکەی بۆ ئەو واقیع و بارودۆخە، ئەو چوارچێوە فراوانەی هزرکردنی بوو، لە ناو ئەم چوارچێوەشدا بابەتی پەیڕەوی ئەدەبی هەبوو، کە هەموو هزری ڕەخنەیی داگیرکردبوو، ئەوەی ئەم هزرەشی ئاراستە دەکرد و سنوورەکانی دیاری دەکرد؛ پرسی ناسنامەی ڕۆشنبیری و خودی ژیاری کارابوو، ئەم دوو بابەتە، ئەو دوو باڵەبوون، کە ئەم ڕەخنەگرە پێیان دەفڕی بۆ ئاسۆی زانین و ناسینێکی ناوازە.

سەرەڕای ئەوەی، کە شوکری چەندین پرۆژەی بە پێزی لە بواری ڕەخنەدا، بە ئەنجامگەیاند، کە ڕێڕەوی زانستیی ئەو لە سەر ئەم خەرمانە بە بەرەکەتە پەیکەی بەستبوو، بەڵام هەست بە بێئومێدییەکی نامۆ لە ژیانی شوکری-دا دەکرێ، کە بە زمانی ئاماژە و هێما باسی کردووە و هەندێ لە نزیکەکانی تێبینیان کردووە، لەوانەیە دواگوتاری شوکری، کە بە ناونیشانی: عاشقی میسرییەوە[2]، لە گۆڤاری (العربی) ژمارە (٤٩١) مانگی ١٠- ١٩٩٩دا بڵاوی کردبۆوە، ئەو خۆی لە ٢٣-٧-١٩٩٩دا، کۆچی دوایی کردبوو، ئەم گوتارەی پاش مردنەکەیەتی، دوانووسینییەتی بەڵگەگەلێکی قووڵی تێدایە، کە هەستکردن بە سەرگەردانی و ونبوون و نائارامیی و دڵەڕاوکێ لە سەلامەتی ئەو ئاراستەی گرتویەتیەبەر، شوکری لەم گوتارەدا دەڵێ: (بەڵام من میسریم، یان عەرەبیم؟، جیاوازییان نییە، دەمبینی لە هەڵوێستی بینەر و تەماشاکارم، یان لەوانەم، کە لە پاشکۆی کاروانەکە دەڕۆم، کە سەیری دەوروبەری خۆم دەکەم، توشی گومان و شۆک دەبم[3]، خەمەکەم دەبێتە دوو خەم؛ ئایا من دەڕۆم بۆ ئەوەی بگەم؟ یان بۆ ئەوەی کاروانەکەم لێ بزر نەبێ؟ ئەوەتا من دەزانم من چیم، دەشزانم پلەوپایەم لەم چارەنووسەدا لەکوێیە لە هەموو

---

[1]- دار الهلال، التكوين. حياة المفكرين والادباء والفنانين باقلامهم، سەرچاوەی پێشوو، ص ١١.
[2]- نخبة من الكتاب. مرفاء الذاكرة، الكويت: كتاب العربي، العدد٥٤، اكتوبر٢٠٠٣م.
[3]- هەمان سەرچاوە، ل ١٠٥.

گەردوونـدا، مـن دانـدەنێم، کە خەمـی دووەم زیـاتر لە خەمـی یەکەم خەریکـی کردووم، من بەردەوامم لە ڕۆیشتن، بەڵام واباشتربوو، کە ئەم کـاروانە واز لێبێـنم و هیچی تر کلکایەتیان بۆ نەکەم).

با ئەوان لە ڕاکەڕاکی خۆیان بەردەوام بن، من بڕیار بدەم و هەناسەیەکی قـووڵ هەڵکێشم و بەرەو ئاڕاستەی پێچەوانە ملـی ڕێ بگـرم، لە نـاو دڵـی خۆمـدا دەڵـێم: ئەگەر ئەم قافڵەی من کلکمی ڕێنما و پێشەنگی من بـن، ئەوە ئەو پەڕی گـومڕایی و سەر لێشێوانە).[1]

کـاتێ شـوکری کـۆچی دوایـی کـرد و چـووە ئاسـۆی جاویـدانییەوە، حەسـەن تەلەبی شـاعیر بە هۆزانێـک بەنـاوی "دڵنیـایی داڵـدەدان" (یقـین الأمـان) [2]شـوکری دەلاوێنێتەوە، ئەویش هەمان دیالۆگی نامۆ لە خۆ دەگرێ، کە هەر بەنـامۆیی ژیـانی کۆچکردوو دەچێ زۆر ئارەزوومەند بوو، کە لە گەلەسـتێرەی ڕابـردووان ڕزگـاری بێ و بچێتە میهرەجان، شاعیر لەسەر زمانی ئەو دەڵێ:

ڕۆڵەگیان بە هیوای ڕزگاری مەبە، لێرەو بەئاگابە

ئەم پۆلە مەلە نەتخەڵەتێنێ، ئەو بەرەو ڕۆژئاوا دەفڕێ

ئەم مـێگەلە پـاڵنەری تـرس و برسـێتی دەیجـوڵێنێ زۆر تێـڕامێنە وگومانەکـانی نووسین بچەسپێنە

پاشان دەڵێ:

ئێستا هەستم کرد ئازادبووم وگەشتم کرد بەدەریادا

لایەکی شاڕێیەکەم بەرچاوکەوت و شەوڕەویم کرد

لەگەڵ ئاپورای جەماوەرەکە

هاوڕێی ڕێگام ئیبن ڕوشدی برادەرم بوو

لەگەڵ کەسانێکی پاک و کەم و متمانەپێکراو

---

[1]- هەمان سەرچاوە، ل ١٠٦.

[2]- مجلة ابداع، العدد ٩ سبتمبر١٩٩٩م، ص٤ -١٠.

شێخی مەعرە و تاگورو زەنون
ئەوانەی کە ڕۆژی لێ پێچینەوە
ترسیان لەسەر نییە و خەفەتبارنابن.

زانینی هەڵوێستی شوکری عەیاد، بە ئاڕاستە ڕوحیی و ڕۆشنبیرییەکانی پێش چوونە ناو جیهانی ڕەخنەگری شوکری عەیاد، کارێکی زۆرگرنگە، ئەو جیهانەی، کە بەپێی خوێندنەوەی (عبدالمنعم تلیمة) لە سێ لایەنی گەورەدا، خۆدەنوێنێ، کە ئەمانەن:

١- نوێکردنەوەی وانەی ڕەوانبێژیی بە پایەدارکردنی ڕەوانبێژیی لە سەر خودی دەقەکان، تاکو جوانکارییەکانی زمانی عەرەبی و تایبەتمەندیی و شێوازەکانی دەرکەون، ئەم ڕەوتە لە هەردوو نامەی ماستەر و دکتۆراکەی شوکری عەیاددا دەرکەوت، لە ماستەرەکەی کە بە ناونیشانی "وەسفی ڕۆژی لێپێچینەوە لە قورئاندا" بوو، کاری زانستیی ئەو لە سەر ئایەتەکانی باسی ئەو ڕۆژە دەکەن لە قورئاندا لە لایەنێکی تایبەت بوو، کە تایبەتمەندییە بەیانیی و شێوازی جوانکارییە گشتییەکان بوو لەو ئایەتانەدا، بەڵام دکتۆراکەی لە سەر "وەرگێڕانە کۆنەکانی شیعری ئەرستۆ بۆ سەر زمانی عەرەبی و کاریگەریی لە سەر ڕەوانبێژی عەرەبی" بوو.(١)

٢- لایەنی دووەم ڕەسەنکردنی نوێکردنەوە و گرێدانی بوو بە کەلەپوور، تلیمە لەم لایەنە باسی ئەم لێکۆڵینەوانەی عەیاد دەکات، وەک توێژینەوەی "پاڵەوان لەناو ئەدەب و ئەفسانەکاندا/ ١٩٥٩" لەم توێژینەوەدا، عەیاد باسی بەڕەسەنکردنی میتۆدێکی نوێ دەکات بۆ دۆزینەوەی بۆ ماوەی کۆمەڵگاکانی مرۆڤایەتی، کاریگەری ئەم کەلەپوورەش لەسەر داهێنانەکانی کۆمەڵگا لە مێژووی هەزاران ساڵەیدا.

---

١- تلیمة، عبدالمنعم. القوة الناقدة والقوة الخالقة: شكري محمد عياد، مجلة ابداع، ع٩ سبتمبر١٩٩٩ز، ص ١٩.

هەروەها لێکۆڵینەوەی "دەروازەیەک بۆ زانستی شێواز/ ١٩٨٣"، کە لەم بابەتەدا زانستیی شێوازی نوێ گرێدەدا بە ڕەوانبێژی و ڕەخنەگرتنی مێژوویی و چەند نمونەیەکی کرداریی بۆ چەسپاندنی ئەمە لە شیعری عەرەبیدا باس دەکات.[١]

سێیەم بابەتی عەیاد لەم لایەنە لێکۆڵینەوەیەکی سێ کوچکە بوو: زمان و داهێنان، ئەدەب و ژیار، بازنەی داهێنان.[٢]

عەیاد لەم سێ کوچکەدا، وێنەیەکی گشتگیری بۆ تیۆری ئەدەب و پرۆگرامی توێژینەوە و ڕێبازەکانی ڕەخنەگرتن گەڵاڵە کرد.

٣- ئەم لایەنە پرۆگرامی ڕەخنەی چەسپاندنی کردارییە، لەمەدا عەیاد هەڵساوە بۆ لێکۆڵینەوە لە دەقەکە لەهەموو تایبەتمەندییەکانی ڕەوانبێژیی و زمانەوانی و جوانکاریی، ئەم هەوڵانەش لە سێ کتێبدا کۆکراونەوە، کە بریتین لە:

١- ئەزموونەکان لە ئەدەب و ڕەخنەدا (تجارب في الأدب والنقد)، لە ساڵی ١٩٦٨دا نووسراوە.

٢- ئەدەب لە جیهانێکی گۆڕاودا (الأدب في عالم متغير)، لە ساڵی ١٩٧١دا نووسراوە.

٣- تێڕوانینی سنووردار (الرؤيا المقيدة) لە ساڵی ١٩٧٨دا نووسراوە.

(عبدالمنعم تليمة) ڕێخۆشکردنێکی وردی بۆ جیاکاری ڕەخنەیی و پوختەی کرۆکی ڕەخنەی شوکری کردووە، تەلیمە لەو بارەوە دەڵێ:

ئەم تۆوەی، کە خوولی چاندی، عەیاد چاودێریی کرد و دەوڵەمەندی کرد، تا هەموو ئەو بوارانە بگرێتەخۆ، کە زانایانی زمان و ئەدەب و ڕەخنە باسیان کردووە، کە بیانبووژێننەوە، ئەمەش بە کەلەپوری زمان و ڕەوانبێژی پێکدێ، لەمەشدا دەبێ پشت بە زانستە نوێیەکان ببەسترێ، تا بگەینە زانستێکی عەرەبی هاوچەرخ بۆ

---

١- هەمان سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو.

٢- هەمان سەرچاوە، ل ٢٠.

تـوێژینەوە لە ئەدەب، کە لەسـەر کەلەپـوری ڕەسـەن بنیـات بنـرێ و سوودیشـی لە هۆکار و ڕێکارە هاوچەرخەکان وەرگرتبێ.(١)

بـۆیە محەمـەد ئەمـین عـالم دەڵـێ: (عەیـاد لە هەرە چەلاکتـرین و پێشـەنگانی قوتابخانەی شێخ ئەمین خوولی، بۆ نوێکردنەوەی هزر و داهێنان ئەژمار دەکرێ).(٢)

ئاڕاستەی تەفسیری ئەدەبیـی بەتەریبـی لەگەڵ دوو ئاڕاسـتەی تـر دەرکەوت، کە ئەوانیش ئاڕاستەی کۆمەڵایەتیی و ئاڕاستەی زانستیی بـوون، ئاڕاسـتەی کـۆمەڵایەتی ڕووی لە لێکـدانەوەی ئەو دەقە قورئانیـانە کـردووە، کە لە چوارچێـوەی کێشـە گەورە کۆمەڵایەتییەکـــان، کە وابەســـتەیە بە پەرەســـەندنی کۆمەڵگـــا و ڕووبەڕووبـــوونەوەی لەگەڵ کێشـــەکانی ســـەردەم، ئەم کێشـــانە پەیوەنـــدییان بە ڕووبەڕووبـونەوەی ئیسـتعمار و بانگەشـەکردن بـۆ یەکگرتـوویی و چاکسـازیی کۆمەڵایەتیی و کێشەکانی پەیوەست بە ژنان هەیە.(٣)

محەمـەد عەبـدە، ڕۆڵێکـی گەورەی هەبـووە لە بەرەوپێشـبردنی ئەم ڕەوتە و ئاوێتەکردنی چاکسازیی کۆمەڵایەتی لەگەڵ بزاڤی بێداریی عەرەبی ئیسـلامییدا، ئەو پرسـیارەش کە خـۆی دەسـەپێنێ ئەوەیە: ئایـا پەیوەنـدیی ئیسـلام بە ژیـاری هاوچەرخەوە چییە؟ ئایا مسوڵمانان تا چەنـد لێوەشاوەن بـۆ وەڵامـدانەوەی لـۆژیکی سەردەم و داخوازییەکانی نوێبوونەوە؟.(٤)

تـاکو هەوڵـی پێشـەنگەکانی ئەم بـوارە لە تەفسـیردا، ببێـتە میتـۆدێکی نـوێ لە بەرگریی لە ئیعجـازی قورئـان و ڕۆشـنکردنەوەی لایەنـی کـۆمەڵایەتی ڕاسـتەقینەی قورئانی(٥)، بەڵام ئاڕاستەی زانستیی لە تەفسیر هەڵوێسـتی ئەمـین خـوولی و محەمـەد عەبدە هەڵوێستێکی میانڕەوە، جولد تسهیری ڕۆژهەڵاتناس دەڵێ:

---

١- هەمان سەرچاوە، ل ١٨- ١٩.

٢- عياد، شكرى. القفز على الاشواك، القاهرة، دارالهلال، ١٩٩٩ز، ص ٥.

٣- الشرقاوي، عفت. شكرى عياد: جسور ومقاربات ثقافية، ط١، ١٩٩٥ز، ص ٢٥٦.

٤- هەمان سەرچاوە، ل ٢٥٦.

٥- الشرقاوي. شكرى عياد ومنهجه في التفسير الادبي، ص ٢٥٦.

(کەمترین ئاست، کە ئەم قوتابخانە بۆی بچێ ئەوەیە، کە قورئان هیچ کاتێ دژی ڕاستییە زانستییە سەلمێنراوەکان نییە).[1]

عفت شەرقاوی ئەم ئاڕاستەی ناوناوە زانستی کەلامی نوێ، چونکە زانستێکە بەرگری لە ڕاستییە دینەکان لە چوارچێوەیەکی عەقڵانییەتدا، دەکات و هەوڵدەدات زانست و دین پێکەوە بگونجێنێ[2]، هەرچەندە ئەم ئاڕاستە زۆر ئاگادارکەرەوە و هۆشداری لە خۆیدا شاردۆتەوە، بەڵام تێڕوانینی مسوڵمانی هاوچەرخ تێڕوانینێکی ئەرێنییە، چونکە ئەم زانستە پەیوەستە بە خۆزگەکانی بەوەی دەستکەوتە ڕوحییەکانی ڕابردووی گرێبدا بە خێر و بێر و لایەنە باشەکانی داهێنراوی ئەم سەردەمە و ئەم بوارە بە کلیلی ڕاستەقینەی ژیاری مرۆڤی ئەمڕۆ دادەنرێ).[3]

حەسەن حەنەفی پێیوایە، کە ئەم ئاڕاستە هەندێ لایەنی ئەرێنی هەن، ئارەزووی تازەگەریی و ڕێزگرتنی ڕێژەیی زانست و ڕووکردنە تەفسیری مێژوویی و کاتی دەکەن، بەڵام ئەو دەڵێ، کە لایەنی نەرێنیشی هەیە، وەک بەردەوامی گوازرانەوە بۆ ماوەیەکی درێژ، بێئەوەی بتوانێ بە تیۆرییە زانستییەکان بگات، هەروەها دەستبەسەراگرتنی دەستکەوتە زانستییەکان، بەبێ بوونی وێناکردنێکی زانستیی بۆ جیهان، لەم بارودۆخە پێشەنگی و پێشڕەوی لە دەست زانستدا دەبێ و دین دەبێتە پاشکۆ و دوواکەوتەی زانست، هەروەها پشتگوێخرانی بابەتە سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و جەماوەرییەکان و خەڵەتاندنی هۆشیاریی و چەواشەکاریی و دوورخستنەوەی خەڵک لە بارودۆخە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکەی و پیشاندانی ئەوە، کە خوای گەورە تەنیا لە سروشت و دیاردەکانیدا دەتوانێ هێزی خۆی بنوێنێ و بەتوانا دەرکەوێ، بەڵام لە ناو کۆمەڵگادا هەمیشە خوای گەورە بە لاوازیی دەردەکەوێ.[4]

---

1- جولڈ، تسیهر. مذاهب التفسیرالاسلامي، سەرچاوەی پێشوو، ص ٣٧٦.

2- الشرقاوي، عفت. الفکر الديني في مواجهة العصر، دراسة تحليلية لاتجاهات التفسير في العصر الحديث. سەرچاوەی پێشوو، ص ٣٩١.

3- هەمان سەرچاوە، ل ٢٥٩.

4- حنفي، حسن. التفسير ومصالح الامة: التفسير الاجتماعي، سەرچاوەی پێشوو، ص١٧٠-١٧١.

له میانەی ڕێسا و هێڵە گشتییەکانی ئەم تەفسیرە سەردەمیانەی ئیسلام، کە گۆڵد تسێهەر ناوی ناوە تەفسیری شارستانیی ئیسلامیی خوێندنەوەی شوکری عەیاد بۆ قورئان گەڵاڵە بوو [1]، عەیاد لەباوەشی مامۆستاکەی، کە ئەمین خوولی بوو، خەریکی نامەی ماستەرەکەی بوو لە ساڵی ١٩٤٨ و مژدەی بە لەدایکبوونی ڕەخنەگرێکی بەتوانا دەدا [2]، بەڵام بەهۆی نامەکەی محەمەد ئەحمەد خلف الله، کە بەناونیشانی "هونەری چیرۆکنووسین لە قورئانی پیرۆز"دا بوو، قوتابخانەی ئەمین خوولی توشی گەردەلولێکی نارەزایی بوو و بەوە تاوانبارکرا، کە بەریەککەوتنی هەیە لەگەڵ بیری دینیدا، بۆیە زانکۆی میسر بڕیاریدا نابێ خوولی، هیچ وانەیەک بڵێتەوە و مافی سەرپەرشتی هیچ دکتۆرا و ماستەرێکی لەسەر قورئانی پیرۆز هەبێ، هەر بۆیە دەبوو شوکری عەیادیش ملکەچی ئەم بڕیارە بێ، یان دەبێ مامۆستاکەی هەڵبژێرێ و بوارەکەی بگۆڕێ، یان بواری توێژینەوە قورئانییەکەی لای مامۆستایەکی تر تەواو بکات، شوکری مامۆستاکەی هەڵبژارد و بوارەکەی گۆڕی.[3]

پاش زیاد لە سی ساڵ، ئەم ماستەرە لە بارێراوە بڵاو دەکاتەوە و لە پێشەکییەکەی نووسیوەتی:

"ئەمە لێکۆڵینەوەیەکە، کە پێش سیوئەوەندە ساڵە نووسیومە، ئەو کاتەی قوتابخانەی تەفسیری ئەدەبی دەیویست بێتە ناو ژیانی خوێندن و ڕۆشنبیریمانەوە، بەڵام زریانی خراپ تێگەیشتن و ئاسۆتەنگی نەیهێشت، هەرچەندە نالێم گەیشتومە مەبەست، بەڵام من وەک ئەو ڕێبوارەم لێهات، کە پێش گەیشتنە مەنزڵ وڵاخەکەم کەوت". [4]

---

١- جولّد، تسیهر. مذاهب التفسیرالاسلامي، سەرچاوەی پێشوو، ص ٣٣٧.

٢- عیاد، شكری. دراسات قرآنیة، یوم الدین والحساب، القاهرة، دار الشروق، ١٩٨٠ز.

٣ - p١٩." Abu-Zayd,Nasr."The Dilemma of the Literary Approach to the Quran

٤- عیاد، شكری. دراسات قرآنیة، یوم الدین والحساب، سەرچاوەی پێشوو، ج١، ص ٩٣.

شوكری وەک نمونەیەكی كرداریی بۆ چەسپاندنی پەیڕەوی مامۆستاكەی لە تەفسیردا ئەم تویژینەوەی بڵاوكردۆتەوە[1]، بەڵام عبدالسلام شازلی پێیوایە، کە شوكری لەم تویژینەوە بە تیۆری گۆستاف لانسۆن (١٨٥٧/١٩٣٤ز) كاریگەر بووە، کە ئەو تیۆرە گرنگی بە قووڵبوونەوە لە تویژینەوەی دەقەكان دەدا، هەر لە سەرەتای شرۆڤەكردنی دەربڕدراوەكانەوە، تا شیكردنەوەی شێوازەكان، واتا و بەڵگەی دەربڕدراوەكان گرێدەدا بە مەبەستی مرۆڤایەتی، ئالێرەدا ئەم تیۆرە بناغەی میتۆدی مێژوویی دەهەژێنێ، لای هەندێ لەو ڕۆژهەڵاتناسانەی لە هەستی زمانەوانی هەژارن، بەتایبەت بۆ واتای دەقە دینی و ئەدەبییە دێرینەكان).[2]

بێگومان لەو سەردەمەی عەیاددا، كاریگەری ئەم فەیلەسوفە گەیشبووە ناو ڕۆشنبیری میسری، لانسۆن بە پێی بۆچوونی ڕێنیە ویلیک، هێمایەكی مێژوویی ئەكادیمی و ئەدەبی فەڕەنسییە[3]، چونكە محەمەد مەندوور-پەیڕەوی تویژینەوە لە مێژوو و ویژەكان- كە شاكارە گرنگەكەی لانسۆنە، وەرگێڕابووە سەر زمانی عەرەبی پێش ساڵی ١٩٤٦[4]، هەروەها پەنجەرەكانی ڕۆشنبیری ڕۆژئاوا، هەر لەسەرەتاوە بە ڕووی كۆمەڵەی ئەمینییەكان-پەیڕەوانی ئەمین خوولی-دا كراوە بوو، هەرچەندە كێشەكانی تایبەت بە ڕۆشنبیری عەرەبی زۆر خەریكی كردبوون، محەمەد ئەحمەد خلف الله، لە پێشەكی كتێبی "هونەری چیرۆک لە قورئانی پیرۆز"دا، باسی ئەوە دەكات، كە ئەو زۆر سوودی لە تیۆری لانسۆن كردووە[5]، بەڵام ئاماژەشی بەو جیاكەرەوانە كردووە، كە لەنێوان تویژەرەوانی ڕۆژئاوا و

---

[1]- راضي، عبدالحكيم. شكري عياد: وصف القرآن يوم الحساب/ جدل المادة/ الموضوع/ النظرية/ المنهج، مجلة ابداع، ع٩، ١٩٩٩ز، ص٢١.

[2]- الشاذلي، عبدالسلام. شكري عياد بين التاريخ والنقد والذاكرة الحضارية. مجلة ابداع. ع٩ ، ١٩٩٩ز، ص ٤١.

[3]- ويليک، رينيه. تاريخ النقد الادبي الحديث. ١٧٥٠- ١٩٥٠ز، ترجمة: عبدالمنعم مجاهد. القاهرة، المجلس الاعلى للثقافة، ٢٠٠٠م، ج٤، ص ١٤٥.

[4]- مندور، محمد. النقد المنهجي عند العرب، القاهرة: دار النهضة مصر للطباعة والنشر، ٢٠٠٨م، ص٣.

[5]- خلف الله، محمد احمد. الفن القصصي في القرآن الكريم، القاهرة، مكتبة نهضة المصرية، ط١، ١٩٥٠ز، ص ١٢.

ڕۆژهەڵاتدا هەیە، خلف اللە دەڵێ: (ڕۆژئاواییەکان کاتێ لە ئەدەب دەکۆڵنەوە، گرنگیەکی تەواو دەدەن بەجیاوازیی نێوان بەها عەقڵییەکان و بەها هەستەوەری و ویژدانییەکان، ئەم دووانەش جیادەکەنەوە لە بەها هونەری و ڕەوانبێژییەکان، ئەوان فەرمانی ویژەیی دەرناکەن بەسەر هۆزان وانەیەک، یان قوتابخانەیەکی ئەدەبی، یان ڕەوتێکی هونەریدا، هەتا هەموو هۆکارەکانی، کە هاوکارییان دەکات بۆ ئەم حوکمدانە بەسەر ئەو کەس و قوتابخانە و ڕەوتانە بەتەواوی پێ نەگا و کامڵ نەبێ).[1]

وەرگرتنی (خلف اللە)ش لە لانسۆن زۆر ڕوون و ئاشکرایە، ئەوەتا لە پێشدا واتای پیتی دەقەکەی هێناوە، پاشان واتای دەستەواژە دەربڕدراو و لێکدراو و دارژاوەکان، پشتی بە زانستیی ڕێزمان و زمانەوانی و مێژووی زمان و مێژووی دەستەواژە لێکدراوەکان بەستووە.... پاش ئەمانە، واتای ویژەیی دەقەکەی بڕیارداوە، بەها عەقڵیی و ویژدانیی و هونەرییەکانی لێکتر جیاکردۆتەوە، پاشان باسی جیاکەرەوەی زمانی نووسەری لەناو هاوسەردەمەکانی کردووە، زۆر بیرۆکە و بۆچوونی فەلسەفیی و دینیی و کۆمەڵایەتی تریش).[2]

ئەم دەقە ئەو هەنگاوە میتۆدیانەمان بەبیردێنێتەوە، کە ئەمین خوولی پێشنیازی کرد، بۆ کۆنترۆڵکردنی واتاکانی دەق لە ڕەوتە مێژووییەکەیدا، دانانی خلف اللەش هیچ بوارێک بۆ گومان ناهێڵێتەوە، کە قوتابخانەی خوولی پەیوەندی بە تیۆریەکانی ڕەخنەی هاوچەرخی خۆی هەیە، هەرچەندە شوکری عەیاد هەرگیز دانی بەوەدا دانەناوە، کەواتە کاریگەربوونی عەیاد بە پەیڕەوی لانسون تەنیا گومان و قەبڵاندنە، ئەوەتا (عبدالمجید حنون) باسی کاریگەریی گۆستاف لانسۆنی لە ڕەخنەی عەرەبیدا کردووە، هەر لە ئەحمەد زەیف (١٨٨٠/١٩٤٥ز) و محەمەد مندوور (١٩٠٧/١٩٦٥ز)، تاکو تەها حسێن (١٨٨٩/١٩٧٣ز)، باسی کۆمەڵێکی زۆر

---

[1]- هەمان سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو.

[2]- لانسون، جوستاف، ومابیه، انطوان. منهج البحث في التاریخ الآداب، ترجمة محمد مندور،. القاهرة: دار نهضة مصر للطباعة والنشر، ٢٠٠٨ز، ص٤١٠-٤١١.

له ڕەخنەگرانی عەرەبی کردووە، بەڵام ئاماژەی بۆ شوکری عەیاد نەکردووە[1]، بۆیە پێدەچێ بۆچوونەکەی شازلی تەنیا قەبڵاندن و گومان بێ.

دەتوانین کایگەریی ڕاستەوخۆی ڕەخنەگری ئینگلیزی (ئای ئەی ڕیتچاردز) ببینین، چونکە عەیاد لە کتێبەکەیدا ئاماژەی بە کتێبی "فەلسەفەی ڕەوانبێژی"[2]، ئەم ڕەخنەگرە لەکاتی ڕەتدانەوەی هەندێ لە بیروڕاکانی سەید قوتب کردووە، کە لە کتێبی "وێناکردنی هونەری لە قورئاندا"[3] باسیکردوون، جابر عسفور لە گوتاری (وانەکانی مامۆستا)، کە لە دوای مردنی شوکری نووسیویەتی و بەدڵنیاییەوە دەڵێ، کە ئەم ڕەخنەگرە ئینگلیزییە کاریگەریی هەبووە لەسەر شوکری، چونکە لەو سەردەمەدا لە وانەی بنەماکانی ڕەخنەی ئەدەبی، بۆچوون و فەلسەفەی ڕیتچارد لە ڕەوانبێژیدا، وەک شێوازێکی نوێ بۆ نوێکرنەوەی ڕەوانبێژی کۆن خوێندراوە، عەیادیش سوودی لە نووسینەکانی ئەم پیاوە بینووە لەکاتی نووسینی نامەی ماستەرەکەی).[4]

لە میسردا لەنێوان دوو ئاڕاستەی ئەدەبی ململانێ هەبوو، ئاڕاستەی فەڕەنسی لاتینی، کە تەها حسێن پێشەنگی بوو، لایەنی ئینگلیزی ساکسۆنی، کە عەباس محمود عەقاد پێشەنگی بوو، ئەمین خوولی دەیەویست ئاڕاستەی سێیەم بێ، شوکری عەیاد کە خشتێک بوو لە دیواری ئاڕاستەی خوولی دیارە، کە سوودی لە ئاڕاستەکردنەکانی وەرگرتووە، شوکری دەڵێ:

(ئەمە میتۆدی ئەدەبییە لە تەفسیردا، من زۆر لە بەڵگەهێنانەوە درێژدادڕی ناکەم، هەرکەسێ ویستی ڕێساکانی ئەم ئاڕاستە بە درێژی بکات، با توێژینەوەکەی

---

[1]- حنون، عبدالمجيد. اللانسونية واثرها في رواد النقد العربي الحديث، القاهرة، الهيئة المصرية العامة للكتاب، ط١، ٢٠٠٦ز، ص ٢٥٢.

[2]- ئەم پەرتووکە لەلایەن ناسر حەلاوی و سەعید غانم وەرگێڕدراوە و لەساڵی ٢٠٠٢ لە دار ئەفریقیا چاپکراوە.

[3]- عياد، شكرى. دراسات قرآنية، يوم الدين والحساب، سەرچاوەی پێشوو، ج١، ص٨٠.

[4]- عصفور، جابر. دروس الاستاذ، مجلة الهلال، ع١٠٨، ١٩٩٩ز، ص٢٠.

مامۆستامان خوولی بخوێنێتەوە، بەڵام من یەکەم کەسم، کە پەیڕەوەکەی مامۆستا لە سەر بابەتی ڕۆژی قیامەت و لێپرسینەوە و ئایەتەکانی دەچەسپێنم).[١]

شوکری ویستی هەست بە ڕەسەنایەتیی زانستیی لە بەکارهێنانی بنەماکانی تەفسیری ئەدەبیی بکرێ، تا ببێتە هۆی فراوانبوونی ئاسۆی مەبەستە کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتییەکان، ئەمەش کرۆکی تەفسیری ئەدەبییە، ئەم میتۆدە کە خوولی گەڵاڵەی کردبوو، شوکری لە بواری کرداریی چەسپاندی، چونکە لێکۆڵینەوە لە واتاکانی هەر دەقێک و دەربڕدراو و ڕەوانبێژییەکەی، بەبێ زانینی مەبەستە باڵامرۆڤایەتییەکان دەرناکەوێ.[٢]

ئەم چەسپاندنەی عەیاد پەیوەندیی و پردی پەیوەستی نێوان دین و هونەر بەڕوونیی دەردەخات، کە لەمەدا لە شێخەکەشی تێپەڕاندووە، هەموو ئەو لەمپەرانەی لابردووە، کە دێتە ڕێی ئەوانەی خەریکی توێژینەوەی دەقی قورئانین بە تێڕوانینی ئەدەبی.[٣]

دین و هونەر وەک دەربڕینی لایەنی ویژدانی ناخی مرۆڤ بەیەکدەگەن، هەرچەندە دین چەند جیاکەرەوەیەکی هەن، کە لە هونەر جیای دەکاتەوە، گرنگترینی ئەو جیاکەرەوانەش ئیمانبوونە بە هێزێکی باڵا و بەبوونی ژیانێکی تری نمونەیی، بەڵام دین و هونەر پیوەندییان زۆر بەهێزە، چونکە دین هەرچەندە دیاریکردن و ناساندن و پەیبردن بە داڕێژەری دین زۆر ئاڵۆز و زەحمەتە، بەڵام بابەتی هونەریی دینی، دەبێ باسی بابەتی کەسایەتی و بونیادگەرایی و ئەو ئاڵوگۆڕە قووڵانەی لە ژیان و هزردا ڕوو دەدەن، تێدا بێ.[٤]

عەیاد پێیوایە ئەدەبی ئایینی باڵاترین چەشنی ئەدەبە، ئەزموونە دەروونییەکان بابەتی ئەدەبن، ئەم ئەزموونانە کاتێ پەیوەست بن بە دینەوە قووڵترن، جا مادام وا

---

[١]- عیاد، شکری. دراسات قرآنیة، یوم الدین والحساب، سەرچاوەی پێشوو، ص ٩.

[٢]- هەمان سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو.

[٣]- هەمان سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو

[٤]- هەمان سەرچاوە، ل ٦٩.

بێ و ئەدەبیی دینیی لەسەر بنەمای ئەزموونی هاوبەشی نێوان مرۆڤایەتی بنیات نرا بێ، کەواتە ئەدەبیی دینیی بە بەهاترین جۆری ئەدەبە).[١]

پەیوەندیی نێوان دین و هونەر قووڵاییەکی فەلسەفی و ڕوحی هەیە، جاک ماریتان پێیوایە شیعر بەرهەمی پەیوەندی ڕوح و حەقیقەتە لەگەڵ سەرچاوەکەیاندا، کە خوای گەورەیە.[٢]

عەلی عزت بیگۆفیچ وادەبینێ، کە یەکبوونێکی بنەمایی هەیە لە ناو ڕەگ و ڕیشاڵە قووڵەکانی دین و هونەردا، ئەو دەڵێ: دراما بنچینەکی دینی هەیە، هەم لە لایەنی بابەت و هەم لە لایەنی مێژووش... ئەوەتا درامای گریکی یۆنانی لەو گۆرانیانەی کۆراڵ بەدیهاتووە، کە بۆ ڕێزلێنان لە دینۆسیۆسی خوداوەند وتراون، لە شارستانی یۆنانی و ڕۆمانیش هەردەم گەلەری شانۆکان لە تەنیشت پەرستگاکان بوون، هونەری بیناسازیی و جوانکاریی تەلارەکان لە پێناوی خۆشەویستی پەرستگاکان و ڕازاندنەوەیان پەرەیسەند و گەیشتە چڵەپۆپەی داهێنانەکانی لەبنیات نانی پەرستگاکاندا.[٣]

بیگۆفیچ لێرەدا گوتەی فەیلەسوفی فەڕەنسی هنری برجسون دەهێنێ، کە گوتویەتی: هونەر کوڕ و ڕۆڵەی دینە، جا کە هونەر دەیەوێ بە زیندوویی بمێنێتەوە، پێویستە هەمیشە لەو چاوگ و ژێدەر و دایکە خۆی پاراو بکات، کە لێیەوە لە دایک بووە.[٤]

پێش ئەوەی شوکری، دەست بە خوێندنەوە پراکتیکەکەی بکات لە سەر دووخاڵی وابەستە بە میتۆدەکەی هەڵوێستەی کردووە:

---

١- هەمان سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو.

٢- بیکوفیج، علي عزت. الاسلام بين الشرق والغرب، ترجمة: محمد يوسف عدس، بيروت: مؤسسة العلم الحديث، ط١، ١٩٩٤ز، ص ١٤٤.

٣- هەمان سەرچاوە، ل ١٤٦- ١٤٨.

٤- هەمان سەرچاوە، ل ١٤٨.

١- پەیوەندی تەفسیری ڕەوانبێژیی و ئەدەبیی بە ڕەوتە ئاسایەکانی تەفسیر بە هەر دوو لقی:

**- تەفسیری گێڕدراوە (ڕوایە).**

**- تەفسیری عەقڵی (درایە).**

٢- تویێژینەوە لە میتۆدی مێژووی ڕۆژهەڵاتناسەکان لە لێکۆڵینەوەی قورئانی پیرۆزدا.

لەمەشدا عەیاد سوودی لە میتۆدی جۆلدتسیهر بینیوە، کە ئەو ڕۆژهەڵاتناسە تەفسیری تەبەری بە نمونەی تەفسیری نەقڵی و گێڕدراوە داناوە[١]، تەفسیری کەشافی زەمەخشری-یشی بە نمونەی تەفسیری عەقڵی داناوە[٢]، هەرچەندە ئەم گێڕانەوە زۆرەی تەبەری وایکردووە، کە گێڕدراوەی بەهێز و لاوازیشی تێکەڵ بێ، ئەمەش کاری تەفسیری گێڕدراوەی بەزەحمەت کردبوو، بەڵام ئەو بەبێژنگکردن و لەهێڵەکدان و دابێژتنەی ئیبنوکەسیر کارەکەی ئاسان کردووە و ڕووی تەفسیری تەبەری و قوتابخانەی گێڕانەوەی سپی کردەوە.

ڕەخنەی جولدتسیهر بۆ تەفسیری تەبەری ئەوەیە، کە ڕەچاوی بابەتیبوونی تێدا نەکراوە، کە ئەم ڕەخنە بەو ڕەهاییە ڕاست نییە، چونکە تەبەری تەفسیری ڕاست و بەهێزی پارسەنگ و تەرجیح داوە.[٣]

هەروەها شوکری لەبارەی تەفسیری نەقڵ وگێڕدراوەوە دەڵێ: (کە بمانەوێ تەفسیری گێڕدراوە هەڵبسەنگێنین، دەبێ لەسەنەد و گێڕەرەوەکانی بکۆڵینەوە،

---

١- جولد تسیهر. مذاهب التفسير الاسلامي، ص ١٠٦- ١٠٧. ڕیجیس بلاشیری ڕۆژهەڵاتناس، لە بارەی میتۆدی تەبەری لە تەفسیردا دەڵێ: تەبەری دانەری تەفسیر بووە بەشێوەیەکی نمونەیی، گێڕانەوەکانی کەڵەکە کردووە، بەڵام بە پەیڕەو و میتۆد، ئەوەش ئەوە دەگەیەنێ، کە هەرچی لە قورئاندا هاتووە، هەمووی قابیلی لێکدانەوە و تەفسیرە).

٢- هەمان سەرچاوە، ل١٤١.

٣- بلاشير. القرآن: نزوله، تدوينه، ترجمته، تاثيره، ترجمة: رضا سعدة، بيروت، دار الكتاب اللبناني، ط١، ١٩٩٤ز، ص ١١٧- ١١٩.

کارکەرە کاریگەرەکانی گێڕدراوەکە بزانین[1]، ئەوەی ڕاڤەکاری قورئان لەکۆندا بە لاوازییان داناوە لای بدەین، واتا و مەعنای دەستەواژەکان لە ڕووی زمانەوانی و مێژوویی بزانین، بۆ زانینی ئەمەش پشت بەشیعری سەردەمی نەفامی و ئیسلامی ببەستین، هەروا پشت بەو گێڕدراوە و فەرمودە و شوێنەوارانەی سەردەمی پێشینە دێرینەکان ببەستین، تا لە چەمک و دەستەواژەکانی قورئان تێ بگەین).[2]

توێژینەوەی گشتگیر و جوان، کە یارمەتیدەر بێ بۆ گەیشتن بەچێژی ئەدەبی قورئانی پیرۆز، لە بۆچوونی شوکری عەیاد دەبێ: (یەکەمجار لە واتای زمانەوانی یەکبەیەکەی دەستەواژەکان تێبگەین، پاشان لەو حیکەمەتە بگەڕێین، کە بۆچی و لە بەرچ حکمەتێک، ئەم دەستەواژە هەڵبژێردراوە بۆ ئەو شوێنە؟، دەبێ هۆگری ئەو چەمکە و ئەو وشە لەگەڵ هەموو وشە و دەربڕدراوەکانی تری ناو ڕستە و دێڕ و ئایەتەکە لەو لاپەڕە بزانین و لێکی بدەین لەگەڵ واتای پوختەی ئایەتەکە، تا ئەو بەهایە درک پێبکەین، کە ئەو واتایە دەیەوێ لەسەر ئەو شێوە خوازراوە تێمان بگەیەنێ و پێمان بگەیەنێ).[3]

هەر لەو ئاڕاستە عەیاد، ڕەخنە لەو تەفسیرە گێڕدراوانە دەگرێت، کە واتایەکی ڕۆشن نادەنە دەربڕدراوەکان، ئەو دەڵێت: (ئەو جۆرە تەفسیرانە هەر چەندە دەکرێ ئیستیئناسیان پێ بکرێت، بەڵام جێی متمانە نین و مانای دەربڕدراوەکانمان بە ڕۆشنی نادەنێ، هۆکەشی ئەوەیە پێشینەکان، کاتێ تەفسیری قورئانیان کردووە، کارەکەیان جیاواز بووە لەکاری زمانەوەکانیان بۆ لێکدانەوەی واتایەک لە واتاکان، چونکە زمانەوانی دەچێت بە شوێن دەربڕدراو و واتاکانیدا دەگەڕێت و تێگەیشتن و واتای دەربڕدراوەکە لەلای خەڵکی ڕوون دەکاتەوە، بەڵام یاوەران و شوێنکەوتەکانیان ئەوەندەیان لا بەسە، کە واتای ئایەتەکە بە پوختی دەدەن

---

[1]- عیاد، شکری. دراسات قرآنیة، یوم الدین والحساب، سەرچاوەی پێشوو، ص ١١.
[2]- هەمان سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو.
[3]- هەمان سەرچاوە، ل ١٢.

بەدەستەوە، لەمەشدا پشتیان بە تێگەشتنی دووێندراو بۆ بنچینەی واتای زمانەکە بەستووە و بە ڕاڤەکردنی ئەو شتەی، کەویستراوە لە ئایەتەکە وازیان هێناوە).[1]

پاشان عەیاد چەندان نمونە دێنێتەوە، کە یاوەران- سەحابی و شوێنکەوتوانیان- هیچ لاریان نەبووە لەوەی، کە تەفسیری درکە بەدرکەلێدراو (الكناية بالمكني عنه) بکەن، بۆ نمونە تەفسیری وشەی غاشییە بە وشەی قیامە دەکەن، یان بە وشەی ساعە، هەروەها جاریوایە وشەکە بە پابەندەکەی تەفسیر دەکەن، بۆ نمونە وشەی کەلوح بە مۆن و مرچ تەفسیر دەکەن، بەڵام تەفسیری کەشاف، کە لە پێش خۆی دایناوە، تیشکدەخاتە سەر جوانکاریی و تەواوکارییە ڕاوانبێژییەکان لە قورئاندا لە تەنیشت تێگەشتنی زمانەوانی[2]، لە پێناو پێشکەشکردنی تەفسیرێکی عەقڵانی بۆ ئیسلام بە بێئەوەی، کە تێوە بگلێ لە بابەتە بیروباوەڕی و عەقەدییەکان[3].

بەم شێوازە هۆشدارییانە شووکری عەیاد لەتەفسیری کەشاف نزیک بۆتەوە، بەوەی نمونەی هەرە بەرزی تەفسیری موعتەزیلیانە، کە بەپێی بۆچوونی عەیاد موعتەزیلیەکان هەوڵیانداوە، کە قورئان لە بیروبۆچوونی میللی دەرباز بکەن و ئەم هەوڵەشیان شوێنەواری گەورەی هەبووە لەسەر تێگەشتنی ئەدەبی، بەتایبەت لای زەمەخشەری، کە هەستێکی ئەدەبی باشی هەبووە، هەربۆیە شێوازی نمونە هێنانەوەی لە قورئاندا زۆر هێناوە.[4]

ئەوە سەرەڕای ئەوەی، کە تەفسیرەکەی پڕە لە ململانێی بیروباوەڕی، بەڵام ئەوە نەبۆتە ڕێگر لەوەی دانی پێدابنرێت، کە ئەو هەوڵە جیاکراوەیە لە هەوڵی ڕاڤەکاری تری قورئان، ئەم جیاکرانەوە پێشین و پاشین ددانیان پێداناوە تەنانەت ئەوانەش، کە دژی موعتەزیلەن.[5]

---

[1]- هەمان سەرچاوە، ل ١١.

[2]- جولد تسيهر. مذاهب التفسير الاسلامي سەرچاوەی پێشوو، ص ١٤٢.

[3]- بلاشير. القرآن: نزوله، تدوينه، ترجمته، تاثيره، سەرچاوەی پێشوو، ص ١٢٦.

[4]- عياد، شكرى. دراسات قرآنية، يوم الدين والحساب، سەرچاوەی پێشوو، ص ١٥.

[5]- ابن خلدون. المقدمة، تصحيح نصر الهوريني، بيروت: دار الجيل، د.ت. ص ٤٨٨.

له بـابەتی جیـاوازیی نێـوان هەردوو قوتابخـانەی عەقڵـی و نەقڵـی بـۆ تەفسـیر، شـوکری عەیـاد دەڵـێ: "جیـاوازییەکە زۆر گەورەیە لە نێـوان تەفسـیری ئەدەبـی و تەفسیری عەقڵـی، تەفسیری عەقڵـی وا سـەیری قورئـان دەکـات، کە سـەرچاوەی هەموو بیروباوەڕەکانە، هەر بۆیە ئایەتەکان بەو شێوەیە لێکـدەداتەوە، کە بگونجێت لەگەڵ ئەو مەزهەب و فیکـرەی، کە هەیەتـی بە کـاریگەریی هـزری فەلسـەفی لە بـارەی خـوای گەورە و بـابەتە بیروباوەڕییەکـان، بەڵام تەفسیری ئەدەبـی بەو شێوە دەڕوانێـــتە قورئـــان، کە ســـەرچاوەی هەر گەورەی زمـــانی عەرەبییـــە، کە بە ڕەوانبێژییەکەی هەموو ئومەتی سەرسام و دەستەوسان کردووە.

وێنەیەکی نوێی داونێ بۆ ژیان، ئەو بە پێی ئەو میتۆدە، ڕێڕەوی خـۆی دادەنێـت بۆ تێگەیشتن لەڕەوانبێـژی قورئـان، پشـت بە تـوێژینەوەی زمـانەوانی قورئـان و ئەو بارودۆخەی، کە قورئانی تێدا دابەزیـوە دەبەسـتێت، ئەمە خواسـتی میتـۆدی ئەدەبـی ساغ و سەلیمە، تاکو بگاتە ئەو مەبەستە مرۆڤـایەتی و شێوازە ڕوونکـردنەوانەی، کە قورئان مەبەستیەتی).[1]

باسـی ئەوەمـان کـرد، کە ئەمـین خـوولی ستایشـی هەوڵ و کۆششـەکانی ڕۆژهەڵاتناسـە ئەڵمانییەکـانی کردبـوو لەسـەر قورئـان، بەتـایبەتی ڕۆژهەڵاتنـاس (نۆڵدکـە) لـە کتێبەکـەیدا بـە ناونیشـانی "مێـژووی قورئـان"، خـوولی لـە بـارەی ڕۆژهـەڵاتناسـەکانەوە دەڵـێ: (هەوڵـی ئەوانـە بـابەتەکەی دەوڵەمەنـدتر کـردووە، هەرچەنـد هەوڵەکانیـان خـاڵی نیـیە لە تۆمەتبـارکران، بەڵام گیـانی ڕەخنەگـرتن و هەڵاوێردن دەوروژێنێت).[2]

لێـرەدا باسـی ئەو جیـاوازییە دەکەیـن، کە شـوکری عەیـاد لەنێـوان پەیـڕەوی مێژوویی و پەیڕەوی ئەدەبی، لای ڕۆژهەڵاتناسەکان باسی دەکات و دەڵێ:

ئەم جیاوازییە ناگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە ئێمە بڕوامان بە قودسیەتی قورئـان هەیە و ئەوان نیـانە، ئـێمە وا لە قورئـان دەکـۆڵینەوە، کە کتێبێکـی نەمـری ئەدەبییـە، کە

---

[1]- عیاد، شکری. دراسات قرآنیة، یوم الدین والحساب، سەرچاوەی پێشوو، ص ١٩.

[2]- خولي، امین. مناهج تجدید في النحو واللغة والتفسیر والادب، سەرچاوەی پێشوو، ص ٣٠٩.

عەرەبەکان بەڵگەی ئاشکرایان تێدا دەستکەوتووە و دەزانن قورئان دەستەوستانکەرە لەو ئاڕاستەیەوە شایەنی لێکۆڵینەوەیە، وەک هەر شوێنەوارێکی ئەدەبی جیاکراوە، تا بزانین شێوازە نوێیەکانی چییە و وێنەکردنە مرۆڤایەتییەکانی و دەربڕینە بەیانییەکانی بزانین، بەڵام ڕۆژهەڵاتناسەکان لەسەر سنووری چێژوەرگرتن لە واتا و شێوازەکانی ناوەستن، ئەوان دەزانن، کە سوورەتە مەککییەکان بەوە جیادەکرێنەوە، کە خەیاڵ و ئەندێشەیەکی فراوان و شێوازێکی گەرم و گوڕ و هەڵگیرساویان تێدایە[1]، باسی بابەتی هەڕەشە و بەڵێنەکانی دواڕۆژ دەکەن، بەڵام سوڕەتە مەدینەییەکان بە پوختی باسی شێوازی چۆنییەتی یاسادانان و جوابدانەوەی ئەو ڕەخنانەی، کە لە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) و مسوڵمانان دەگیرێن لەگەڵ سەرنجڕاکێشان بۆ ئەو وردەکاییەی، کە لە دروستکراوەکانی ئەرز و ئاسماندا هەیە و باسیدەکات).[2]

بەم شێوە شووکری عەیاد، ئەم هزرە ڕۆژهەڵاتناسیانە، لە کتێبی "مێژووی قورئانی"ی نۆڵدەکە دەگوازێتەوە، هەروەها ئەوەش زیاد بکەین، کە ڕۆژهەڵاتناسی مەجەری ئەجناس جولتسیهر، کە ئەم هزرانەی لای نۆڵدەکە وروژاندووە، هەر بۆیە نۆڵدەکە کتێبەکەی پێشکەش بەو کردووە، جۆلتسیهر دەڵێ: (جیاوازیی نێوان شێوازی مەککی لەگەڵ مەدەنی، بە لێکۆڵینەوەی ڕەخنەیی و ڕەوانبێژی بۆ قورئان، ئەم جیاکردنەوە بە شێوەیەکی گشتی بۆمان دەردەکەوێت، لە سەردەمی مەککیدا ئامۆژگارییەکان دیارن، کە محەمەد تیایدا باس لەوە دەکات، کە ئاگری هەڵگیرساو و بەشێوەیەکی خەیاڵیی ئەندێشەیی ویژدانی وێناکراوە، لەو سەردەمەدا ڕێگا بە شمشێر بەکارهێنان و شەڕ و جەنگ و هەرا نەبوو و نەیدەتوانی، کە باس لە جەنگ و جەنگاوەران و ژێردەستانی دیکە بکات، بەڵام بۆ هەموو ئەوانەی دژی بوون باسی هێزی ئەو دروستکەرە گەورەی جیهانی بۆ دەکردن، کە

[1]- عیاد، شکری. دراسات قرآنیة، یوم الدین والحساب، سەرچاوەی پێشوو، ص ٢١.
[2]- هەمان سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو.

دەسـەڵاتی چەنـد زۆرە و بێسـنوورە، باسـی نزیکبـوونەوەی ڕۆژی قیـامەت و لێپرسینەوەیشـی بـۆ دەکـردن، کە لەو ڕۆژەدا هەمـوو زیـادەڕەوکەر و سـتەمکار و کەسانی دژی بیروباوەڕەکەی سـزادەدرێن، کە بەربەرەکـانی پێغەمبەرانیـان کـردوو، بەڵام لەسـەردەمی مەدینـەدا، ئامۆژگارییەکـان ئەوەنـدە بلێسـەدارنەبوون و شـێوازی ڕەوانبێژیـی کەمتـر دەردەکەوت، چـونکە ئەو بابەتـانەی لەو سـەردەمەدا دەبـوو، چارەسەر بکرێن، وای پێویسـت دەرکـرد، کە شـێوازی ڕەوانبێژیـی کەم بکـرێتەوە، هەتا دەگەیشتە ئەوەی، کە قورئانیش وەک پەخشانێکی ئاسایی بێت).[١]

شوکری عەیاد، ڕەخنە لەم جۆرە تێـڕوانینەی ڕۆژهەڵاتناسـەکان دەگرێـت و ئەم تێبینیـانە بەڕووکەش دەزانـێ، ئەو دەڵـێ: (ئـێمە پشـت بەلێکـۆڵینەوەی مێژوویـی بـۆ قورئـان دەبەسـتین، تـا ئەو بـارووودۆخە هـزری و مـادی و زمـانەوانییە بـزانین، کە قورئانی تێدا دابەزیووە، ئێمە تێبینی ئەوە دەکەین، کە شێوارەکان پەرەیان سـاندووە لەگەڵ پەرەسەندنی بارووودۆخ و زنجیرەیی هـزری، جـا کـاتێ لەوە گەیشـتین، ئەوا پلەیەکـی باشـمان لە تێگەیشـتن بڕیـووە و چـاکتر درک بە مەبەسـتە مرۆڤـایەتی و کۆمەڵایەتی و شێوازی دەربڕینەکانی قورئـان دەکەیـن).[٢] ئەمە واتـای تێڕوانینێکـی قووڵی هەیە.

عەبـدولحەکیم ڕازی دەڵـێ: "مەبەسـت لەم بەراوردە ڕوونکـرنەوەی ئەو لاڕێبوونـانەیە، کە ئەو مەزهەبـانە لە تێگەشـتنی دەق، یـان کـورتبینی لە تێگەیشـتنی مەبەستەکانی وروژاندوویانە، هەروەها ڕوونکردنەوەی ئەو جیـاوازیەی، کە لە نێـوان پەیڕەوی ئەدەبی عەیاد و ئەو پەیڕەوانەی دژی ئەون لە تەفسیردا، هەیە".[٣]

شوکری عەیاد سێ قۆناغی لە میتۆدەکەیدا چەسپاندووە، کە بریتین لە:

---

[١]- جولد تسيهر، اجناس. العقيدة والشريعة في الاسلام، ترجمة وتعليق: محمد يوسف موسى وزميلاه، لبنان: دار الرائد العربي، طبعة مصورة عن دار الكتاب المصري، ١٩٤٦ز، ص١٤-١٥.

[٢]- عياد، شكري. دراسات قرآنية، يوم الدين والحساب، سەرچاوەی پێشوو، ص ٢١.

[٣]- راضي، عبدالحكيم. شكري عياد: وصف القرآن يوم الحساب/ جدل المادة/ الموضوع/ النظرية/ المنهج، سەرچاوەی پێشوو، ص ٢٦.

١- لێکـوڵینەوە لە دەسـتەواژەکان، واتـا لە دەربـڕدراوە قورئانییەکـان، کە باسـی ڕۆژی دوای دەکەن، کە دەبێت خوێنەر هەموو واتاکانی ئەو دەستەواژانە بزانێت.

٢- لەم قۆناغەدا باسی شێوازی قورئـان دەکرێـت، بـۆ پێکەوەبەسـتنی واتـای ئەو دەستەواژانە.

٣- قۆنـاغی کۆتـایی باسـی مەبەسـتەکانی قورئـان، لە ڕووی مرۆڤـایەتی و کۆمەڵایەتییەوە دەکرێت، کە ئەمە کاکڵ و کرۆکی تەفسیرە.[١]

گرنگیدانی زیاتر بە قۆنـاغی کۆتـایی، بـایەخی ئەو دوو قۆناغـانەی یەکەم، کەم ناکاتەوە، چونکە زانینی مانای دەسـتەواژەکان کەمتـر نییە لە تـوێژینەوە لە شـێواز و مەبەسـتەکان، عەیـاد دەڵـێ ئەو فەرهەنـگ و تەفسـیرانەی لەبەردەسـتماندان، واتـای دەسـتەواژەکان بەتەواوی لەبەکارهێنـانی قورئانیـدا ڕۆشـن نـاکەنەوە[٢]، ئەم لایەنە تەنـانەت زانایـانی پێشـینیش هەسـتیان پێکـردووە، هەنـدێکیان ویسـتویانە ئەو کەلێـنە پڕبکەنەوە، بۆ نمونە ڕاغبی ئەسفەهانی کتێبی (مفردات)ی قورئانی دانـاوە، بەڵام ئەم هەوڵە هەوڵێکی تاکەکەسیە و کەسـی تـریش نەهـاتووە، پەرەی پێبـدات، هەروەهـا بەهـۆی جێگیربـوونی زمـان لـەناو فەرهەنگەکانـدا کێشـەی زۆر هاتووەتـە ئـاراوە، چونکە ئەم جێگیربوونە لەگـەڵ سـوونەتی گەشەسـەندنی دەلالیـدا نـاگونجێ، واتـە گۆڕانی بەردەوامی مانا، شوکری عەیاد دەڵێ: چونکە هەر دەستەواژەیەک ژیانێـک و مێژوویەکـی هەیە، هەروەکـو چـۆن هەر بوونەوەرێـک ژیانێـک و مێژوویەکـی هەیە، دەستەواژەش سەرەتا بە واتـایەکی سـادە و سـاکار دەسـت پێـدەکات، پاشـان گەشە دەستێنێت و ئەم دەربڕدراوە لەگەڵ گەشەسەندنی ژیانی مرۆڤایەتیـدا چەنـدین دەستەواژەی داتاشراو و لێکـدراو لە واتـای ئەو دەسـتەواژە سـادەیە دەردەهێنـدرێن، هەروەکـو چـۆن ڕەنگەکـان بەتێکەڵکـردن بە یەکتـر ڕەنگـی نوێیـان لێدروسـت دەکرێت، هەمووشیان دەگەڕێنەوە بۆ بنچینە یەکەمە سادەکە[٣]، لێرەدا عەیـاد لەگەڵ

---

[١]- عیاد، شکری. دراسات قرآنیة، یوم الدین والحساب، سەرچاوەی پێشوو، ص ٢٥.

[٢]- هەمان سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو.

[٣]- هەمان سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو.

ڕۆژهەڵاتناس یارۆ سلاف هاوبیرە، کە پێیوایە پەرەسەندنە واتاییە کردارییەکان لەزمانی عەرەبیدا، هەر لەسەردەمی نەفامییەوە هەتاکو ئێستا، گۆڕانی واتای وشە بە پلەیەکی زۆر ڕوویداوە، هەتاوەکو پێویستیمان بەزانینی زمانەوانییەکی تایبەت هەیە، تا لێکۆڵەر بتوانێت لەو دەستەواژانە بگات، کە کەسانی وەک (امرئ القیس و النابغة و الشنفری) بەکاریان هێناوە.[1]

فەرهەنگناسی بۆ تەفسیرکردنی ئەدەبی بەس نییە، چونکە کارەکەی لەو دەستەواژانە سنووری زانستی زمانەوانی تێدەپەڕێنێت، تەفسیر بە واتا ڕاستەوخۆیەکەی دەربڕردراوەکە وازناهێنێت، بەڵکو باز دەدات بۆ چەندین واتا و تێگەیشتی تر، کە ئەو واتایە دەیخوازێ لەوانەیە بەشێک نەبێ لە پێناسەکەی، بەڵام هەر بەدەور و خوولیدا دەخولێتەوە، جا ئەم تێگەیشتنە خوازراوانە بۆ ئەو دەستەواژە لەسێبەری واتاکەیدان، کارکەرێکی گرنگیشن بۆ دەربڕینی ئەدەبی و بەهایەکی زۆریان هەیە، بۆ هەمەچەشنکردنی واتاکان، بەهۆی وانەوە دەستەواژە یەکانەییەکان لە واتا ڕاستەوخۆیەکانیان جیادەکرێنەوە.[2]

ئەم بۆچوونە سەرنجڕاکێشە، واتا بیرۆکەی (سێبەری واتاکان)، دواتر محەمەد ئەرەگۆن وەریگرتووە و کردوویەتیە پێشنیازێک بۆ پەرەسەندنی خوێنەوەی قورئان، ئەو لە بابەتی سەرسامکاری لە قورئاندا هەڵوێستە دەکات، لە لای پەیوەستی هەستیاری وێناکردنی قورئان دایمەزراندووە، دەڵێ لەمەولا پێشنیاز دەکەن لە هەموو ئەو ئەدەبیاتە تەفسیرە کەڵەکەبووەی سێزدە سەدە، کە لێک نزیکردنەوەیەکی دەستەواژەیی و ئەدەبی بکرێت لە پێناوی ئەوە، کە دووبارە پێکهاتە دەستەواژەییەکان ڕێکبخەینەوە، یان ئەوەی پێیدەگوترێ سێبەری واتاکان، کە ئەم وابەستانە (هەستیاری و درکپێکردن و هۆشیاری لە قورئاندا).[3]

---

[1]- ستیتکفتش. العربیة الفصحی الحدیثة، بحوث في تطور الالفاظ والاسالیب، ترجمة وتعلیق، محمد حسن عبدالعزیز، مصر، الهیئة العامة لشؤون المطابع،٢٠٠٢ز، ص ١٥٥.

[2]- عیاد، شکری. دراسات قرآنیة، یوم الدین والحساب، سەرچاوەی پێشوو، ص ٢٦- ٢٧.

[3]- ارکون، محمد. الفکر الاسلامي واستحالة التاصیل، ترجمة وتعلیق: هاشم صالح، بیروت: دار البیضاء، ط٢، ١٩٩١ز، ص١٩١.

له ڕاستیدا لێکۆڵینەوەی عەیاد، وەڵامدانەوەبوو بۆ دوو تایبەتمەنـدی بنچینەیـی لە تایبەتمەندیەکانی تەفسیری ئەدەبی:

- ئاڕاستەی یەکەم بۆ تەفیسری بابەتی.

- ئاراستەی دووەم بۆ چاودێریەکی تایبەتی بە تـوێژینەوە شـرۆڤە کارییەکـان بـۆ فەرهەنگی قورئانی بەشێوەیەکی نوێ، بە پێی میتۆدە زمانەوانییە نوێیەکان.[1]

ئەگەر لەبنچینەی میتۆدەکەمان ئەوە بێ، کە ئایەتەکان بەپێـی بابەتەکـان ڕیزبەنـد بکەیـن، هەر ئەم یاسـایە دەبـێ لە تـوێژینەوەی دەستەواژەکانیشـدا پەیـڕەو بکەیـن، لێرەدا ئایەتەکان دابەشدەکەین بۆ چەند بەشێک بەپێـی واتـا دیـار و ئاشـکراکانیان، یان واتا نزیک و سێبەرەکانیان، پشت بەم دابەشـکردنە نـوێیە دەبەسـتن لە واتاکـانی دەســتەواژەکاندا، جـا هەرکـاتێ ئەو ئایەتانەمـان تەفسـیرکرد، کە باسـی بابەتێـک دەکەن، ئەوا بەهۆی هەندێکیان لەهەندەکەی تـر دەگەیـن، بەمەش پـوختەی واتـای دەستەواژەکانمان دەست دەکەوێت.

پاشـان هەوڵـدەدەین تایبەتمەنـدی هەر دەسـتەواژەیەک لەو دەسـتەواژانە لەنـاو ڕستەکەدا بزانین، چی وای لەهەر یەکێ لەو دەستەواژانە کـردووە، کە جیـاکراوەوە و هەڵاوێر دەبێ)[2]، ئەم بابەتە لەکاتی باسکردنی میتـۆردی عائیشـە عەبـدوڕڕەحمان بۆ دەقی قورئـان باسـکرا، هەروا مستەفا سـادق ڕافعـی ئامـاژە بەم بیـرۆکە لەکتێبـی ئیعجازی قورئان دەکات.[3]

شوکری لێکۆڵینەوەکەی بە بژاردنـی ناوەکـانی ڕۆژی قیـامەت دەسـتپێدەکات و دەڵێت: ڕۆژی قیامەت لە هەمووان زیاتر دووبارە بۆتەوە، کە حەفتاجـار لە قورئانـدا هاتووە، پاشان بەدواداچوون دەکات بۆ وشـەی قیـامە و بەکارهێنانەکـانی، پـوختەی بەدوواداچونەکەی ئەوەیە، کە ئەم وشـە عەرەبییـە، ئەو بۆچـوونەی (لیسـان عەرەبـی

---

[1]- الشرقاوي. شكرى عياد ومنهجە في التفسير الادبي للقرآن الكريم، سەرچاوەی پێشوو، ص ٢٦٧.

[2]- عياد، شكرى. دراسات قرآنية، يوم الدين والحساب، سەرچاوەی پێشوو، ص ٢٧.

[3]- الرافعي، مصطفى صادق. اعجاز القرآن والبلاغة القرآنية. بيروت، دار الكتاب العربي، ط٢ ، ١٩٧٤ز، ج٢، ص٢٣٤.

ئیبن مەنزوور) ڕەت دەکاتەوە، کە ئەم وشە لە دەربڕدراوی وشەی قیمتنای سریانی وەرگیرابێ، کە ئەو وشە لە سریانیشدا هەمان مانای هەیە، پاشان عەیاد دەربڕدراوی قیامە لە ناو وشە ئارامییە بەعەرەبیکراوەکان لە کتێبی دەستەواژە ئارامییەکان لە زمانی عەرەبیدا، کە ڕۆژهەڵاتناس سیگمند فرانکل داینـاوە، بەدواداچوون دەکات، بەڵام هیچ نادۆزرێتەوە.(١)

بنچینەی هەستپێکراوی ڕەگی قامە، کە ڕاوەستان و چەسپان دەگەیەنێت. ئا لەم بنچینەوە، زیاتر لە مانایەکی مەجازی دەرچووە. لە دوای بەدواداچونێکی ورد بۆ ئەو دەرکەوتە مەجازیانە، کە بۆ ئەو دەستەواژە کراون، شوکری دەگاتە ئەو پوختەی، کە وشەی قیامەیان لەوە وەرگیراوە کە:

- خەڵکی لە گۆڕەکانیان هەڵدەستنەوە لەکاتی زیندوو بونەوەیان.

- یان لە پەرپابوونی ساعەوە هاتووە، کە لەو کاتەدا خەڵکی لە مەحشەر ڕادەوەستن.

ئەوەی مانای یەکەم دوور دەخاتەوە ئەوەیە، کە وشەی قیامە لە قورئاندا بۆ هەڵسانەوە لەگۆڕ بەکار نەهێنراوە، بەڵام ئەوەی مانای دووەمیش دوور دەخاتەوە، کە بەرپابوون و هەڵسانی ساعە مەجازیە، چونکە ساعە پێی نیـیە تا ڕاوەستێت لەسەری، وشەی قیام کە چاوگە، زەحمەتە بۆ مانای مەجازی بگێڕدرێتەوە، کەواتە واتای سێیەم خۆی دەسەپێنێت، کە بریتیە لە ڕاوەستانی خەڵک لە بەردەم خوادا بۆ لێپرسینەوە.

بەتایبەتیش لە قورئاندا بەو مانایە بەکارهاتووە.

**﴿إِنَّا لَنَنصُرُ رُسُلَنَا وَالَّذِينَ آمَنُوا فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَيَوْمَ يَقُومُ الْأَشْهَادُ﴾ [غافر ٥١]**

بەڕاستی ئێمە پێغەمبەرەکانمان و ئەوانەش، کە باوەڕیان هێناوە سەر دەخەین لە ژیانی دنیادا، هەروەها ئەو ڕۆژەش، کە شایەتەکان ڕادەوەستن و شایەتی دەدەن

---

١- عیاد، شکری. دراسات قرآنیة، یوم الدین والحساب، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٧- ٢٨.

(فریشتەکان شایەتی بۆ پێغەمبەران دەدەن، پێغەمبەران شایەتی بۆ بانگخوازان دەدەن بانگخوازان شایەتن لەسەر خەڵکی).

**﴿يَوْمَ يَقُومُ النَّاسُ لِرَبِّ الْعَالَمِينَ﴾ [ المطففين ٦]**

ئەو ڕۆژەی هەموو خەڵکی بە پێوە دەوەستن لەبەردەم دەسەڵاتی پەروەردگاری جیهانیاندا.[١]

کەواتە ئەوەی لە قورئاندا هاتووە، پشگیریی مانای سێیەم دەکات، کە شوکری زیاتر لە بیست بەڵگەی ـ هێناوەتەوە، هەروەها ئەمە ڕای ئەبو حیانی ئەندەلوسیە، کە خاوەنی تەفسیری بەحری موحیتە، دەڵێ ڕۆژی قیامەت بەو ماوە زەمانییە دەگوترێت ،کە تیایدا دادوەری لە نێوان مرۆڤەکاندا دەکرێت و ئەهلی بەهەشت دەچنە بەهەشت و ئەهلی ئاگر دەچنە ناو ئاگر.[٢]

شوکری دەڵێ: هاتنی ڕۆژی قیامەت گونجاوە لەگەڵ واتا هەستەوەری و مەعنەوی و دەروونییەکاندا لە حەشر و کۆبوونەوە، لە حیساب و لێپرسینەوە، لە حوکم و دادگەریکردن لەنێوان خەڵکدا، لە پاداشت و سزادان.[٣]

کەواتە وشەی (قیامە) بەڵگە نییە لەسەر سروشتی ڕەخنەیی لای عەیاد، بەهۆی سنووورداری ئەو بازنەی، کە ئەو دەستەواژەیە دەیگەیەنێ. لەوانەیە دەستەواژەی ڕۆژی دین زیاتر ڕەخنە هەڵبگرێت. لە دوای بەدواداچوون و کۆکردنەوەی وشەکانی ڕۆژی دین، کە دوانزە جار لە قورئاندا هاتووە، عەیاد دەست دەکات بە ئاراستەکردنی ئەو ناکۆکییە بەهێزەی، کە لە نێوان زمانەوانانی عەرەب و ڕۆژهەڵاتناسەکاندا لە سەر ئەم دەستەواژەیە هەیە.

عەیاد دەڵێ: وشەی دین لە عەرەبیدا بەم مانایانە هاتووە، ئەگەر بەژێرە(کەسرە) بێت:

١- هەمان سەرچاوە، ل ٣٠.

٢- هەمان سەرچاوە، ل ٣٢.

٣- هەمان سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو.

پاداشت و سزادان، زاڵبوون، سەرکەوتن، دەستبەسەرداگرتن،گەڕانەوە، بارودۆخ و عادەت و نەریت، قەزا و دادگەری، مردن و چەند واتایەکی تریش.[1]

بۆیە ڕۆژهەڵەتناسەکان زۆری واتاکانی ئەم وشەیە سەرسامی کردوون، ڕۆژهەڵەتناس سێرت مگدۆناڵد دەڵێ: دەکرێ وشەی دین بۆ سێ مانا بگێڕدرێتەوە:

١- وشەیەکی ئارامیی و عیبرییە، بە مانای حوکمکردن و دادگەریکردنە.

٢- وشەیەکی عەرەبی پەتییە، بە مانای عادەت و نەریت و ڕێزباز و ڕێچکە دێت.

٣- وشەیەکی فارسییە و هیچ پەیوەندییەکی بەو دوو مانایە نییە.[2]

ئەوەی ماگدۆناڵد گوتویەتی ڕۆژهەڵاتناسی ئەڵمانی برجشتراسر، کە خاوەنی لێکۆڵینەوەی پەرەسەندنی ڕێزمانی عەرەبییە، پەسەندیکردووە، کە دین بە واتای لێپرسینەوە و ئارامیی، بە واتای دین فارسییە و دەڵێ: وشەی دین لە بنچینەدا ئەکەدییە، کە پەیوەندی بە شەریعەتی حامورابییەوە هەیە، کە لەناو نەتەوە سامییەکاندا کاریگەرە.[3]

عەیاد بەدواداچوونی بۆ ئەو واتاجیاوازانەی دەستەواژەی دین کردووە، ڕەخنەی لەو ڕێگا ئاسانە گرتووە، کە ئەم وشەیە تەنها سێ بنچینەی هەبێت، وەک ڕۆژهەڵاتناسەکان دەڵێن کە عەرەبی و فارسی ئەکەدی بن، بەڵکو واتای بنچییەیی وشەی دین قەرزکردنە قەرزیش شتێکە پێویستە بدرێتەوە هەر لە واتای قەرزیش، واتای زاڵبوون و ژێردەستەکردن وەرگیراوە و لەواتای گوێڕایەڵی و ملکەچبوون لەدین وەرگیراوە، کە بە مانای عیبادەت و پەرستیش دێت و دەستەواژەی دیانە لەدین وەرگیراوە، کە بەواتای میللەت و ئومەتە[4]، شوکری پارسەنگی ئەو بۆچونەی داوە، کە دەستەواژەی دین لە یەکێک لەسەردەمەکاندا شوێنەواری وشە

١- هەمان سەرچاوە، ل ٣٤.

٢- هەمان سەرچاوە، ل ٣٥.

٣- هەمان سەرچاوە، ل ٣٦.

٤- عیاد، شکری. دراسات قرآنیة، یوم الدین والحساب، سەرچاوەی پێشوو، ص ٣٦.

ئەکەدیەکەی لەسەر بووە، کە بەهۆی زمانی ئارامییەوە بۆ عەرەبەکان گواستراتەوە، هەر بۆیەش ئەو واتایانەی، کە دین وابەستە دەکەن بە فەرمانڕەوایی و دادگەرییەوە هاتۆتە ناو عەرەبییەوە، ئەمەش پارسەنگی ئەوە دەدات، کە ئەم وشە لە ژیار و شارستانییەتە دێرینەکان لە فەرمانڕەوایی و یاسادانانەدا وەرگیرابێت و بە ئەو واتا دووانەیەش لە قورئاندا بەکارهێنرابێت).(١)

دیاریکردنی واتای یەکەم، کە وشەی دینی لێوەرگیراوە، کارێکی زۆر گرانە، مەحمود محەمەد شاکر دان بەو زەحمەتییە دادەنێت و دەڵێت: داخوازێکی زۆر زەحمەتە، کە بزانین وشەی دین لە چییەوە هاتووە؟ لەو دەستەواژە کەڵەکەبووانەی، کە سەدە لە دوای سەدە بۆمان ماوەتەوە، هەتا دەگاتە ئەوەی، کە بنچینەی یەکەم داڕندراوە لە داڕشتن.(٢)

لەگەڵ ئەو هەموو هەوڵەی، کە (عەیاد) داویەتی بۆ بەدواداچوونی واتا زمانەوانییەکان بۆ وشەی دین، هەروەها وشەکانی تر، کە بەکارهێنراون بۆ ناونانی ڕۆژی قیامەت و جیاکردنەوەی لەبەکارهێنانی قورئانیدا، بەڵام هەموو ئەمانە وای نەکردووە، کارەکەی بەدووربێت لە ڕەخنەلێگرتن، ئەوەتا عیفەت شەرقاوی وادەبینێت، کە (عەیاد) لەگەڵ ئەم هەموو پێشکەیە زمانەوانییەی و ئەم هەموو بەدواداچوونە زمانەوانییە، نەیتوانیووە لە زۆر ڕووەوە، کە نهێنی ئیعجازی ئەدەبی قورئان بزانێت، کە هەر دەستەواژەیەک لە شوێنی خۆیدا، لە ناو ئایەتی قورئاندا موعجیزەیەکە.(٣)

پاشان نمونەمان بۆ دێنێتەوە لەسەر ئەوە لەسەر دەربڕدراوی (قیامە) و (ساعە) و دەڵێت: ئەوەی عەیاد گوتویەتی تەنیا تۆمارێکە بۆ سروشتی بەکارهێنانی قورئانی بۆ

١- هەمان سەرچاوە، ل ٣٧.
٢- شاکر، محمود محەمەد. اباطیل واسمار، القاهرة، مطبعة المدنی، ط٢، ١٩٧٢ز، ص ٥٣٤.
٣- الشرقاوي، عفت. الفكر الديني في مواجهة العصر، دراسة تحليلية لاتجاهات التفسير في العصر الحديث، سەرچاوەی پێشوو، ص ٣٣٧-٣٣٨.

ئەو دوو وشانە هیچ ڕوونکرنەوەیەکی هونەریی تێدا نییە، لەوەی حیکمەت چییە لە هەڵبژاردنی ئەو دوو وشانە لەو بوارە دیاریکراوەدا، پاشان پرسیار دەکات؛ سوودی ئەو هەموو بەدواداچوونە زمانەوانییە بۆ بنچینەی دەستەواژەکە و پەرەسەندنی واتاکەی چییە؟

مەگەر ئەم کارە بمانگەیەنێتە بڕیاردانێک بۆ ڕەوانبێژی ئەو دەقە، نەک بۆ تەفسیرەکەی.[1]

لێکۆڵینەوە لە دەستەواژەکان هەر لەم سنوورە ڕاناوەستێ، بەڵکو (عەیاد) گفتوگۆ لە بابەتی بیروباوەڕ و عەقیدەش دێنێتە ناو، کەوا بەستەیە بە تێگەیشتنی دەستەواژە دەربڕدراوەکان لە وەسفیکردنی ڕۆژی دین و لێپرسینەوەدا، لە جوانترین ئەو نمونانەی، کە هێناویەتی[2] بابەتی سەیرکردن و ڕووانین بووە بۆ ڕووی ڕووخساری خوا، کە لەو ئایەتە وەریگرتووە، کە دەفەرموێ:

﴿وُجُوهٌ يَوْمَئِذٍ نَّاضِرَةٌ ﴾ [القيامة ٢٢]

بەمەرجێك ئەو ڕۆژە، ڕووخسارانێك گەشاوە و ناسك و ئاسوودەن.

﴿إِلَىٰ رَبِّهَا نَاظِرَةٌ ﴾ [ القيامة ٢٣]

چونکە (هەریەکە بۆ خۆی) تەماشای پەروەردگاری دەکات (لە تەماشاکردنی تێر نابێت).[3]

شەرقاوی دێت باسی هەموو ئەو ناکۆکی و جیاوازییە دەکات، کە لەم بابەتەدا لە نێوان ئەهلی سوونەتدا هەیە، کە دان بەوەدا دەنێن بەندەکان، خوا بەچاوی سەر دەبینن، موعتەزیلەکان ڕەتی دەکەنەوە، لەچوارچێوەی ئەو درککردنە عەقڵیەیاندا، کە مرۆڤ بتوانێ پەروەردگاری ببینێت، پاشان عەیاد لەو هەوڵە عەقڵانیانە لادەدات

١- هەمان سەرچاوە، ل ٣٣٨.

[2]- عیاد، شکری. دراسات قرآنية، يوم الدين والحساب، سەرچاوەی پێشوو، ص ٧٣.

[3]- هەمان سەرچاوە، ل ٧٥.

بەرەو ڕێبــازە ئەدەبــیەکەی دەڕوات، لە لێکــۆڵینەوەی واتــای وشــەکان لە ڕووی زمانەوانییەوە و چەشنەکانی ئەو تێگەیشتنانە، پاشـان چەسـپاندنی لەسـەر بەکارهێنـانی لە ئایەتەکەدا بەچێژوەرگرتن لەواتاکەی بەشێوەیەکی دەروونی و هونەری، لەمەشـدا سەریکێشاوە بـۆ هەڵبژاردنـی بۆچـونی مـوعتەزیلە لەچوارچێـوەی کـۆکردنەوەی ئەو نمونانەی، کە لە سەر شـێوەی ئەو ئـایەتەن، کە دەردەکەوێـت نمـونە لەنـاو شـیعری عەرەبی و لە نـاو قورئانیشـدا بـۆ وشـەی ڕوئیـا، کە لە ڕائـی وەرگیرابێـت و تێبینـی کەسێکی بینەر دەکرێت، تیبینی ئاڕاستەیەک لەگەڵ بینینـی چـاو دەکرێـت ئەوەی، کە پەیوەستە بە ئایەتەکە هەستکردن بە خۆشی و کـامەرانییەکی زۆر هەیە، چـونکە لەو حاڵەتەدا ڕووەکان دەگەشێنەوە پارسەنگی ئەوە دەدرێت، کە ئەو ڕوانە سـەیری پەروەردگاریـان دەکەن، لەو ڕۆژەدا هـیچ شـتێک ناتوانێـت بێبەشـیان بکـات لەو بینینە، کەواتە لەدنیاشدا نابێت بڕواداری ڕاستەقینە هیچ شتێک سـەرقاڵی بکـات و لە خۆشەویسـتی پەروەردگـاری دوور بخـاتەوە، چـونکە ئەوە وەک چـۆن لەقیـامەت بینینی پەروەردگار ئەو پەڕی بەختەوەرییە، لەم جیهانەش خۆشەویستی پەروەردگـار چڵەپۆپەی بەختەوەرییە.(١)

گومـانی تێـدانییە، ئەم جـۆرە شـێوازە لە لێکـۆڵینەوەی دەسـتەواژە قورئانییەکـان، ڕەوتی بابەتی تەفسـیر دەیسـەلمێنێت ئەم ڕەوتە لە مەبەسـتە کۆتاییەکانیـدا لە تیـۆری ئەدەبـی و لە میتـۆدی لێکـۆڵینەوەی مێژوویـی وەرگیـراوە، سـەرەڕای نـاوازەیی و نوێکاری لە شـێوازی چارەسـەردا، بەڵام دەرەنجـامەکەی ناگـاتە ئاسـۆی خـوێنەری شارەزا.

---

١- هەمان سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو.

ئـالێرەدا پێویسـتە تێـبگەین ئەو ڕەخـنە، کە شـەرقاوی لە بـارەی وشـەکانەوە ئاڕاسـتەی عەیـادی کـردووە، کە ئەم هەمـوو پێشـەکییە زمانەوانیـانە دەرەنجـامی پێوسیت نادەن بەدەستەوە.(١)

ئەگەر زانیمان کێشەی وشەکان لەسەر ئەو شێوە بەڕێوەچوو، لێرەدا شوکری دەچێ بۆ لێکۆڵینەوەی شێوازی قورئانی لە دین، لێپرسینەوە ئەم شێوازە بەوە پێناسە دەکرێت، کە ڕێبازێکە بۆ وابەستەکردنی هەموو واتا بەشیەکان، تاوەکو بگاتە مەبەستی ئەدەبی دیاریکراو، ئەمەش دەربڕینێکە بۆ ئەزموونی ویژدانی.(٢) ئەو وابەستە قووڵە لەنێوان شێواز و بیرۆکەدا دەردەخات، چونکە بێئاگابوون لەم پەیوەندییە پتەوە لەنێوانیاندا وا لە توێژەرەکان دەکات لەبواری ڕەوانبێژی و ڕەخنەی ئەدەبی، کە بگەنە یەکێک لەم دوو دەرەنجامە:

- یان سەیرکردنی واتا ئەدەبییەکان، کە شتێکە لەناو بیرو هۆشی ئینساندا هەیە و دابڕاوە لەو دەستەواژە و وشانەی، کە بە زمان دەردەبڕدرێن هەرکەسێک دەتوانێت بە بیرکردنەوەی عەقڵی بگاتە ئەو واتایانە، بەم شێوەیەش بەهای دەربڕدراوە دەستەواژەکان پشتگوێ دەخرێت.(٣)

- یان دەگەینە ئەو تێڕوانینەی شێوەی دەربڕین، کە وەکو مەجاز و خوازە وایە، کە جۆرێکە لەجۆرەکانی ئارایشت و وادەکات سەرنجی مرۆڤ بۆ لای خۆی ڕابکێشێت، بەڵام زەین و ئاوەز ماندوو دەکات بەوەی، کە لەواتا دوورەدەر و سێبەرییەکان بگەڕێت.

لەسەر ئەم بنچینە دەگەینە، ئەم جیاکەرەوە وردە، کە شوکری بۆ چەمکی واتا ئەدەبیەکان خستویەتیەڕوو، کە فەرمانێکی جیاکەرەوەیە لەم ناکۆکیەدا، ئەو دەڵێت واتا ئەدەبیەکان وەکو واتا حوکمیەکان و واتا فەلسەفییەکان و واتا زانستییەکان

---

١- الشرقاوي، عفت. الفكر الديني في مواجهة العصر، دراسة تحليلية لاتجاهات التفسير في العصر الحديث، سەرچاوەی پێشوو، ص ٣٣٩.

٢- عياد، شكري. دراسات قرآنية، يوم الدين والحساب، سەرچاوەی پێشوو، ص ٧٩.

٣- هەمان سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو.

نین، چونکە واتای ئەدەبی دەرەنجامی کارلێکی دەروونی مرۆڤایەتیە، بە هەموو ئەو هێزە پاڵنەر و درککەر وسۆز و هەست و ئارەزوو و خواستانەی، کە تێدایە لەگەڵ هەردوو بوارە سروشتیەکەی، کە تووشی مرۆڤ دەبێت.(١)

لە پاشاندا وەسفی سروشتی ئەو واتا ئەدەبیانەی کردووە، کە زۆر ئاڵۆز و وێکداچوون ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو جیاوازییە دەروونییە زۆرەی لەنێوان تاکەکاندا هەیە، کە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەک و لە ئومەتێک و بۆ ئومەتێکی تر دەگۆڕێت، جا مادەم وایە، واتا ئەدەبییەکان هەرگیز سنووردار ناکرێن، بەڵکو هۆکارێکی نەرم و گوێڕایەڵ و بێسنوورن، کە هەر هونەرمەندێک دەتوانێ چەندین جۆری هەستەوەری و چەندین ڕەنگی ویژدانی لێ زیاد بکات.(٢)

هەروەها زمانی ئەدەبی لای شوکری، بەهێزترین و کاریگەرترین هۆکاری دەربڕینی ویژدانییە، هەر لەم ڕووەوە عەیاد دوو بابەت دەوروژێنێ، کە ئەوانیش:

- واتای هەستی وشەکان و جیاوازیی لەنێوان وێناکردنی دیمەکانی سروشت لە دەقی ئەدەبی، لەگەڵ وێناکردنی ئەو دیمەنانە لەناو هونەرە بەرجەستەییەکاندا، لەمەدا ڕەخنەی لە سەید قوتب گرتووە، چونکە سەید پێیوایە بنچینەی دەربڕینی ئەدەبی و نهێنیی ئیعجازی قورئانی لەوەدایە، کە دەستەواژەکە بتوانێت وێنەی هەستەوەر لەناو زەینی گوێگردا بووروژێنێت، کە ئەمە هەندێکجار پێی دەڵێن وێناکردن و هەندێ جاران پێی دەڵێن بەرجەستەکردن، هەندێکجاریش پێی دەڵێن خەیاڵ و ئەندێشەکردن.(٣)

ئەم بۆچوونەی سەید، لەلای عەیاد پەسندکراو نییە، ئەو دەڵێت: زمانی مرۆڤایەتی، ئەگەر چی خاڵی نییە لەلاساییکردنەوە لەبارووودۆخی دەرەوە، بەڵام وێنەیەکی فۆتۆکۆپیش نییە بۆ ئەو بارودۆخە، بەڵکو داهێنان و زیادکردن و کەمکردنی تێدایە، جا ئەگەر بچین لەو پەیوەندییە بگەڕێین، کە لە نێوان

١- هەمان سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو.
٢- هەمان سەرچاوە، ل ٨٠.
٣- عیاد، شکری. دراسات قرآنیة، یوم الدین والحساب، سەرچاوەی پێشوو، ص ٨٠.

دەنگەکانی دەستەواژەیەک و واتایەکەدا بگەڕێین، ئەوا گومڕا دەبین و هیچ بنچینەیەک نادۆزینەوە، کە پشتی پێ ببەسترێت.[1]

پاشان بڕیاردەدات، کە ئەدیب دەستەواژە دەربڕاوەکان بەکاردەهێنێت لەو مانایانەی، کە لە ویژدانی گوێگردا هەیە مەرج نییە، کە پەیوەندی بەو وێنانەوە هەبێت کە دەیبینن، نموونە بۆ ئەمە دەستەواژەی مردن بەو دەنگانەی، کە لێی پێکهاتووە، هیچ پەیوەندییەکی بە شێوەی مردووەوە نییە، کەواتا وشەی مردن، کە لەناو زەینی مرۆڤدا ئەو هەموو واتا ویژدانی و هەستانە دەورووژێنێت، ترس و بیم دێنێت و کاریگەرییەکی قووڵیشی هەیە، ئەم هێزە ناگەڕێتەوە بۆ دیمەنانەی، کە ئەو وشە بەهەستەکانت درووستی دەکات، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ ئەومانا و پەیوەستیانەی، کە دیاردەی مردن لەناو زەین و ویژدانی تۆدا هەیەتی.[2]

خاڵی دووەم بریتییە لە ئاشکراکردنی جیاوازیی نێوان وێنای دیمەنی سروشتی و وێناکردنی لە کاری هونەریی بەرجەستەدا، لەمەشدا شوکری سێ تایبەتمەندی جیاکەرەوەی لە ئەدەبدا دیاریکردووە، ئەوانیش:

- شێوازی ئەدەبی سەربەخۆ نییە، بەڵکو تێکەڵە لەگەڵ شێوازی چیرۆک و دیالۆگدا.

- تایبەتمەندی دووەم وەسفی ئەدەبی ئەوەیە، کە بە تواناترە لە هونەری بەرجەستەکردن بۆ پیشاندانی وێنای شتێکی جوڵاوە.

- تایبەتمەندی سێیەم، دیمەنەکان لە وەسفی ئەدەبیدا بەدوای یەکدادێن، بۆیە تۆ پێویستتیت بەوە نییە، کە زۆر سەیری دیمەنێک لە دیمەنەکان بکەی، بۆ ئەوەی سەرەتا و کۆتاییەکەی بزانی، وەک ئەو حاڵەی لەبەرامبەر هونەری بەرجەستەدا دەیبینین.[3]

---

[1]- هەمان سەرچاوە، ل ٨١.

[2]- هەمان سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو.

[3]- عیاد، شکری. دراسات قرآنیة، یوم الدین والحساب، سەرچاوەی پێشوو، ص ٨٥.

پاشـان باسـی بنەمـایەکی تـر دەکـات، کە وەسـفی ئەدەبـی پـێ جیـادەکرێتەوە، ئەویـش بنەمـای ئاڕاسـتەکردن و بەشـکردنی وەسـفەکەیە، بە شـێوەیەک هێنـدێک دیمەن پێشدەکەون، هەندێکی تر زۆر بەرچاون، ئەمە وەکـو ئەو داوە دەزووە وایە، کە دەنکەکانی هەموو دیمەنەکان کۆدەکاتەوە.(١)

پاشـان شـوکری ئەم تایبەتمەنـدییانە لەسـەر دەقەکـانی ڕۆژی دیـن و لێپرسـینەوە دەچەسپێنێت، لە چوارچێـوەی سـێ بیـرۆکەی بنچینەییـدا، کە کـار دەکـات لەسـەر ئاڕاسـتەکردنی وەسـف بـۆ ڕۆژی دیـن لە یەکەمـدا، بیـرۆکەی هەڵـگەڕانەوەی تونـدوتیژ، کە تووشـی سـەرزەوی و زینـدەوەرەکانی دەبێـت، پاشـان ئەو ئایەتـانە دێنێـت بەدرێـژی و بەپـوختی باسـی ئەو کارەسـاتە دەکەن لەدوای ئەوە بیـرۆکەی دووەم، کە بـریتییە لە لەنـاوچوونی ئەو ئومەتـانەی- بەشـێوەیەکی لەناکـاو -، کە پێغەمبەرەکانیان بە درۆ زانیوە.

بیـرۆکەی سـێیەم بیـرۆکەی مـردنە، چـونکە مـردن لە تێڕوانینـی زیندەوەرەکانـدا هەڵگەڕانەوەیەکی ترسناکە، ئەویش وەکو قیامەت و ڕۆژی دواییە، بە کۆبـوونەوەی ئەم سـێ بیرۆکـانە، دیمەنێکـی ڕۆشـن بـۆ ڕووداوەکـانی ڕۆژی دیـن و لێپرسـینەوە گەڵاڵە دەبێت، لە چوارچێوی بیرۆکەی هەڵـگەڕانەوە کارەسـاتبارەکان، کە تووشـی زەوی و بوونەوەرانی سەر زەوی دەبێت، جا ئەم هەڵگەڕانەوە لەژیانی تاکێکدا بێـت وەکو مردن، یان لە ژیانی ئومەتێکدا بێت وەکو لە ناوچوونی عاد و سەمود، یـان لە لەناوچونی هەموو جیهاندا بێت، وەکو ڕۆژی قیامەت.(٢)

کۆتایی لێکۆڵینەوەکـان، لەبـارەی مەبەسـتە مرۆڤایەتیەکـانی قورئـانی پیـرۆز، لەم بابەتەدا ئێمە لەمەو پێش ئاماژەمـان بەو بیـرۆکە کـرد، کە شـوکری لە چوارچێـوەی میتـۆدی مامۆسـتاکەی؛ ئەمـین خـوولی باسـیکردووە، ڕێخۆشـکردنی کـرد بـوو بە باسکردنی پەیوەنـدی لەنێـوان دیـن و هـونەردا، کە هەردووکیـان تەعبیـر لە لایەنـی ویژدانی دەروونی مرۆڤـایەتی دەکەن، ئەوەشـی ڕوون کردبـۆوە، کە ئەم بنچینـە بـۆ

١- هەمان سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو.

٢- الشرقاوي. شکری عیاد ومنهجه في التفسیر الادبي، سەرچاوەی پێشوو، ص ٢٧٠.

هەریەک لە دیـن و ئەدەب، بـۆتە هـۆی پێکەوەبەسـتنی لێکـۆڵینەوە دینییەکـان بە لێکـۆڵینەوە ئەدەبیەکـان بەشـێوەیەک، کە هەر لێکـۆڵینەوەیەکی دەروونـی بەشـێکی گـرنگە لە دیـن، ئەمەش هەوڵێکـی نـوێیە لە ڕەوانبێـژی و تەفسـیردا، بە مەبەسـتی بەکارهێنانی یاساکانی دەروونناسی بۆ گەیشتن بەتێگەشتنی ئەدەبی[1].

پاشان عەیاد مەبەستەکەی لەم بەشـەدا دیـاری دەکـات، کە خوێنـدەوەی چەنـد ڕوویەکی جیاوازە لە تێگەیشتنی ئەزموونە دەروونییە گەورەکان، کە بنچینەی دینـی لە سـەر دامەزراوە لە چوارچێـوەی مرۆڤـایەتی گشـتگیردا، پاشـان لە چوارچێـوەی کۆمەڵایەتی تایبەتدا، دواتر لە چوارچێوەی دەروونی تاکەکەسدا.[2]

پاشـان شـوکری هەڵوێسـتە دەکـات لە لای ئەو کێشـانەی، کە پەیوەنـدیان بە ڕۆژی لێپرسینەوە، هەیە بۆ نمونە باسـی نزیکبـوونەوەی ڕۆژی قیـامەت دەکـات ئەو ئایەتانە دێنێت، کە باسی نزیکبوونەوەی ڕۆژی قیامەت دەکەن:

﴿إِنَّ السَّاعَةَ آتِيَةٌ أَكَادُ أُخْفِيهَا لِتُجْزَىٰ كُلُّ نَفْسٍ بِمَا تَسْعَىٰ﴾ [طه ١٥] [3]

بێگومان ڕۆژی قیامەت بەڕێوەیـە و هـەر دێـت، نزیکـە بیشـارمەوە، بـۆ ئـەوەی هەموو کەسێک بە گوێرەی کار و کردەوە و هەوڵ و کۆششی پاداشت بدرێتەوە.

ئەمەگوتـاری خـوای گەورەیە لەگەڵ موسـا (دروودی خـوای لەسـەر) لە نێـوان هاتنی موسا و هاتنی محەمەد، چەندین سـەدە و هەزار سـاڵە هەیە، لێـرەدا نـاگوترێ کە هەرەشـە بە نزیکـی قیـامەت نەهـاتۆتە دی، چـونکە ئەگەر مەبەسـت بە نزیکـی ڕووداوەکە ئەوە بـێ، کە مرۆڤەکـان تێیـدەگەن ئەوا نەدەگونجـا، کە ئەم گوتـارە ئاڕاستەی موسا کرابایە، پاشان قورئان چەندین ئـایەتی ئاشـکرای هێنـاوە، کە کـاتی

---

[1]- عیاد، شکری. دراسات قرآنية، يوم الدين والحساب، سەرچاوەی پێشوو، ص١٠٠.

[2]- هەمان سەرچاوە، ل ١٠١.

[3]- الاندلسي، ابن عطية. المحرر الوجيز في تفسير الكتاب العزيز، بيروت: دار ابن حزم، ط١، ٢٠٠٢ز، ص ١٢٤٨.

ڕۆژی قیامەت بە تەنها خوا دەیزانێت، دیاریکردنی کاتی ڕوودانی بەنزیک، یان دوور کارێکی مەحاڵە بۆ مرۆڤەکان.[1]

ئەگەر ئەم ئایەتانە بەڵگە نەبن لەسەر نزیکی ڕۆژی قیامەت، ئەدی چۆن بەتایبەتی لە سەردەمی مەککیدا تەفسیری بکەین؟

پێش وەڵامی ئەم پرسیارە، شوکری هێندێک بابەت دەوروژێنێت، کە ڕوژهەڵاتناسەکان بەتایبەتیش ڕۆژهەڵاتناسی ئەڵمانی جۆزیف هۆرۆڤیچ وروژاندوویەتی، پێیوایە ئەو بیرۆکانە محەمەد لەو کەسانەی وەرگرتووە، کە لە دینەکانی پێشوودا شارەزا بوون بەسەر بیروهۆشی محەمەدیشدا زاڵبووە، وەکو بیرۆکەی ڕۆژی لێپرسینەوە، هەر بۆیە کاتێک ئەو بیرۆکەی هێناوەتە پێشچاوی خۆی، دڵنیاتر بووە لەوەی ئەو ڕۆژە زۆر نزیکە، پاشان گەیشتۆتە ئەو بڕوایەی، کە خوای گەورە ئەوی هەڵبژاردووە، بۆ ئەوەی گەلەکەی ئاگادار بکاتەوە لەو سزایە نزیکە.[2]

کری، لەبارەی ئەم بۆچونە دەڵێت: ئا بەم شێوە ئەم ڕۆژهەڵاتناسە بیرۆکەی قیامەت دەگەڕێنێتەوە بۆ دەروونی محەمەد و دەڵێ: ئەم ئایەتانە بەنزیکی ڕۆژی قیامەت سەرەتای هەستکردنی بوو بە هەواڵپێدان، هەڵبەت ئەو لەم بۆچوونە لەناو ڕۆژهەڵاتناسان لەبارەی وەحی و پێغەمبەرایەتی بە تەنها نییە، پاشان بڕیار دەدات ئاڕاستەکردنی ئەدەبیی دەروونی بۆ ئەم بابەتە ئەوەیە، کە بیرۆکەی لەناوچونی کۆتایی بۆ دنیا، بیرۆکەیەکی نزیکە بۆ عەقڵ و بیری هەموو مرۆڤایەتی، تەنانەت گەلە سەرەتاییەکانیش بەشێوەیەک لەشێوەکان باوەڕیان پێی هەیە[3]، بەتایبەتی جولەکە و مەسیحیەکان لە هەر دوو کتێبی دێرین و نوێدا باسکراوە، کە دنیا تێکچوونی کۆتایی هەیە و پێدەچێ ئەم بیرۆکە لە جولەکە و نەسرانەکانەوە بە بتپەرستانی مەککە گەیشتبێت بەم شێو قورئان لەناو بارووداۆخ و دەوروبەرێکدا

---

[1]- عیاد، شکری. دراسات قرآنیة، یوم الدین والحساب، سەرچاوەی پێشوو، ص ١٠٢.

[2]- هەمان سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو

[3]- عیاد، شکری. دراسات قرآنیة، یوم الدین والحساب، القاهرة، سەرچاوەو لاپەڕەی پێشوو، ص ١٠٣

هـاتووه، که هەموویـان باوەڕیـان به لەنـاوچونی کۆتـایی هەبـووه، پاشـان بەگـاڵته و پرسیار دەکات، که کاتی ئەو ڕووداوه کەنگێیه ؟.(١)

قورئان بەشێکی زۆری لەو گاڵته پێکردنانەی بۆ باس کردووین:

**﴿وَيَقُولُونَ مَتَى هَذَا الْوَعْدُ إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ﴾ [يونس ٤٨]**

(بێباوەڕان) دەڵێن: کوا، کەی ئەو بەڵێنه پێش دێت؟ کەی ڕۆژی قیامـەت بـەرپا دەبێت؟! ئەگەر ئێوه ڕاست دەکەن!

ئـالێرەدا، شـێوازی قورئـانی ڕۆشـن دەبێـتەوه، بـۆ ئەوەی ببێـته نیشـانەیەک له نیشـانەکانی مـوعجیزەی دەروونناسـی بـۆ بڵاوکـردنەوەی بـانگەواز، ئەوەتـا تـرس لەڕووداوێکی شاراوەی کردۆته بنچینەی بیرێک له نـاو دەروونـی خەڵکیـدا، پاشـان لەسـەر ئەم بنچیـنه بینـای کـردووه و هەمیشـه ئەم ڕووداوەی دووبـاره کـردۆتەوه و دەروونیـانی بەو دووبـارەکردنەوه ئاگـادار کـردۆتەوه، هەتـاوەکو ئەو بیـرۆکەی گەیاندۆته بـاروودۆخی کارەساتێکی یەقـین و بێگومـان، که واتـا پێویسـت ناکـات زەمـانی بەرپـابوونی بـزانین، بەڵکـو ئەوەتـا ڕۆژی قیـامەت لەپـێش چاومانـه هەمـوو کاتەکانمانی داگرتووه، هەموو کاتەکان و هەموو جیهان، لەو ڕووداوه کارەسـاتباره دەترسـێ و هەمـوو شـتێک ئامـادەیی بـۆ ئەو ڕۆژەو بـۆ پرسـیار وەڵامـی ئەو ڕۆژه ئاماده دەکات، ئا بەم شێوازه له دوواندنی ویژدانی، قورئان وەڵامی ئەو گـاڵتەکەرانه دەداتەوه.(٢)

سـەبارەت به مەبەسـته کۆمەڵایەتیەکـانی قورئـان زۆر لەو ئایەتـانەی، که باسـی ڕۆژی لێپرسینەوه دەکەن، ناتوانین تێیان بگەیـن، تـا ئەو بـاروودۆخه کـۆمەڵایەتیەی ئەوسـای دوورگەی عەرەبـی تێـدا بـووه، نەهێنیـنه پێشـچاوی خۆمـان، لەم ڕەوتەدا کۆمەڵێک دەوڵەمەند و بازرگان دژایەتی بانگەوازی ئیسـلامیان کـردووه، ویسـتویانه بەرژەوەندی و پلەوپایەکانی خۆیان بپارێزن، که پەیوەندی به ڕژێمی دینی ئەوسـای

[١]- هەمان سەرچاوه و لاپەڕەی پێشوو.

[٢]- هەمان سەرچاوه، ل ١٠٤.

قورەیشەوە هەبوو، کە لەسەر بنچینەی ستەم بنیاتنرابوو، هاتنی ئیسلام چینە هەژارەکانی لەژێردەستی ئەوان دەردەهێنا، بۆیە ئەم چینە زۆردارە بە هەموو شێوەیەک دژی ئەو ڕەوشت و یاسا کۆمەلایەتییە نوێیانە بوو، کە ئیسلام هێناونی.[1]

قورئان زۆرێک لەم ڕووداوانەی بۆ گێڕاوینەوە. وەکو خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿كَلَّا إِنَّ الْإِنسَانَ لَيَطْغَى﴾ [ العلق ٦]

نەخێر (لەگەڵ ئەو هەموو چاکە و ڕێزەدا، کە خوا بەخشیویەتی بە ئینسان) بەڕاستی خەڵکی سەرکەشی دەکەن، یاخیدەبن، ستەم دەکەن.

﴿ أَن رَّآهُ اسْتَغْنَى﴾ [ العلق ٧]

لەبەر ئەوەی هەر ئادەمیزاد هەستی کرد، دەوڵەمەند و بێنیازە (لە ڕووی ئابووری، یان تەندروستی، یان زانستیی... هتد)یەوە.

﴿إِنَّ إِلَى رَبِّكَ الرُّجْعَى﴾ [ العلق ٨]

(ئەوە فەرامۆش دەکات کە): بێگومان سەرەنجام گەڕانەوە هەر بۆ لای پەروەردگارتە و (لەسەرکەش و یاخیەکان دەپرسێتەوە).

﴿رَأَيْتَ الَّذِي يَنْهَى ﴾ [العلق ٩]

باشە، پێم بڵێ ئایا ئەو کەسەی، کە فەرمان دەدات و ڕێگری دەکات؟!...

﴿ عَبْدًا إِذَا صَلَّى﴾ [العلق ١٠]

لە بەندەیەک کاتێك نوێژ دەکات!!...

پاشان قورئان نکوڵی لە هەموو ئەو نەریتە کۆمەڵایەتییە ستەمکارانەکرد، ڕوونی کردووە کەس لەسزای ئەو جۆرە کارانە دەربازی نابێت، وەخانەدان و پایەدارەکان

[1]- عیاد، شكری. دراسات قرآنية، يوم الدين والحساب، القاهرة، سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو، ص ١١٤.

و هەرکەسێکیش شوێنیان بکەوێت، تاوانی کردووەکانیان لەکۆڵدەنێن، ئەگەر پڕبەزەوی زێڕیش ببخەشن دەربازیان نابێت.

ئەم چینە چینێکی دنیا پەرستبوون لەناو خۆشییەکانی دنیا خنکابوون، بێجگە لەخۆشگوزەرانی هیچیان نەدەزانی، رابواردن نەخۆشی گومانکردن لەڕاستەیەکان دێنێت، بۆیە ئەوان باوەڕیان بەهیچ شتێک نەبوو، تەنها حەزو ئارەزوو نەبێت.[١]

بەم شێوە بابەتەکەی شوکری عەیاد کۆتایی دێت، ئەو بابەتەی شەرقاوی بە هەوڵێکی ناوازەی دەزانێت بۆ درککردنی واتاکانی دەستەواژە قورئانییەکان، لە بیری ئەو عەرەبانەی لە سەرەتای دابەزینی قورئاندا لە ژیاندابوون، هەوڵدەدات ئەو چێژە هەست پێبکات، کە ئەو دەستەواژانە بە مرۆڤیان بەخشیبوو.[٢]

ئەو بارودۆخە ڕۆشنبیریەی، کە شوکری عەیاد تیادا ژیاوە، کاریگەری زۆر بووە لەوەی، کە ناوبراو ڕوو لە توێژینەوەی قورئانی بکات و واز لە بابەتەکانی تر بهێنێت، بیرۆکەی ئیعجازی دەقی قورئانی و شکۆداری ڕەوانبێژیەکەی لەناو دڵ و دەروونی شوکری-دا تەواو ڕۆچووبوو، لە شێوازی بیرکردنەوەیدا ڕەنگی دابۆوە، کاتێک لە شێوازەکانی ڕێسابەندی زمانی عەرەبی دەکۆڵیەوە گەشتبووە ئەو نمونە باڵایەی، کە لە ڕەوانبێژی عەرەبیدا وێنەی نییە، ئەویش قورئانە، هەر بۆیە دەبێت بکرێتە دەقی کۆکەرەوەی هەموو شێوازەکانی زمانی عەرەبی.[٣]

ئەم بۆچوونە لەلای ڕۆژهەڵاتناسی ئەڵمانی یۆهان فەک پەسند بوو، کە پێیوابوو زمانی قورئان جیاوازە لەزمانی شاعیر و ئەدیبە عەرەبەکان و کاریگەری قورئان لە ترۆپکی هەرە بەرزیدایە، کە هیچ دەقێکی دیکە نایگاتێ، لە قورئاندا بۆیەکەمجار، لە زمانی عەرەبی و زمانەکانی تریش پەردە لە ڕووی جیهانێکی فیکریی نوێ، لە

---

[١]- هەمان سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو.

[٢]- الشرقاوي، عفت. الفكر الديني في مواجهة العصر، دراسة تحليلية لاتجاهات التفسير في العصر الحديث. سەرچاوەی پێشوو، ص ٣٣٩.

[٣]- عياد، شكري. اللغة والابداع، مباديء علم الاسلوب العربي، القاهرة، انترناسيونالبرس، ١٩٨٨ز، ص ١٠٢.

ژێردروشــمی تەوحیــدا هەڵدەماڵــدرێت، کە ئەمجــارە زمــانی کــاهین و فــاڵچی و ســاحیرەکان نیــیە، گــوتە و قســە ســەرواداری‌ەکانی جــادووگەران نیــیە، هۆکــار و شێوازەکانی زۆر ڕۆشن و ئاشکران و ئاڕاستە و ڕێبازە مەجازیەکانی لە دەربــڕین و لە واتادا، زۆر ڕۆشنن.[1]

[1]- فک، یوهان، العربیة: دراسات في اللغة والدراسـات والاسـالیب، ترجمة وتعلیق: رمضـان عبدالتواب، مصـر، مکتبـة الخـان- فیلد، لشـتیفان. ترجمـة القـرآن الکـریم، اشـکالیات وابعـاد، مجلـة التسـامح، ع١١، ٢٠٠٥ز، ص ١٦-١٧.

# بەشی سێیەم:

# محەمەد ئەرەگۆن و ڕاتەکاندنی

# چەمکی پیرۆزیی

له بەراوردێکی سەرنجڕاکێشدا، له نێوان هەردوو هەڵوێستی نیچه و دوستۆفسکی له بەرامبەر ئینجیلدا، ئەندریه جید، پەرده له ڕووی کاردانەوەی نیچه لادەدات بەرامبەر ئەم دوو فەیلەسوفە، که له لووتکەی مرۆڤایەتییدا بوون.

دەڵێ نیچه ئیرەیی به مەسیح دەبا هەتا ڕادەی شێتی... له نووسراوی کۆتایی نیچه "مەسیحی تاجدار به دڕک " ئەوە دەردەکەوێ، که خۆی کردۆته هاوبڕکێی سەرکەوتوو به سەر مەسیحدا پێیوایه، که هەموو ڕێوشوێنەکانی مەسیح له ڕیشەوە هەڵدەکێشێ.[1]

کاردانەوەی دوستۆفسکی تەواو جیاوازە، ناوبراو هەر له یەکەم نزیکبوونەوەی له ئینجیل هەست به شکۆداریی و پیرۆزیی ئینجیل دەکات، نەک لەسەر خودی خۆی، بەڵکو لەسەر هەموو مرۆڤایەتی. ئەو بۆنی خوداوەندانی له مەسیح کرد، به ڕێز و شەرمەوە له بەرامبەری چەمایەوە.[2]

ئەم دەروازە ڕێخۆشکردنێکی گونجاو بوو، بۆ زانینی هەڵوێستی ڕووحی محەمەد ئەرەگۆن له بارەی قورئانەوە، هەرچەندە زۆر زەحمەته بگوترێ، که ئەرەگۆن هەڵوێستی نیچه له بەرامبەر ئینجیل دووبارە دەکاتەوە، خوێنەری ئەرەگۆن به هەڵەدا ناچێ، ئەگەر بڵێ من بۆنی گەورەیی پەرستراوم له قورئاندا نەکردووە، ئەگەر بڵێ خوێنەرێکی بێ بەشە له فەیزی ئاسمانی به دەربڕینی محەممەد ئیقبال.[3]

ئەرەگۆن پێشەنگی ئەو لێکۆڵەرانەیە، که لابردنی لەمپەری به پیرۆز زانینیان لەسەر دەقی قورئانی له ئەستۆ گرتووە.[4]، دەیەوێ قورئان له دانراوی ئیلاهیەوە بگۆڕێ بۆ دانراوی مرۆڤایەتی له چوارچێوەی میکانزمێکی دیاریکراودا، به

---

[1]- جید، اندریه. دستوفسكي. مقالات ومحاضرات، ترجمة: الياس حنا الياس، بيروت- باريس: منشورات عويدات، ط١، ١٩٨٨ز، ص ١٠٨.

[2]- سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٩.

[3]- اقبال، محەمەد. جناح جبريل، ترجمة وتعليق: جلال السعيد الحفناوي، مراجعة محمد علاء الدين منصور، القاهرة: المجلس الاعلى للثقافة، ط١، ٢٠٠٣ز، ص ١٣٨.

[4]- حمادة، منتصر. الآيات القرآنية والقراءات الحداثية عند، د. طه عبدالرحمن، مجلة المنطلق الجديد، لبنان، ع٩، ٢٠٠٦ز، ص ١٣.

پشتبەستن بەو بەرنامانەی، کە لە زانستی ئاینەکان دەخوێندرێت، هەروەها لە ڕۆشنبیری ڕۆژئاوادا بلورەی کردووە، کە میتۆدی زانستی ئاینەکان، کە لە شرۆڤەکردن و ڕەخنەلێگرتنی تەورات و ئینجیل گوازراوەتەوە بۆ بواری تووێژینەوە قورئانییەکان وەکو: (زاستی بەراوردی دینەکان، زانستیی مێژوویی دینەکان، مێژووی تەفسیر و لاهوت، پشتبەستن بەو بەرنامە بڕیاردراوانەی، کە لە زانستەکانی مرۆڤایەتی و کۆمەڵگا دەخوێندرێت و دابەزاندنی لە سەر دەقی قورئانی، بەتایبەتی بیردۆزە زمانەوانییەکان و سیمیایەکان و زانستی مێژوو و کۆمەڵناسی و مرۆڤناسی).[1]

بێگومان ئەرەگۆن خوێنەرێکی چەکدارە بە ڕۆشنبیری، بەڵام ڕۆشنبیریەکی زیادە ڕۆکار، کە هێندێک جاران بیرۆکەی داهێنان دەخنکێنێ و لوتبەرزی ڕۆشنبیری بۆ دەمێنێتەوە.[2]

لەوانەشە هەر ئەمە بێ، کە ڕاڤەی ئەو لەبەریەکهەڵوەشاندنە بەکەمگرتنەی، کە ئەرەگۆن بە کۆششی توێژەرانی پێش خۆی لە قورئاندا کردوویەتی، کە ئەمە جیاکەرەوێکی بەرچاوە لە نووسینەکانی.[3]

ئەرەگۆن بە سێ ئاڕاستە لە توێژینەوە قورئانییەکان جیادەکرێتەوە، کە ئەمانەن:

---

[1]- سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥.

[2]- بیگۆڤیچ، علی عزت. هروبي الى الحرية، ترجمة: اسماعيل ابو البندورة، بيروت- دمشق: دار الفكر المعاصر، دار الفكر، ط١، ٢٠٠١ز، ص ٦٦.

[3]- حافظ، صبري. افق الخطاب النقدي، القاهرة: شرقيات للنشر والتوزيع، ط١، ١٩٩٦ز، ص ٢٣٨.

# خوێندنەوەی ئیمانی (لاهوتی)

مەبەستی ئەرەگۆن لەم خاڵە ئەوەیە، کە هەموو کەلەپوری تەفسیر، کە لە مسوڵمانان بەجێماوە و هەرچی لە بارەی قورئانەوە تۆمارکراوە، یان بە دەربڕینێکی دیکە هەر هەڵسوکەوتێک لەگەڵ قورئان، کە قورئان لەناو دەروونی بڕوادارانیدا دەچەسپێنێت، کە پێیدەڵێن تەفسیری ئیمانیی بۆ قورئان لەناو چوارچێوەیەکی دۆگمائی ڕەهایەدا ئەم چوارچێوە، کە پوختەی بیروباوەڕە دینییەکان و وێنا و سەلمێنراوەکانە، ئەو بابەتانەی بۆ ئەو ڕێسا بیروباوەڕیی و نابیروباوەڕییانە ڕێخۆشدەکات، کە لەسەروو هەموو ڕەخنەیەک بێت لە ناوخۆ و لە دەرەوەدا.[1] لەسەر ئەم بناغەیە تەفسیری ئیمانیی پەیڕەوی ستراتیژیەتی ڕەتکردنەوە دەکات، لە پێناوی پاراستنی پارێزگاریکردنە لە ئیمان، یان وروژاندن و پڕکردنەوەی ئیمانی، ئەگەر پێویست بوو ئەم شێوازە هیچ چاودێریی ڕێسای خوێندنەوە کاتییەکان و ڕێسای خوێندنەوە پەرەسەندووەکان بۆ زمان ناکەن، بۆیە ئەم جۆرە خوێندووە ئیمانییە لە بۆچونی ئەرەگۆندا، هیچ خزمەت بە قورئان و بە هزری ئیسلامی ناکات، توێژەرە سەربەخۆیەکانیش لە ڕۆژهەڵاتناس و بێدینەکان ئەوان دەتوانن، کە خوێندنەوەی نوێ پێشکەش بکەن و خزمەتی هزری ئیسلامی بکەن.

ئەم ڕەخنە توندوتیژە بۆ خوێندنەوەی ئیمانیی ئەوە ناگەیەنێت، کە ئەرەگۆن ئەم خوێندنەوە لەسەر ئاستی زانستیی بەکەم دەزانێ، هەرچەندە من گومانم هەیە لە ڕاستی ئەم هەڵوێستە، کە لەوانەیە دیاردەیەک بێت لە دیاردەکانی بەریەککەوتن لە هزری ئەرەگۆندا، ئەو جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە وەرگرتنی خوێندنەوە ئیمانییەکان بە چاوی ڕێزەوە، یان لکاندنی لە چوارچێوەی تێڕوانینێکی بەرفراوانی

---

[1]- ارکون، محمەد. الفکر الاسلامي واستحالة التاصيل، ترجمة وتعليق: هاشم صالح، بيروت: دار الساقي، ط٣، ٢٠٠٧ز، ص ٦٦.

مێژوویی، دەبێتە هۆی دەوڵەمەندکردنی زانستیی مێژوویی لە داهاتوودا، هەروەها دەبێتە هۆی ڕەخنەیەکی کەمتر داڕندراو و وردبونەوەیەکی پوختی بیروهۆشی دینی.[1]

هەروەها ئەرەگۆن پێیوایە، ڕاڤەکارە پێشینەکانی قورئان، بەهۆی ڕاستگۆیی ئەزموونە دینییەکەیان، کەموکورِیی تەفسیرەکانیان پڕدەکردەوە. پێشیوایە، کە ئەو تەفسیرانە تەواو ڕێک نین لەگەڵ دەقی قورئاندا.[2]

---

[1]- هەمان سەرچاوە، ل ٧٠.

[2]- اركون، محمد. الفكر الاسلامي نقد واجتهاد، ترجمة: هاشم صالح، بيروت: دار الساقي، ط٢، ١٩٩٢ز، ص ٩٥.

## خوێندنەوەی مێژوویی فیلۆژی:

ئەو خوێندنەوەیە، کە بلورەی کردووە لە ڕەوتی لێکۆلینەوەی ڕۆژهەڵاتناسی لەمێژووی قورئان و بنیات و میتۆدەکانی تەفسیر کردنیدا.

ئەرەگۆن زۆر سەرسامە بە هەوڵەکانی نۆڵدەکە و بلاشێر، چونکە ئەوان توانیویانە ئەو ڕێز و پیرۆزییە، کە ڕەوتی ئارسەدۆکسی ئیسلامی سەپاندوویەتی بەسەر لێکۆڵینەوە قورئانییەکان بدڕێنێت و نەهێڵێت زیاد لە پێوست لێ نزیک ببنەوە.[1]

لەهەمانکاتدا ئەرەگۆن هێرش دەکاتە سەر ئەو شێوازەی، کە ڕۆژهەڵاتناسەکان لەسەرینی، بەهۆی داخرانیان لە ناو چوارچێوەیەکی مێژوویی فیلۆلۆژیی، کە لە چاخی نۆزدە بنیاتنراوە، بەڵام لەمەدوا هیچ نوێکاریەکی بۆنەکراوە و هیچ سوود لە ئەو داهێنراوە زانستییانە، لە بوارەکانی زمانەوانی و سیمائی وەرنەگیراوە.

هەروەها ڕەخنە لە ئەو وریایی و پێهەڵگوتنە دەگرێت، کە لە نووسراوەکانی ڕۆژهەڵاتناسە هاوچەرخەکاندا هەیە، وەسفیان دەکات، کە ئەوان شارەزان لەبواری تایبەتمەندیەکی سنوردار و گەمارۆ دراو، بەڵام ئەوان هەرگیز بیرمەند نین.[2]

هەر لەم ئاڕاستەدا، ئەرەگۆن ڕەخنەیەکی توند لە هاوڕێ و مامۆستاکەی جۆزیف فان ڕۆژهەڵاتناسی ئەڵمانی دەگرێت، کە خاوەنی کتێبی (لاهوت و کۆمەڵگا لە سێ سەدە یەکەمینەکانی کۆچیدا)، ئەم کتێبە تەرخانکراوە بۆ لێکۆڵینەوە لە سەردەمی پێکهاتنی یەکەم بۆ هزری ئیسلامی و ڕۆشنایی دەخاتە سەر.[3]

---

[1]- ارکون. الفکر الاسلامي واستحالة التاصيل، سەرچاوەی پێشوو، ص ٤٤.

[2]- سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٦.

[3]- ارکون، محمد. القرآن من التفسير الموروث الى تحليل الخطاب الديني، ترجمة: هاشم صالح، بيروت: دار الطليعة، ط١، ٢٠٠١ز، ص ٨.

جۆزێــف لەم کتێــبەدا، بە وریــایی لەگەڵ بــابەتی مــوعتەزیلەدا هەڵســوکەوتی کردووە و هەڵوێستی پابەنـدان بە سـوونەتی سەرخسـتوە بەسـەر مـوعتەزیلەدا[1]، ئەم هەڵوێستە بەدڵی محەمەد ئەرەگۆن نییە بۆیە دەڵێـت: هـاوڕێکەم جۆزیـف، کە ئەم تـوێژینەوەی پێشکەشـکردووە، سـەرەڕای ئەوەی ئەو ڕۆژهەڵاتناسـە کەسـێکە، کە چـاودێری خـودی لەسـەر دەروونـی خـۆی دانـاوە، یـان تایبەتمەنـدی ئیمـان، کە گەیشــتۆتە ئاســتێک ئیمــانی خەڵکــی ســووننی بە ســەر بۆچــونی مــوعتەزیلەدا زاڵکردووە.[2]

ئەو پێیوایە جۆزیف هەموو شێوەکانی ئارۆسۆدۆکسی لەبەریەکهەڵنەوەشاندووە، کە بەڕای ئەو، ئەوان بــوونە هــۆی ئەوەی، کە بەســاختە و بووختــان پەردەی پیرۆزکردن بەسەر دەقی قورئانیدا بدەن[3]، لە بەرامبەردا ئـەرەگۆن هەمـوو سـتایش و پێهەڵگـوتێنکی بەسـەر خـانمە لێکـۆلەری فەرەنسـی جـاکلین شـابی کـردووە، کە (بابەتی پەروەردگاری خێلەکان؛ ئیسلامی موحەمەد)ی نووسیووە و لەسـاڵی ١٩٩٧دا چـاپکراوە، ئـەرەگۆن لەبـارەیەوە دەڵێـت: لێکـۆڵینەوەیەکی تایبەتمەنـدە لەسـەر ئاستێکی قـووڵ و جیـاکراوە، چەنـدین شـرۆڤەی بەرفراوانیشـی پێشکەشـکردووە[4]، دەشڵێت: هەست بە بەختەوەریی دەکەم، کە ئامـاژە بە نووسـراوێکی بە بەهـا دەکەم نووسراوێک، کە لە ئاڕاستە بەڕێوە دەچێت، کە ئەرەگۆن حەزی لێدەکا و هەوڵـی بۆ دەدات.

ئەم کتێـبە نمـوونەی زانسـتی هەسـتپێکراو پێشـکەش دەکـات، کە دەتوانرێـت بـازدانێکی چەشـنی و بیسـتملۆجی لە نووسـینەوەی مێـژووی قورئانـدا بکرێـت، ئەم نووسەرە سنووری ئەو گۆرانکارییە دیاریدەکات، کە بە پێوەری یاسـایی ناتوانرێـت

---

[1]- ارکون. الفكر الاسلامي واستحالة التاصيل، سەرچاوەی پێشوو، ص ٣٤.

[2]- ارکون. الفكر الاسلامي واستحالة التاصيل، سەرچاوەی پێشوو، ص ٣٣ - ٣٤.

[3]- سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٤.

[4]- سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٤.

لەلایەن مێژوونووسەوە بشکێنرێت لەنێوان پیشەی مێژوونووس و بواری هزری ئیمانیی و زانستیی ئیمانی.[1]

هاشم سالّح، کە وەرگێری کتێبەکەیە لەسەر ئەم پەرەگرافە نووسیویەتی: ئەم لێکۆڵەرە زۆر دوور ڕۆشتووە لەوەی، کە پەردەی مێژوویی ئەو سەدان ساڵەی لەسەر دەقی قورئانی هەڵگرتووە و ئەم دەقەی گرێداوە بەسەدەی حەوتەمی زاینی و ئەو بارووددۆخەی، کە نیمچەدوورگەی عەرەبی لەوکاتەدا تێدا ژیاوە، هەربۆیە بەریەککەوتنی زۆرە لەگەڵ هەستی بڕواداری ئاسایی.[2]

ڕەخنەگرتن لە ئەرەگۆن بۆ خوێندنەوی ڕۆژهەڵاتناسان، گەشتۆتە لووتکە و دەڵێ: هەموو ڕۆژهەڵاتناسەکان، جگە لەهەندێکیان نەبێت هیچ شوێنەوارێکی هەمیشەیان بەجێ نەهێشتووە، کە ئەو گفتوگۆیە میتۆدی و دڵەڕاوکێ و بستملۆژییە بەکەم بگرن.

ئەوان تەنها بایەخ بەتوێژینەوەی مادی هەستپێکراو دەدەن، بەو واتایەی مەبەستیانە و لە چوارچێوەی ئەو بازنە زانستیەیەی،کە هەڵیدەبژێرن.[3]

ئەم ڕۆژهەڵاتناسانە، گوتەکەی ئەرەگۆن ڕەتدەکەنەوە و دەڵێن: ئەو هەمیشە بانگەشەی تیۆری دەکات، بەبێئەوەی هیچ توێژینەوەیەکی زانستیی هەستپێکراو، بۆ پشتگیری تێڕوانین و تیۆرییەکانی پێشکەش بکات، هەتا وایلێهاتووە، کە هێندەک لە ڕۆشنبیرانی عەرەبیش، هەمان تۆمەت دەدەنە پاڵ ئەرەگۆن.[4]

---

[1]- سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٩- ٥٠.

[2]- سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٠.

[3]- سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠.

[4]- سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١.

## خوێندنەوەی زمانەوانی و سیمیۆتیکی و ئەدەبی:

ئەم خوێندنەوانە لە بۆچوونی ئەرەگۆندا، دەبنە جێگرەوەی دوو خوێندنەوەکەی پێشوو، کە بریتیبوون لە خوێندنەوەی ئیمانی و خوێندنەوەی فیلۆلۆژی مێژوویی ڕۆژهەڵاتناسی، چونکە ئەم دوو خوێندنەوانە، چەندین کەلێنی میتۆدیان تێدابەدی دەکرێ، لە بەرچاوترین کەموکوڕیەکان ئەوەیە، کە ئەو دوو خوێندنەوە لەگەڵ میتۆدە زمانەوانی و ڕەخنەی ئەدەبیە مۆدێرنەکان نایەنەوە، هەر بۆیە ئەرەگۆن ڕوو لە زانستی مۆدێرنی زمانەوانی دەکات، لەو سیمیائیانەی، کە جیرداس گریماسی ڕۆژهەڵاتناس پەرەی پێدا و چەند بنەمایەک وەردەگرێ، دەیەوێت جارێکیتر خوێندنەوەیەکی رەخنەییانە بۆ هەموو ئەو بابەتە لێکدراوانە بکات، کە لە کەلەپووردا هەن لەگەڵ خودی بابەتە کەلەپوورییەکان لەیەککاتدا، واتە (دەقەکان و شیکردنەوەکانیان بەیەکەوە)، تایبەت بە سیمیائی گوتاری قورئانیی، ئەرەگۆن دەڵێ:

گوتاری قورئانیی بەگشتی پێکهاتووە لە نەخشەیەکی دیاریکراو بۆ گەیاندن- بە ناوەندێکی پێکگەیشتن و پێکگەیاندنێکی دیاریکراوە- لەم نەخشەدا ئێمە دەبینین، کە ئەوەی زاڵە بەسەر هەموو ئەرکەکاندا و هەموو کردارەکان ئاڕاستە دەکات بەتەنیا خوای گەورەیە، ئەوە بەردەوام دەبێ لە گەیشتن بە ئەو گەلانەی پەیام وگوتاریان بۆ نێردراوە، ئەوانیش بەهۆی کاردانەوەیان لەبەرامبەر ئەو گوتارە دابەشبوون بۆ دوو بەشی ئیماندار و کافر، ئەم پێکگەیشتنەی ئەم کۆمەڵگایە لەگەڵ خوا لە ڕێی نێوەندێکی پڕ متمانە و بژاردەکراو و سەلبی لە هەمانکاتدا دەبێ، ئەویش محەمەد پێغەمبەرە (دووری خوای لە سەر)، لایەنێکی نەرێنیش لەو پایەدا هەیە، ئەو لایەنە نەرێنییەش ئەوەیە، کە محەمەد تەنیا گوێزەرەوەی وەحی و نیگایە و هیچی تر).[1]

---

[1]- اركون، محەمەد. الفكر الاسلامي، قراءة علمية، ترجمة وتعليق: هاشم صالح، بيروت: دار البيضاء: مركز الانماء القومي، المركز الثقافي العربي، ط٢، ١٩٩٦ز، ص ٧٢.

شاراوە نییە، کە گوێزرانەوەی دیاردەی وەحی و نیگا لە دیاردەیەکی ئەرێنی و ئیجابییەوە بۆ دیاردەیەکی نەرێنی و سەلبی، یەکێکە لەو هەڵەو هەڵخلیسکانانەی، کە ئەرەگۆن تێیکەوتووە!

ڕۆژهەڵاتناسی یابانی تۆشیهیکۆ ئیزۆتسۆ، ئەم بابەتە بەشێوەیەکی جیاواز ڕوون دەکاتەوە، ئەو دەڵێ:

وەحی و سروش لە قورئاندا پلەوپایەکی تایبەتی پێدراوە، بە دیاردەیەکی پیرۆز و نائاسایی دانراوە، بە نهێنی و پەنهانییەک دەورە دراوە، کە بیروهۆشی مرۆڤی ئاسایی ناتوانێ پەی پێبەرێ، ئالێرەدا پێویستبوونی ئەو ناوەندگیرە گەیەنەرەی، کە پێیدەڵێن پەیامبەر (رەسول) خۆی پێویست دەکات[1]، ئایا لە تەواوکارییەکانی پێغەمبەرێتییە، پێغەمبەرەکە هیچ زیاد و کەمیەک لەو پەیامەدا بکات، کە پێی سپێردراوە؟ ئەوەتا کافر و هاوبەشدانەرانی مەککە، دەیانەوێ پێغەمبەرەکەیان پەیامێکی تریان، جگە لە قورئان بۆبێنێ، بەڵام خوا لە قورئاندا بەوە وەڵامی دانەوە کە :

**﴿وَإِذَا تُتْلَى عَلَيْهِمْ آيَاتُنَا بَيِّنَاتٍ قَالَ الَّذِينَ لَا يَرْجُونَ لِقَاءَنَا ائْتِ بِقُرْآنٍ غَيْرِ هَذَا أَوْ بَدِّلْهُ قُلْ مَا يَكُونُ لِي أَنْ أُبَدِّلَهُ مِنْ تِلْقَاءِ نَفْسِي إِنْ أَتَّبِعُ إِلَّا مَا يُوحَى إِلَيَّ﴾[يونس: ١٥]**

کاتێکیش ئایەتەکانی ئێمە، کە ڕوون و ئاشکرایە بە سەریاندا بخوێنرێتەوە، ئەوانەی بەتەمانین ئامادەی بەردەم بارەگای ئێمە ببن دەڵێن: قورئانێکی جگە لەمە بهێنە و بیخوێنەرەوە، یان بیگۆڕە (بەشێوەیەکی تر)، تۆیش ئەی محەمەد (دووری خوای لە سەر) پێیان بڵێ: من بۆم نییە لەخۆمەوە ئەوە بیگۆڕم، من شوێنی هیچ شتێک ناکەوم، جگە ئەوە نەبێت، کە بەوەحی پێم دەگات، بەڕاستی من دەترسم، ئەگەر یاخی بم لە پەروەردگارم و نافەرمانی بکەم، گیرۆدەی سزایەکی سەختی ڕۆژێکی زۆر گەورەببم.

---

[1]- ایزوتسو، توشیهیکۆ. الله والانسان في القرآن. ترجمة: د. هلال محمد، بیروت، منظمة العربیة للترجمة، ط١، ٢٠٠٧ز، ص٢٤٠.

بەم پایە، کە پایەی پێغەمبەریێتییە، پـایەی گواسـتنەوەی ڕاشـکاو و ڕاسـتگۆیانە و بێ پـێچ و پەنـا و خۆنەبـواردن و خـۆنەدزینەوەیە، هـیچ بوارێـک نیـیە بـۆ گـۆڕانی پەیـامەکە، چـونکە ئەوە گەیانـدنی پەیـامەکەیە، ناسـنامەی ڕاسـتگۆیی پێغەمـبەرە (دووری خوای لە سـەر)، ڕولان بـارت، کـە شیکردنەوە بـۆ بڕگـەیـەکی ئینجیـل دەکات، دەڵێ: (بێ پێچ و پەنایی و ڕاستگۆیی لەگەیاندنی پەیامەکە، لە نیشـانەکانی تاکڕەوی بنیاتنانی پەیامبەرەکەیە، بۆ ئەو دەق و تێکستە بە ئـوممەتەکەی، بەتـایبەتی گێڕانەوەی ئەو ڕووداوانەی موعجیزەیان تێدایە، جوڵێنەری ئەو تێکستەش —کە لێـرە ڕۆلان مەبەستی ئینجیلە- تاکڕەوی بنیـاتی پێغەمـبەرەکەیە، نەک لێکـۆڵینەوە، بەڵکـو پێڕاگەیاندن و نامەبەرییە).[1]

(ت. س. ئەلیـۆت)ی شـاعیر و ڕەخنەگـر ئامـاژە بەوە دەکـات، کە نـاتوانرێ ئینجیل وەکو دەقێکی ئەدەبی بخوێندرێتەوە، چـونکە ئینجیـل دەقێکـی پیـرۆزە، ئەو دەڵـێ: ئینجیـل کـاریگەریی ئەدەبی لەسـەر ئەدەبـی ئینگلیـزی هەیە، نەک وەک دەقێکی ئەدەبی، بەڵکو وەک بڕیاردەرێکی گوتار و کەلـیمەی خـوا، ئەو ڕاسـتیەی ئەدیبەکـــان لە ئێســـتادا، وەک ئەدەب شـــرۆڤەی دەکەن و باســـی کـــاریگەرییە ئەدەبییەکەی دەکەن.[2]

لەمەوپـێش ئامـاژە بەو بەربەرەکـانییەکرا، کە ڕووبەڕووی تەفسـیری ئەدەبـی بـووەوە، بەڵام ئـەرەگۆن خـوێنگەرمیەکی بەجـۆش پیشـان دەدا بـۆ دووبـارە ژیاندنەوەی خوێندنەوەی زمانەوانی ئەدەبی قورئانی، مەبەسـتی ئـەرەگۆن بە ئەدەبـی لێـرە، لێکـۆڵینەوەیە لە ڕووە مەجـازەکەی قورئـان، بە دوور لە فشـاری تێڕوانینـی ئیعجازی قورئان، واتە ئەرەگۆن دەیەوێ سیفەتی مـوعجیزەیی و ئیعجـاز، کە بـۆتە بەشێک لە بیروبـاوەڕی لاهـوتی مسـوڵمانان دەرحەق بە قورئـان لە قورئـان دامـاڵێ، چونکە ئەو تێـڕوانینە مـوعجیزە ئـامێزە بـۆتە هـۆی سـەرکەوتن و پـایەداربوونی ئەو

[1]- بارت، رولان. التحليل النصي، تطبيقات على نصوص من التوراة والانجيل والقصة القصيرة، ترجمة: عبدالكبير الشرقاوي، الدار البيضاء: مطبعة النجاح، ٢٠٠١ز، ص ٥١.
[2]- جاسبر، دايفيد. مقدمة في الهرمنيوطيقا، سەرچاوەی پێشوو، ص ١٦٦.

ڕەوت و خوێندنەوانی قورئان، بە شێوەیەکی حەرفی دەخوێننەوە و میکانیزم و دەزگایەکی فشار و پاڵپەستۆن لەسەر تێڕوانینە زمانەوانی و سیمیائی و ئەدەبی و ڕەوانبێژیەکان، بۆ هەردەقێکی موقەدەس و پیرۆز).[1]

پێش ئەوەی ئەرەگۆن، تێڕوانینەکانی بۆ تیۆری خوێندنەوە زمانەوانییە ئەدەبیەکەی پێشکەش بکات، دان بەوە دا دەنێ، کە زەحمەتیەکی گەورە هەیە و ناکرێ نکولی لێ بکرێ، ئەو زەحمەتیەش ئەرەگۆن لەوەدا پوختی دەکاتەوە کە:

(کاتێک لە قورئاندا باس لە دیاردەی لووتکەی سەرسامیمان لە ڕەوانبێژی قورئاندا دەکەین، کەواتە ئێمە لێرەدا بۆچوونی زمانەوانی و ئەدەبی بەسەردا دەچەسپێنین، کە لەو دەقە نووسراوە وەرگیراوە، ئەمە لە کاتێکدا، کە قورئان وەک تەورات و ئینجیل زمانێکی دینییە).[2]

پێناسەی زمانی دینیش ئەوەیە کە: پوختەی ئەو داڕێژراو و دیاردانەیە، کە ڕوح وکرۆکی ئەو دینە دەردەبڕێ، لەو جوڵە وگوتە و دروشمانە، کە بەڕێوە دەبرێن، پاشان ئەو نووسراوانەی، کە ئەم ڕوح و کاکڵە بە هۆ و ناوەندگیری ئەو تەرجومە دەکرێ و وەردەگێڕدرێ، ئەو پەیوەندیی و وابەستە ڕەها و بێسنوورەی، کە لەگەڵ ڕەها و بێسنووردا هەیەتی و بەو هۆیەوە زیندەگی دەکات.[3]

لەم پێناسەدا، داندەنێت بەو کەموکوڕیەی، کە لە زمانەکان و زانستیی واتاکان (سیمیوتیک)دا هەیە بۆ ئەوەی، کە زمانێک لەم جۆرە بە وردی شیکار بکەین. پاشان شێوەکانی زمانی دینی بەم چۆنێتیە دادەڕێژێ:

چۆن دەتوانین قسە لەسەر حاڵەتی لووتکەی سەرسوڕهێنەریمان لە قورئاندا بکەین، بە بێئەوەی، کە هەڵوێستەیەکی چڕ و جددیمان لە بەرامبەر زمانی دینیدا هەبێ ؟[4]

---

[1]- ارکون. الفکر الاسلامي واستحالة التاصيل، سەرچاوەی پێشوو، ص٦٢.
[2]- ارکون. الفکر الاسلامي، قراءة علمية، سەرچاوەی پێشوو، ص ١٩٠.
[3]- هەمان سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو.
[4]- هەمان سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو.

ئەرەگۆن لە وێستگەی خوێندنەوەی بۆ دەقی قورئانی، لە دەرچوونگەی هێما و ڕەمزیبوونی زمانی دینی و مەجازەکەی دەرچوو، چونکە زمانی دینی لای ئەرەگۆن لە زمانەکانی تر جیاکراوەیە، بەوەی چەند وێنەیەکی هێمایی بۆ ژیان و بوونەوەر هەیە. ئەم زمانە دینییە، بە شێوەیەکی ناوازە و دەگمەن لە سەر هێمای دینی، پەردەی هەڵماڵی).[1]

نەسر ئەبوزەید، هاندەرەکانی ئەم بژاردە ڕوون دەکاتەوە و جەخت لە سەر ئەوە دەکات کە:

(قورئان نوێکردنەوەیەکی مەعنەویی سیمانتی لە ڕێی بەکارهێنانی مەجازەوە بەدیهێنا، هەر لە ڕێی ئەم مەجازەشەوە، نووسراوە دینییەکان دەبنە خاوەنی ئەو ڕەمز و هێمایانەی، کە لە ڕێگەی تەئویلکردن و لێکدانەوە قابیلی کرانەوەن).[2]

تیۆری زمانی مەجازی و هێمایی و ڕەمزیبوون، یەکێکە لەو شەش تیۆریانەی، کە زانایانی لاهوت بۆ لێکدانەوەی زمانی دینی پێشنیازیان کردووە، خاوەنانی ئەم تیۆرییە وای دەبینن، کە زمانی دین زمانێکی نواندن و مەجازیە و زمانی حەقیقەت و ڕاستەقینە نییە، ئەو چەمک و تێگەیشتنانەی لە ناوەرۆکی کتێبە دینییەکان دان بەتایبەت لەناوکتێبە پیرۆزەکان جیاوازن لە واتا و بەکارهێنانی ئاسایی ئەو دەربڕینانە).[3]

لە بەناوبانگترین ئەو کەسانەی، کە ئەم بۆچوونەیان هەیە، ئەبوحامدی غەزالی -٥٠٥ک مردووە- لە ڕەوتی تەسەوفی ئیسلامی و قەشە تۆمای ئەکوینی -١٢٧٤ز مردووە- لە ڕەوتی لاهوتی مەسیحی و لاهوتی پرۆتستانتی بۆل تیلیش، کە پێیانوایە:

---

[1]- اركون، محمد، وغارديه، لوي. الاسلام، الامس والغد، ترجمة: علي المقلد، بيروت: دار التنوير،١٩٨٣ز، ص ٢٠٢.

[2]- ابوزيد، نصرحامد. الخطاب والتاؤيل، سەرچاوەی پێشوو، ص ١١٨.

[3]- مصطفوي محمد. نظريات لغة الدين واشكاليات المعرفة والتبيين، مجلة المحجة، لبنان، معهد المعارف الحكمية، ع١٠، ٢٠٠٤ز، ص ١١٧.

ئیمـان و باوەڕهێنـانی دینـی، کە بە مەبەسـتی هەرە سـەرەکی ئەم بـوونەوەرە دادەنرێ، ناتوانرێ دەرببڕدرێ، تەنها مەگەر بە هێما و ڕەمز نەبێ، چونکە هەرچـی پەیوەندی بە مەبەستی هەرەسەرەکییەوە هەبێ، دەبێ واتایەکی هێمـایی هەبـێ، تـاکە بابەتیش واتای ڕەمزی نەبـێ، بـوونی خـوای گەورەیە، کە ئەو هەمـوو بـوونەوەر و بونیادێکی ڕەها و پەتییە.[1]

هەروەها ململانێیەکـی تونـد لەنـاو ڕۆشـنبیری عەرەبیـدا هەیە، لە بـارەی ئەوەی، کە ئایا مەجاز لە قورئاندا هەیە یان نا، ئاڕاستەی تونـدڕەوی ئەم بـابەتە هەریەک لە ئیـبن حەزمـی زاهـری -٤٥٦ ک مـردووە- و ئیـبن تەیمـیەی حەنبەلـی- ٧٢٨ک مردووە- کە دەڵێن مەجاز لە قورئاندا بـوونی نییە، تەنـانەت ئیبن تەیمیە کتێبێکـی گەورەی بەناوی (درء تعارض بین العقل والنقل)، لەسەر ئەم بناغە دانـاوە و هێـرش دەکاتە سەر هەموو ئەوانەی دەڵێن مەجاز لە قورئاندا هەیە، ئیبن تەیمیە دەڵێ: دەبـێ لەکاتی بەریەککەوتنی دەقی پیرۆز و عەقڵ، پەنا ببردرێتە بەر تەئویل و لێکدانەوە،

جەمـاوەری زانایـانی زمـانەوانیی و ڕێزمـان و قسـەکەر و شەرعناسـەکانیش، لە دوای سەدەی پێنجەمی کۆچی، کۆکن لەسەر بوونی مەجاز لە قورئانی پیرۆزدا.[2]

ئەو بۆچـوونەی کە دەڵـێ زمـانی قورئـان، زمـانێکی هێمـایی و مەجـازییە، بۆچـوونێکی نـزیکە لە بۆچـوونی ئەو فەیلەسـوفانەی، کە ئیـبن تەیمـیە نـاوی نـاون کەسانی خـاوەن خەیـاڵ و ئەندێشـە و وەهـم، ئەمـانە پێیـانوایە، کە ئەو هەواڵەی بـۆ پێغەمبەران هاتووە لە خوای گەورەوە لە بارەی ڕۆژی قیامەت و پاداشـت و سـزا و فریشتەکان، چەند ڕازێکی دوورە لە چەسپاندن لە ڕاسـتیدا، بەڵام ئەو پەیـامبەرانە بە بەو وەحیە بەو چەشنە دوویێندراون، کە خەیاڵیان کردووە و واهیمەیـان بـۆ هـاتووە، پێیـان گـوتراوە خـوا زۆر گەورەیە، پـاش مـردنیش دەکەونە چەنـدناز و بەهـرە و ڕابواردنێکی هەستپێکراوەوە، ئەمانە لە ڕاستیدا هیچ بنەمایەکیان نییە و ڕاسـت نـین،

---

[1]- سەرچاوەی پێشوو، ل١١٩.

[2]- سیوطي، جلال الدین. المزهر في اللغة وانواعها، تحقیق، محمد جاد المولی واخرین، بیروت، دار الفکر. ج١، ص ٣٥٥.

بەڵام لە بەرژەوەنـدی ئـاپۆڕای جەمـاوەر و نەزانە - هەمـوو مرۆڤـایەتی، جـگە لە فەیلەسوفەکان لای ئەمانە نەزانن- ئەم جەماوەرە دەبـێ لە قەدەر بیروهۆشـی خۆیـان بدووێنرێن و وەهم و خەیاڵەکانیان، بکرێتە بیروباوەڕ و دیـن و پەیـڕەو و زانسـت و زانیارێکی سەلمێنراو و یەقین و دڵنیاکەر.[1]

ئیـبن سـینا کتێبێکـی بە نـاوی: (رسـالة فـي إثبـات النبـوات) هەیە، کە بـاس لە لێکدانەوەی هێما و نمونەکانیان دەکات، ئیـبن سـینا لەو نووسـراوەدا دەڵـێ: (مەرجە لە سەر پەیامبەر، کە گوتنەکانی هێما و ڕەمز و دەربڕینەکانی ئاماژە بن).[2]

هەروەهـا ئەفلاتـون لە کتێبـی (نـوامس)دا لێـی گـوازراوەتەوە، کە گوتـویەتی: (هەرکەسێک واتای هێماکانی پێغەمبەران نەزانێ، ناتوانێ پێ بخـاتە نـاو مەلەکـوتی لاهوتەوە).[3]

ئەم ئاڕاستە لەناو ڕۆشنبیری عەرەبی ئیسلامیدا، بە گەمـارۆدراوی و سـنووورداری مـاوەتەوە و ناویـان نـاوە (غنوصـی و بـاطنی)بـوون، ئەم ڕەوتە پەراوێزکـراوە و لە بـازنەی کـاریگەربوون دوورخـراوەتەوە، بەڵام ئەمـڕۆ بـووژانەوەیەکی بەهێـز بـۆ هێمابوونی زمانەوانی لە چوارچێوەی سۆراخکردن لە زمانەوانی بەگشتی هەیە.

هەروەهـــا سروشـــتی زمـــانەوانی دینـــی، بەتـــایبەتی دەقە کۆنەکـــان بەشـــێوە سـەرەتاییەکەیان، ئێسـتا جێگـای پەسـندکران نـین، هەر بـۆیە پێویسـتی تائویـل و لێکدانەوە، خۆی بەسەر دەقەکۆنەکاندا دەسەپێنێ، تا بگـونجێن لەگەڵ خواسـتەکانی ژیانی مۆدێرن، هەربۆیەش فەیلونی ئەسکەندەرانی -٥٠ ز/ مـردووە- دەستپێشـخەری بۆ تەفسیرکردنی چیرۆکە مێژووییەکـان کـردووە، کە چەنـد نمـونەیەکی روحـانین، چیرۆکی دەرچوون لە میسر و سەرگەردانبوون لە بیابانی سینا بۆ مـاوەی چـل سـاڵ

---

[1]- ابن تيمية، احمد. درء تعارض العقل والنقل، تحقيق: محمد رشاد سالم، بيروت: دارالكنوز الادبية، ط١، ١٩٧١ز، ج١، ص ٨.

[2]- ابن سينا. رسالة في اثبات النبوات، حققها وقدم لها: ميشال مرمورة، بيروت: دار النهار للنشر، ط١،١٩٩١ز، ص ٤٨.

[3]- سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٨.

وگەیشتن بە زەوی بەڵێن پێدرا و بەلای فەیلونەوە، دەربڕینی دەست لەملانێی ڕوحێکی تاکڕەویی و بازدانن بەسەر مەینەتیەکاندا، لە کۆتاییدا بۆ گەیشتن بە ڕزگاربوون.(١)

بیروهزری بنچینەیی لە بیرۆکەی زمانەوانی لای ئەرەگۆن، تایبەتمەندی ئەو زمانەیە، کە گەڕان لەو تایبەتمەندییە لە سەلمێنراوێکی بنچینەیی دەردەچێ، کە پەیامەکەی توانای ئەو زمانەیە لە گۆڕینی ئێستا و مێژووی ڕێژەیی بۆ ڕەها و باڵا و هەمیشەیی و هەتاهەتایی و بێسنووریی.

ئەم توانایە پێویستی بە لێکۆڵەرە، کە شیکاری میکانیزمەکانی ئەو زمانە بکات و بەو هۆیەشەوە بتوانێ بگاتە ئەوگۆڕانکارییە.(٢)

هەر لەسەر ئەم ڕەوتە ئەرەگۆن دەڵێ: (گوتاری قورئانی لە زمانی عەرەبیدا، لە هەر گوتارێکی تر جیاوازە، ئەم جیاوازیەی گوتاری قورئان لە گوتاری ئەدەبی عەرەبی، لەوەوە سەرچاوەی نەگرتووە، کە گوتاری قورئان ئەدەبیتر و ڕەوانبێژترە، کە تێڕوانینی ئیعجاز هەردەم جەختی لەسەر دەکات، بەڵکو جیاوازییەکە لای ئەرەگۆن لە دەرهاویشتەکانی ڕێزمان و شێواز و واتا و ڕەوانبێژی و کلێشە و ئاواز و شێوە دەربڕینی تایبەتە بە قورئان، کە دەتوانرێ پەردەی لە ڕوو هەڵبماڵرێ، کە مەجاز ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوە دەگێڕێ لە داڕشتنی گشتگیریی گوتاری قورئانیی).(٣)

ئەرەگۆن چەمکی خوێندنەوەی ئەدەبی هەڵبژاردووە بۆ گوزارشکردن لە سروشتی خوێندنەوەی قورئان، ئەم خوێندنەوەش لەوەدا پوخت دەبێتەوە، کە بە نزیککردنەوەی دەربڕینی فەرهەنگیی، تەنیا لە یەکەم ساتی شیکاریی زمانەوانی و زمانناسی پێویستە و دوای ئەوە پێویست نییە، ئەم شیکارەش شیکارێکی ئەدەبییە(٤)،

---

١- سونتاغ، سوزان. ضد التاؤيل ومقالات اخرى. ترجمة: نهلة بيضون، بيروت، المنظمة العربية للترجمة، ط١، ٢٠٠٨ز، ص ١٩.

٢- ابو زيد. الخطاب والتأويل، سەرچاوەی پێشوو ل١٠٧.

٣- ابوزيد، نصرحامد. الخطاب والتاؤيل، سەرچاوەی پێشوو، ص ٧٢.

٤- سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩٨.

هەر خوێندنەوەیەكی ئەدەبی بۆ قورئان، پێویستە بە سەرلەنوێ خوێندنەوەی ئەو نووسینانە بێ، كە لەبارەی ئیعجازی قورئانەوە دەدوێ).[1]

ئەرەگۆن لەلای ئەو بەشدارییە ڕەخنەئامێزەی، كە ئەبوبكری باقلانی كردوویەتی - ٤٠٣ك مردووە- لە كتێبی (إعجاز القرآن)دا، ئاماژە بەوە كراوە، كە ئیعجازی قورئانی لای زۆرێک لە نووسەرانی عەرەب، كە لۆژیک و ڕەوانبێژیی ئەرستۆ بەسەریاندا زاڵبووە و بەچڕی و پڕی و سیستەماتیک لێی كۆڵراوەتەوە.

ئیحسان عەباس بە وردەكارییەكی زۆرەوە، ڕەگ و ڕیشاڵی كاریگەریی ڕۆشنبیری یۆنانی لە سەردەمی ئیسلامدا دەست نیشانكردووە، كە بە [ الرومانی، -٣٨٦ک مردووە- دەستی پێكردووە، تا بە حازمی قرتاجی، - لە ٦٨٤ک مردووە- كۆتایی پێهێناوە]، كەسایەتی ڕەخنەگری ئەم نووسەرە كەسایەتی ڕەخنەگرانەی بەیەكگەیشتنی هەموو جۆگە و ڕووبارەكانی عەرەب ویۆنانی بەرجەستەكردووە[2].

لە بارەی باقلانیش، خاتونە ڕۆژهەڵاتناسی ئەڵمانی ئەنجلیكا نویفرت، لێكۆڵینەوەیەكی كردووە و دەڵێ: بیرۆكەی شیكاری تایبەت بە باقلانی، لەگەڵ تێڕوانینی یەكێک لەچەشنەكانی پەخشانی سەروادار دەگونجێ، كە كلێشەیەكی هونەری دێرینی هەیە لە ڕۆژئاوا و دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئەرستۆ، ئەم چەشنە بریتیە لە دابەشكردنی دەق بۆ چەندیەكەیەكی لێكدراوی بچوک، كە بە یۆنانی پێی دەڵێن كۆلۆن-[3].(kolon)

لەكاتی لێكۆڵینەوەی كاری باقلانی، لە لایەن ئەرەگۆنەوە بیرۆكەی ڕێكخستنی سەرسامكەری ناوازە بۆ قورئان، جێگەی گرنگی پێدان و شیكاركردنی بوو.

سەڕەرای ئەوەی، كە هۆشیاری زمانەوانی عەرەبی، ملكەچی پێویستیە دینییەكە بووە، لەپێناوی بەڵگە هێنانەوە لەسەر سیفەتی ئیعجاز بۆ قورئانی پیرۆز، بەڵام ئەو لە

---

[1]- هەمان سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو.

[2]- عباس، احسان. تاريخ النقد الادبي عند العرب. بيروت، دار الثقافة، ط٤، ١٩٨٣ز، ص ٥٣٩.

[3]- نويفرت، انجيليكا. طريقة الباقلاني في اظهار اعجاز القرآن. تحرير: وداد القاضي، بيروت: الجامعة الامريكية، ط١، ١٩٨١ز، ص ٢٣٨.

پێناوی پاساوهێنانەوە بۆ ئەوەی زمانی قورئان یاساباوەکانی زمانی ئاسایی هەڵوشاندووەتەوە و شیکاریەکی ئەدەبیانەی کردووە، چونکە باقلانی زۆرگرنگیداوە بە بیرۆکەی (ناوازەیی پێکهاتەی زمانی قورئان).[1]

لەم ئاراستەدا محەمەد ئەرەگۆن (دە) تایبەتمەندی ئەدەبی دیاری دەکات، کە ئەم تایبەتمەندییانە تاقانەیی ئەدەبی و بەرزیی ڕەوانبێژی بە قورئان دەبەخشن.

لەسەرەتای ئەم تایبەتمەندییانەش، تایبەتمەندیی بنیاتی ڕستەی قورئانی، کە جیاوازە لە هەموو ئەو ڕێسا ناسراوەی، کە لە گوتاری عەرەبیدا هەیە.[2]

یان بەدەربڕینی حامد ئەبو زێد، قورئانی پیرۆز ڕەگەزێکی ئەدەبی ناوازە دەخاتە ڕوو، ئەم چەمکەش تەها حوسێن باسیکردووە، کاتێ ئەوانی ڕۆشن کردۆتەوە، کە قورئان نە شیعرە نە پەخشان، بەڵکو قورئانە.[3]

هەرئەم بابەتە ڕۆژهەڵاتناسی فەرەنسی جاک بیرەک پشتگیری لێدەکات، کە دەڵێ: "بەڵام زۆرترین هەستەوەری شیعری هەیە سەبارەت بەجێژی ئێمە کە هاوچەرخانی قورئان نەیانتوانیوە تەفسیرێکی بۆ بدۆزنەوە، بەڵکو ئەوە پێکهاتەی خودی قورئانە، کە ئایەتەکانی سەروادارن و ئەم ڕێگایەش، نە پەخشانە نە شیعرە هاوچەرخانی دابەزینی قورئان دەیانناسی، هەندێ جاریش بەکاریان دەهێنا، قسی کوڕی ساعیدە و کەسانی تریش چەند نمونەیەکی جوانیان لەم ڕێگەیەوە دەرهێناوە، بەڵام شێوازی قورئان پەیوەستیەکی نوێی تێدا داهێناوە".[4]

بێگومان بەتەنیا شیکاری کارەکەی باقلانی، بۆ تیۆری ئیعجاز و پەیوەندیی بە دەروازەی ئەدەبەوە بەس نییە.

---

[1]- ارکون. الفكر الاسلامي، قرأة علمية، سەرچاوەی پێشوو، ص ١٩٩.

[2]- هەمان سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو.

[3]- Abu-Zayd،Nasr."The Dilemma of the Literary Approach to the Quran" p١٤

[4]- بيرك، جان. القرآن وعلم القراءة، ترجمة وتعليق: منذر عياشي، بيروت-حلبدار التنوير، مركز الانماء الحضاري، ط١، ١٩٩٦ز، ص ١١٣.

ئەم دەروازە لەسەر ئەم ئاڕاستە ململانێی بەردەوام لەنێوان موعتەزیلە و ئەشیعرییەکان بە تایبەتی دەرکەوتووە، ئەبو زەید بەدواداچوونێکی وردی بۆ ئەم جیاوازییەی ئەم دوو ڕەوتە کردووە، ئەو جیاکەرەوەی هەریەک لە پێشەنگانی ئەم دوو ڕەوتە دایانهێناوە هەر لەسەرەتای ئیبراهیمی نەزام، کە لە ساڵی **٢٣٢**ك مردووە، تا دەگاتە عبدوولقاهری جورجانی، کە لەساڵی ٤٧١/ك مردووە، بە تێپەڕین بە لای هەردوو قازی ئەبووبەکری باقلانی، لە ئەشعەرییەکان، کە لە **٤٠٣**/ك مردووە، عەبدوولجەباری حەمەدانی، لە موعتەزیلەکان، کە لە ٤١٥/ك مردووە. ئەمە جگە لە هەوڵ وکۆششەکانی جاحز و ئەبوهاشمی جەبائی[١].

لەلای هەموو ئەمانە بەدوواداچونی بۆ تیۆری ئیعجازی کردووە و پوختەیەکی بەپێزی لەگوتە و بۆچونەکان لەبەردەستمان داناوە، کە بۆتە دەروازەیەکی ئەدەبی بۆ تەفسیر. ئەمەش ئەو شتەیە، کە ئەرەگۆن نەیتوانیوە بیکات.

ئەرەگۆن بۆ تیۆری ئیعجاز پشتی بە شیکارە کلاسیکیەکان بەستووە، لە چوارچێوەی ئەم بنەمایانە:

**١-پێکهاتەی مەجاز:** مەبەست لێی کۆمەڵێک ڕێسای ناوخۆیی، کە زاڵن بەسەر شێوازی کارکردنی ئەم قورئانە وەکاریش دەکات بۆ ئاڕاستەکردنی هەرچی واقیعییە بۆ هێما و ڕەمز بەهۆی کرداری مەجازیەوە.[٢]

هەر لەم ئاڕاستەدا، ئەرەگۆن ئاماژە بە ڕۆژهەڵاتناسی ئینگلیزی مۆنتەگەمری وات دەکات، ئەو وا دەبینێ، کرۆکی باسکە لەزمانی قورئاندا هەیە، کە سروشتی مەجازی تێدا شاردراوەتەوە.

هەروەها مرۆڤی ئەمڕۆ باری گرتوە بە تێڕوانینی زانستیی ئارەزوی لەوەیە، کە هەموو شتە وەسفیکراوەکان بە مەجازی و ناواقیعی بزانێت.[٣]

---

١ - Abu-Zayd،Nasr."The Dilemma of the Literary Approach to the Quran" p١٨

٢- ارکون. الفکر الاسلامي،. قرأءة علمية، سەرچاوەی پێشوو، ص ٢٠١.

٣- هەمان سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو.

**٢- گێڕانەوەی ئەفسانەیی:** ئەرەگۆن ڕەخنە لەو سازشە دەگرێت، کە محەمەد ئەحمەد خلف الله کردوویەتی، لە کتێبی هونەری چیرۆکی لەقورئاندا بۆ پاراستنی بڕوابوون بە ئیعجاز، ئەرەگۆن بانگەشەی کارێکی سەخت دەکات بۆ پەیکە بەستنی تیۆری تەفسیری گێڕانەوەی ئەفسانە بەسوودبینین لە دەرەنجامەکانی میتۆدی گریماس لە تەفسیرکردنی چیرۆکە میللی و سەیر و سەمەرەکان. ئەوەی پەیوەندی بەقورئانەوە هەیە، ئەرەگۆن دان دەنێ بە زانستیی نەبوونی بەڵگەکان، تایبەت بەزمانی دینی.[١]

ئەرەگۆن بڕیار دەدات، کە بیر لەو چیرۆکە جیاوازانەی، کە لە بارەی پێغەمبەران و ئومەتانی ڕابردوو هاتون لە قورئاندا وادەخوازی، کە ڕەخنەیەکی مێژوویی بۆ دیاریکردنی جۆرەکانی تێکەڵکردن و لابردن و لێ زیادکردنە مێژووییەکان بکەین، کە لەو گێڕانەوە قورئانیانە بە بەراورد لەگەڵ دەرەنجامەکانی زانستیی مێژووی هەست پێکراو هەیانە.

هەروەها دەبێ هەستین بە شیکارێکی بونیادگەرانە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەوە، کە چۆن قورئان بەهەمان شێوەی بیرۆکەی ئەفسانە کۆنەکان، شتەکان لە قالب و واتایەکی نوێ دادەڕێژن، کە کارێکی تەواوکار و ئامادکراوە، بەڕێگای بەکارهێنان و شێوازێکی تایبەت لەزمانی عەرەبیدا.[٢]

بۆچوونی ئەوەی چیرۆکەکانی قورئان ئەفسانە بن هەڵوێستێکە، کە یەکەم بەیەک گەشتنی کافرەکانی قوڕەیش لەمەککە ئاڕاستەی قورئانیان کرد.

قورئان زۆر بەتوندی نکوڵی لەو تۆمەتە کرد، نووسراوەکانی سیرە و تەفسیر باس لەوە دەکەن، کە نەزری کوڕی حارس چووە بۆ وڵاتی فارس و فێری ئەفسانەکانی ڕوستەم و ئەسفندیار بووە، جا کاتێ پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) قورئانی بەسەر خەڵکدا دەخوێندەوە، ئەویشم دەهات ئەو ئەفسانانەی بەسەر خەڵکدا دەخوێندەوە و دەیگووت: چیرۆکی کێمان خۆشترە؟!.

---

١- هەمان سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو.

٢- هەمان سەرچاوە، ل ٢٠٣.

هەر بۆیەکـاتێ لەڕۆژی بەدردا، ئەم نەزرە، بەدیلـی کەوتە دەسـتی میقـدادی کوڕی ئەسواد، پێغەمبەری خوا فیدیەی لێ وەرنەگرت و کوشتی و فەرمـووی، کە ئەو لە بارەی قورئانەوە ئەوا و ئەوای دەگوت.[1]

ئەمە ئەوە دەسـەلمێنێ، کە بە ئەفسـانەزانینی چیرۆکەکـانی قورئـان، تـاوانێکی یەکجار گەورەیە، بۆ وەڵامـی ئەو کەسانەش قورئـان بەئەفسـانە دەزانـن ئەم ئـایەتە هاتووە:

﴿وَإِذَا تُتْلَى عَلَيْهِمْ آيَاتُنَا قَالُوا قَدْ سَمِعْنَا لَوْ نَشَاءُ لَقُلْنَا مِثْلَ هَذَا إِنْ هَذَا إِلَّا أَسَاطِيرُ الْأَوَّلِينَ﴾ [الأنفال ٣١]

کـاتێکیش ئایـەت و فەرمانـەکانی ئێمـە بەسـەر بێباوەڕانـدا دەخوێنرێتـەوە، ئـەوە دەڵێن: بەڕاستی ئێمە بیستمان و ئەگەر بمانویستایە ئەوە وێنـەی ئـەوەمان دەگـوت!!، ئەم بابەتانە جگە لە داستانی پێشینان شتێکی تر نییە!!

ئەگەر بواری ئەوە بوایە باسی ئەو شیکارییە ئیمـانییە قـووڵەم دەکـرد، کە سـەید قوتبی نـوێنەری خوێنـدنەوەی نـوورانییەتی قورئـان بـۆ ئەم ئـایەتە کردوویەتـی، کە چۆن ئەم ئایەتە پابەندە بە زنجیرەیەک مانۆڕی بەیەکەوەلکاو بۆ ڕێگرتن لە سـوودو وەرگرتنـی خەڵکـی لە نـوری ئەم قورئـانە بەنـانەوەی ئاشـوب و دڵەڕاوکـێ، کە هەندێک کاریگەری هەبوو لەناو خەڵکـی نەفامیـدا، پاشـان جیـاکەرەوە ڕۆشـنەکان لەنێوان چیرۆکانی قورئانەوە ئەم ئەفسانانەدا دەرکەوتن.

بیـرۆکەی فەلسـەفی نـوێ، لە ڕەوتە بونیاتگەرایەکەیـدا جیـاکەرەوەیەکی قـووڵی هەیە لە نێوان ڕێوشوێنی پێغەمبەران و هۆشیاری ئەفسانەیدا[2].

بیرۆکەی تێڕامان لەلای مرۆڤ، وەک کارل یاسبرز دەیبینێـت، کە ئەم بیـرۆکە لەچـاخە دێرینەکـان دەرکەوتـووە، وەکـو بـووژانەوەیەکی سەرسـوڕهێن و فراوانـی

---

[1]- الطبري، ابي جعفر ابن جرير. جامع البيان في تفسير القرآن. بيروت، دار الفكر، ١٩٨٣م، ج٣، ص ٥٠٤.

[2]- قطب، سيد في ظلال القرآن. القاهرة، دار الشروق، ط٢٥، ١٩٩٦م، ج٣، ص ١٥٠٣.

بڵاوبونەوەی ڕوحی مرۆڤایەتی تێدایە، کە چاخی پێغەمبەرە عیبرانییەکانە و چاخی گەشەساندنی بەرفراوانی شارستانیی یۆنانییە وکۆتایی سەردەمی ئەفسانەیە.(١)

(مارتن بووبەر) ڕوونی دەکاتەوە کە ڕێوشوێنی پێغەمبەران شۆڕشێک بوو لە بنیادی مرۆڤایەتیدا، چونکە ئەوە گەڕان بوو بە دوای ڕەسەنایتی مرۆڤدا، ئامۆژگاری پێغەمبەران بانگەوازێک بۆ لە گۆڕانی بتپەرستی و پەرستشەکان، کە بە شێوەک بەڕێوە دەچوون، لە نرخ و پێگەی مرۆڤیان دادەبەزاند و بەرەو وابەستەیەکی لێپرسراوانە لە نێوان خوا و کۆمەڵگادا.

پەیامی پێغەمبەران، نەک هەر بانگەوازی ئەوەی دەکرد، کە مرۆڤایەتی واز لەو دەربرینە بێ بنەمایانە بێنێت، ئەمە داواکاریەکی ڕاستەوخۆ بوو، کە مرۆڤ واز لە عەقلیەتی ئەفسانەیی بهێنێت، چونکە ئەو عەقڵیەتە هەست بە بوونی کات ناکرێ تیایدا، هەر بۆیە پێغەمبەران بانگەوازی ئەوەیان دەکرد، کە بوونی مرۆڤایەتی لە چوارچێوەیەکی مێژوویی و زەمانیدا ئاڕاستە بکرێت و لە چوارچێوەی بەدەربوون لە زەمان دەربهێنێت، چونکە بیرۆکەیەکی ئەفسانەییە.(٢)

---

١- ماكوري، جون. الوجودية، ترجمة امام عبدالفتاح امام، مراجعة فؤاد زكريا، الكويت، عالم المعرفة، ع٥٨، ١٩٨٢م، ص ٤٩- ٥٠.

٢- هەمان سەرچاوە، ل ٥١- ٥٢.

**٣- گوزارشتکردن له هۆشیاریی دواڕۆژ:** ئـەرەگۆن ئاوا لە دوانەی کـات و شـوێن دەڕوانـــێ، کە لە قورئانـــدا نمایشـــکراوە، بەشـــی یەکەم خـــۆی لە مێـــژووی دروستکراوەکانی پەروەردگاردا دەنوێنێ لە چوارچێـوەی ئەم زەمکـانە لێکـدراوەدا، کە بە فرمـانی دروسـتکەر و بەدیهێـنەری بـوونەوەر بە کـون فیکـون بەڕێوەچـوون، درامـای دەربـازبوون هەتـا مـاوەی دیـاریکراو لەم چوارچێـوەدا دەخـولێتەوە، بەم تێڕوانینەش ئەوە تێبینی دەکەین، کە بوونەوەر کۆگا و گۆڕەپانی نیشانە و ئـایەت و هێمایەکانی ئەم درامایەیە، کە بژێـوی دەداتە هزرکـردن و ورد بوونەوەمـان و بـڕوا هێنانمـان بەگەورەیەکـی هەمیشـەیی و بـێ کۆتـایی، کە هەمـوو جـوانی و خێـر و هاوئاهەنگی و ڕێکخستن و ڕێنماییەک لای ئەوە.[١]

ئەرەگۆن پێیوایە، کە ئەو هۆشیاریەی گوتاری قورئـانی پێکیـدێنێت، دامەزراوە لەسەر جیاوازیکردن لە نێوان سێ کاتەکاندا:

کـاتێکێ کـورت و دیـاریکراو لەژیـانی دنیـادا، پاشـان کـاتێکی بێسـنور مـانەوە لەگـۆڕ، پاشـان کـاتی سـێیەم، کە کـاتی گەڕانەوەی هەمیشـەییە لەدووا ڕۆژدا. ئەم کاتی سێیەمە پێشەنگی هەر دووکاتەکانی ترە و زاڵە بە سەریاندا.[٢]

ئەو کێشەیەی لێرەدا ئەرەگۆن دەیخاتە ڕوو ئەوەیە، کە ئێمە نـاتوانین شـیکاری هۆشیاری دواڕۆژ بکەیـن، ئەم فەرمـانە گۆرانکـاریەکی هەمیشـەیی بەسـەردا دێـت، کاتێک گوتاری قورئان دەخوێنینەوە لە بـارەی ئەوەی، کە ناومـان نـاوە هۆشـداری مێژوویی.[٣]

جیـاوازییەکی گەورە لە نێـوان ـ ئەو دوو خوێنـدنەوەیەدا هەیە، لە بـارودۆخی یەکەمدا ئەوە تێبینی دەکەین، کە پێکگەیشتنێک لە نێـوان گوتـار و کـرداردا هەیە، واتـا مـرۆڤ کـاتێ دەبینێـت، کە واتـای وەحـی ئەوەی بـۆ دەخـاتەڕوو، کە هـیچ

---

١- ارکون. الفکر الاسلامي. قرآءة علمية، سەرچاوەی پێشوو، ص ٢٠٤-٢٠٥.

٢- هەمان سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو.

٣- هەمان سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو.

ڕاستەقینەی سەرسامکەریەکی ژیانی دوای مردن بەدوور نەزانێ، بەڵام لەبارودۆخی دووەمدا گوتە و کردار لێک دوور و جیاوازن، ئێمە تەنها دەتوانین بە خەیاڵ و خەون بینین ئەم بیرۆکە هەست پێ بکەین.[١]

گومانی تێدانییە، کە دەبڕێکی ڕیشەیی لە نێوان ئەدەبی دەقی قورئانی، وەک لە تیۆری ئیعجازی ئاساییدا دەردەکەوێت، لە نێوان ئەم ڕەوانبێژی و لە چوارچێوەی تێڕوانینی ئەرەگۆنی سەرچاوەگرتوو لە پاشکۆی زانینی ئاڵۆزی و هەمەچەشنی چڕدا.

ئەو پرسیارەی لێرەدا خۆی دەسەپێنێ ئەوەیە، ئەرەگۆن چۆن ئەم دەزگایە زانستییە بەکاردێنێت لە وروژاندنی ترس و بیم لە دەروونی خوێنەری سەردەمدا؟

دەتوانین سەیری هەر دوو چەمکی (ئاڵۆزکردنی دەقی قورئانی)[٢] لەگەڵ چەمکی (لەرەلەر)[٣] وابکەین، کە دوو چەمکن بەشدار دەبن لە پەردەهەڵماڵین لە میتۆدی ئەرەگۆن و تێڕوانینی ئەو بۆ خوێندنەوەی دەقی قورئانی لە ڕووی ڕێزمانی، هەروەها ئاشکراکردنی ئاڕاستەکانی ئەو خوێندنەوەیە لە سەر ئاستی ناوەڕۆک و هزرەکان، لەکاتێکەوە بۆ کاتێکی تر.

دانانی دەقی قورئانی بە بابەتێکی ئاڵۆز ئەوە ناگەیەنێت، کە ئەرەگۆن تێڕوانینێکی نوێ لەتەفسیری دەقدا دەکات، بەڵکو مەبەستی ئەوەیە، کە هەموو ئەو چەمک و تێگەیشتنانە لەبەریەکهەڵوەشێنێ، کە ئاڕاستەی سەلەفەیەکان لە تەفسیری قورئاندا دەستیان پێوەگرتووە وێنایان کردووە، چونکە بابەتی ئاڵۆزی دەقی قورئانیی، لای خوێنەران و شارەزایان بابەتێکی نوێ نییە، بە ئاڕاستەیەکی نوێ لە تەفسیری قورئاندا دانانرێ، چونکە دەقی قورئانی وەک دەزانین، دەقێکی ئاڵۆزو و یەکداچوو و هەمەڕەنگە، هەر ئەو ئاڵۆزیەشبوو، کە جەدەل و دەمەتەقێیەکی توندی لێکەوتەوە لەنێوان مەزهەبەکان و ڕەوتە ئیسلامییەکان، پێدەچێ ئاڵۆزترین کێشەکە

---

[١]- هەمان سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو.

[٢]- ئاڵۆزی (الاشكله) .problematization

[٣]- ناجێگیرو لەرەلەرکار (الزحزحه) .Displacement

لەمێژوودا ڕووی داوە بابەتی خەلقی قورئان، دروستکراوی دەقی قورئان بووە، هەروەها بابەتی تێگەیشتن لە دیاردەی وەحی و چۆنێتی دابەزینی و چۆنێتی کۆکردنەوەی و ڕیزبەندی سوورەتەکانیدا.

هەروەها هەمەڕەنگی و ئاڵۆزیی دەقەکە، لەناوکرۆکی خۆیدا، لە نێوان موعتەزیلە و ئەشعەری و ڕەوتەکانی شیعە، لەسەر ئاستی بنیاتی زمانەوانی، بەتایبەت ئەوەی وابەستەیە بە دوو بابەتی مەجازو ئیعجاز.

ئەرەگۆن کاتێ، دەقی قورئاینی بە دەقێکی ئاڵۆز دادەنێ، دوو مەبەستی هەیە:

- خۆی وا پێشکەش بە خوێنەران بکات و بناسێنێ، کە ئەو خاوەنی خوێندنەوەیەکی جیاوازو نوێیە،کە خوێندنەوەی ئاڵۆزیی و هەمەچەشنی قورئانە، کە دەتوانێ چەندکێشەیەکی نوێ لەسەر ئاستی بنیاتی دەقدا دروست بکات، بەوەی قورئان دەقێکی زمانەوانی دابڕاوە لە داهێنەرەکەی لەلایەک و لە ڕاستەقینە مێژوویەکەی لە لایەکی تر.

- ڕزگارکردن و داڕنینی دەقی قورئانیی لە چەمک و تێگەیشتنی قەداسە و پیرۆزیی، یان بەدەربڕینی ئەرەگۆن، دابڕینی دەقی قورئانیی لە ڕێسا و ڕژێمی لاهوتی، کە لەمەوپێش باسکرا.

لەڕاستیدا گەیشتن بەم دوو مەبەستە، بەبێ پەیڕەوی فینۆمینۆلۆژیای هۆرسل تەواو نابێ، کە ئەرەگۆن بەم شێوە پوختی دەکاتەوە:

(پێویستە بۆ خوێنەری ڕوون بکەمەوە، کە ئێستا چ کارێک دەکەم، من ئێستا خۆم لە ڕێسایەکی کۆن دەربازدەکەم و دەردەچم لەو چوارچێوە دێرینە، بێئەوەی لە پەرچەکردار و کاردانەوەکانی ئەم دەرچوونە بۆ سەر دین و ئیمان وگرێنتیە مێژوویی و ڕۆشنبیرییەکەی ڕەوتە ئیسلامیەکەم ترسێکم هەبێ، بەڵکو ئەوەش دەزانم، کە هەموو ڕەوت و مەزهەبەکانی دینەکانی تریش لە جولەکە وکریستیان، ئەوانیش داوایان لێکراوە لەو بابەتە تیۆریانەی، کە ئێستا من لێرەدا دەیوروژێنم،

پەیوەستە بە چەمکـی وەحـی، لەوانەیە ئەمە ببێتە مەیدانـداری و جۆرێـک لە خۆتێهەڵقورتاندن و تورەکردن بۆ هەموویان).[1]

کاتێ ئەرەگۆن فینۆمینۆلۆژیا پەیڕەو دەکات، ئەو لەهەمانکاتـدا خـۆی لە هەمـوو پاڵەپەستۆیەکی مێژوویی دادەڕنێ، ئەم پاڵەپەستۆیە مێـژوویەیە، کە ڕێـی گرتـووە لە ڕزگارکردن و دارشتنی گوتاری دەقی دینـی، چـونکە لای ئەو: (دیـنە ناسـراوەکان هەموویـان بەکـارهێنراون و تـا ئێسـتاش بەکـاردەهێنرێن، وەک پەناوپەسـیوێکی سیاسیی، دەکرێنە هۆکار و بنکەیەکی دەرچوون بۆ زاڵبوون بەسـەر دەسـەڵاتدا، جـا مادام ئەم پاڵەپەسـتۆیە مێـژوویيە هەیە لە سـەر دینەکـان، کەواتە کراوەتـرین ڕژێـمە لاهوتیەکان و درەوشاوەترین زانستەکان، وەک جوڵێنەری ئایـدۆلۆژی جەمـاوەر[2]، ناتوانن کە وێناکردنە دینییەکانی مەزهەبەکان هاوسەنگ بکەن.

ئـالێرەدا کێشـەی ڕزگـارکردنی گوتـاری دینـی، وەک ئەم هاوکێشـە پرسـیارییە لای ئەرەگۆن دەردەکەوێ:

(ئایا ڕۆژێک لە ڕۆژان دەتوانین بگەینە ڕزگـارکردنی گوتـار و دەقـی دینـی بە شـێوەیەکی گشـتی؟ گوتـاری وەسـفکراو و وەرگیـراو لەسـەر بنچیـنەی وەحـی، بە شـێوەیەکی تـایبەت ئایـا دەتـوانین لە ئەرکەکـانی ڕزگـاری بکەیـن؟ بەو سـیفەتەی ئەوانە دەربـڕین و تەفسـیری خـوان و گوزارشـت لە سـەرووەری خـوا دەکەن، کە گواسـتراونەتەوە بـۆ دەسـەڵاتی پاشـاکە، یـان خاوەنـداریی ئیمپراتـۆر و خەلـیفە و سوڵتان و سەرۆکەکە؟).[3]

ڕزگـارکردنی گوتـاری دینـی لەوەی، کە ئـەرەگۆن نـاوی نـاوە (پاڵەپەسـتۆی مێژوویی)، بەرجەستە ناکرێ تەنیا بە وێکهێنانەوە و تێکشکاندنی بیرۆکەی وەحـی و ئەو وێنایەی، کە لەناو دینەکان بۆ وەحی هەیە نەبێ:

---

[1]- ارکون، محمد. القرآن من التفسير الموروث الى تحليل الخطاب الديني، سەرچاوەی پێشوو، ص ٢٧.

[2]- هەمان سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو.

[3]- هەمان سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو.

(ئەو بیرۆکەی دەڵێ هەموو وەحی لە لای خوای گەورەوە هاتووە، وەلە ڕێی فریشتە و پەیامبەرەکان بە مرۆڤایەتی گەیشتووە، ئێستا ئەم بیرۆکە لای جولەکە و کریستیان و مسوڵمانەکان بۆتە وێنایەکی ئەندامیی و مەڵبەندیی بۆ دینی حەق و ڕاست).[1]

بۆیە ئەرەگۆن پێیوایە بیرۆکەی ئەوە، کە بریتی بێت لە تاکە وێنا و تێڕوانینی بنەڕەتی دینی حەق لای مسوڵمانان زۆر لەوەش قووڵتر کراوەتەوە، چونکە ئەوان ئەوەش لەو وێنایەی جولەکە و کریستیانان زیاد دەکەن، ئەو ئایەتانەی کە بەزمانی عەرەبی گوزارشتیان لێکراوە، ئەوان گوتاری ڕەسەنی خوا دەنوێنن و پێکهاتەی ڕێزمانی و وشەسازیی خودی خوان[2]، هەروەها ئەو ئایەتانە گوتارێکە، کە لە بارەی هەموو شێوازی دروستکراوەکان و پێکهاتە و بوونەوەرەکانی، مرۆڤایەتی و جیهانەکان، شتوکاڵاکان، ڕەگوڕیشاڵە ئەنتۆلۆجیەکان دەنوێنێ، کە هەموو دەستپێشکەری بەدیهێنانی خوان).[3]

سەرەڕای بوونی پەیوەستی ئەندامیی و بابەتیی لە نێوان دەقی قورئانیی و بیرۆکەی وەحی، لێرەدا توێژەر بۆچوونی لە ڕای ئەرەگۆن جیاوازە لە بابەتی تاکە وێنا و تێڕوانینی بنەڕەتی، نەک وەک بابەتێکی ئاڵۆز، بەڵکو وەک تیۆرێک، کە دەبێتە هۆی وێکهاتنەوەی بنیاتی بنچینەیی دینی ئیسلام کە دەقی قورئانە، چونکە ئیمان بە وەی بنیاتی بنچینەیی ئیسلام قورئانی پیرۆزە، بنەمایەکی بەڵگەنەویستە و بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستیەش، پێویستمان بە هیچ بەڵگەیەک نییە، ئەوەی کە دەقی قورئان بنچینە و سەنتەری ئاینی ئیسلامە لە گریمانەی بایەتیی دەرچووە و بووە بە حەقیقەتێکی خودیی و دڵنیاییەکی بێ چەند و چوون).[4]

---

[1]- هەمان سەرچاوە، ل٢٢.

[2]- هەمان سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو.

[3]- هەمان سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو.

[4]- الجابري، صلاح. النص والواقيع، مجلة المنطلق الجديد، بيروت: ع٩، ٢٠٠٦ز. ص ٦٥.

ئەو تێڕوانینە قووڵ و دامەزراوەی، کـە لای مسـوڵمانان دروسـتبووە بـۆ قورئـان، کە ڕاستەقینەیەکی ڕەهایە و دڵنیاییەکی بێ چەنـدو چـوون، تێکناشـکێ و لەبـەیـن ناچێ بە لای ئەرەگۆنەوە، تـەنها لـە ڕێگـای ئـاڵۆزکردنی دەقـی قورئانـەوە نـەبێت، نەک لە سـەر ئاسـتی شـێوە و نـاوەڕۆک بە تەنهـا، بەڵکـو لە سەرئاسـتی بـابەتی مێژوویـی، کە ئەو ڕاسـتەقینە ڕیشـەداکوتراوەی پـایەداری دەقـی قورئـانیی قـووڵ کردۆتەوە، توێژینەوە لە سەر ئـاڵۆزی دەقـی قورئـانی بەتـایبەتی و هـزری ئیسـلامی بەگشـــتی لای ئـــەرەگۆن واتە ملــکەچ نەبـــوون و ڕەتکـــردنەوەی ئەو بەرگە ڕۆشـنبیریەی، کە هەیە[1] و هەسـتانە بە هەوڵێـک بـۆ وەڵامـدانەوەی چـاوەڕوانی ملیۆنەها مسوڵمانی تامەزرۆ بۆ تێگەیشتنی بارودۆخیان لەم جیهانە هـاوچەرخەدا، کە بەدەسـتی بەریەککەوتـنە جیاجیاکـان دەتلێـنەوە و وێڵـی ئەوەن ئەم قۆنـاغە نالەبـارە تێپەڕێنن).[2]

ئەو پرسـیارەی لێـرە خـۆی دەسـەپێنێ ئەوەیە: ئـێمە تـا چەنـد دەتـوانین لەگەڵ ئەرەگۆن هاوڕا بین لە بارەی میتۆدی ئاڵۆزکردنی قورئـانەوە و ئەو میتـۆدە دەتـوانێ بەریەککەوتنە هزریی و مەزهەبیەکانی نـاو هـزری ئیسـلامی چارەسـەر بکـات؟ ئایـا ئەو بەریەککەوتنانەی، کە مسوڵمانان تا مەزرۆی بـازدانن بەسـەریدا، بەریەککەوتـن گەلێکـی هزریـی و مەزهەبـین؟ یـان بەریەککەوتنـی مێـژوویین و کەڵەکەبـوونی هۆکارە سیاسیەکان لە چوارچێوەی دووبەرەکـایەتی و مملانـێ لەسـەر دەسـەڵات، بەرهەمی هێناون؟.

ئەگەر ئاڵۆزیی دەق، پەیوەندی بە بەریەککەوتنـی هـزری و مەزهەبـیەوە هەبـێ، ئەوە خواستەکە لەسـەر ئاسـتی تیـۆر و میتـۆد دروسـتە، بەڵام ئەوەتـا ئەو ئـاڵۆزییە

---

[1]- ارکون. قراءة علمية، سەرچاوەی پێشوو، ص ١١٤.

[2]- هەمان سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو.

بارودۆخی بابەتی مێژووش تێدەپەڕێنێ لای ئەرەگۆن و دەگاتە قووڵایی بنیاتی دەقی قورئانیی، ئەم گەیشتنەش بەو قووڵاییە بە مەبەستی تەفسیرکردنەوە و لێکدانەوە و دووبارە خوێندنەوەی نییە، هەر وا بە مەبەستی پڕکردنەوەی کەلێن و کەموکوڕییەکانی بەریەککەوتنەکان نییە لەسەر ئاستی بنیات و واتا، بەڵکو بە مەبەستی ئەوەی، ئەوە ڕوون بکاتەوە، کە هەموو ئەو گوتارانەی داتاشراو و هەڵێنجراون لە گوتاری خوای گەورە بەوەحی ڕەوانەکراو بە ئامانجی لێکدانەوە و تەفسیرکردنی فرمانەکان و ڕاسپاردەکان وچەسپاندنیان، هەموویان بەشدارن لە پێکهێنانی بنیاتی ئەنسرۆپۆلۆژی بۆ ئەندێشەی دینیی و سیاسیی و کۆمەڵایەتی).[1]

مەترسی بۆچوونی ئەرەگۆن لەو ڕووکەشەی بەکارهێنانی تۆمەتبارکەرانەدا بۆ چەمکی ئەندێشە و خەیاڵی دینیی چڕ دەبێتەوە، بەکارهێنانی ئەرەگۆن بۆ ئەو چەمکە نەک هەرسیفەتی قداسەت و پیرۆزی لە دەق و دین دادەڕنێ، بەڵکو بەرگی واقیعیبوون و عەقڵانییەتیش بە بەر پوختەی گوتاری دینیدا دەکات، هەرچەندە ئەو دەڵێ کە (بەکارهێنانی چەمکی خەیاڵی بە مەبەستی لەبەرکردنی بەرگی عەقڵ نییە بەگوتاری دین[2]، بەڵام ئەم بەکارهێنانە، ئەوەی بۆ دەڕەخسێنێ بەو شێوە سەیری دەقی قورئانی بکات، کە لە ڕوی ئەنسرۆپۆلۆژیەوە بەوشێوە لێی بڕوانێ، چونکە بەکارهێنانی ئەنسرۆپۆلۆژیا بۆ دەرهاویشتەکانی گوتاری دینیی ئەوە لەخۆدەگرێ، کە ئێمە بە چاوی دەستکەوتێکی کۆمەڵایەتی، کە عەقڵی کۆمەڵگا دایڕشتووە دەڕوانینە کەلەپوری دینی.

هەر دوو چەمکی (خەیاڵدان و چەمکی مێژوویبوون)، وەک بەرجەستەبوونێکی عەقڵی دەستەجەمی و بیرۆکەی ئیسلامیی مێژوویی: واتە ئەو ئیسلامەی، کە عەقڵی

---

[1]- ارکون، القرآن من التفسير الموروث الى تحليل الخطاب الديني، سەرچاوەی پێشوو، ص ٢٨.
[2]- سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٩.

کۆمەڵگای عەرەبی و تایەفە و مەزهەبگەریی ئیسلامی داڕشتووە، پاشان ئەم دوو چەمکە لای ئەرەگۆن ڕەنگیان داوەتەوە، لە سوڕەتی عەلەق بە ڕۆشنی، کە دەڵێ:

وەک لە تەفسیری کەلەپووری ئیسلامیدا باسکراوە، کە ئەم سوڕەتە، کە ژمارەی (٩٦)ە لە ڕیزبەندی مەسحەفی قورئان، بەڵام لە ڕاستیدا یەکەم سوورەتە، کە لەلایەن فریشتەی وەحی جبریل، یان ڕوحی قودس بۆ محەمەد هاتووە لە شاخی حیرا، جبریل سێجار لە محەمەدی پرسی: بەناوی پەروەردگارت بخوێنە؟ هەر سێجارەکان محەمەد وەڵامی دایەوە، کە من خوێندنەوە نازانم.

لەم چیرۆکە ئەو واتا ئەدەبییە وەردەگرین، کە گوێزرانەوەی وەحی لە خواوە بۆ خەڵکی بەناوەندگری محەمەد و بە هاتن و چوونی جبریل لەنێوان پەروەردگار و محەمەددا، بۆ ئەوەی وەحی بێنێ، هەر وەک ئەم کارەی لەگەڵ یەسوع و هەموو پێغەمبەرانی ناو تەورات کردووە، بەم شێوە بەبوونی فریشتە جبریل لەو نێوەندە دڵنیایی و متمانە و باوەڕپێکراوی بۆ وەحییەکە دەستەبەر دەبێ، بەدرێژایی مێژووی وەحی بۆ پێغەمبەران، هەر لە ئادەمەوە تا دەگاتە پێغەمبەری کۆتایی، کە محەمەدە (دروودی خوای لەسەر)، واتە تەنها هەبوونی جوبرەئیل لەم چیرۆکەدا، بەسە بۆ ئەوەی کە خەڵکی بڕوا بکەن، کە لە لای خواوە هاتووە.

## ئەرەگۆن و خوێندنەوەی سورەتی فاتیحە

محەمـەد ئـەرەگۆن خوێنـدنەوەیەکی زمـانەوانی بـۆ سـورەتی فـاتیحە پێشـکەش دەکـات، لەسـەرەتادا دان بە سـام وهەیبەتـی ئەم سـورەتە لەنـاو قـووڵایی هۆشـی مسوڵماندا دەنێ.

ئەم خوێندنەوەشی بەو گوتەی حەسەنی بەسری (١١٠/ک، مـردووە) لە ستایشـی سورەتی فاتیحەدا دەست پێدەکات، کە دەڵێ:

خوای گەورە زانستیی هەموو پەیام و کتێبە پێشـینەکانی پێغەمبەرانـی لە قورئانـدا کۆکردەوە، پاشان هەموو قورئانیشی لە سـورەتی فـاتیحەدا چڕ کـردەوە، بۆیە هەر کەسێ تەفسیر و لێکدانەوەی قورئان و بەتایبەت سورەتی فاتیحە بزانـێ، وەک ئەوە وایە، کە ڕاڤە و لێکدانەوەی هەموو پەیام و کتێبەکانی گشت پەیامبەران بزانێ).[1]

دوای ئەم گوتە ئەرەگۆن دەڵێ:

ئەم گـوتەیە نەوە دوای نەوە دووبـارە دەبێـتەوە، هەتـاکو ئێسـتاش بەردەوام هۆشداریمان دەداتێ و ئاگادارمان دەکاتەوە لە سامناکی و مەترسـیداری لە هەڵسـان بە هەر خوێنـدنەوەیەکی چڕکـردنەوە، لە هەمانکاتـدا جەخـت لەسـەر ئەوەش دەکاتەوە، کە ئەو ناچێتە نـاو هـیچ پرۆژەیەکـی بەپیرۆزگـرتن و چەنـد داڕشـتنێکی زمانەوانی داڕژاوی جیاواز بۆ چەند بیرۆکەیەکی ڕابردوو دووبـارە ناکـاتەوە، بەڵکـو مەبەستی هەر دوور و قووڵی بەشداری کردنە لە پێکهێنـانی هزرێکـی دینـی کـراوە لە ڕێگەی نمونەی ئیسلامەوە).[2]

بـۆ پشتڕاسـتکردنەوەی دڕانـدن و بـازدان بەسـەر پەردەی سـام و هەیبەتـدا، کە دەقـی قورئـانی بەگشـتی و بەتـایبەت سـورەتی فـاتیحە دەیسـەپێنێ، بـۆ ئەمەش ئەرەگۆن کۆمەڵێک زاراوە و چەمکی زمانەوانی لە سـورەتی فـاتیحەدا بەکـاردێنێ،

[1]- ارکون، القرآن من التفسير الموروث الى تحليل الخطاب الديني، سەرچاوەی پێشوو، ص١١١.
[2]- هەمان سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو.

ئەو نازناوی (تۆماری دەقی) بەکاردێنێ بۆ قورئان، بەڵام بۆ ئایەتی قورئان گوزارشی -گوتراو، دەربڕدراوی زمانەوانی- بەکاردێنێ.[1]

هاشم ساڵح ئەم پیشەیە دەگێڕێتەوە بۆ ئەوە کە:

هۆکاری ئەم کارە ئەوەیە، کە ئەرەگۆن دەیەوێ دەستەواژەی بارگاویی بە تەزووی لاهوتی بەرکەنار بکات، چونکە ئەو جۆرە دەقانە زۆر بە زوویی زاڵدەبن بەسەر هۆشیاریی و بیر و هزرمان، کاتێ لە بارەی قورئانەوە دەدووێین.

پیرۆزیی و قودسیەت و سام و هەیبەتی لاهوتی هەرە مەزن، کە چەندین سەدەیە دەوری قورئانی داوە، ناهێڵێ قورئان لە قەبارەی ڕاستەقینەی خۆی و وەک ئەوەی کە هەیە ببینین، واتە وەک دەقێکی ئەدەبی پێکهاتوو لە چەند وشە و پیتێک و لێکدراوێکی زمانەوانی و ڕێزمانی و ڕەوانبێژی.

بەدەربڕینێکی تر، لایەنی ماددی قورئان بە تەواوی بزربووە و شاراوەتەوە، یان لەبەرچاومان نادیارە، بەهۆی ئەو هەیبەت و سامەی دەوری دەقی قورئانی داوە.

جا جیاکەرەوەی خوێندنەوەی زمانەوەنی ئەوەیە، کە ئەم هەیبەت و سامە -ئەگەر بۆ ساتێکی کەمیش بێ- بەرکەنار دەکات، لە پێناو تێگەیشتنێکی پێکهاتەیی دەقی و زمانەوانی بۆ قورئان.[2]

هەڵبەت ئەوەی، کە وای لە کەسانی وەک ئەرەگۆن کردووە، کە لادانی ئەو هەیبەتە لەسەر ئەو دەقانە خەمی هەرەگەورەیان بێ، بریتیبوو لە دانەنان و بەکارنەهێنانی ئەو هەیبەتە لە شوێنی خۆی، لەلایەن سەران و هەڵگرانی ئەو دەقانەوە، هەریەک لەو دین و نەتەوانە، ئەو دەق و دینانەیان کردە چوارچێوەیەکی ڕەگەزپەرستی و گەیشتن بە دەسەڵات و واشیان لە خەڵکی و مرۆڤایەتی گەیاند، کە خوا و بەدیهێنەرەکەیان دەستەوسانە و ناتوانێ نمونەیەکی باشتر لە دەقی

---

[1]- سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٩.

[2]- هەمان سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو.

تەورات و ئینجیل و قورئان و کەسایەتیەکی باشتر لە ئیبراهیم و موسا و عیسا و محەمەد و زمانێکی پاراوتر و فراوانتر لە عیبری و سریانی و عەرەبی بێنێ!.

ئەم دەقە دەستەوسان کار و معجز و کاریزما و پەیامبەرە لێوەشاوە و شەریعەتانە بۆ دەستەوسان کردن و چۆکدادانی عەقڵ و هۆشی مرۆڤایەتی هاتبوون، تا عەقڵ و هۆشەکان لە خزمەتیان دابن و لایەنە ئەرێنی و باشەکانیان بە بەردەوامی پەرە پێ بدەن، نەک ببینن بەدیهێنەر و دابەزێنەری ئەو دەقانە دەستەوسانە، بۆیە دەبێ ئەوان هەیبەتی ئەو دەقانە بشکێنن. ئەرەگۆن وەک بازنەی کارەبایی ئەلترۆنی پێیوایە، بە بەرکەنارکردنی سام و هەیبەت لە بازنە ئەلکترۆنییە چرکە، کە فاتیحایە سیحری بازنە گەورە ئەلکترۆنییەکەی قورئان بەتاڵ دەبێتەوە و قودسیەت لە جیهاندا نامێنێ، بەڵام لەڕاستیدا بە نەمانی قودسیەتی دەق، سەروەری و کەرامەتی مرۆڤ نامێنێ، چونکە دەق دارشتن و گوتار و ئاخاوتن بەپلەی یەک دیاردە و جیاکەرەوەیەکی مرۆڤە لە جیهانەکانی دەوروبەری خوا، کە قودسیەتی بەو دیاردە داوە، بەوەش مرۆڤی کردۆتە سەردار و زۆربەی دیاردە و جیهان و بوونەوەرانی بۆ ژێربار خستووە، بە نەمانی قودسیەتی دەقەکان و شکانی سەروەری مرۆڤ حیجاب و پەردەی سنورداری لەسەر ڕووی خوای بەدیهێنەر زیاتر هەڵدەماڵرێ و دڵەکان و عەقڵ و هۆشەکان زیاتر هۆگری دەبن.

دەرچوون لە وێستگەی بەهێماکردنی زمانی دینی ئەوەناگەیەنێ، کە ئەو هەرچی لێکدانەوە و تەفسیری کەلەپورییە ڕەتی دەکاتەوە، بەتایبەتیش تەفسیر و لێکدانەوەی سوننەت، چونکە ئەو چەشنە تەفسیرە خۆی هەوڵێکی زۆریداوە لە گەڕان بەدوای دیاریکەر و سنورە واقیعی و بارودۆخیانەی، کە مەبەستبوون بە زمانی قورئان، هەروەها زۆر خۆی خەریککردووە بە گەڕان لەو بەڵگانەی دروستی هەرچی لە قورئاندایە بسەلمێنن).(1)

---

1- ارکون، القرآن من التفسیر الموروث الی تحلیل الخطاب الدیني، سەرچاوەی پێشوو، ص١٤١.

وەک خـۆدزینەوەیەک لە هەڵگرتنـی کـۆڵی هێمـای دینـی و لە ترسـی کەمـی توانای شیکاری، بـۆیە ئـەرەگۆن کـۆڵی هەمـوو پێکهـاتە ڕەمزیـی و مەجازیەکـان هەڵناگرێ، هەروەها خۆی بەدوور دەگرێ لەو خەون و ئەندێشە و بۆچوونە فـش و فۆڵانەیڕاڤەکـاری قورئـان و لێکـدەرەوانی ڕەوتە سـۆفییەکان و بـاتنیە کـرۆک بەندەکان، بانگەوازی بۆ دەکەن.(١)

ئەو کاری خۆی لەوە چڕدەکاتەوە، کە دان بنێ بە:

یەکـێ لەکـردارە بنچینییەکـانی زمـان، کە بە درێژایـی چەنـدان سـەدە کـوژێنراوەتەوە و لەکـارخراوە لەلایەن ئەو کـۆمەڵە عەقـڵەی، کە لە بـازنەیەکی داخراودا بە دەوری خۆیاندا خولاونەوە، چونکە خوێنـدنەوەی زمـانەوانی هەژار و زگگوشین و گەمارۆدەرە، هەروەها ورد و پتەوە و هەمیشـە وامـان لێـدەکات لەنـاو سـنورێکی پـتەودا، گەمـارۆدراو بـین لەبەر تواناکـانی دەربڕینـی زمـان، لەگەڵ دوورخســتنەوەی هەمـــوو گریمـــانە ڕاشـــکاو و ناوەرۆکییەکـــان، کە هەر خوێندنەوەیەک بۆ دەقەکە لە جێی دەبات).(٢)

پـاڵنەری سـەرەکی، کە ئـەرەگۆنی پاڵنـاوە خوێنـدنەوەی زمـانەوانی/ ئەنسرۆپۆلۆژی بەسەر دەقی قورئاندا بچەسپێنێ، بـۆ ئەوە بـووە تـا قورئـانیش دەمـج بکات و بیلکێنێ بە کەلەپوری جولەکە و مەسیحی، کە دەقەکـانی ئەوانـیش هەمـان خوێندنەوە و لێکدانەوەی بۆ کرابـوو، جـا ئەم دوو دینـە بەهـۆی گونجانیـان لەگەڵ ئەم خوێنـدنەوە سـەرکەوتوویی ئەم دوو دینـەی بەسـەر ئیسـلامدا سـەلماند و لەبەر نەگونجـانی ئیسـلام لەگەڵ ئەم پـرۆژە زانسـتییە، بـووە دینێکـی پەراوێزکـراو و پشـتگوێخراو و وەلانـراو(٣). ئەم ئاڕاسـتەکردنە لە ژێرکـاریگەریی ئەم هەسـتکردنە تۆمەتبارکردنێکی ڕاشکاو بوو بۆ ئاڕاستەی ئایدۆلۆژی بـۆ ئەوکـردارەی دەکـرێ لە ژێر ناوی زانستە دینییەکان.

---

١- هەمان سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو.

٢- هەمان سەرچاوە، ل ١١٢.

٣- اركون، القرآن من التفسير الموروث الى تحليل الخطاب الديني، سەرچاوەی پێشوو، ص١٤٠.

ئەرەگۆن بۆ خوێندنەوەی دەقی قورئانیی، لە سەر زەمینەی ئەم پرسیارەوە دەردەچێ: ئەو شتەی دەیخوێنینەوە چییە؟ لە پێناسەی خوێندنەوەی زمانەوانیدا، ئەرەگۆن باسی (تۆمارێکی دەقی) کرد، کە تۆمارێکی تۆکمە و کۆتاییهاتوو و کراوەیە).(١)

مەبەستی لە تەواو و کۆتاییهاتوو ئەوەیە، کە لەسەر چەند گوزارش و دەربڕدراوێک کورت هەڵاتووە و دیاریکراوە، لەڕووی ناوەڕۆک و چۆنێتی دارشتن و دەربڕینیشەوە تەواوە، ئەم تەواوکاریەش ناهێڵێ، کە بکەوێ و ڕێزوپایەی نەمێنێ، بەم شێوە خوێندنەوەی مانەوەی قورئان، وەک موعجیزەیەکی ڕێزلێگیراو دەمێنێتەوە، لەوەشی لادەدا تەنیا بە خوێندنەوەی فیلۆلۆژی وازبێنێ، کە لەو سەرچاوە کاریگەرانەی دەقەکە دەگەڕێ و لە نادیاریی و نهێنییەکان و بەریەککەوتنەکانیان وکەموکوڕییە شێوازیەکانیان دەکۆڵێتەوە،(٢) بەڵام مەبەست لە تۆماری کراوە ئەوەیە، کە:

کراوەیە بە ڕووی هەموو ئاڕاستە هەمەچەشنەکاندا، کە هەموو خوێندنەوەیەک دەیخوازێ، بەواتای ئەوە، کە دەقی قورئانیی شتێک دەڵێ، کە هزر و فیکر پاڵنەریەتی، جا هەر چەندە قەبارە و کلێشەی ڕستە و دێڕ و دەستەواژەکانی قورئان داخراوە و دیاریکراوە، لە ڕووی لاهوتی هیچی تر زیاد ناکات و بڕیاری کۆتایی لێدراوە، بەڵام لە ڕووی مێژوویی هەمیشە بە کراوەیی دەمێنێتەوە بە ڕووی هەر جوانکاریی و چاکسازیەکی دەقی، کە ڕەخنەی فیلۆلۆژیی و زمانەوانیی مێژوویی پێشکەشی دەکات).(٣)

کەواتە تەواوبوونی دەقی قورئانیی، واتای قم بوون و پەنگخواردنەوەی گوڕ و وزەی تازەبونەوەی نییە، ئالێرەدا لەو بانگاوازەی هەمیشە نوێبوونەوە و دووبارەتەفسیرکردن و لێکدانەوە و خوێندنەوەی تێدەگەین، بێئەوەی بگەینە

---

[١]- هەمان سەرچاوە، ل ١١٣.

[٢]- هەمان سەرچاوە، ل ١١٥.

[٣]- هەمان سەرچاوە، ل ١١٥- ١١٦.

کۆتاییهاتنی دەرکەوتنی واتا و لێکدانەوە شارەوەکانی، لەوانەیە ئەوە مەحاڵ بێ، کە ڕۆژێک لەڕۆژان لێکدانەوە نوێکانی قورئان کۆتاییان بێ، کەواتە ئەم بوارە پەیوەستە بەداهێنانی ئەدەبی وزەی داهێنان، کە دەتوانرێ بگوترێ ئەم وزە داهێنانە بێسنوور وکۆتایی نەهاتووە لە چوارچێوەی توانا خوێندنەوەکانی ئەمڕۆمان).[1]

ئەرەگۆن لێرەدا، سێ چەشنە بڕیارلێدراو و پڕۆتۆکۆل جیا دەکاتەوە، کە خۆیان لە چوارچێوەی خوێندنەوەی سوورەتەی (فاتیحە)دا دەسەلمێنن، بەم شێوەی خوارەوە:

**ا- پڕۆتۆکۆلی سرووت:** ئەو بڕیارەیە، کە مرۆڤی بڕواداری چاکەخواز لە پەرستشەکانیدا جێبەجێی دەکات، ئەو بە تەنیا بۆ ئەوە شایانە، کە گەیشتنی ڕوحی هەبێ لەگەڵ کۆمەڵی ئیماندار و تێگەیشتن لە هەموو ڕێوشوێنەکانی نێردراو بە وەحی، لێرەدا ئەو ماوە مێژووویەی لەسەدە و هەزار ساڵ لەنێوان بڕواداران بزر دەبێ و بێ شوێنەوارە، بەشێوەیەک بەڵگەکانی کات و شوێن ئامادەبوونی خۆیان لە دەستدەدەن و واتاکانی یەکێتی ڕوحی شوێنیان دەگرنەوە، کە سوورەتی فاتیحە لە خۆیان دەگرێ).[2]

**ب- پڕۆتۆکۆلی لێکدانەوە و تەفسیری:** مەبەست لێی کۆی بەرهەمی تەفسیرە، کە بۆ دەقی قورئانی کراوە بە درێژایی مێژوو، کە باشترینیان لای ئەرەگۆن تەفسیری فەخری ڕازییە.

ئەرەگۆن ئەم تەفسیرە بە دەقی دووەم دەزانێ و لەگەڵ دەقی یەکەمی قورئان تەریبی دەکات و پێیوایە ئەم دەقی دووەمە، کە تێکەڵە بەدەقی یەکەم دەقێکی سپاردە هەڵگرە، بەشێوەیەک بنەماکانی تەفسیر پیرۆزن و جێگر و ڕۆچوون و لەرەلەر ناکەن.[3]

---

[1]- هەمان سەرچاوە، ل ١١٦.

[2]- تفيفحه، رمزي، معقولية الاصل واللغة الرمزية، الفاتحة رهانات المعنى، قراءة محمد اركون نموذجا، مجلة كتابات معاصرة، ع٤٧، ٢٠٠٢م، ص ١١٧.

[3]- اركون، القرآن من التفسير الموروث الى تحليل الخطاب الديني، سەرچاوەی پێشوو، ص١٢٠.

**ج- پڕۆتۆکۆلی ڕەخنەیی:** ئەمە ئەو پڕۆتۆکۆلەیە،کە ئەرەگۆن لە خوێندنەوەی فاتیحەدا پشتی پێدەبەستێ.

لەم خوێندنەوەدا پەردە لەڕووی بەها زمانەوانییەکانی دەق لادەدرێ[1]، بەڵام خوێندنەوەیەکی ڕەخنەئامێز دەبێ، بەواتای ئەوەی:

ئەوەی ئێمە دەیڵێین، تەنیا بەهایەکی پشکنین، یان گریمانەییە لە بۆچوونماندا، چونکە قورئان دەقێکە دەبێ لە چوارچێوەی ڕوحی گەشبینی لێی بروانین.

پێش ئەوەی ئەرەگۆن دەست بە ڕووبەڕووبوونەوەی دەقە قورئانییەکە بکات، کە سوورەتی فاتیحایە، چەند بنەمایەکی زانستیی باس دەکات، کە کاریگەرن لەسەر لێکدانەوە و خوێندنەوەی تەفسیریی، هەندێکیان کاریگەر و ئاراستەکەری خوێندنەوەی زمانەوانی ڕەخنەیین. یەکێکیش لەو بنەما خوێندنەوە یەکەمیانە ئەوەیە:

خوای گەورە هەمیشە هەیە و ئەو هەر ئەوە، من ناتوانم بەشێوەیەی، کە هەیە و بە موتابیق، یان بەڕاست و دروستی لەبارەی ئەوە و بدوێم، تەنیا لە چوارچێوەی ئەو دەربڕدراو و دەستەواژانە نەبێ، کە ئەو خۆی بۆخۆی پەسندکردون و لە ناو گوتار و دەقی کتێبەکەیدا، بە شایانی خۆی زانیون و هەڵیبژاردوون.[2]

یەکێکی تر لەو بنەمایانە دەڵێ:

خوای گەورە لە کۆتا جاری وەحیدا بە زمانی عەرەبی، لەگەڵ هەموو مرۆڤایەتی قسەی کردووە، لەسەر زمانی محەمەد و بە ناوەندگیری ئەو، ئەو گوتار و دوواندنەی ئەو هەموو شتێکی تێدایە، لەبارەی پێکهاتن و بوونیاتی من، ئەوەی ئەو دەیفەرموێ، تاکە ڕاستەقینەیە و هەموو ڕاستەقینە دەنوێنێ، واتە لە دەرەوەی ئەو هیچ ڕاستیەکی تر بوونی نییە.

بێگومان زانستی ڕێزمان (نحو) و زانستی زمانەوانی مێژوویی (فیلۆلۆژیا) و زانستی ڕەوانبێژی و زانستی لۆژیک (مەنتق) هەموویان فێری چەند تەکنیک و

---

[1]- هەمان سەرچاوە، ل ١٢١.

[2]- هەمان سەرچاوە، ل ١٢١- ١٢٢.

هـونەرێکم دەکەن بـۆ گەیشـتن بە واتـای دەسـتەواژەکان و تەکنیـک و هـونەری هەڵێنجانی واتام فێـردەکەن، سـەرەنجام بەم زانسـتانە دەتـوانین لە دەق پـوختەی ئەو واتایە، کە مەبەستە لە گوتاری خوای گەورە تێ بگەین و بیکەینە ئەو ڕاستەقینەی، کە عەقڵ و بیروهۆش و خوست و کردارمانی پێ ڕۆشن بکەینەوە.

واتا عەقڵ و هۆش لەم بازنەدا، تەنیا بۆ تێگەیشتنی سادە و ساکارە لە دەق، کە تێگەیشتنێکە لە پێنـاو بـڕوا و ئیمانهێنـان، هەر بـۆیەش لای پـۆل ریکـۆر بە بـازنەی لێکدانەوە ناودەنرێ.

لێـرەدا پچڕانێکـی ڕیشـەیی لە نێـوان ئەو بنەمایـانەدا هەیە، کە لە سـەر ڕەوتـی تەفسـیر و لێکـدانەوەی کـۆن بلـورەی کـردووە، لەگەڵ ئەو پێـنج بنەمـایەی، کە خوێنـدنەوەی ئـەرەگۆنی زمـانەوانیی ڕەخنەیـی لەسـەر دامەزراوە، کە لەخـوارەوە ئاماژەی پێدەکەین:[1]

ا- بەدڵنیاییەوە مرۆڤ کێشەیەکی هەستپێکراوی خـودی خۆیـەتی (واتـا مـرۆڤ کێشـەی مـرۆڤە)، هەروەک ئەبوحەیـانی تەوحیـدی ڕۆژێـک لە ڕۆژان گوتـویەتی: (ئەوەم دۆزیەوە، کە مرۆڤ لە ئاڵۆزیی و شاراوەیی مرۆڤ سەری دەرناچێ).

ب- ناسـین و دیـاریکردنی واقیـع، بە شـێوەیەکی دروسـت و وەکـو خـۆی، بەرپرسیارێتی منە بە تەنها.

ج- ئەم ناسین و دیاریکردنە لەم ساتەدا، هەوڵ وکۆششـێکی بەردەوام پێکـدێنێ، بۆ بازدان و تێپەڕین لە هەمـوو ئەو بێـزراوانەی سـنوورێک بـۆ مەرجـی بـوونی مـن دادەنێن، وەک بوونەوەرێکی زیندووی قسەکەری سیاسیی و مێژوویی و ئابووری.

د- ئەم ناسین و دیاریکردنە، واتە یاخیبوونی بەردەوام لە چوارچێوە و سـنووری داخراو، کە کەلەپوور دروستی دەکات.

---

[1] - ارکون، القرآن من التفسير الموروث الى تحليل الخطاب الديني، سەرچاوەی پێشوو، ص ١٢٣.

هــ- ئەم یــاخیبوونە لەیەککاتــدا لەگەڵ دوو ئاڕاســتە دەگــونجێن، ئاڕاســتەی سـۆفیەکان، کە بزاڤێکـی ڕوحـین و لە هـیچ قۆناغێـک لە قۆناغەکـانی ڕەفتـار و هەڵسوکەوت لە ڕۆیشتن ناکەون بەرەو خوا.

لەگەڵ ئاڕاســتەی تــوێژەریش، کە تــوێژینەوەی زانســتیی، وەک کردارێکــی خەباتگێڕی دەبینێ و ڕەتیدەکاتەوە لە هیچ ئاست و سنوورێک بووەستێ و واز لە تــوێژینەوە بێنــێ، هەرچەنــدە، کە دەرەنجـامی زۆریـش بەدەســت بێنــێ، هەر لە لێکۆڵینەوە ناوەستێ.

ئـەرەگۆن خوێندنـەوە کردارێەکـەی دابەشـدەکات بـۆ سـێ سـاتەوەخت بەم شێوەیە:

- ساتی زمانەوانی
- ساتی مێژوویی
- ساتی ئەنسرۆپۆلۆژیی

لەساتی زمانەوانی  ئەرەگۆن، پەردە هەڵدەماڵێ لە سـەر ئاشـکرابوونی زمـانەوانی لە سوورەتی فاتیحەدا، ئەو ناوانەی ناسـێنراون بە (ال)ی ناسـاندن، (الحمـد= هەمـوو ستایشـــەکە، الصـــراط= راســـتەرێیەکە، الـــرحمن= بە بەزەیـــی و فرەســـۆز و میهربەخشـەکە، الـرحیم زۆرمیهربانەکە)یـان ئەو نـاوەی پاڵـدراوەتە لای نـاوێکی ناسراو- رب العالمین= پەروەرگاری گشت جیهانەکان-.

ئەمەش لای  ئەرەگۆن ئەوە دەگەیەنێ، کە هەرچی قسـەکەر لەبـارەیەوە بـدوێ بە تەواوی ناســراوە، یــان شایســتەی ئەوەیە کە بناســرێ[1]، بەهــۆی چەقگیــری و سەنتەرنبوونی ئەم سوورەتەوە  ئەرەگۆن پێیهەڵخلیسکاوەتە هەڵەیەکی گەورەوە، کە پێیــوایە وشــەی اللــە بە (ال)ی ناســاندن دەســپێیدەکات، کە دوای دابەزینــی (٤٥) سوورەت لە قورئان دابەزیوە، تابێتە تاکە وشەی نەگـۆڕاو، کە جێگەی نـاوەرۆکی

---

[1]- هەمان سەرچاوە، ل ١٢٦.

هەمـوو دەسـتەواژە هاوبەشـە بەنـاوەرۆکە گۆڕاوەکـان بگـرێتەوە[1]، ئەمەش هەڵەیە، چونکە وشەی الله پـێش دابەزینـی فـاتیحەش هەر بنەرەتـی بنچینەیـی هـاتنەخواری قورئـان بـوو، زۆرێـک لە زانایـان لەوانەش، ئەخـفەش و شـافعی پێیـانوایە، کە اللـه مشتق نییە و لە (إله) وەرنەگیراوە، (ال)ی ناساندنی ناچێتە سەر و پێویستی پێی نییە.

هەڵـبەت ئـەرەگۆن بیـرۆکەی ئەوەی (ال) بچێـتە سـەر هەر چاوگێـک، ئەوە ئیستغراقی هەمـوو ئەو بەشانە دەکـات، کە ئەو چـاوگە دەیگەیەنـێ، کە لە ڕازی و ڕاڤەکـارانی قورئانیـان لە کۆنـدا وەرگرتـووە، ئەوان گـوتویـانە (الحمدللـه) هەمـوو سوپاسەکان بۆ الله، زۆر بەهێزترە لەوە، کە بڵێی (احمد الله) واتـا سوپاسـی خـوای گەورە دەکەم.

پاشـان ئـەرەگۆن لە ڕانـاو زەمیرەکـانی نـاو سـوورەتی فـاتیحە دەگەڕێ و ئاڕاسـتەکردنی ئەم ڕانـاوانە، بە سـاتێکی یەکـلاکەرەوە دەزانـێ بـۆ خوێنـدنەوەی سـوڕەتەکە، هەربـۆیە ئەمە ناچـاریی دەکـات، کە کێشـەکە زۆر بە هەسـتەوەری چارەبکات، چونکە ئەم ڕاناوانە ئامـاژەن بـۆ دانەری دەقەکە، تـۆڕی ئەم ڕانـاوانەش ناسنامەی دانەری دەقەکەن، هەرچەندە لە دەقەکە هیچ لەبارەی دانەرەکەی نەزانـین، بەڵام ڕاناواکان بەسن بۆ ناساندنی.[2]

ئەو جـار دێـتە سـەر کردارەکـانی سـوورەتی فـاتیحە، کە کەمـن، تەنیـا دوو کردارمـان هەیە، کە ئـەرەگۆن هەڵوێسـتە لەسـەر هەردووکیـان دەکـات (نعبـد= دەتپەرستین، نستعین= داوای هاوکـاری و پشـتیوانی دەکەیـن)، ئەمـانە بەڵـگەی ئەو هەوڵ وکۆششەن، کە بکەری ئەم دوو کـردارە پێیهەڵدەسـتێ، بـکەرەکەش مـرۆڤە، مەبەسـت لەو دوو کـردارەش گەیشـتنە بە پەروەردگـار، کردارەکـان کـرداری داهاتوون، (فعل مضارع)ن، بەڵگەن لە سەر بەردەوامی ئەو کردەوە بۆ پڕکـردنەوەی ئەو کەلێنەی، کە لە نێوان بکەر و قسـەکاری مـرۆڤ، کە دانـی بە خزمەتکـاریی و لاوازیی خـۆی دانـاوە، دووێنـراو و لێخـوازراوێکی دیـار و ئاشـکرا، کە هـاودەم و

---

[1]- هەمان سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو.

[2]- هەمان سەرچاوە، ل ١٢٨.

حەوێنەرەوە و هاوبەشی باڵای هەموو بوونەوەرانە و باڵادەستە و شایستەی پەرستش بۆکردنە و تەوانەیە و خاوەنی هەموو سۆز و بەزەییەکە.[1]

ئابەم شێوە ئەرەگۆن یەک یەکە ناو و بنیاتە ڕێزمانییەکان وەردەگرێ، تا لە لای چەمکی پەیوەندی ڕەخنەیی هەڵوێستە بکات، کە ڕەخنەگری سویسری جان ستارۆبنسکی باسیکردووە و پوختەکەی ئەوەیە کە:

ڕەخنەگری ئەدەبی لە هەندێ کاتی خوێندنەوەی هەندێ دەق هەست بەچێژ و شادمانی دەکات، بەڵام خۆی ڕادەستی ئەم هەستە ناکا، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ لای دەقەکە و تا هۆکاری پەیدابوونی ئەو هەستەی بزانێ، بەڵام لە چوارچێوەی هەستی بابەتی، ملکەچی هەستە یەکەمەکانی نابێ، بۆیە دێ لە ڕووی پێکهاتەی زمانەوانی دەقەکە تێبینی دەکات).[2]

ئەو پرسیارەش کە لێرە خۆی دەردەخات ئەوەیە:

ئایا دەگونجێ خوێنەرێکی خاوەن گومانی قووڵ و خاوەن ڕەوتێکی ڕەخنەیی باڵای وەک ئەرەگۆن، هەست بە شادمانی و ڕۆشنیی ڕوحی بکات لەکاتی نزیکبوونەوەی لە قورئان؟؟

ئەو ئاکامانەی بەردەستە لامان، ئاماژەیەکی بچوکیش بە ئەم ساتە ناوازە ناکەن، بەڵکو زۆرجار روحی تۆڵەکردنەوە لە خوێندنەوەکانی ئەرەگۆن بۆ دەقی قورئانی درک پێدەکات.

**- ساتی مێژوویی:**

ساتە مێژووییەکەی سوورەتی فاتیحە، هەموو ئەو لێکدانەوە و تەفسیرانەی لە چوارچێوەی ڕۆشنبیریی عەرەبی بۆ ئەم سوورەتەکراون لەخۆ دەگرێ، جا چونکە درککردنی ئەم هەموو تەفسیرانە کارێکی گرانە، بۆیە ئەرەگۆن تەنیا تەفسیری کلیلەکانی پەنهانی (مفاتیح الغیب) ئیمامی ڕازی هەڵبژاردووە وەک نمونەیەک، کە

---

[1]- هەمان سەرچاوە، ل ١٣٠.

٢- هەمان سەرچاوە، ص ١٣٥.

تەفسیرێکە ئیستراتیژیەکانی ڕۆشنن و ڕازی خاوەنی دووربینییەکی ورد بووە و ئەو تەفسیرەی ئەو، کۆی هەموو کۆششی ڕاڤەکارانی قورئانە بە درێژایی (٦٠٠) ساڵی تەواوی ئوممەتی ئیسلام). [1]

لەم بەدواداچونەدا ئەرەگۆن پێنج ڕێسای لە ناو تەفسیری فەخری ڕازی-دا دۆزیەوە، کە کاریگەرن لە ناو تەفسیرەکەدا:

**ا- میانەی زمانەوانی (النسق اللغوي):** مەبەست ئەو پێشەکی و ڕێخۆشکردنانەیە، کە دانەران لە پێشەکی دانراوەکانیان دەینوسن، بە مەبەستی پێکهێنانی هۆشیاریەکی زمانەوانی پێش دەستکردن بە تەفسیرکردن و ئوسولی فیقە.

ئەم ڕەوتەش دوو سوودی هەبوون:

- **سوودی تیۆری:** بە زانین و ناسینی زمانی عەرەبی پوختە بۆ هزری ئیسلامی.

- **سوودی کرداری:** ئەم سوودە لە توانای ئەم ڕێسایە لە بەرکەنارکردنی دەستکەوتی زمانەوانی لە دەستکەوتەکانی دیکە، بەرجەستە دەبێ. [2]

**ب- میانەی دینی:** مەبەست پوختەی ئەو بنەما لاهوتی و ئیمانی و بیروباوەڕی و دروشم و پەرستشانەیە، کە کاریگەرییان لە سەر بیروهۆش هەیە، کاریگەری لە سەر گوتاری دینیش هەیە و ئاڕاستەی دەکات بۆ ئاڕاستەیەکی دیاریکراو.

**ج- میانەی ڕەمزی و هێمایی:** مەبەست لەم ڕەوتەش توانا و شیانی قورئانە لە سەر وروژاندنی خەیاڵ، هەر وەک توانای قورئان لە سەر وروژاندنی هزر، بۆیە ئەرەگۆن سکاڵای ئەوە دەکات، کە خەیاڵکردن لای ئیسلام و ڕەوتی کلاسیکی یۆنانی و ڕەوتە عەقڵانییە هاوچەرخەکانی ڕۆژئاواش، کارێکی ساویلکەیی و نەفامییە. [3]

---

[1]- هەمان سەرچاوە، ل ١٣٧.

[2]- تفیفحە، رمزي، معقولیة الاصل واللغة الرمزیة، الفاتحة رهانات المعنى، سەرچاوەی پێشوو، ص ١١٩.

[3]- ارکون، القرآن من التفسیر الموروث الی تحلیل الخطاب الدیني، سەرچاوەی پێشوو، ص ١٣٨.

**- میانەی کلتووریی (النسق الثقافي):** ئەم لایەنە زۆر دەوڵەمەند و کارایە لە تەفسیری ڕازی دا، چونکە لە کتێبەکەیدا هەموو زانستیی عەرەبی کۆکردۆتەوە، تاکو بە هەموو هۆکارێکی گونجا و بەردەست لەو سەردەمەدا بگاتە واتای دەقەکە، بەڵام ئەم لایەنەی لە خزمەتی لایەنی ئایدۆلۆژیا بەکارهێناوە، کە مەزهەبی ئەشعەرییە، بۆ ڕووبەڕووبونەوە لەگەڵ موعتەزیلەکان، لەگفتوگۆ و دەمەتەقێکانی بە بەڵگەی بەهێز وەڵامی موعتەزیلەکان دەدایەوە.

**هـ- میانەی تەئویل و لێکدانەوە:** ئەم لایەنە گرنگترینە، چونکە هەموو لایەنەکان بە ئاڕاستەی ئەم لایەنە دەڕۆن و لە دەورەی ئەم دەسوڕێنەوە، تا بە هەموویان بگەنە کۆتا واتای دەقی قورئانی، چونکە لای ڕازی و لە هۆشیاری ئیسلامیشدا بوونی کۆتا واتا بۆ قورئان بەهایەکی متمانەپێکراوە و جێی دوودڵی و گومان نییە.(1)

**ساتی ئەنسرۆپۆلۆژی لە خوێندنەوەی فاتیحەدا:**

لێرەدا ئەرەگۆن، دان بەوەدا دەنێ، کە ئەنسرۆپۆلۆژیای تایبەت بە دینی ئیسلام بوونی نییە، چونکە ڕۆژئاواییەکان ئەم لایەنە زانستییەیان بۆ خۆیان قورغ کردووە، جا بۆ چەسپاندنی ئەنسرۆپۆلۆژیایەکی نزیک بە فاتیحە، ئەرەگۆن پێشبینی ئەوە دەکات، کە هەڵسوکەوت لەگەڵ دەقی قورئانی بکرێ لە چوارچێوەی چەمکی بنچینەی سەرەتا، کە مەبەست لەم بنچینەی سەرەتایەدا، ترۆپکی مرۆڤایەتییە، وەکو ژیان و مردن، کات و خۆشەویستی، پیرۆزی و توندووتیژی، ئەمانە چەند تۆم و جەمسەرێکی بەیەکداچوون، هەمووشیان ئاڕاستەمان دەکەن بەرەو بابەتی بوونەوەر و بنیاتگەرایی، کە تیایدا واتا لەدایکدەبێ و هەمەڕەنگ و فرەچەشن دەبێ).(2)

ئەرەگۆن دان بەوەدا دەنێ، کە ناتوانین لە بنچینەی سەرەتا بگەین تەنیا لە ڕێی وەحیکردن و نیگا و سروشەوە نەبێ، وەحی و نیگاش زمانێکی هێمایی و ڕەمزییە،

---

1- هەمان سەرچاوە، ل ١٣٩.

2- هەمان سەرچاوە، ل ١٤١.

چونکە ناتوانرێ بەیەکجار دەربڕین و بۆ هەتاهەتایە لە ڕێگەی زمانی پیتەکان و لۆژیک دەرببڕدرێ).[1]

بەم ڕێگە و وێناکردنەی هێمابوون و ڕەمزیبوونی زمانی دینی لە فاتیحەدا، ئەرەگۆن ناتوانێ لە ڕەمزی و هێمابوونی خێر و شەڕ ڕزگاری بێ، کە بەم دەستەواژانە دەریبڕیووە:

ایاک نعبد= تەنها هەر تۆ دەپەرستین

صراط مستقیم= ڕێبازی ڕاستەڕێ

مغضوب علیهم= خەشم و قینلێگیروان.

ضالین= گومڕایان.

هەر وا ناتوانێ لە پێکهاتەی مرۆڤایەتی ئەو وشانەی خۆی

(الله، رب العالمین) رزگار بکات.

هەروەها نەیتوانیوە لە هەردوو لوتکەی مردن و کات، کە ناوەرۆکیان وروژاوە، وەک دوو گوزەر و بواری پەڕینەوە، ئەمە دەگاتە لوتکەی ئەنسرۆپۆلۆژی کاتێ دەڵێ: (ناتوانم هەموو ئەمانە پشتگوێ بخەم، مەگەر ئەوەی، کە خۆم گەمارۆ بە خوێندنەوەیەکی فیلۆلۆژی بۆ فاتیحە بدەم، چونکە فیلۆلۆژیا لە بەرامبەر هەموو وشەیەک چەندین هونەر دەنوێنێ، وەک ئەوەی نیشانەیەکی نووسراو و هێڵکاری بێ و دەتوانرێ بە زانستی بنچینەی وشەکان و دەستکەوتە مێژوویی وکۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریەکان واتاکەی بزانرێ).[2]

دواینجار ئەرەگۆن هەڵوێستە دەکات، لەبەردەم ئەو بەریەککەوتنەی هەیە لە نێوان [الذین انعمت علیهم= ئەوانەی بەهرەت بەسەردا ڕشتوون/ غیرالمغضوب علیهم= ئەوانەی خەشم و قینت لێگرتوون].

---

١- هەمان سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو.

٢- هەمان سەرچاوە، ل ١٤٢.

پاشان ئەو تەفسیر و لێکدانەوە ئاسایيە باسدەكات، كە مرۆڤايەتی دەكاتە دوو بەشی دژ بەيەك، مرۆڤە تەواوەكان وەكو پێغەمبەر و داناكان، كە ئەمانە لە چاكە و بەهرەكانی خوا بەهرەوەر و بەختەوەرن، بەڵام چەشنی دووەم، كە گومڕاو سەرلێشێواوەكانن، تايبەتن بە گومڕايی و بەدكاری و شەڕخوازی، كە شايانی نەفرەت و ڕەق و قينی پەروەردگارە.[1]

ئەرەگۆن ڕەخنە لەم دابەشكردنە ئاسايی و لە قاڵبدانە كۆتاييە دەگرێ، ئەمە لە كاتێكدا قورئان، لە ڕێی وروژاندنی ئەم ڕێگايەوە دەيەوێ هەستی هەستكردن بە هەڵە و تاوان بوروژێنێ، بەڵام ئەم هەستە دياری نەكا و نەيچەسپێنێ[2]، واتا بەبێ دياريكردنی بەرەی شەڕ و خێر و دابەشكرانی خەڵک بۆ دوو دەستە.

ئالێرەدا شەبەنگێكی نورانی، لە گوتەكانی ئەرەگۆن دەردەكەوێ، كە دەڵێ:

بەڵام نوێژ و پەرستش و پاڕانەوە و نزای بەرزبۆوە بۆ لای خوا لە بەندەوە هيچ واتايەكی نابێ، ئەگەر ئەو نزاكەرە و پەرستشكارە هيوا و ئومێدێكی نەبێ بەوەی، كە لە دەستەی خێرخوازان بێ، ترسی ئەوەشی نەبێ، كە لەگەڵ بە نەفرەتكراو و شەڕخوازان بێ، جا لە ئەم دڵەڕاوكێيەی بەندەدا لەنێوان ئومێد وترس دا هەستكردن بەتاوان لە دايک دەبێ).[3]

ئابەم شێوە خوێندنەوەی ئەرەگۆن، بۆ سوورەتی فاتيحە لەنێوان ئەم سێ ساتەدا كۆتايی پێدێ، بەڵام كۆتايی لێكۆڵينەوەكەی ڕاناگەيەنێ، تا لەبەردەم خوێنەردا دوو ڕێباز و هێڵی درێژ واڵا نەكاتەوە.

بێگومان زمانی قورئانی، كە بەخێراييەكی زۆر گەيشتۆتە ئاستێكی بڵندی دەربڕينی هێمايی و ڕەمزی، ئەوەمان بۆ دەرەخسێنێ، كە بەشداربين لە بلورەپێكردنی زمانی ڕەمزيی پەيوەست بەلايەنی هزريی نمونەيی، يان مەجازيی

---

[1]- هەمان سەرچاوە، ل ١٤٣.

[2]- هەمان سەرچاوە، ل ١٤٤.

[3]- هەمان سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو.

تیایدا دەرکەوتووە، لەگەڵ لایەنی هزری زانستیی ئێستا، کە زمانی ڕەمزیی ئاشکرا دەکاتەوە.

بۆچی و چۆن ڕاڤەکارانی قورئان بە هەموویان ئەم زمانی ڕەمزیەیان هێنایەگۆ و تەفسیریانکرد؟

بە دوو ڕێگە:

- یان لە ڕێژیان کەمکردۆتەوە و دایان بەزاندووە بۆ سەر ئاستی گوتاری ئاسایی و ئەرکەکانی.

- یان کردوویانەتە گوتارێکی غەنووسی و کرۆکبەندیی و باتنی.[١]

حوکم کردن بە سەر شتێکدا بەشێکە لە چەسپانی ئەو شتە، کەواتە بەڕەمزیی زانینی زمانی دینیی بەگشتی و زمانی قورئانیی بەتایبەتی بانگەشەیەکی بێ بەڵگەیە، چونکە تیۆری تەفسیری ئیسلامی زۆر گونجاوە لەگەڵ وێناکردنی گەوهەر و سروشت و ئەرکەکانی زمانەوانی، یەکێک لە کێشە ڕۆشنەکانی ناو بیروهۆشی مرۆڤایەتی.

بێگومان چاوگی مێژوویی ڕاستەقینە و کۆتا گرێنتیدەر بۆ ڕاستگۆیی ئەزموونی دینی باوەڕداران لەو ڕاستیە بنچینییەدا خۆی دەنوێنێ، کە خوا خودی خۆی بۆ مرۆڤایەتی دەرخستووە، وەحی لە ئیسلام دا واتای ئەوەیە کە خوا گوتوویەتی، یان خوا خودی خۆی دەرخستووە لە چوارچێوەی زماندا، ئەو زمانەی کە پێدرکەوت زمانێکی کەهەنوتی وشاراوەو زمانی جنۆکە نەبوو، خوای گەورەی بەڵکو زمانێکی ڕۆشنیی مرۆڤایەتی پاراوو ڕەوان وشایستەی لێتێگەیشتن بوو، هەر ئەمەشە ڕاستەقینەی یەکەم و یەکلاکەرەوەیە، چونکە ئەگەر ئەم کردارە ڕاستەقینە لە لایەن خوای گەورەوە ئەنجام نەدرێ نە لەڕابردوو و نە لەمەودواش هیچ دینێکی ڕاستەقینە بوونی نابێ لەسەرزەوی، بەوتێگەیشتنەی ئیسلام بۆ دەستەواژەی دین.[٢]

---

١- هەمان سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو.

٢- ایزوتسو. الله والانسان في القرآن، سەرچاوەی پێشوو. ص٢٤٠.

خوای گەورە ڕاستی فەرموە کە فەرمویەتی:

﴿هَذَا بَيَانٌ لِّلنَّاسِ وَهُدًى وَمَوْعِظَةٌ لِّلْمُتَّقِينَ﴾ [آل عمران ١٣٨]

**لە کۆتایدا، خوێنەری ئەزموونی ئەرەگۆن لە تەفسیرکردندا بزەیەکی گاڵتەئامێز دەیگرێت، کاتێك دەگاتە ئەم ئەنجامە، کە چ ئەنجامێکی لاوز و هەژارە، ئاخر ئەرەگۆن هەرچی تەفسیرە ڕەتکیردەوە، وای لە خوێنەر کرد چاوەڕوانی شتێکی سەرسوڕهێنەر و زۆر گەورە بێت، کە تا ئێستا کەس لە تەفسیرکردندا نەیوتبێت، داروونەداری خۆی کۆکرووەتەوە بۆ ئەوەی شتێکی جیاواز لەسەر قورئان بلێت، هەرچی مەعریفە و مەنهەجی نوێ هەیە بە ڕای خۆی هێناویەتی و ئاسۆی پێشبینی خوێنەر بەرز دەکاتەوە، کە خۆی ئامادە بکات بۆ تەفسیرێکی قورس و ناوازە، بەڵام کاتێك دەکەوێتە تەفسیرکردن دەردەکەوێ، کە تەنها زیادەڕۆیی لە تیۆر دارشتندا کردووە و چەمك و قسەی باق و بریقی زۆری ریز کردووە، بۆیە گەیشتووە بەم ئەنجامە، کە زۆر کەمتر و ئاساییترە لە قسەی ئەو موفەسیرانەی ڕەتیان دەکاتەوە، دوایی بۆی دەرکەوتووە، کە نەشارەزایی بە مێژووی تەفسیر گەیاندوویەتی بەم ئاکامە و ئەم خوێندنەوە لاواز و بێ ناوەڕۆکەی، کە بۆ گەورەترین و پڕ نوورترین سورەتی قورئان کردوویەتی.**

**هەر بەراستی پیادەکردنی مەعریفەی پێشکەوتووی کەلتووری ڕۆژئاوایی لە توێژینەوەی پرسە کەلتوورییە عەرەبیەکاندا بەڵگەیە لەسەر هەژاریی و لاوازیی لە مێژووی ئیسلامدا لای ئەوانەی کار لەم بوارەدا دەکەن، ئەوەتا (هاشم ساڵح) وەرگێر و ڕاڤەکاری ئەرە گۆن بۆ زمانی عەرەبی یەکێکە لەو ڕەخەگرانەی ئەم کێشەیەی بەرووونی خستووەتەڕوو و زۆر بەوردیی باسی قەیرانی هەست و وەعی عەرەبی و ئیسلامی دەکات، (هاشم ساڵح) دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە دەڵێت: (بەراستی ئێمە ئێستا هەر لە ناوەندی ئەو وەرچەرخانە مێژوویەدان، کە دەکەوێتە نێوان سەدەی هەژدە و سەدەکانی ناوەڕاست).**

ئەو گەیشتۆتە ئەم پوختە بەژوار و درەوشاوە، پاش ئەوەی دانی بەوەدانا، کە ئەو دەساڵ بزر و سەرگەردان بووە، کە لە فەرەنسا بەسەری بردووە و خۆی

خەریک کردووە بە لێکۆڵینەوە لە میشیل فۆکۆ و جاك دریدا و جیل دۆلۆز و کێشەکانی مۆدێرن و پۆست مۆدێرنە...

(زیاتر لە دەساڵ پێویست بوو، تاکو تێبگەم کە من هاوسەردەم بووم لەگەڵ کەسانێک، کە لە سەدەی حەڤدە ژیاون، هەر لە دیکارت و ئەسپینوزا و کەسانێک لە سەردەمی ڕوشنگەری وەک ڕۆسۆ و و دیدرۆ، من لەگەڵ ئەمانە ژیام، نەک لەگەڵ بیرمەند و زانایانی ڕۆژئاوا و فەڕەنسای هاوچەرخی ئێستام[١].

بەکورتی ئەوە لێی خواستم، کە بە ڕێی خۆم دا بگەڕێمەوە بۆ دواوە و هەست بەهیچ شەرمەزاری و ئازارێکیش ناکەم، کە من ئەمانە دەدرکێنم، بە پێچەوانەوە هەست بە بەختەوەریش دەکەم، چونکە من زانیم لە چ چەرخ و سەدەیەکدا دەژیم).[٢]

بەڕاستی میتۆدی محەمەد ئەرەگۆن لە خوێندنەوە و لێکدانەوە بە گوتەی هەندێ لە توێژەرانی پشتی بەوە بەستووە کە دەڵێن:

(بەڕەهایی هیچ ڕاستی و حەقیقەتێک بوونی نییە، لەهیچ بوارێک لە بوارەکاندا، جا هەر کەسێ بە دڵسۆزیی و یەکلایی بیەوێ لە ڕاستەقینەکان بگەڕێ بە بابەتیانە، ئەوە ئەرەگۆن هەر لە سەرەتاوە ساردی دەکاتەوە و ورەی دەڕوخێنێ، ئەو هەستەی لا دەوروژێنێ، کە ئەو هەر لەسەرەتاوە ڕەنجەڕۆ و بێئاکامە لەیەکەم ئەزموونی هزریدا، چونکە گەیشتن بە حەقیقەت و ڕاستی لای ئەرەگۆن خۆخەڵەتاندنە، ئەو ناوی دەنێ، کە ئەمە بانگەشەی عەقڵی کلاسیکییە، ئەم ڕەوتە کاتێکبوو سەرووەربوو، پێش ئەوەی عەقڵی ئەرستۆ ڕەخنەی لێ بگیرێ، لەلایەن مامۆستای هاوچەرخەوە.

ئێمە ئێستا بە پێی قسەی ئەرەگۆن گەیشتوینە قۆناغێکی نوێ، قۆناغی کۆتاییهاتن و داڕوخانی ڕاستەقینە یەقینییەکان، کەواتە مرۆڤایەتی لە ناو

---

[١]- صالح، هاشم. حول مفهوم الحس التاريخي، مجلة الوحدة، ع٨١ ، ١٩٩١م، ص١٧.

[٢]- هەمان سەرچاوە، ل ١٦.

ڕێژەییبووندا لە بازنە نراوە و بە ناڕاستەقینەیی و ئەنتی حەقیقەتدا دیلکراوە، ئەو جیهان و دامەزراو و زمانانەی، کە هەنێ زیندانی هەتاهەتایین و هیچ کەلێن و پەنجەرەیەکیان بۆ نەهێشتۆتەوە، کە لێیەوە سەیری جیهانی بابەتیی بکات، هەر بۆیە ناتوانێ دەستی بە هیچ چەشنێک لە یەقینییە ڕاستەقینە هەمیشەییەکان، ڕابگا).[1]

---

١- جول، محمد زاهد. النص والتاويل، استراتيجيات القراءة المحدثة، مجلة التسامح، ع٢٤، ٢٠٠٨م، ص٢١٧.

# بەشی چوارەم: نەسر حامد ئەبوزەید

# چەمکی دەق و سروشتی زمانی ئاینی

# چەمکی دەق

لەوانەیە نەسر حامد ئەبو زەید لەو ڕەخنەگرانەبێ، کە زۆرترین بایەخیان بە بابەتەکانی دەقی قورئانی داوە، کاروانی ژیانی زانستیی و دانراوەکانیشی، شایەدی ئەوەی بۆ دەدەن، کە ئەو بە تەواوی چۆتە ناو ئەو بابەتانەوە و زۆر کێشە و مەینەتیشی لەو ڕێیەدا، لە سەر هەر دوو ئاستی زانستیی و ژیانی تایبەتی تووشبووە، یەکەم دانراوی، کە پێیهاتە ناو ژیانی ئەکادیمیەوە، بابەتێک بوو بە ناوی: "ئاڕاستەی عەقڵی لە تەفسیردا؛ لێکۆڵینەوەیەکە لە بابەتی مەجاز لای موعتەزیلەکان". ئەم بابەتە لە ساڵی ١٩٨٢دا بڵاوکرایەوە، پاشان لێکۆڵینەوە و توێژینەوەکانی یەک لەدوای یەک، لە بارەی ئەم بابەتەوە هاتن، بەشێوەیەکی بەرفراوان و قووڵ و ئاڵۆز و هەمەڕەنگ. گرنگترین ئەو لێکۆڵینەوانەی بڵاوکراونەوە، ئەمانەبوون:

- فەلسەفەی تەئویل و لێکدانەوە، لێکۆڵینەوەیەکە لەبارەی لێکدانەوەی قورئان لای محێیدینی کوڕی عەرەبی.
- چەمکی دەق، لێکۆڵینەوەیەکە لەبارەی زانستەکانی قورئان.
- گوتار و پەرژین.
- دەق، دەسەڵات، ڕاستەقینە.
- ئاڵۆزییەکانی خوێندنەوە و شێوەکانی لێکدانەوە.
- ئیمامی شافیعی دامەزراندنی ئایدۆلۆژیەتی میانڕەوی.
- خوێندنەوەی ئەدەبیی بۆ قورئان: کێشە هەمەچەشنەکانی لە کۆن و نوێدا.
- تەنگژەی خوێندنەوەی ئەدەبی لە قورئاندا بە زمانی ئینگلیزی نووسیویەتی.

ئەم کەلەپورە دەوڵەمەندە هەمەچەشنە، کە هەر لە سەرەتاوە لە سەر بناغەی هۆشیاری هەمەڕەنگی بە بابەتەکانی دەقی قورئانی دابمەزرێ، وا لە توێژینەوەکانی دەکات، کە ئەرکێکی گران بن.

ئەو ڕەخنەگرێکـی بەشـدار بـووە لە دەمەتەقێیەکـی گەرمـدا، کە لە نـاو بنیـاتی ڕۆشنبیری عەرەبی هاوچەرخدا بەڕێوە دەچوو، لە بارەی چوارچێوەکـانی زانسـت و زانین و میکانیزمەکانی بیرکردنەوە لە کێشە هەنوکەییەکـان لە سـەر ئاسـتی زانسـتیی و کـۆمەڵایەتی، ئەو چەکەش لەم جەنـگەدا بەکاریهێنـاوە بریتیبـوو لە (پـەرژێن هێرمینۆتیکا).[1]

لەوانەیە نەسـر حامـد ئەبـو زەیـد، لە پێشـەنگی ڕەخنەگرانـی عەرەب بـێ، کە بەشـداربوون بە پێشخسـتنی هـزری لێکـدانەوە بـۆ ڕۆشـنبیری عەرەبـی، کـاتێ ئەو توێژینەوە درێژەکەی بڵاوکردەوە، بەناوی: "هرمنیوتیکا و کێشەی تەفسیری دەق".[2]

ئەم تـوێژینەوە چوارچێـوە مێژوویـی و چەمـکە ڕەخنەییەکـانی لە ڕۆشـنبیری ڕۆژئـاوە خواسـتووە، لەگەڵ چەنـد ئامـاژەیەکی خێـرا بـۆ ئاشـکرابوونی هـزری لێکدانەوە لە ڕۆشنبیری عەرەبی ئیسلامیدا، کە تیایـدا پێداچونێکی گشـتی کـردووە بـۆ درەوشـانەوەی ئەم میتـۆدە لە ڕۆشـنبیری ڕۆژئـاوادا، هەر لە شـلیر مـاخر دەستپێدەکات هەتا بە پۆل ڕیکۆر، کۆتایی پێدێنێ، بەلای هەموو زانا ناسـراوەکاندا تێـدەپەڕێ و بەدرێـژی باسـی ئەو بەشـدارییە هزریانەیـان دەکـات، کە لە ڕەوتـی لێکـدانەوەدا لە بیـری ڕۆژئـاوای هـاوچەرخ کردوویـانە، کە تەنیـا بۆچونەکـانی خستۆتەڕوو و ڕاڤەی کردووە، بەڵام ڕەخنەی لێ نەگرتووە.[3]

ئەم لێکـۆڵینەوە وەک تێشـوو وابـوو، کە نەسـر خـۆی پـێ چەکـدار کـرد بـۆ پەرەپێدان بە نزیککردنەوەکانی، بەتایبەتی لەگەڵ بابەتەکانی کەلەپـووری تەئویـل و لێکدانەوە.[4]

---

[1]- مرتاض، عبدالملك. التأويلية بين المقدس والمدنس. مجلة عالم الفكر، مج٢٩، ع١،٢٠٠٠ز، ص ٢٦٣.

[2]- ابوزيد، نصر حامد. اشكاليات القراءة وآليات التاؤيل، المغرب: المركز الثقافي العربي،٢٠٠١ز، ص ١٣-٤٩.

[3]- حنفي، حسن. علوم التأويل بين الخاصة والعامة، مجلة القاهرة، الاعداد ١٧٣- ١٧٥، ١٩٩٧ز، ص١١.

[4]- ملكيان، مصطفى. العقلانية والمعنوية. مقاربات في فلسفة الدين، ترجمة: عبدالجبار الرفاعي و حيدر نجف. بيروت، دار الهادي، ط١، ٢٠٠٥ز، ص ٥٧٨-٥٧٩.

سەرەڕای ڕۆشنی ڕەوتی لێکدانەوە لە لێکۆڵینەوەکانی، بەڵام هەر سوور بوو لەسەر ناساندنی خۆی لە سەر ئاستی ڕەخنەیی، کە درێژەپێدەری خوێندنگای شێخ ئەمین خوولیە[1]، درێژبووەوەی عەقڵانییەتی عەرەبی نوێیە، کە ئاڵاهەڵگر و پێشەنگەکانی ئەحمد لوتفی سەید و تەها حسێن و فەرەح ئەنتۆن و زەکی نەجیب مەحموودن، ئەمانە کۆمەڵێکن لە بیرمەند و ڕۆشنبیران، کە وەک پێشەنگانی ڕاستەقینەی ڕۆشنگەرایی (تەنویری عەرەبی سەردەم) سەیر دەکرێن.[2]

هەرچەندە زۆرێک لە توێژەران دەڵێن، کە نابێ ڕێساکانی زانستی (هێرمینۆتیکا) بە سەر قورئاندا بچەسپێنرێن، چونکە قورئان بە دوو جیاکەرەوە لە هەموو دەقەکانی تر جیا دەکرێتەوە، کە بریتین لە:

- قورئان هەموو دەستەواژە و ڕستە و ئایەت و سوورەتەکانی وەحین، بەڵام کتێبەکانی تر بەو شێوە نین.

- قورئان ڕیزبەندییە مێژوویەکەی نەماوە و ئەم ڕیزبەندیەی ئێستا ڕیزبەندی دابەزینی قورئان نییە.

حەسەن حەنەفی ئاماژە بەو گۆڕانکارییە ڕیشەییانە دەکات، کە لە هەڵوێستی فیکری نەسر حامد ڕوویانداوە، ئەو لە سەرەتادا لایەنگری چەپی ئیسلامی بوو، واتە ڕەوتی جیهادی شۆڕشگێڕی ئیسلامی، ئەوسا حەسەن حەنەفیش هەمان شت بوو، پاشان لەو چەپە ئیسلامییەوە بووە چەپی عەلمانی، ئەوەی حەنەفی دەڵێ بووە دژ بە هزری دینی[3]، ئەم گۆڕانکارییە، کە ڕاڤەی ئەو نازناوە دەکات، کە دکتۆر محەمەد عەمارەی نووسەری ئیسلامیش داویەتی بە ئەبوزەید، کە باسی میتۆدە دیالێکتیکەی و سوود وەرگرتنی لە هزری مارکسی بۆ خوێندنەوەی دەقی قورئان

١-Abu-Zayd، Nasr."The Dilemma of the Literary Approach to the Quran" Alif:Journal of Comarative Poetics،no.٢٣ -٢٠٠٣.٨-٤٧.

٢- ابوزيد، نصر حامد. الخطاب والتاؤيل، الدار البيضاء: المركز الثقافي العرابي، ط٢، ٢٠٠٥ز، ص ٦٧.

٣- حنفي، حسن، ص ٢٥.

کردووه، بۆیه عەمارە ئەبوزەیدی بە ناوی "کادری هەڵکەوتوی مارکسی" ناوزەد کردووه.[1]

بیروبۆچونەکانی نەسر حامد، لە بارەی دەقی قورئانی و میکانیزمەکانی خوێندنەوەی ئەو بۆ قورئان پرش و بڵاوبوون، خوێندنەوەی ناوبراو لەگەڵ ڕوحی هاوچەرخ و سەردەمی نوێ دەهاتەوە و لە دەستکەوتەکانی زانستیی نوێ سوودی وەردەگرت، ئەمە لە نووسراوەکانیدا بە ئاشکرا دیارە، بەڵام بە ناوبانگترین نووسراوی، کە شایەدی ئەو پەرەسەندنە هزریەی ئەبو زەیدە؛ کتێبی "چەمکی دەق"بوو، کە توێژینەوەیەکە لە زانستەکانی قورئان،[2] تیایدا کۆی ئەو بۆچوونانەی، کە بەڵگەن لە سەر چۆنێتی سروشتی بیرۆکە ڕەخنەییەکەی، بەرامبەر سروشتە دەقیەکەی قورئان دەربڕیووە، کە هەست و هۆشی زۆر لە بیرمەندانی وروژاند، بەهۆی بۆچوونە بوێرەکانی وابەستە بە سروشتی دەقی قورئانی، بەڵام لەناو ئەوانەش، چەند ڕەخنەیەکی شرۆڤەکاری و شیکاری دەستکەوت، کە چەند ڕەخنەگرێک بۆیان نووسی، کە ئەوانیش لەسەر هەمان زەمینەی بیروبۆچوون و فیکری ناوبراوبوون، کە دیارترینیان حەسەن حەنەفی و جابر عسفور و عەلی حەرب بوون. کاتێ حەسەن حەنەفی لەساڵی ١٩٧١دا، کتێبی "پەیامنامەیەک لە لاهووت و سیاسەت"ی فەیلەسوفی یەهودی بارۆخ ئەسپیونزا کردە عەرەبی، کردیە دیاری بۆ ئەوانەی بە تێڕوانینێکی زانستیی دەڕواننە کتێبە پیرۆزەکان.

پێشەکیەکیشی بۆ نووسیبوو، کە زیاد لە سەد لاپەڕەبوو، ئەوەی لەو پێشەکیە هەوڵیدابوو بیوروژێنێ، هەوڵدان بوو بۆ ڕەخنەگرتن لە کتێبە پیرۆزەکان لە ژێر ڕۆشنایی ڕەخنەی مێژوویی، حەنەفی ئەم کارەی بە گەورەترین دەستکەوتی ژیاری ئەوروپا دانابوو.[3]

---

[1]- عمارة، محمد. التفسير الماركسي للاسلام، القاهرة، دار الشروق، ط١، ١٩٩٦ز، ص ٧-٨.

[2]- ابوزيد، نصر حامد. مفهوم النص، دراسات في علوم القرآن، بيروت، المركز الثقافي العربي، ط١، ١٩٩٠ز.

[3]- اسبينوزا. رسالة في اللاهوت والسياسة، ترجمة وتقديم: حسن حنفي، بيروت دار الطليعة، ط٣، ١٩٩٤ز، ص ١٨.

حەنەفی هیچ هەستی بە شەرمەزاری نەکردبوو، کە قورئانیشی وەک کتێبە پیرۆزەکانی تر دانابوو، کە دەبێ ئەویش ملکەچی ڕەخنەی مێژوویی بێ، بە ئاشکراش بانگەواز بۆ ئەوە دەکات و دەڵێ:

زۆرێک لە لاهوتیە زیادەڕەوکارە پارێزکارەکان، زیادەڕەوی لەم بابەتە دەکەن و بانگەشەی ئەوە دەکەن، کە خوا کتێبەکەی لە گۆڕان و دەستکاریکردن پاراستووە و لە ژێر چاودێری ئیلاهییە، کە دەقەکان دەپارێزێ، هەر بۆیە پێویست ناکات، کە میتۆدی ڕەخنەی مێژوویی بە سەر دەقە دینییەکاندا بچەسپێنرێ و نابێ ڕەخنەی مێژوویی ئاراستەی کتێبە پیرۆزەکان بکرێ.

**﴿إِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا الذِّكْرَ وَإِنَّا لَهُ لَحَافِظُونَ﴾ [الحجر ٩]**

ئێمەش پارێزگاریی دەکەین و (نایەڵین دەستی خیانەتکار هیچ جۆرە دەستێکی تێ بخات و هەموو هەوڵێك بۆ دەستکاری کردنی نەزۆکە).

ئەمە تێڕوانینێکی لاهووتی ڕەهایە، ڕاکردنە لە ڕەخنە، بۆ ئەوەش پەنا بۆ دەسەڵاتی ئیلاهی دەبا.

دەکرێ واتای ئایەتەکە پاراستنی واتا بێ، یان پاراستنی چۆنێتی چەسپاندنی واتاکە لە ژیاندا، نەک مەبەست پاراستنی پیتەکانی دەقە تۆمارکراوەکە مەبەست بێ، چونکە ئەو دەقە گۆڕان و دەستکاری بەسەردا دێ و ئەو گۆڕانەیە، کە قورئان ئەهلی کتێبەکانی جولەکە و کریستیانی پێتاوانبار دەکات و ڕەخنەی مێژوویی ئەم کتێبە پیرۆزانەش پشتگیریی قورئان دەکات، کە ئەم دەستکارییە لەو کتێبانەدا بوونی هەیە.[1]

کاتێ ئەبو زەید، لە ساڵی ١٩٩٠دا، کتێبی چەمکی دەقی بڵاوکردەوە، حەسەن حەنەفی توێژینەوەیەکی درێژی لە سەر نووسی، کە تیایدا هاتبوو:

---

[1] - سەرچاوەی پێشوو، ل: ٢٢.

(کاتێ توێژەر بابەتێکی دوور لە ڕای خۆی و سەربەخۆ و بێلایەن دەخوێنێتەوە، دەستدەکات بە بەراورد و هەڵسەنگاندن و شیکار، بەڵام کاتێ بابەتێکی ناوخۆیی دەخوێنێتەوە، کە بەشێکە لە خۆی، ئەوە شرۆڤەی دەروونی خۆی دەکات، ئەزموونەکانی خۆی هەڵدەسەنگێنێ، گوزارشت لە هەڵوێستەکانی خۆی دەکات.

خوێندنەوەی من- حەنەفی دەڵێ- بۆ چەمکی دەقی ئەبو زەید لە جۆری دووەمە، ئەم بابەتە و خاوەنەکەی، ئەم کتێبە و نووسەرەکەی هەردووکیان لە پێکهێنەرانی دەروونمن، بەشێکیشن لەو مێژووە).[1]

ئەگەر ئەم بناغە پتەوە دامەزرا، لە نێوان ئەم دوو لێکۆڵەرە پسپۆڕە لە تیۆری لێکدانەوە و توێژینەوەی قورئانی، بەمەش دەتوانین شوێنەواری بەهێزی حەنەفی لە پێکهاتنی بیری زانستیی ئەبو زەیددا هەست پێ بکەین، بەڵام ئەبو زەید بە توێژینەوە بەردەوامەکانی ئاسۆی مامۆستاکەی تێپەڕاند، هەر چ نەبێ لە سەر ئاستی چەندێتی.[2]

لەوانەیە ئەم پێشەکیە، پێویستبوو بێ بۆ تێگەیشتن لە پێشینەی ڕۆشنبیری ئەو و ئەو ڕێخۆشکردنە درێژەی ئەبوزەید، کتێبی چەمکی قورئانی پێدەست پێکردووە، کە بە ناونیشانی گوتاری دینی و میتۆدی زانستیی نووسیویەتی، لەو پێشەکیەدا هەموو ئەو دەنگدانەوە قووڵانەی حەسەن حەنەفی لە وەرگێڕانی کتێبەکەی ئەسپینوزا، لەلایەن حەنەفیەوە بەبیر هێنراونەوە، هەر چەندە هەڵوێستی ئەبوزەید لەم قۆناغەدا، زۆر گەشەی کردبوو و چەندین ڕەخنەی ئاڕاستەی حەنەفی دەکرد، بەوە تۆمەتباری دەکرد، کە کەسێکی دەقبەستوو و ڕاوەستاو و میانڕەو و سەلەفی و پراگماتی و بێبارە.[3]

---

[1]- حنفي، حسن. قراءة مفهوم النص لنصر حامد ابو زيد، مجلة فصول، مج ٩، ع ٢-٤، ١٩٩١ز، ص ٢٧٧.

[2]- عصفور، جابر. هوامش على دفتر التنوير، الكويت: دار سعاد الصباح، ط١، ١٩٩٤ز، ص ٥٧.

[3]- حنفي، حسن. علوم التاويل بين الخاصة والعامة، ص١٠.

"مـادام دەق بـوونی نیـیه، کەواته هـزر و بـابەتی تـوێژراوەش، هەرگیـز بـوونی نییه"[1].

ئەم گووتە بەهێزەی ڕەخنەگری ڕوسی میخائیل باختین، دەروازەیەکی گونجـاوە بۆ تێگەیشتنی ئەو وابەستە بەهێزەی، کە ئەبو زید دەقی قورئـان و ژیـاری ئیسـلامی پـێ پـێکەوە گرێـداوە، چـونکە قورئـان دەقێکـی زمـانەوانییە دەتـوانین وا وەسـفی بکەین، کە لە مێژووی ڕۆشنبیری عەرەبیدا دەقێکـی بنەڕەتیـیە، بە سادەکردنەوەشـی نازانین پێناسـەی ژیـاری عەرەبـی بکەیـن، کە بـریتیە لە ژیـاری دەق، ئەگەر بۆمـان هەبێ، ژیارەکە لە لایەنێـک لە لایەنە سـەرەکیەکانی چـڕ- اختـزال- بکەیـنەوە، ئەوە بۆشمان دروستە، کە بڵێین ژیاری میسر ژیاری دوای مردنە، ژیـاری یۆنـانی ژیـاری عەقڵ و هۆشە، بەڵام ژیاری ئیسلامی ژیاری دەقە.[2]

ئەم دەربڕینە - ژیـاری دەق- ئەوە دەگەیەنـێ، کە پەیوەنـدییەکی گەرموگـوڕ و پـتەو و ڕێـز و پیرۆزکردنێکـی زۆر بـۆ دەق هەیە، کە لای هەنـدێ تـوێژەر ڕەنگدانەوەیەکی ئەرێنی نابێ بۆ دەقـی قورئـانی، لێرەدا ئەو پەڵـپ و نـاڕازیبوونەی عەلی حەرب بۆ ناونیشانی کتێبەکە (چەمکی دەق) تێدەگەین، چـونکە پێیوابـوو ئەو ناونیشانە جیایە لە ناوەرۆکی کتێبەکە، بەڵکـو پێیوابـوو دەبـێ نـاوی کتێبەکە (دەق) بێ، چونکە کتێبەکە بە هەڵسەنگاندن و تێڕوانینێکی ڕەخـنە، لە ڕەخـنەی شـیکاریی، باس لە دەقی قورئانیی دەکات[3].

پاشـان حەرب باسـی ئەو بـوێریەی کـرد، کە چەمکـی دەق پیـادەی کـردووە، کـاتێ پێناسـەیەکی نـوێی بـۆ دەقـی قورئـان کـرد و پێیـوایە، کە - دەرەنجـام و

---

[1]- باختين، ميخائيل، مسالة النص، ترجمة: محمد علي مقلد، مجلة الفكر العربي المعاصر، ٣٦ ، ١٩٨٥ز، ص ٣٩.

[2]- ابوزيد، نصر حامد. مفهوم النص، دراسات في علوم القرآن، بيروت، المركز الثقافي العربي، ط١، ١٩٩٠ز، ص ٩.

[3]- حرب، علي. نقد النص، الدار البيضاء: المركز الثقافي العربي، ط٤، ٢٠٠٥ز، ص ٢٠٠.

ئاكـــامێکی ڕۆشـــنبیرییە، کە واقیـــع و بـــارودۆخێکی مێژوویـــی مرۆڤـــایەتی بەرهەمیهێناوە.[1]

ئەمەش ڕێخۆشکردنێک بوو بۆ تێڕوانینێکی ڕەخنەیی، کە قورئان دەخوێنێتەوە لە چوارچێوەی مێژوو و لایەنە کۆمەڵایەتییەکەی، هەرچەندە دان بە ئیعجازی ئەم دەقە ناوازەدا دەنێ.

ئەبو زەید پێناسەیەکی ڕەخنەیی بۆ دەق پێشکەش نەکردووە، هەروەک جولیا کریستیفا و بۆل ریکۆر، لە ڕەوتی زانستیی دەقدا پێناسەیان کردووە، بەڵکو ئەبو زەید تەنیا ئاماژەی بە ڕەخنەگری ڕوسی یۆری لۆتمان کردووە، ئەم ڕەخنەگرە، ڕوانگەیەکی گشتگیرتری بەکارهێناوە، کە پێناسەی دەقی لە چوارچێوەی وێناکردنە گشتیەکانی هونەر داناوە.[2]

ئەم ڕوانگە گونجاوە لەگەڵ ئەو میتۆدەی ئەبو زەید چەسپاندوویەتی لە توێژینەوەی دەقی قورئانیدا، وەک دەقێکی ئەدەبی، کە بنیاتەکەی بلورەی کردووە لەسەر ڕەوتێکی ڕۆشنبیری وکۆمەڵایەتی دیاریکراو.

ئالێرەدا، گۆڕانی میتۆدەکان و جیاوازیی ئاڕاستەکان لە لێکۆڵینەوەی دەقە ئەدەبیەکان لە ناوەڕۆکدا تەنیا جیاوازییەکە لە دیاریکردنی ماهیە و چۆنێتی دەق و تایبەتمەندیی و ئەرکەکانی دەق.

چەمک و تێگەیشتنی دەق نەك تەنها لە توێژینەوە ئەدەبییەکان، چەمکێکی بنچینەییە، بەڵکو لە هەموو زانستە مرۆڤایەتییەکان و لە ناو ڕۆشنبیریش بەشێوەیەکی گشتی، چەمکێکی بنچینەییە.[3]

جابیر عسفور لای ئەم خاڵە هەڵوێستە دەکات و لێکدانەوە و تەفسیرێکی نوێی جیاواز پێشکەش دەکات و دەڵێ:

---

[1]- هەمان سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو.

[2]- فضل، صلاح. بلاغة الخطاب وعلم النص. عالم المعرفة، الكويت، ع١٦٤، ١٩٩٤ز، ص ٢٢٣.

[3]- ابوزيد، نصر حامد. مفهوم النص، دراسات في علوم القرآن، سەرچاوەی پێشوو، ص ١٩.

(ئەم کتێبە هیچ لەبارەی چەمکی دەق پێشکەش ناکات، بەڵکو ئەوەی دەیڵێ، بە شێوەی لەخۆگرتن و پێویستی و خواستی بارودۆخە، یان لە سەر ئاستی شاراوە و ئامادەنەبوونییەتی، کە باسی ئەو دەروازە زمانەوانییەی پێشەکی کتێبەکە بکەین، ئەوە دەگەیەنێ، کە ئەوەی کتێبەکە ئاماژەی پێدەکات لە چوارچێوەی چاوگی واتای دەق، یان پێناسەکەی دیاری دەکات، کە ئەو دیاریکردنە لە دەرەنجامی گێڕانەوەی پەیوەندییەکانی دەقە لە ئێستادا، لەگەڵ هاوتەریبە نادیار و شاراوە و نائامادەکانی، چونکە هیچ شتێکی بەرجەستە و ڕاستەوخۆمان لەبەردەست نییە، کە بڵێین ئەمە چەمک و زاراوەی دەقە لە پوختەی ئەم کتێبەدا، نە لە تێڕوانینی هزری دژ و پێچەوانەی کتێبەکە و نە لە تێڕوانینی خودی کتێبەکە بە هەموو بەشەکانییەوە).[1]

لەمەوپێش باسمان کرد، کە ئەبو زەید سوور بوو لە خۆناساندنی، وەک درێژەپێدەر بە خوێندنگای ڕەخنەیی ئەمین خوولی، لەم کتێبەی چەمکی دەقیش، ئەم لایەنگرییە بە ڕۆشنی دووبارە دەکاتەوە، چونکە توێژینەوە لە چەمکی دەق لەڕاستیدا توێژینەوەیە لە چۆنێتی و سروشتی قورئان، وەک دەقێکی زمانەوانی، ئەم کتێبە لەو ڕوانگەوە سەیری قورئان دەکات، کە کتێبی هەرە گەورەی عەرەبییە و شوێنەواری نەمری لە عەرەبیدا هەیە.[2]

(ئا لێرەدا، دەنگی ئەمین خوولی دووبارە گەڕایەوە، ئەو کۆششکارەی هەوڵێکی زۆر و ڕاستگۆ و هۆشیارانەیدا لە پێناوی نزیکردنەوەی دەقی ئەدەبی لە قورئان، ئەو نزیککردنەوە گرێنتی بە دەستکەوتنی هۆشیاریی زانستیی بوو بە دەقی قورئانی، لە چوارچێوەی گێڕانەوەی وابەستەیی توێژینەوە قورئانییەکانیش بە بواری توێژینەوە ئەدەبی و ڕەخنەییەکان، لە پاش ئەوەی لە هۆشیاری هاوچەرخ و سەردەمدا

---

[1]- عصفور، جابر. هوامش على دفتر التنوير، سەرچاوەی پێشوو، ص ٧٢- ٧٣.

[2]- ابوزيد، نصر حامد. مفهوم النص، دراسات في علوم القرآن، سەرچاوەی پێشوو، ص١٠.

لێکدابڕێتران، بەهۆی زۆر کارکەر، کە بووە هۆی لێکدابڕینی ناوەڕۆکی کەلەپوور لەگەڵ میتۆدەکانی بەرنامە و خوێندنی زانستیی).[١]

بـۆ جەختکـردنەوە بـۆ ئەو وێنـاکردنە میتۆدیـانە، ئەبوزەیـد ئەوە پشتڕاسـت دەکـاتەوە، کە تـوێژینەوە لە دەق وەک پێکهـاتەیەکی زمـانەوانی، واتە لە بـواری بنیات و پێکهاتن و بەڵگەکان و پەیوەندی دەقەکە بە دەقەکانی تر لە ڕۆشـنبیریەکی دیاریکراودا، توێژینەوەیەکە لایەنگیری تەنیا بۆ توێژینەوە ئەدەبییەکـان لە هۆشـیاری هاوچەرخدا هەیە.[٢]

ئەبـو زەیـد لە کتێبـی تەنگـژەی خوێندنـەوەی ئەدەبـی بـۆ قورئـان، بەرگـری لە نزیکردنەوەی ئەدەب دەکات، ئەو پێیوایە هۆی کاریگەر، کە بووە هـۆی خنکانـدن و تەنگکـردنەوەی بـوار لەبەردەم دەقە ئەدەبیـیە بەراوردکـراو و نزیککراوەکـان لە قورئان ئەوە بوو، کە ئەم دەقـانە هـیچ پشـتگیریەکی دینیـان بـۆنەکرا، هۆکـاری ئەم دەرەنجامانەش، کە ئەم دەقانە توشی بوون لەم بەراوردیـیە ڕەخنەیـیە، بریتـی بـوو لە زاڵی و دەستباڵایی قورئان، چونکە قورئان کەلیمە و گوتاری نەمری خـوای گەورە دەنوێنێ، جیاکردنەوەی نێـوان جێگیـر و ئێسـتا بـۆ وشـەی اللـە لە هـزری ئیسـلامی نوێدا بوونی نەما، ئەم تێڕوانینە وا دەکات، هەر دەقێکی ئەدەبی بـیەوێ مەیدانـداری قورئـان بکـات، هەر بە لاواز و کـرچ وکـاڵ دەرکەوێ و سـەرکۆنەکردنی ئاسـان دەبـێ، زۆر بەئاسـانیش خەڵکـی لە دژی نووسـەرەکەی بـوروژێنرێ، زۆر ئاسـانە هەموو خەڵکی بەوە ڕازی بکەی میتۆدی ئەدەبـی، نەک هەر هەڕەشـە نیـیە، بەڵکـو ئەم بۆچوونە، زیانێکی زۆر بە ئیلاهی بوونی قورئانی پیرۆزیش دەگەیەنێ).[٣]

لە درێژایـی بەرگریکـردن لە دروسـتی میتـۆدی ئەدەبـی، نەسـر جەخـت لەوە دەکاتەوە کە: هیچ گومانی تێدا نیـیە، کە میتـۆدی ئەدەبـی بەهـیچ شـێوەیەک هـیچ زیانێـک بە ئیلاهیەتبـوونی قورئـان نـاگەیەنێ، یـان لەبـارەی سروشـتە پیـرۆزی و

---

[١]- ابوزيد، نصر حامد. مفهوم النص، دراسات في علوم القرآن، سەرچاوەی پێشوو، ص ١٨.

[٢]- هەمان سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو.

[٣] - Abu-Zayd،Nasr."The Dilemma of the Literary Approach to the Quran".p٣٤

موقەدەسیەکەی هیچ گومانێک ناوروژێنێ، چونکە دەقە دینییەکان ئەگەر چی ئیلاهین و لە خواوە دەرچوون، بەڵام بە مێژوویی دیاری دەکرێن و لە ڕووی ڕۆشنبیری دادەڕێژرێن و وەک پەیام و نامەیەک، کە خوای گەورە بە وەحی ناردوویەتی بۆ پێغەمبەر محەمەد (دروودی خوای لەسەر)، کە ئەویش پەیامبەرێکی مرۆڤە.

کەواتە قورئان ئەم رەگەزانە لەخۆدەگرێ نێرەر-- -sender و وەرگر- -receiver و شیفرە--code، کە سیستەمی زمانەوانییە، جا مادام لە قورئاندا نێرەری قورئان، کە خوایە ناتوانرێ لە ڕووی زانستیی لێی بتوێژرێتەوە و پەی پێ ببرێ، زۆر ئاساییە شیکاری زانستیی بە ڕەوتێکی بەڵگەنامەیی بۆ دەقی قورئانی بکرێت لە ڕێگەی ئەو دەوروبەر و کەسە و کۆمەڵگایەی، کە بۆی هاتووە و توێژینەوە لە ڕۆشنبیری و بارودۆخەکەی دەکات).[1]

ئەم وێناکردن و بۆچوونە دەبێتەهۆی ئەوەی، کە بگوترێ دەقی قورئان دەرەنجام و بەرهەمێکی کلتووری، لێرەدا ئەم پرسیارە دروست دەبێ: چۆن دەگونجێ بۆ قورئان وەک دەستکەوتێکی ڕۆشنبیریی، کە بگونجێ لەگەڵ ئەو پرۆژە شەرعییە گشتگیریەدا؟ ئەم پرسیارەی نەسر دەیوروژێنێ دەمانباتە لایەکی تر، کە دەقە ئەدەبییە نزیککراوەکەیە، کە دژەکانی هەموو کات ئەوە بەمەبەست پشتگوێی دەخەن، ئەم لایەنە پێی دەگوترێ ئیعجاز، کە تەها حسین و خوولی و خەلەف الله و لایەنگرانیان جەختی لە سەر دەکەنەوە.

ئەگەر دەقەکە دەرهاویشتەیەکی کلتووری بێ، تەنیا یەک لایەن دەنوێنێ، واتە لایەنی کە پەیوەندی بە دەرکەوتنی وەک دەق هەیە، بەڵام قسە لەسەر قورئان وەک پەیامێک ئەو حەقیقەتە دەخاتەڕوو، کە سەرەڕای ئەوەی دەقی قورئان لە چوارچێوەی سیستەمی زمانی عەرەبی دەرکەوتووە، بەڵام چەند تایبەتمەندیەکیش لە خۆدەگرێ و ئەم تایبەتمەندییە لە سیستەمی زمانی عەرەبی جیا دەکاتەوە، ئەم

---

[1]- هەمان سەرچاوە، ل ٣٥.

تایبەتمەنـدییە نـاوازانە عەرەبەکـانیش دان بە بوونیـدا دەنـێن، تەنـانەت لای ئەوانەی دووژمنـی ئیسـلام و پێغەمـبەریش بـوون لە کافرەکـانی مەکـکە ئەم قورئـانە جێـی مەندەهۆشی و سەرسامی بوو.

جـا لە چوارچێـوەی ئەم تایبەتمەنـدییە نـاوازانە و ئەو مەیدانـدارییەی، کە بـۆ عەرەبەکان خستوویەتیەڕوو. چەمکی ئیعجازی ڕەها بۆ قورئان دەردەکەوێ.[١]

ئەو پرسـیارە مەترسـیدارەی، کە نەسـر ئەبـو زەیـد تـوێژینەوەی نـاوبراوی پـێ کۆتاییهێناوە، ئەم پرسیارەیە:

چی شتێك ڕێگرە لەبەردەم گەشەکردنی فیکرێکی دینـی ئیسـلامی هـاوچەرخ، کە پاڵپشتی خوێندنەوەیەکی ئەدەبی بکات بۆ قورئان؟

نەسر ڕەخنە لەو گۆڕانکارییانە دەگرێ، کە بەسـەر هەڵوێسـتی محەمـەد عەبـدەدا هاتووە، لە بابەتی سروشتی قورئـان، لەکاتێکـدا لە چاپی یەکەمـی کتێـب (پەیـامی تەوحیـد) عەبـدە چەمکـی مـوعتەزیلەی بـۆ قورئـان هێنـابوو، کە مەخلـوق و دروستکراوە، بەڵام لە چاپی دووەمدا گەڕایەوە بۆ هەڵوێستی ئەشعەرییەکان).[٢]

نەسـر زۆر بە هەڵوێسـتی موعتەزیلەکانـدا هەڵـدەدا، کە (خـوێنگەرمیەکی تەواو نیشان دەدەن بە دروستکردنی پەیوەندییەکی پتەوی دینـی لەنێـوان قورئـان و زمـانی مرۆڤایەتی، هەر بۆیە دەبینین دەستدەگرن بە نەریتـی ناسـراوی مرۆڤـایەتی، بەرامـبەر بە چەمکی ئیلهامی ئیلاهیی).[٣]

بە دیـاریکراوی لەم خـاڵەدا، ئەبوزەیـد لەگەڵ بۆچـونی خـۆی بەریەککەوتنـی هەیە، چونکە کاتێ ئەرەگۆن لایەنگیری ئەم بیرۆکەی کرد- بیـرۆکەی سـەرلەنوێ باسکردنی خەلقی قورئان- کە لای موعتەزیلەکان باوبوو، ئەرەگۆن گوتی:

(کـاتێ موعتەزیلەکـان بەرگرییـان لە بۆچـوونی دروسـتکراوی قورئـان دەکـرد، چونکە ئەوان هەستیان بەوە کردبوو، کە دەبێ گوتـاری خـوا لەگەڵ تەونـی مێـژوو

---

[١]- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٨.

[٢]- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٠.

[٣]- هەمان سەرچاوە ، ل ١٢.

لێکبدرێ، ئەگەر هزری ئیسلامیی ئەمڕۆ ئەم بیرۆکە دووبارە بکاتەوە، ئا لەو ساتەدا دەبێتە خاوەنی شێواز و هۆکارەکانی گرینتی کار بە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو کێشانەی، کە لە دژی بیری هاوچەرخ و سەردەم لە هەموو کون و قوژبنێکەوە دەردەکەون، ئەوسا دەتوانین بە ڕاستگۆییەکی گەورەتر و داهێنانێکی کاراتر ڕووبەڕوویان ببینەوە).

نەسر ئەبو زەید وەڵامی بۆ ئەم گوتەی ئەرەگۆن ئەوەبوو:

دیارە پیادەکردنی بیرۆکەی خەلقی قورئان، لەناو کەلەپوری موعتەزیلەدا سەرنجی ئەرەگۆنی ڕاکێشاوە، چونکە ئەو بەشە لە بۆچوونی موعتەزیلە، پەیوەندی بە پڕۆژەکەی ئەرەگۆن لەمەڕ دووبارە دانانەوە و بەبابەتکردنی وەحییەوە هەیە لە مێژوودا، بۆیە ئەرەگۆن ئەم خاڵە بەخاڵێکی باش دەزانێ، کە پێویستە دووبارە بگێڕدرێتەوە لەپێناو چالاککردنی هزری ئیسلامی).[1]

پاشان ئەو ڕستە و پەڕەگرافەی ئەرەگۆن دێنێ، کە لەمەوپێش باسکرا، لە دوای ئەوە، نەسر لە بارەیەوە دەڵێ: (ئالێرەدا ئەرەگۆن، کەوتۆتە ناو تۆڕی خوێندنەوەی ڕەخنەلێگرتنی پراگماتی، کە ئەو خۆی ڕەخنە لە گوتاری دینی دەگرێ، بەوەی کەوتۆتە ناو ئەو تەڵەوە، ئێستا ئەرەگۆنیش بە هەمان شێوە بیرۆکە ئیعتزالیەکە، کە لە ناو سیستەمی کەلەپوری و مێژوویی سیولۆجی دەردەهێنێ و هێندێک واتا و بەڵگەی لای خۆی پێوە زیاد دەکات).

ئەم هەڵوێستە ڕەخنەگرانەییە لە ئەرەگۆن، لەبەرکەمی ئامادەبوونی هزری موعتەزیلەکان بوو لەنووسینەکانیدا، چونکە بیرۆکەی خەلقی قورئان تاکە بیرۆکەیە، کە دەتوانرێ هەڵبژێردرێ بۆ بە بەرداکردنی سروشتی کاتیبوون بە بەر قورئاندا و داکەندنی بەرگی پیرۆزیی و قەداسەت لە قورئان، ئەمەش ئەندازەی هاوبەشە لە نێوان نەسر و ئەرەگۆن.[2]

---

[1]- ارکون، محمد. الفکر الاسلامي، قراءة علمية، سەرچاوەی پێشوو، ص ٨٢.

[2]- ابوزيد، نصر حامد. الخطاب والتأويل، قراءة علمية، ص ١١٢- ١١٣.

(بەڵام کێشە هزرییەکانی تری موعتەزیلە هیچ باس نەکراوە، وەک بیرۆکەی دادگەری کۆمەڵایەتی، چونکە ئەمە هیچ پەیوەندیی بە توێژینەوەی ئەدەبی قورئان نییە، وای بۆدەچم، کە هەردوو توێژەر بە شێوەیەکی لێگرتن و هەڵبژاردن هەڵسوکەوتیان لەگەڵ کەلەپوور کردووە، ئەوان هەڵوێستی کەسێکی ڕۆشنبیری ئایدۆلۆژی دەنوێنن، کە مێژوو و کەلەپووری هیچ لە لاگرنگ نەبێ، بەڵکو تەنیا بیەوێ بەکاری بێنێ بۆ مملانێی ئایدۆلۆژی و بەش بەشی بکات، بەمەش کەلەپوریش دەبێتە مەیدانی ململانێ، ئا ئەوا پێویستە وەربگیرێ).[1]

بێگومان بیری موعتەزیلە لای ئەبوزەید زۆر ئاشکرایە، لەوانەیە بۆ سەرەتای هزری ناوبراوکاریگەریەکی گەورە هەبێ لەم ڕووبەڕووبوونەوەدا.

زۆر لە توێژەران جەخت لەسەر ئەم ڕاستییە دەکەنەوە، لەوانەیە توێژینەوەکەی جابر عسفور (چەمکی دەق و موعتەزیلەی هاوچەرخ) لە قوولترین ئەو توێژینەوانە بووە، کە باسی میتۆدی ئەبوزەیدی کردووە لە خوێندنەوەی کەلەپوور و بەکارهێنانی ڕەوتی موعتەزیلە لە گەشەکردنی هۆشیاری هاوچەرخ بە هۆی کەلەپوورەوە. لە چوارچێوەی ناوەندگیری عەقڵی لە نێوان بیروباوەڕ و میتۆددا، کە زاڵە بەسەر چەمکی دەقدا، کاری کردووە لەسەر بەرپاکردنی پەیوەندییەکی تەریبی زانستیی لە نێوان بناغەکانی میتۆدەکان، کە هاوکارن بۆ خوێندنەوەی دەق بە شێوەیەک، کە موعتەزیلە دێرینەکان بە نوێیە هاوچەرخەکان بگەیەنێ، لە تۆڕێکی پەیوەندی هاوسێیدا لە پێناو خزمەتکردن بە دەق و واتا تایبەت و گشتییەکانی).[2]

عسفور زۆر بە وردیی، بە دواداچوونی بۆ درەوشانەوەکانی بۆچوونی موعتەزیلە کردووە لە چەمکی دەق دا، لێکدانەوەیەکی ڕەخنەگرانەشی بۆ کردووە، لەوەدا پوختی کردۆتەوە، کە موعتەزیلە کۆنەکان هەستیان بە بەریەککەوتنی ڕەوتە عەقڵانییەکەیان و ڕەوتە دینییەکەیان نەکردووە، ئەوسا قسەکەری موعتەزیلەبوو، کە

---

[1]- طرابيشي، جورج. مذبحة التراث في الثقافة العربية المعاصرة، بيروت، دار الساقي، ط١، ١٩٩٣ز، ص ١٢.

[2]- عصفور، جابر. هوامش على دفتر التنوير، سەرچاوەی پێشوو، ص ٥٦.

قسەزان بوو لە بارەی بە ڕاستزانینی دیندا، بە هەمان کێشی گوتاری فەلسەفی و لێوردبوونەوە، بەڵام توێژەری هاوچەرخ لە چەمکی دەقدا زۆر بە موعتەزیلی کۆن دەچێ لە کۆکردنەوەی ئەوەی ئەو قسەی، کە لە دیندا دەیزانێ و باوەڕی پێدەکات و ئەوەی لە زانستی سەردەمدا پێیگەیشتووە، بەڵکو توێژەری نوێ موعتەزیلەیە بەڕاستی، نەک بە مەجازی).[1]

سەرەڕای ئەوەی چەمکی دەق زۆر بەڕوونی لایەنگیری بۆچوونی موعتەزیلەی کردووە و ئەوانی لە ڕیزبەندی پێشکەوتوو و ڕەوتی سوننی بە کۆنەپەرست داناوە[2]، ئەم لایەنگیرییە، کە عسفور دەڵێ ئەوە هەڵبژاردنی عەقڵە بەسەر نەقڵدا و هەڵبژاردنی داهێنانە، بەسەر شوێنکەوتندا).[3]

جا ئێستا کە پایەی هزری ئەبوزەید دیاریکرا، بە پەرەسەندنێک دانرا بۆ هەڵوێستی موعتەزیلە عەقڵانی بەسەر دەقدا، وەک درێژەپێدانێک بۆ قوتابخانەی ئەمین خوولی، بۆ پەرەدان بە خوێندنەوەی دەقی ئەدەبی لەسەر ئاستی تەقەللادان، پاشان- بەرلە قسەکردن لەسەر پێکهێنەرەکانی میتۆد- گوێزرانەوە بۆ چوارچێوەی گشتی، کە تیایدا ئەبوزەید جوڵە دەکات، ئەوەیە کە ناویناوە، هۆشیاری زانستیی لە کەلەپووردا، لە پێگەی ئەو بنچینانەی، کە پێکیهێناون و ئەو کارکەرانەی کارابوون لە جوڵاندن و گەشەپێدانیدا، تاکو لە وێستگەی وێنایەکی زیندوو بۆ کەلەپوور بە ئێمە گەیشتووە[4]، کە پوختەکەی ئەوەیە، کەلەپوور کۆمەڵە لێکدانەوە و تەفسیرێکە، کە هەر نەوەیەک ڕاڤەی خۆی لەسەر زیاد دەکات بەپێی داواکاریەکانی، تاکو ببێتە تۆماری کەلەپووری هەموو نەوەکان لە هۆشی هاوچەرخەکاندا، هەروەها ببێتە پاڵپشتێک لە پاڵپشتەکانی بوونمان و شوێنەوارێکی کارا لە پێکهێنەری هۆشمان لەئێستادا[5]، کەواتە کەلەپوور لەکۆتاییدا موڵکی

---

[1]- هەمان سەرچاوە، ل ٥٣-٥٤.

[2]- هەمان سەرچاوە، ل ٧٦.

[3]- هەمان سەرچاوە، ل ٥٢.

[4]- ابوزید، نصر حامد. مفهوم النص، دراسات في علوم القرآن، سەرچاوەی پێشوو، ص ١٧.

[5]- هەمان سەرچاوە، ل ١٦.

ئـێمەیە، بـاپیران بۆیـان جێهێشـتوین، تـا بەکـاری بێنـین و دووبـارە دایڕێـژینەوە، تێگەیشـتنی خۆمـانی ئـاوێتە بکەیـن و ڕاڤە و هەڵسـەنگاندنی بـۆ بکەیـن و بیکەیـنە دەرچونگەی خەمەکانی ئێستامان، نەک بۆ ئەوەی ببێـتە کـۆت و بەنـدوو دەسـت و پێمان ببەستێ).[1]

ئەو میتـۆدەی ئەبـو زەیـد هەڵبـژارد، لە تـوێژینەوەی چەمکـی دەق و پەردەی لەسەر میکانیزمەکانی پێکهاتنی ڕۆشـنبیری لادا، میتـۆدی شـیکاری زمـانەوانی بـوو، چونکە پەیوەندی نێوان دەق و ڕۆشنبیری پەیوەندیەکی دیـالیکتیکی ئـاڵۆزە، جـا لە پێناو ئاشکراکردنی هەندێک لەو لایەنانەی ئەو پەیوەندییە لە نێوانیاندا، ئەو پشـتی بە توێژینەوەی بە سیفەتێکی بنچینەیی بە دەروازەی زمانەوانی دەبەستێ.[2]

هەروەهـا ئەم دەروازە زمـانەوانییە لە بۆشـاییدا نـاخولێتەوە، بەڵکـو وەکـو جـابر عسفور دەڵێ: چوارچێوەیەکی نمونەیی میتۆدیی سێ لایەنەیە:

- گۆشە لای یەکەم، پەیوەسـتە بە زانسـتیی زمـانی سـەردەم و دەسـتکەوتەکانی، کە بنیات و شێواز و سیمۆتیگای زمانی بەیەکگەیاندووە.

- گۆشـە لای دووەم، پەیوەسـتە بە هێرمینۆتیکـا بە خوێنـدنەوەی هـاوچەرخ لە پەیوەندییەکانیدا، لە نێوان تەفسیری دەقی ئەدەبی و دەقی دینی و دەقـی ڕۆشـنبیری بە شـێوەیەکی گشـتی، لەتـۆڕێکی فرەپەیوەنـدی پێکـداچوو لە چەمکەکـان، کە خوێنەر و و خوێندراوە لە کرداری خوێندنەوەدا، بەیەکەوە دەبەستن.

- گۆشە لای سێیەم وکۆتایی، پەیوەستە بەکۆمەڵێک چەمکـی کـۆمەڵایەتی، کە ڕەهەنـدێکی وەزیفـی لایەنە کرداریەکـان دەکـات بـۆ ئەو دوو گۆشـەی یەکەم و دووەمە لە میتۆدەکەدا، بەو واتـایەی، کە دەقەکە گرێـدەدا بە بـارودۆخ و دەوروبەر و ژیانەوە.[3]

---

[1]- ابوزید، نصر حامد. اشکالیات القراءة وآلیات التأویل، سەرچاوەی پێشوو، ص ٥١.
[2]- ابوزید، نصر حامد. مفهوم النص، دراسات في علوم القرآن، سەرچاوەی پێشوو، ص ٢٥.
[3]- عصفور، جابر. هوامش علی دفتر التنویر، سەرچاوەی پێشوو، ص ٦٤- ٦٥.

تێڕوانینی زمانەوانی لەم تویژینەوە لەسەر ڕژێمی نیشانەکان دامەزراوە، ئەمە ڕژێمێکی دوورە و جیهان بە شێوەی هێما و ڕەمز پێشکەش دەکات، ئەمیل بنفنست ناویناوە ڕژێمی نواندن، بەو واتایەی کە زمان جێگای شتێکی تر دەگرێتەوە، ئەگەر ئەو شتە بانگ بکرێ، زمان لە جیاتی ئەو دێ).[1]

هەرچەندە فردیناند دی سوسیر، تێبینی هۆشداریدانی لە بارەی ئەم ڕژێمەی نیشانەکان و بەڵگەکان پێشکەشکردن، بەڵام ئەویش هەر گەشبینە بە داهێنرانی زانستێک، کە تیایدا ژیانی بەڵگە و نیشانەکان لەناو جەرگەی ژیانی کۆمەڵایەتیدا تاوتوێ بکرێ، چونکە زمان ڕژێمێکە لە چەندین بەڵگە و نیشانە گوزارشت لە ئەو هزر و بۆچونانەی ناو ناخی مرۆڤ دەکات).[2]

ئەمەش بە پێی بۆچوونی بنفنست ئەوە دەگەیەنێ، کە هەموو ڕژێمە لق و پۆپدارەکان لەناو کۆمەڵگا هەموو لەچوارچێوەی زمان ڕاڤە و تەفسیر دەکرێن، هەروەک چۆن خودی کۆمەڵگاش لە چوارچێوەی زمان لێکدەدرێتەوە و تەفسیر دەکرێ).[3]

پاشان بنفنست دروستبوونی پەیوەندی تەفسیر، لە چوارچێوەی سیستمی پەیوەندییەکان بەم شێوە ڕۆشن دەکاتەوە:

(دیارترین جیاکەرەوەی زمان لەوەدایە، کە زمان مانای تاکە وشە و مانای گشتی لەیەککاتدا خۆدەگرێ، ئالێرەدا توانای خۆی لە ئاستی دووەم لە گوتن وەردەگرێ، کە دەتوانێ گوتەی بەڵگە لەسەر خودی خۆی دابڕێژێ. دەبینین لەم بەهرە نازمانەوانییەدا، بنچینەی پەیوەندی لەگەڵ تەفسیردا هەیە، کە توانای ئەوە بە زمان دەدا، توانای لە خۆگرتنی ڕژێم و سیستەمی تری هەبێ).[4]

---

[1]- بنفنست، اميل. سيميلوجيا اللغة، ترجمة: سيزا قاسم، مجلة فصول، مج١، ع٣، ١٩٨١ز، ص ٥٨.

[2]- دى سوسير، فردیناند. دروس في الالسنية العامة، تعريب: صالح الفرمادي و زميليه، ليبيا، دار العربية للكتاب، ص ٣٧.

[3]- بنفنست، اميل. سيميلوجيا اللغة، سەرچاوەی پێشوو، ص ٥٩.

[4]- هەمان سەرچاوە، ل ٦٣.

لە تەنیشت ئەم ئەرکە تەفسیرییە زمانەوانییە، وەک ڕژێمێکی نیشانەکان، لێرەدا ئەرکێک هەیە لەنێوان نێرەر و وەرگردا.

ئەبو زەید لە چەمکی دەقدا، پشتی بەنمونەی بنیاتی زمانەوانی بەستووە، کە لەلایەن ڕۆمان جاکبسون دامەزراوە.

جاکبسۆن وێنەیەکی پوختی لەبارەی کرداره شاراوەکانی هەموو ڕەوتی مرۆڤایەتی پێشکەشکردووە، بۆ هەموو کارێکی گەیاندنی دەربڕین بەم شێوەیە: (پەیامنێرەرەکە پەیامێک دەنێرێ بۆ لای پەیام بۆ نێردراو، جا بۆ ئەوەی نامەکە کارا بێ، پێش هەموو شتێک وا پێویست دەکات ڕەوتێک هەبێ بۆ لای ئاڕاستە بکرێ، ئەو لایەنەی کە نامە بۆ نێردراو، بتوانێ درکی پێبکات، نامە و پەیام بە بێ پەیوەندی نابێ. کەواتە دەبێ کەناڵێکی فیزیایی هەبێ، پەیوەندییەکی دەروونی لە نێوان نامەنێرەر و نامە بۆنێردراودا هەبێ، پەیوەندییەک، کە بۆ هەردووکیان بگونجێ، کە پەیوەندییان پایەدار بێ و پارێزگاری لێ بکەن).(١)

بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم پەیوەندییە گشتییە، ئەم نیشانانە و ئەرکە پێکگەیشتنەکەی لەچوارچێوەی ڕژێمی بنیاتی زمانەوانی، کە پەیوەندی ئەم ڕژێمە بە ڕەوت و ڕۆشنبیرییەکە، نەسر دەڵێ: بۆ زمان ئەرکێکی تریش هەیە لەگەڵ ئەم ئەرکە گشتیەی باسکرا، ئەوەش ئەو ئەرکە پەیوەندیەیە، کە پێویست دەکات پەیوەندیی لە نێوان دووێنەر و دووێنراو، لە نێوان پەیامنێر و پەیاموەرگر بکەن.

جا ئەگەر ئەرکی گەیاندن پەیوەندیی بێ بەهۆی زمانەوە، هەرگیز لە ناوەندە هێمایی و ڕەمزیەکەی جیا نابێتەوە، چونکە ئەرکی دەق لە ناو ڕۆشنبیریدا، کە ئەرکێکی گەیاندنە، بە وەسفی دەقی نامەکە، دیاری دەکرێت. هەروەها لە سیستەمی زمانەوانی دانابڕێ، کە ئەو زمانە سەر بەوە، جا بۆیە لە ڕۆشنبیری و بارودۆخ و واقیع دانابڕێ.(٢)

---

١- جاکبسون، رومان. قضايا الشعرية، الترجمة: محمد الولي ومبارک الحنون، الدار البيضاء: دارتوبقال، ط١ ، ١٩٨٨ز، ص ٢٧.

٢- ابوزيد، نصر حامد. مفهوم النص، دراسات في علوم القرآن، سەرچاوەی پێشوو، ص٢٥.

نەسر دەڵێ: بێگومان گەیشتن بە تێگەیشتنێکی زانستیی بۆ دەقی قورئانیی، پێویستە لەسەر ئەم ڕاستیانە دابمەزرێ: قورئان ناوی خۆی بە پەیام و نامە ناوزەد کردووە، نامە و پەیامیش، پێویستی بە پەیوەندی و پێکگەیشتن هەیە لە نێوان نامەنێرەر و نامەوەرگر، لە چوار چێوەیەی شفرەیەک، یان ڕژێمێکی زمانەوانی.

جا مادام، نامەنێر لە قورئاندا درکی پێناکرێ و توێژینەوەی زانستیی نایگرێتەوە، کە واتە سروشتیەکە دەروازەی زانستیی بۆ توێژینەوەی دەقی قورئانی بارودۆخ و ڕۆشنبیریەکەی بێ؛ ئەو بارودۆخە بێ، کە ژیانی ئەو کەسە دووێنراوانەی بەو قورئانە ژیانیان ڕێکدەخرا و پێشوازیی یەکەم لە دەقەکە، کە پەیامبەرە، ئەو ڕۆشنبیریەی لەو زمانەدا بەرجەستە دەبێ. بە شیکارکردنی ئەم ڕاستیانە، دەگەینە تێگەیشتنێکی زانستیی بۆ دیاردەی دەق)).[1]

ئالەم ساتەدا، لە لێکۆڵینەوە ئەبوزەید دەگاتە ئەو بیرۆکەی، کە بووە هۆی ئەوەی ڕەخنەی زۆر لێبگیرێ و ناڕەزایی دژ دەرببڕدرێ و خەڵکی لێی توڕەبێ، کاتێ گوتی:

(دەق دەرهاویشتەیەکی کلتوورییە، ئەمە هاوکێشەیەکی بەڵگەنەویستە و پێویستی بە بەڵگە نییە[2]، چونکە دەق لە ڕاستەقینە و ناوەرۆکدا دەرهاویشتەیەکی کلتوورییە. مەبەستیش لەمە ئەوەیە، کە دەق لە منداڵدانی واقیع و بارودۆخ و دەوروبەر و ڕۆشنبیری، لە ماوەی زیاد لە بیست ساڵدا دروستبووە، هاتووە).[3]

جا کاتێ بگوترێ، ئەم شرۆڤە و شیکارە، دەبێتە هۆی ئەوەی دابڕینی دەق لەوەی سەرچاوەیەکی ئیلاهی بێ، نەسر وەڵامی ئەم پرسیارەی داوەتەوە، کە: "ئیمان و بڕوابوون بەوەی، کە دەق چاوگێکی ئیلاهی هەیە، لەگەڵ ئەو شیکارە

---

[1]- هەمان سەرچاوە، ل ٢٤.
[2]- هەمان سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو.
[3]- هەمان سەرچاوە، ل٢٢.

دژایەتـی نیـیە، کە دەق لە چوارچێـوەی تێگەیشـتنی کلتـووری ئەو سـەدەی تیایـدا هاتووە لە دایکبووە".[1]

هەروەهـا دەڵـێ: (کـاتێ خـوا قورئـانی بە وەحـی بـۆ پەیـامبەرەکەی (درووودی خوای لەسەر) نارد، ئەو سیستەمە زمانەوانییەی، کە تایبەت بە وەرگری پەیـامەکەیە، کە محەمەدی عەرەبیەی هەڵبژارد.

هەڵبژاردنی زمانی پێغەمبەرەکە، هەڵبژاردنی دەفرێکی بەتـاڵ نیـیە، چـونکە زمـان گرنگترین میکانیزمی کۆمەڵگایە بۆ درککردن و پەیبردن بە زانسـت و ڕێکخسـتنی کۆمەڵگا. لەبەر ئەمە ناتوانین بڵێـین، هـیچ زمانێـک هەیە، کە جیـاوازە و بەدەرە لەو ڕۆشـنبیریە و بـارودۆخەی ئەو کۆمەڵگـا و سـەردەمەی، کە تیایـدا گەشـەیکردووە، هەروەهــا ناشــتوانرێ بگــوترێ، کە دەقێــک بەو زمــانە بەدەر لە ڕۆشــنبیری و بــارودۆخی ئەو کۆمەڵگــایە دروســت دەبــێ، مــادام ئەو دەقە لەنــاوچوارچێوەی زمانەوانی ئەو ڕۆشنبیریەدایە. کەواتە ئیلاهی بـوونی چـاوگی دەق ئەوەی لـێ دوور ناخـاتەوە، کە ئەم دەقە لەم بـارودۆخ و واقـیعە لەدایـک بـووە و نـاوەرۆکەکەی پێکهـاتووە، هەروەهـا ئیلاهیبـوونی دەقەکە نـابێتە پاکـانە بـۆی، کە ئەم دەقە هـیچ پەیوەندیەکی بە مرۆڤایەتییەوە نییە).[2]

لەم ڕووەوە، نەسر دوو قۆنـاغی مێژوویـی لە کـاروانی دەقـی قورئـانی لە یەکتـر جیادەکاتەوە، ئەو گوتەی کە:

دەق دەرهاویشتەیە سەبارەت بەقورئان قۆنـاغی پێکهـاتن و تەواوبـوون دەنـوێنێ، ئەو قۆنـاغە کاتێـک هـات، کە لەپـاش ئەوە دەق بـووە کارخـانە و دروسـتکاری کلتـوور، بەو واتـایەی کە دەقـی قورئـان بـووە باڵادەسـت و زاڵ بەسـەر هەمـوو

[1]- هەمان سەرچاوە، ل٢٤.

[2]- هەمان سەرچاوە، ل ٢٤.

دەقەکانی تردا و هەموو دەقەکانی تر شەرعیبوون و ڕەوابوون، دروستی و ڕاستیان لەوەوە وەردەگرت).[١]

گفتوگۆ لە سەر پەیوەندیی نێوان دەق و واقیع و دەوروبەر و ڕۆشنبیری و ڕۆڵی ئەم دوو باڵە لە پێکهاتنی دەق، ئەو نیشانە جیاوازە لە نێوان میتۆدی دەق و میتۆدەکانی تردا پێکدێنێ، کە لەو بابەتانە دەکۆڵنەوە، ئالێرە ئەبوزەید هەندێ زاراوەی مارکسی دەخوازێ، بۆ جیاکردنەوەی خوێندنەوەکەی لە خوێندنەوەکانی تر.

لەکاتێکدا لە خوێندنەوەکانی تر، پێشەنگی و بڕیار و ویست دەدرێتە ئەو کەسەی، کە دەقەکەی فەرمووە، کە خوای گەورەیە، پاشان ئەوەی دەقەکەی یەکەمجار وەرگرتووە، کە پێغەمبەرە (دروودی خوای لەسەر)، لە پاش ئەوە باس و گرنگی دێتە سەر هۆکارەکانی هاتنەخوارەوە و نەسخ کەرەوە و نەسخ بووەوە، کە ئەبو زەید ئەم بابەتانە ناو دەنێ دیالێکتیکی دابەزیوو، بەڵام ئەو لە خوێندنەوەی خۆیدا، دیالێکتیکی بەرزبۆوە لە چەمکی دەقدا پەیڕەو دەکات، ئەو لە منداڵدانی واقیع و بارودۆخ و دەوروبەر و کۆمەڵگاوە دەست پێدەکات، بەتایبەت لایەنی هەستپێکراو و بینراو و بەرجەستە، بەرەو سەرەوە دەڕوا، لە ڕاستییەکان و بەڵگەنەویستەکان دەست پێدەکات بۆ گەیشتن بەشتە شاراوەکان و دەرخستنی ئەوەی نادیارە[٢]، چونکە پێیوایە میتۆدی یەکەم پشت بە بیرکردنەوە و لێوردبوونەوە دەبەستێ و دەچێتە ناو جەرگەی گوتارەکان و دووانەکان، بەمەش گوتارە زانستییەکە، لە چوارچێوەی ئەم پەیڕەوە، لە ئەرکە گرنگەکەی دوور دەخرێتەوە و بەرەو ئەرکێکی تر ڕاپێچ دەکرێ، کە ئەرکی ئامۆژگاری و ڕێیشاندانە).[٣]

ئەبو زەید بێ بێزاربوون، جەخت لەسەر ئەو بیرۆکەیە دەکاتەوە، کە دەق ئامرازی پەیوەندییە و ئەرکێکی ڕاگەیاندنی هەیە، بەڵام ناتوانرێ سروشتی ئەو نامە

---

[١]- ابوزید، نصر حامد. مفهوم النص، دراسات في علوم القرآن، سەرچاوەی پێشوو، ص ٢٤.

[٢]- هەمان سەرچاوە، ل ٢٦.

[٣]- هەمان سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو.

تــێ بگەیــــن، کە دەق لە خـــۆی دەگـــرێ، مەگەر بە شـــیکاری دەســـکەوتە زمانەوانییەکـانی لە ژێـر ڕۆشـنایی ئەو واقیـع و بـارودۆخەی، کە دەقەکەی تێـدا دروست بووە، دەگوترێ هەمـوو دەقێـک نـامە و پەیـامە، کەواتە هەمـوو قورئـان و فەرمودە دەقن و دەتوانین میتۆدی شیکاری دەقیان بەسەردا بچەسپێنین.[1]

خـاڵێکی تـر هەیە، کە نەسـر دەیـوروژێنێ لەکـاتی وتـوویژ لەسـەر میتـۆدە زمانەوانییەکەی لە شیکاری دەقی قورئانی، ئەویش: ئایا ڕاستگۆیی دەقـی قورئـانی، لەکـــوێ هەڵـــدەقوڵێ لە لایەنـــی شـــیکاری زمـــانەوانی و ڕۆشـــنبیری؟ ئایـــا ئەو لەبەڵگەیەکی دەرەکی هەڵدەقووڵێ، یان لە بەڵگەیەکی ناوخۆیی؟

لە ڕاستیدا ئەم پرسیارە لە ڕەوتی ئاسایی ڕۆشنبیری عەرەبـی بلـورەی کـردووە، گفتوگـــۆکەش بەوە کۆتاییهـــات، کە خـــودی دەق، لە نـــاوەڕۆک و بنچیـــنەدا، موعجیزە گەورەکەیە.

لە ڕەوتی کلتـووری و واقیعـدا ڕاسـتگۆیی دەق لە میتـۆدی شـیکاری دەقەکـان لەبەڵگەیەکـــی دەرەکـــی هەڵنـــاقووڵێ، بەڵکـــو لەو لایەنەوە هەڵـــدەقووڵێ، کە ئەو کلتـوورییە قبـوڵ دەکـات و باوەشـی بـۆ دەکـاتەوە...کەواتە ئەوەی کلتـوور ڕەتـی کاتەوە، ناچێتە ناو بازنەی دەقەکان، ئەوەشـی کلتـوور پێشـوازی لـێ بکـات، وەک دەقێکی ڕێنماییکار، ئەوە دەبێتە دەقێکی گرنگی پێدراو).[2]

سەبارەت بە دەقی قورئـانی، ئەم دەقە نـاوازە خەریـک نەبـوو تەواو ببـێ، تـاکو نەبووە بەشێکی ڕەسەنی ئەو ڕۆشنبیریەی، کە تیای دروست بوو و چەند سـاڵێک لە تەمەنی پیرۆزی ڕەت نەبوون، کە ئەو دەقە بووە زاڵ و باڵادەست لەو ڕۆشـنبیریەدا، پاشـان چوارچێـوەی ڕۆشـنبیری خۆشـی تێپەڕانـد و بـووە کـاریگەر و زاڵ لە نـاو ڕۆشنبیریەکانی تریشدا.[3]

---

[1]- هەمان سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو.

[2]- ابوزید، نصر حامد. مفهوم النص، دراسات في علوم القرآن، سەرچاوەی پێشوو، ص ٢٧.

[3]- هەمان سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو.

یەکەمجارە ڕاستگۆیی دەقی قورئانی لەم ڕوانگەوە دەوروژێنرێ، کە ڕوانگەیەکی ئالۆزە و مەترسی دینی و کلتووری لە خۆدەگرێ، چونکە باڵادەستی کلتووری بۆ دەق پێوانە و پارسەنگی زانستیی بوونی دەقەکە نییە لەلای هەمووان، بەڵکو دەرەنجامی چەند پێشەکیەکە، کە ئەو دەقە زاڵە هەڵیدەگرێ لە بنچینەکانیدا، چونکە زاڵبوونی دەقێک بەسەر ڕۆشنبیریدا کاتێ ڕوودەدا، کە دەقەکە پەردەی دڵی مرۆڤایەتی تێپەڕێنێ و دەست بە سەر دڵەکاندا بگرێ و ژمارەی بڕوادارانی زۆر بێ و بڕوابوون پێی لەسەر ئەو توانا ئیعجازییە دامەزرێ، کە تاکە پێوانەی ڕاستگۆیی ئەو دەقەیە، بەو موعجیزە و دەستەوسانکردنەی دەقەکانی تر، مەیداندارییەکە بکرێ.[1]

ئالێرەدا، ترسناکی بۆچوونی ئەبو زەیدمان بۆ دەردەکەوێ، کە دەڵێ:

(ڕاستگۆیی ئەم دەقەی قورئان، لە زۆری ژمارەی بڕواداران بەو دەقە هەڵناقووڵێ، ژمارەی بڕواداران بە قورئانیش کەم بێ، گومان نییە لە ڕاستگۆیی قورئان، چونکە بوونی دەق لەناو کلتووردا ترسناکترە لە بوونی سۆزی بڕواداران بەو دەقە.)

دوا بیرۆکەی سەرەکی لە کێشەی میتۆدی زانستیی پێشنیازکراو بۆ خوێندنەوەی دەقی قورئانی، بیرۆکەی وابەستەیە بە ئەم پەڵپگرتنە، کە تۆمەتبارکردنیشی لێ دەخوێنرێتەوە:

چۆن دەتوانین میتۆدی شیکاریی دەقەکان، لە سەر دەقێکی ئیلاهی پیادە بکەین؟).[2]

لە پێناوی وەڵامی ئەم پرسیارە، ئەبو زەید چاوگی ئەم پەڵپە دیاری دەکات، کە لە بیرکەرەوانی هزری نمونەیی دەرچووە، بەم شێوەش وەڵامی داوەتەوە:

---
[1]- هەمان سەرچاوە، ل ٢٨.
[2]- هەمان سەرچاوە، ل٢٧.

(ئەگەر هەڵگرانی ئەو میتۆدە لەگەڵمان هاوڕان لەوەی، کە ناتوانرێ تویژینەوە لەسەر خوا بکرێ، هاوڕاشمان بن لەوەی، کە ویستی خوا بووە، گوتار و قسەکانی بە زمانی مرۆڤەکان بێ و لە چوارچێوەی سیستمی بنەڕەتیی ڕۆشنبیری ئەواندا بێ، کەواتە تا کەشوهەوا و هەل بۆ وانەی زانستی، کە بریتییە لە تویژینەوە لە گوتار و دەقە ئیلاهیەکان، دەبێ دەستکەوتەکانی شیکار بکرێن، لە چوارچێوەی سیستمی ڕۆشنبیری، کە ئەو زمانەی دەقەکەی بەرهەمهێناوە، هەر بۆیە میتۆدی شیکاریی، تاکە میتۆدی مرۆڤایەتییە، کە دەتوانین بەهۆیەوە لەو پەیامانە بگەین و بە تێگەیشتنی پەیامەکەش لە ئیسلام بگەین).[1]

بەم میتۆدە پتەوە توند و وشکە، کە نەسر بۆ ڕەوانبێژی دەقی قورئانی بەکاریهێناوە، وەک پێکهاتەی دەقێکی زمان، ئەدۆنیس بەم زمانە شیعرییە پاراو و ڕەوانە گوزارشی لێکردووە، کە بەڵگەیە لەسە دەوڵەمەندی هەستەوەری ناوبراو لە زمانی قورئاندا، کە لەو دەقە ناوازەی قورئاندا بەرجەستە بووە.[2]

**ئەدۆنیس لە بارەی دەقی قورئانییەوە** دەشڵێت: (وەڵامی هەموو پرسیارەکانی بوونەوەر و ڕەوشت و چارەنووس دەداتەوە، وەڵامەکانی پڕ جوانیی و هونەریین، بۆیە ئەو دەقێکی زمانەوانییە و ئەوەی بیەوێ لە قورئان بگات، دەبێ پێشدا لە عەرەبی بگات، ئەم زمانە تەنیا چەند دەستەواژە و لێکدراوێک نییە، بەڵکو هەڵگری جیهانبینییەکی تایبەتیە بۆ بنچینە و نهێنی و چارەنووسی مرۆڤ و ژیان و گەردوون).[3]

وەڵامدانەوەی مرۆڤی عەرەبی، ئەدۆنیس ناویناوە سەرسامی و مەندەهۆشبوون، دەڵێ مەندەهۆشیەکی زمانەوانییە:

---

[1]- ابوزید، نصر حامد. مفهوم النص، دراسات في علوم القرآن، سەرچاوەی پێشوو، ص ٢٧.
[2]- ادونیس. النص القرآني وآفاق الكتابة، بيروت: دارالكتب، ط ١، ١٩٩٣ز، ص٢٠.
[3]- هەمان سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو.

(بێگومان بەزمانەکەییەوە ئاڵودەبوون دیارە، یەک پارچە جوانی و هونەر بوو، ئەم زمانە زمانی ڕاستەوخۆ بوو، کە دەرگای چوونە ناو جیهانی دەقی قورئانی و بڕواهێنانی بەدینی ئیسلامی کردەوە، هەربۆیە ناتوانرێ لە هیچ ئاستێکدا، ئیسلام و زمان لەیەکتر جیابکرێتەوە، دەتوانین بڵێین مسوڵمانانی پێشین، کەبوونە ناوکی پتەوی یەکەمی ئەم بانگەوازە بۆ ئیسلام، یەکەمجار ئیمانیان بە دەقێکی ڕۆشن هێنابوو، نەک لەبەر ئەوەی، کە ئەو دەقە نهێنییەکانی مرۆڤ و بوونەوەری بۆ ئاشکراکردن، یان ڕژێمێکی نوێی بۆ بەڕێوەبردنی جیهان و ژیان فێرکردن، بەڵکو چونکە ئەوان نووسراوێکیان دی، کە لەوەوپێش نەیان دی بوو، بە زمانێک دەدوا ناخی دەهەژاندن، هەر بەو زمانە ژیانیان گۆڕا، سەرسامبوون پێی، بە زمان وگوزارش و دەربڕینی، تا وایلێهات ئەو زمانە بووە بوونیان و بووە وەسف و چۆنێتی پەرستراوەکەیان).[1]

[1] - هەمان سەرچاوە، ل٢١- ٢٢.

# سروشتی زمانی ئایینی

بەگشتی جیاوازییەکی قووڵ لە بارەی سروشتی زمانی دینی، بەتایبەتیش سروشتی زمانی قورئانی هەیە. توێژەری ئێرانی سەید حەسەن نەسر، توێژینەوەیەکی بەپێزی هەیە لەو بوارەدا کردووە، تیایدا دەڵێ: زمانی عەرەبی زمانێکی پیرۆز و موقەدەسە، هیچ زمانێکی تر جگە لە زمانی عەرەبی، هیچ زمانێکی تری دینی ئەم چەمکی پیرۆزی و موقەدەسیەی بەسەردا ناچەسپێ، تێگەیشتن لە سروشتی پیرۆزی ئەم زمانە قورئانییە وا دەخوازێ، کە لە ڕێوڕەسم و پەرستشی دینەکانی تری جیهان شارەزا بین، دوو جۆر لە ڕێوشوێنی دینی هەیە:

یەکەمیان لەسەر بناغەی دامەزرێنەری دینەکە دامەزراوە، ئەو دامەزرێنەرە بە پێکگەیشتنی وەحی و بەرجەستەی پیرۆز دادەنرێ، ئەو کەسە بۆ خۆی کەلیمەی خوایە و بۆ خۆی نامەی ئاسمانە، لەم جۆرە دینانە پێویستیان بە زمانی پیرۆز نییە، چونکە لاشە و پەیکەری دامەزرێنەری دینەکە بەشێوەی ئاشکرای گوتە و کەلیمەی خوا دادەنرێ[1]، ئەوەتا لە ناو دینی مەسیحیدا، خودی مەسیح گوتە و کەلیمەی خوایە، هەروەها لەناو دینی بوزیدا، خودی بوزا بەرجەستە پیرۆزەکەیە.

بەرامبەر ئەم دینانە، چەند دینێکی تر هەن، کە دامەزرێنەرەکەیان بە کەلیمەی خوای گەورە دانانرێ، بەڵام پەیامهەڵگر و هەڵگری ئەو دەستەواژە و کەلیمەیە، وەک ئەوەی لە ئیسلامدا، کە ئەوەی وەحی بۆ هاتووە پەیاموەرگرە، جا لەو دینەی، کە پێغەمبەرەکەی کەلیمە پیرۆزەکە نییە بە لاشەکەی، بۆیە دەبێ زمانێکی پارێزراو و پیرۆز و هەمیشە گەیشتوو نەپچڕاو هەبێ بە ناوەرۆکی ئەو پەیامەوە، دەبێ هەڵبژاردە و چاودێریکراو و بایەخ پێدراو بێت، دەستەواژە و دەربڕدراوەکانی زمانێکی بەو شێوە پیرۆز هەموو لە بەشەکانی وەحی دادەنرێ، ئەو زمانەش ڕۆڵی

---

[1]- نصر، سيد حسين. القرآن كلمة الله، مصدر المعرفة والفعل. تعريب: موسى صفوان، مجلة المحجة، بيروت، دار الهدى، ع١٠، ٢٠٠٤ز، ص ١٨.

ئەو پەیـــکەر و لاشـــە دەبینـــێ، کە لاشـــەی مەســـیح و بـــوزا لە دینەکـــانی خۆیـــان دەینوێنن.(1)

جاکە دەرەنجامی ئەم بڕیارە بە تەواوی گەیشت، کەواتە قورئان وەک دەقێکـی مـوقەدەس و پیـرۆز، پێویسـتە بە هـیچ شـێوەیەک، بەهـیچ دەقێـک لە دەقەکـان و نووسینی مرۆڤەکان پێوانە و بەراوورد نەکرێ، چونکە تەنیا قورئـانە بە دیـاریکراوی نامە و پەیامی پیرۆز و قودسیەتە، کە بە زمانی مرۆڤایەتی دەدوێ).(2)

ئەم - کتێبی پیرۆزە).(3)

بێگومان جیاکراوەییەکی یەکجار گەورە و فـراوان لە نێـوان زمـان و داڕێژرانـی قورئـان و گوتارەکـانی تـری، بـێجگە لە قورئـان، لە کەلەپـووردا هەیە، ئەمە لە چوارچێوەی گەڕان لە دیاردەی ئیعجازیی و بەرزیـی و بـاڵایی گوتـاری ئەدەبـی و ڕەوانبێژی و ڕیزپەڕی و داهێناندا لە زمانی قورئـان و دەقەکـانی تـردا دەردەکەوێ، کاتێ بە پێوانەکـانی ڕەوانبێـژی بەراورد دەکـرێن،(4) گەڕانێکـی ورد لە نووسـراو و دانراوەکانیش، کە لەسەر بابەتی ئیعجاز نووسراون زۆر بەجوانی ئەوە دەردەخـا، کە کۆششـێکی گەورە کـراوە بـۆ دەرخسـتنی ئەو باڵادەسـتیەی، کە زمـانی قورئـان هەیەتـی بەســەر داڕشــتن و ڕێکخســتنی دەق و زمانەکــانی تــردا، هەروەک لە هەوڵەکەی ئەبـوبکر بـاقلانی، کە لە کتێبـی (سەرخسـتنی قورئـان) ویسـتویەتی ئیعجـازی قورئـان دەربخـات بە سـەلماندنی لاوازی هەمـوو ئەو دەقە ئەدەبـیە عەرەبیـانەی، کە لە نـاو ڕۆشـنبیری عەرەبـی بەدەقـی سـەرکەوتوو و بەهێزدانـراون، وەک شیعرەکانی (امرئ القیس و بـوحتری)، جـگە لەوانـیش گەیشـتوونە ترۆپکـی داهێنانی ئەدەبی.

---

1- هەمان سەرچاوە، ل ١٨- ١٩.

2- هەمان سەرچاوە، ل ٢٠.

3- جعیط، هشام. الوحي والقرآن والنبوة، بیروت: دار الطلیعة، ط١، ١٩٩٩ز، ص ٢٢.

4- السعافین، ابراهیم. في محراب المعرفة: دراسات مهدات الی احسان عباس. بیروت: دار الغرب الاسلامي، دار الصادر، ط١، ١٩٩٧ز، ص ٤٣٣.

ئێمە ناتوانین و بوارمان نییە، باسی هەموو ئەو ڕەخنە و کەموکوڕیانە بکەین، کە باقلانی و جگە لەویش ئاڕاستەی ئەو دەقانەیان کردووە، ئەمەش دەیسەلمێنێ ئەدەبی قورئانی هەردەم جیاکراوەیە و باڵادەستە بەسەر ئەم دەقانە، ئەم جیاکرانەوە و باڵادەستیەی قورئانیش بەسەر ئەدەبی نووسراوی مرۆڤاندا، بە پێی دەربڕینی مەحمود شاکر[1]، کە بەدرێژی باسی ئەو هۆکارانەی کردووە، کە بۆتە هۆی هاندانی باقلانی، کە ئەم کتێبە بنوسێ و عەیب و عار وکەلێن وکولێنی شیعری نەفامی دەربخات.[2]

بەرامبەر ئەم دەروازە ڕەخنەییەی بۆ تویژینەوە لە سروشتی زمانی قورئانی و جیاکەرەوە ئەدەبییەکانی، کە لای عەبدولقاهیر جورجانی لە تیۆری ڕێکخستنەکاندا گەیشتۆتە لوتکە، دەروازەیەکی تریش دامەزراوە لەسەر دەستکەوتەکانی کەلامی بۆ ڕوونکردنەوەی ڕێگەی ناسینی گوتاری خوای گەورە، کە لەم بابەتە قازی عەبدولجباری هەمەدانی موعتەزیلی، بەشێکی باشی لە کتێبی (دروستکراوی قورئان)دا نووسیووە، لە ژێرناوی بەشێک بۆ ڕوونکردنەوەی ڕێگای ناسینی گوتاری خوا، کە لەوێدا لەسەر ڕەوتی موتەکەلیمەدا ڕۆیشتووە و باسی جیاوازیی دەقی قورئانی کردووە و لە ڕێسایەکدا دەڵێ: (هەرکارێک کە بەندەکان بتوانن وەک ئەو دانێن، ئەوە بوونی ڕەگەزی ئەو کارە بەڵگە نییە، کە ئەوە کاری خوای گەورەیە، چونکە دەگونجێ ئەمە کاری بێجگە لە ئەو بێ).[3]

جاکە ئەم ڕێسایەی عەبدولجباری موعتەزیلی دروست بێ، ئەوە بەو شێوە ڕوونی دەکاتەوە و دەڵێ: (پێویستە لەوەی دەیزانین گوتاری خوا بایەخی پێ بدرێ، ڕوودان و گوتنی لەسەر شێوەیەک، کە دروست نییە بەو شێوە ڕووبدات و

[1]- شاکر، محمود محمد. مدخل اعجاز القرآن، القاهرة، جدة، مطبعة المدني، دار المدني، ط١، ٢٠٠٢ز، ص ٨٧.

[2]- هەمان سەرچاوە، ل ١٨٥.

[3]- القاضي عبدالجبار. المغني في ابواب التوحيد والعدل، خلق القرآن. قوم نصه: ابراهيم الابياري، مصر: وزارة الثقافة والارشاد القومي، ط١، ١٩٦١ز، ص١٨٠.

دابنرێ لەلای بەندەکان، ئێمە دەزانین گوتار ڕێگاکانی جیاوازن، لە ڕەوانبێژی و پاراویدا، ئەمەش وا پێویست دەکات، کە بێژەر و بکەرەکەی زانا بێ لەم بابەتە، واش باوە، کە عەرەب بە زمانپاراویی و ڕەوانبێژیی ناسراون، کە ڕەوانبێژی و زمان پاراویەکەیان، نابێ لامان بگاتە ڕادەی پاراوی قورئان و هەر نزیکیشی نەبێ، جاکە ئەمەمان زانی و بینیمان گوتارێک توانیویەتی ئەم ڕێسایە ببەزێنێ و لە پاراویدا لەو سنوورەی، کە عەرەب بۆیان نییە، تێی پەڕێنن، تێپەڕیووە، ئەوە دەبێ بزانین ئەمە لە کردەوەی عەرەب نییە، جگە لە عەرەب ئەم کارەیان کردووە).[1]

مستەفا سادق ڕافعی، تیۆری ئیعجازی قورئانی بەم شێوە پوخت کردۆتەوە: (نهێنییەکانی دانانی زمانەوانی، کە چاوگەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆشنکردنەوەی ژیان، واتا بە پێکهاتنێکی زیندوو لە دەربڕدراوەکان، کە ڕێک و چەسپاوە لەسەر سونەتەکانی ژیان لە وردی پێکهێنانی و دانانی پڕ حیکمەت و لێزانی و جوانکاری وێناکردن و ئەوپەری گونجاویدا).[2]

پاشان قوتابیەکەی ڕافعی، کە مەحمود محەمەد شاکرە، بەڵگەی زۆری هێناون، کە هەموو موعجیزەی قورئان تەنیا لە بواری زمانەوانی کورت هەڵبێنێ، ئەمەش پاڵینا بۆ ئەوەی بڵێ: دروست نییە و نابێ قورئان وەربگێڕدرێ بۆ هیچ زمانێکی تر، چونکە وەرگێڕانی قورئان دەبێتە هۆی لە ناوبردن و تێکدانی ئەو موعجیزە.[3]

شاکر لە کتێبی (نامەیەک لە ڕێگا بەرەو ڕۆشنبیریەکەمان)دا، دەڵێ: مرۆڤایەتی هەندێکجار دەگاتە ئاستێکی پاراویی و ڕەوانبێژیی لە گوتارەکانی، کە کەس پێی ناگا و کەس ناتوانێ لەو سنوورە تێپەڕێ، ئەمەش زۆر بە گوتاری موعجیزە دەچێ.

ئەم قسەی شاکر، کە پاڵیداوەتە لای جورجانی، کە لەنامەی شافیەدا گوتویەتی، ڕیسەکەی پێشدای دەکاتە خوری، پاشان شاکر ئەم گوتانە لە جورجانی

---

[1]- هەمان سەرچاوە، ل ١٨٠.

[2]- الرافعي. تاريخ آداب العرب. بيروت، دار الكتاب العربي، ١٩٧٤ز، ج٢، ص ١٥٦.

[3]- شاكر، محمود محمد. مدخل اعجاز القرآن، القاهرة، سەرچاوەی پێشوو،ص ١٩٠.

دەگوازێتەوە، کە گوتویەتی: پوختترین شت ئەمەی لێداوا بکرێ ئەو کتێبانەن، کە سەرەتا لەو زانستانەی دەرهێنان دانراون، کە بەهرەمەندانی ئەو بوارە گەیشتونە چەشنێک لە دەربڕین و ڕێکخستن، کەسانی دوای خۆیان ماندووکردووە، کە بتوانن وەک ئەو بێنن، بۆیە ناچار دەستیان کرد بە لەبەر کردنی ئەو گوتارانە و ئەو هۆنراوانە، بۆ نمونە وەک پێشەکی کتێبی سێبەوەی، کە دەڵێ: (کردارەکان چەند نمونەیەکن لەو دەربڕینانە وەرگیراوە، کە ناوەکان کردوویانە، ڕابردووەکەشی و ئەوەی دەبێ و ڕوو دەدات، مەبنیە و موعرەب نییە، نەمان زانیوە کەس بتوانێ، وەک ئەو دەربڕینە و گوتارە و نزیک لەوەش بێنێ، پێموانییە ئەمە لە توانای کەسی تردا بێت).[1]

شاکر لە بارەی ئەم قسەی جورجانی دەڵێ: (ئەم پێشەوا بێدارە، کە باسی ئیعجازی قورئان و ڕۆڵی دەربڕین و ڕێکخستن لەو هونەرەدا دەکات، کاتێ جوانکارییەکی سەرنجڕاکێش لە پێناسەی کردار لای سێبەوەی دەبینێ بە موعجیزەی دەزانێ).[2] دیارە کەسانێک تێگەیشتنی خراپیان بۆ ئەو زیادەڕەویەی جورجانی و شاکر بۆ هەندێ دەقی گوتراوی داهێنەران هەبووە، ئەوەتا مونجی کەعبی دەڵێ: (ئیعجاز بە تەنیا تایبەت نییە بە قورئان، بەڵکو لە گوتە و دەربڕدراوەکانی عەرەبی کۆن زۆر موعجیزە گوتراوە، کە دووبارە نابێتەوە).[3]

ئەو بیرۆکەی پاڵی ناوە بۆ ئەم بۆچوونە ئەوە بوو، کە بڕوابوون بە ئیعجازی قورئان لە چوارچێوەی بیروباوەڕێکی دینی و بەشێک لە ئیمان و عەقیدە و بیروباوەڕ دەزانرا و دەگوترا، ئەمە پاڵینان بڵێن ئیعجازی قورئان لە هەموو ئیعجازێک گەورەترە و بێوێنەترە[4]، بۆیە کەعبی گەیشتە ئەو پوختەی کە دەڵێ:

---

[1]- الجرجاني، عبدالقاهر. الرسالة الشافية، نشرت بضميمة دلائل الاعجاز، قراءه وعلق عليه: محمود محمد شاكر، القاهرة: مكتبة الخانجي ط٢، ١٩٨٩ز، ص٦٠٤.

[2]- شاكر، محمد محمود. رسالة في الطريق الى ثقافتنا، القاهرة، كتاب الهلال ١٩٩١ز، ص ١٣-١٤.

[3]- الكعبي، تطبيق نظرية الاعجاز على الشعر، سەرچاوەی پێشوو، ص ٤٤٠.

[4]- هەمان سەرچاوە، ل ٤٣٦.

(بەڕاستی ئیعجازی قورئانی، کارێکە لە دەرەوەی دەق و پەیوەندیی بە دەقەوە نییە، بەهۆیەکی دینی و ئاماژەیی، بەڵام شێوازەییەکان ئەو شوێنەوارەی لە ناوخۆی شتەکە نەبێ، هیچ بەکاریگەری نازانن).[1]

کەعبی ئەم گۆڕانکاریانەی بە سروشتی زمانی قورئانەوە بەستۆتەوە، کە ئەو موعجیزەکەیە و دەڵێ: (ئەم سەردەمە، کە دوورە لە ئیمان و باوەڕ، زمانی عەرەبیەکە خۆی موعجیزەیە، کە لەو ڕووبار و جۆگەلە پیرۆزانەی قورئان و سوننەت و کەلەپووری شیعر و پەخشانی پێش ئیسلام بێ بەشکراوە)[2]

ئەوجار ئاماژە بە هەندێ هەوڵ؛ بۆ تێکدان و لە ناوبردنی ئەو سەکۆ پیرۆزەی عەرەبی قورئانە دەکات و دەڵێ: (نەسرانییە عەرەبەکانی لوبنان یەکەم کەسبوون، کە دژی بە پیرۆز زانینی زمانی عەرەبی لە ڕووی دینەوە وەستان، بزوتنەوەی مەهجەری نەسارا، گرنگی داڕنینی کراسی پیرۆزی لە زمانی عەرەبی لە ئەستۆی خۆی گرت، هەوڵیدا بنەما ڕەوانبێژیە قورئانییەکان بگۆڕێ و بنەمای تر بۆ پاراوی زمانەکە، دوور لە بنەما قورئانییەکان دابنێ، تا زمانە عەرەبیەکە زمانی وان بێ، نەک زمانی قورئان، ئەوان زمانەکەیان گەشە پێدا، بەبێئەوەی بگەڕێنەوە بۆ هیچ دەقێکی پیرۆز بۆ زمان پاراوی).[3]

بۆیە کەعبیش پێشنیازی ئەوە دەکات کە:

(پێویستە لە بۆچوونی ئێمەش، ئەم بارودۆخە لە ڕەوانبێژی عەرەبیدا هەموار بکەین، چونکە ڕۆژێک دێ، کە ڕەوانبێژی و پاراوی زمانی عەرەبی، ئەوە نابێ، کە قورئانی پێهاتووە).[4]

لەمەوپێش باسی شوکری عەیادمان کرد، ئەویش هۆگری شێواز و ڕەوانبێژی بوو، کە پێیوابوو قورئان بکرێتە ئەو سەرمەشق و شێوازە پێشەنگ و کۆکەرەوەی،

---

١- هەمان سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو.

٢ - الكعبي، تطبيق نظرية الاعجاز على الشعر، سەرچاوەی پێشوو، ص ٤٣٧.

٣- هەمان سەرچاوە، ل ٤٣٧- ٤٣٨.

٤- هەمان سەرچاوە، ل ٤٣٩.

که زانستی شێوازی عەرەبی، لە ژێر ڕۆشنایی ئەودا داڕێژرێ، هەروەها (یۆهان فک) ئاماژەی بە باڵایی شێوازی زمانی قورئان کردبوو، ئەم گوتەی ئیدوارد سەعیدیش هەر دەچێتە ئەم بوارەکە دەڵێ:

ڕۆشنبیرییەک ئەدەب بە سەریدا زاڵ بێ و کەلیمە و پەیڤ ئاڕاستەی بکات، ئەوە ڕۆشنبیرییەکە، کە لەدەوری زمان دەخولێتەوە، وەک ڕۆشنبیری عەرەبی ئیسلامی، کە توانیویەتی بەو شێوە خۆڕاگر بێ، کە وامان لێدەکات هەست بە تایبەتمەندی ئامادەیی و دەست باڵایی قورئان بکەین. من قسە لەسەر قورئان دەکەم، وەک شوێنەوارێکی زمانەوانی، کە سایە و سێبەری خۆی بەسەر هەموو بوارەکانی تری زمانی عەرەبیدا پەخشکردووە.

زمانە نەتەوەییەکانی نەتەوە گەورەکان تەنیا کۆمەڵە وشەیەک نین، بەڵکو وەک زانا زمانەوانییەکان هەر لە دی سوسوور تا بنجامن لی ورزف و بنفنست فێریان کردووین، کە سیستمێکە حوکم و فەرمان بە هزر دەکات.

بیرکردنەوە بێ زمان بوونی نییە، هەر بۆیە کاتێ سەیری هەر زمانێک دەکرێ، وادەبینرێ بنیات و ڕژێمێکە و چەندین مەرجی دیاریکراوی هەیە و سروشتی هزریی دیاری دەکات و هزر و بیری ئەو نەتەوەی پێیدەدوێ و لە ژێر کۆنترۆڵی ئەو دایە، ڕۆشنبیریش سەرخانێکە بۆ هزر، هزری کوڕی زمان بناغەی ڕۆشنبیرییە، ئەم ڕۆشنبیریەیە وزە و تواناکانی زمانی باپیری دەتەقێنێتەوە و ئاڕاستە دەکات.

ئەوەی تایبەتە بە زمانی عەرەبی پێویست ناکات بیرکەرەوە توێژەرێکی عەرەبی و ئیسلامیزان بێ، تا هەست بەو پەستانە دەروونییە گەورە بکات، کە لەسەر ئەوانەی بەعەرەبی دەدووێن، ئەو پەستانە قورئان سەپاندوویەتی بەو پێیەی قورئان شوێنەوارێکە هەموویان دەیسەلمێنن، کە قورئان بەرجەستەی زمانێکە بە تەواوی، هەر بۆیەش بۆ بیرکردنەوە لەم زمانەدا، دەبێ هەموو نووسەرێک بەشدار بێ لەم

ڕاستیەدا و دانی پێدا بنێ، ئابەم شێوە زمانی عەرەبی جیاکراوەیە، چونکە زمانی ئەو شوێنەوارە بنچینە گشتگیرە گرنگەیە، کە قورئانە.[1]

توێژینەوە لە سروشتی زمانی دینی لای ئەبوزەید، لە سەر جیاکردنەوەی ئەرکی زمان لەنێوان زمانی دینی و زمانی ئاسایی دادەمەزرێ.

سەبارەت بە زمانی دینی، بریتیە لەو زمانەی کە: (کۆڵی گوزارشتکردن و وەسفیکردنی ڕەها و بێسنوور هەڵدەگرێ، بەڵام لە بنچینەی بنیاتەکەی -واتە وەک ئەوەی، کە هەیە دیاردەیەکی ڕۆشنبیریی کۆمەڵایەتییە- دەربڕینەکانی ڕێژەیی و سنوردارە).[2]

پێش لێکۆڵینەوە لە سروشتی زمانی دینی، نەسر پێشەکیەک دەخاتەڕوو، کە لێکۆڵەران لەسەری کۆکن، ئەویش ئەوەیە:

(زمانی قورئانی پیرۆز، بەشێوەیەکی گشتی، چاوگەکەی لە زمانی عەرەبی وەردەگیرێ، لەو چوارچێوە دەستاودەستکەرە مێژووییەی، کە لە دوورگەی عەرەبی پەیدا بووە پێش ئیسلام).[3]

بەڵام ئەم پشتبەستنە بەم چاوگ و ژێدەرە، ئەوە ڕەت ناکاتەوە، کە ئەم زمانە، زمانێکی خاوەن سیستمێکی تایبەتە.[4]

ئەرکی لێکۆڵەرەوان ئەوەیە، کە جیاکەرەوەکانی ئەم تایبەتمەندییە بدۆزنەوە، بەبێ پشگوێخستنی ئەوەی لێی وەرگیراوە.

---

[1]- سعيد، ادوارد. مقالات وحوارات، تقديم وتحرير: محمد شاهين، بيروت، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، ط١، ٢٠٠٤ز، ص ٤٩.

[2]- ابوزيد، نصر حامد. النص، السلطة، الحقيقة، سەرچاوەی پێشوو، ص ٢٢٧.

[3]- هەمان سەرچاوە، ل ٢١٤.

[4]- هەمان سەرچاوە، ل ٢١٦.

(زانایـانی ئوسـوڵی فـیقه دەڵـێن، که شـەرع زمـانی گۆڕیـوە و زۆرێـک له دەربڕینەکانی لەناوەکانی گواستۆتەوە، وەک (صلاة، زکاة، دعاء)[1]، مەبەستیش لەگـۆڕین، گـۆڕین و ئاڕاسـتەکردنی هەمـوو زمـانه له بـوونی وەک سیسـتمی نیشانەکان، که بەڵگه بن بۆ ئەوە خودی خۆی ببێته نیشانه لەو ڕژێـمە، که بەڵـگەی زمانێکی دینییە).[2]

ئەم لێکـۆڵینەوە ئەنـدازەیەکی زۆری سـەربزێوی تێـدایە، بەڵام لای نەسـر ئەوە کارێکه له چوارچێوەی لێکۆڵینەوەی زانستییدا دروسته، چـونکه خـاوەن بنـاغەیەکی میتۆدیه له بنیاتی دەقی قورئانی لەلایەک و له کرداری پێشوازیکردن و وەرگـرتن، که خوێنەری مسـوڵمان بەو دەقه تیایـدا، لەلایەکـی تـر ئـاوێتەی ئەو دەقه دەبێ[3]، بەڵام بناغه میتـۆدەکەی هەر له قورئانـدایە، چـونکه هەمـوو کەلەپـووری زمـان، که وەک سیستمێکی نیشـانەکانه، دەگـۆڕێ و دەبێـته چەنـد نیشـانەگەلێکی ڕێنماکـار و ئایات به چەند ڕێگـایەکی جیـاواز، که هەمـووی بەڵـگەیه لەسـەریەک ڕاسـتەقینەی ڕەهای بێسنوور و گشتگیر.

هەروەها تایبەت به میکانیزمی گۆڕین و ئاڕاستەکردن بۆ نیشـانەکان، جورجـانی بەوە شیکاری دەکات، که گۆڕانکاری بەڵگەکانه، که له شـێوە ڕەوانبێژییەکـان ڕوو دەدات له چوارچێـوەی بیـرۆکەی -واتـای واتـا- ئەم دەسـتەواژە، که ئەبـو زەیـد ناویناوە (السمطقه)، که هەڵدەستێ به گواستنەوەی زمان لەو بوارەی لێـی داڕێـژراوە و دانراوە، بۆ بواری بەڵگەوەرگرتنی عەقڵی، واته گـۆڕینی له ناوەنـدی زمـانەوە بـۆ چەند نیشانەیەکی دەرەوەی زمان، چونکه بناغه له نیشـانەکانی زمـانەوانی، هەسـتانی بەڵگەکـانه لەسـەر نەریـت و بـابەت، بەڵام ئەم کـاره له نیشـانه سـیمیوتیقیەکان بەو شێوە نییە، ئەمەش بەو گۆڕانکاریـانەی زمـانی ئاسـایی دەچێ له ئەرکه بەڵگەیـی و

---

[1]- المازري، محمد بن علي. ايضاح المحصـول من برهـان الأصـول، تحقيق: عمـار الطالبي، بيروت، دار الغرب الاسلامي، ٢٠٠١ز ، ص ١٥٥.

[2]- ابوزيد، نصر حامد. النص، السلطة، الحقيقة، سەرچاوەی پێشوو، ص ٢١٦.

[3]- هەمان سەرچاوە، ل ٢١٧.

ڕەوانبێژیەکانی بۆ ڕەوتی ڕاگەیاندنی، کە بەڵگەکان دەگۆڕێ بە بەها عەقڵییەکان[1]، بەڵام لە لایەنی پێشوازیکار و وەرگر، ئەوە خوێنەری قورئان و سونەتە واتای ئەوەی دەیخوێنێتەوە تێبگا و بیر لە ئایەتەکان بکاتەوە، نابێ تەنیا لەلای نیشانە زمانەوانییەکان بوەستێ، بەڵکو دەبێ بە عەقڵ بیری لێ بکاتەوە.

زانراوە چەمکی نیشانە لە قورئاندا لە سنووری گەردوون و مێژوو تێدەپەڕێ، بەواتای ئەوەی سیستمی نیشانەکان لە دەقدا، فرەلایەنە بەشێوەیەک بنیاتی زمانەکە بتوانێ لە خۆبگرێ، ئەم لە خۆگرتنە، کە دەرەنجامی بەیەکەوە لکاندنی دەق و فرمانەکان و جیهانە و بە تەواویش خوێنەر لە خۆدەگرێ لە چوارچێوەیەکدا، کە یەکێتیی دەقی قورئانە[2]، کە خوێندنەوەی قورئان وای لێدەکات پێویستی بە خوێندنەوەی شتی تر نەبێ. ئەبوزەید لەم توێژینەوەدا، ئەو میکانیزمانەی بە دیارخستووە،کە بەهۆیەوە دەقی قورئانی دەگۆڕێ بۆ کۆمەڵێک لە نیشانەی، کە واتا و بەڵگەکانیان یەککگرتوون، یان یەک واتا دەگەیەنن.

هەر وەک چۆن ئەو چۆنێتیەی، کە دەق هەڵسوکەوتی پێدەکات لەگەڵ زمانی بەدەرخست، کاتێ لە واتای ڕاستەوخۆوە گواستیەوە بۆ واتای عەقڵی، بەدەربڕینێکی تر دەیگوازێتەوە لە سیستمی نیشانەوە بۆ زمان و بۆ نیشانەکانی سیمیۆتیگیا، بەشێوەیەک زمانی دەقی دینی زاڵبوو بە سەر زمانە ئاساییە ڕەسەنەکەدا و گۆڕی و ئاڕاستەی بۆ بوارە تایبەتیەکەی کرد، بۆیە زمانی عەرەبی بووە زمانێکی دینی جیاکراوە، پاش ئەوەی کەوتە ژێر کۆنترۆڵی دەقە دینییەکە، بە شێوەیەکی نیمچە تەواو لە ڕووی واتای تایبەتییەوە دەقی دینی زمانەکەی لەباوەشکرد.[3]

بەدەرچوونیش لەم وێناکردنەوە بۆ سروشتی دەقی دینی، وەک ڕژێمێکی ئایدیا و هۆشیی باڵا لە ڕۆشنبیری ئیسلامیدا، ئەبو زەید هەڵوێستەیەکی ڕەخنەیی و شیکاریی بۆ چەمکی زمانی دینی کرد لە کارەکانی محەمەد ئەرەگۆن دا.

---

[1]- سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١٧- ٢١٨.
[2]- سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١٨ – ٢١٩.
[3]- سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١٩.

سەرەتای جەوهەری بیرۆکەکانی ئەرەگۆن، لە بارەی سروشتی زمانی دینی بەم شێوە پوختکردەوە، کە دەڵێ:

(ئاشکرایە قورئان نوێکاریەکی مەعنەوی سیمانتی بەرپاکرد، بەهۆی بەکارهێنانی زمانی مەجازی، بەم زمانە مەجازییە، زمانی دینی دەبێتە زمانێکی هێمایی(ڕەمزی)، ئەم هێماییبوونەش وادەکات هەمیشە ئەو زمانە ئامادە بێ بۆ کرانەوە لە چوارچێوەی بازنەی تائویل و لێکدانەوەدا. هەروەها ئاشکرایە، کە زمانی قورئانی سیمیئای و مەعنەویبوونەکەی لەسەر ئاستی بنیاتە گشتیەکەیەتی لە ڕووی -نێرەر، ناوەند، وەرگر و پێشوازیکار،کۆمەڵ، لێکدانەوە- یان لەسەر ئاستی دووواندنی بۆ هۆشی گشتی لە ڕێگای دڵ و دەروون و کرۆک و هەستەکان.

گرنگتر لەمانەش ئەوەیە، کە ئەم زمانە هەموو جیهانی گۆڕی بۆ نیشانەیەک، کە ڕێنیشاندەر و بەڵگەیە بۆ ڕەهای بێسنوور، نیشانەیەکی گشتگیریی بەشکراو بۆ کۆمەڵێک لە نیشانە لق و پۆپەکان، کە ئایەتەکانن، لە خودی زمانی قورئانیشەوە دەگۆڕێ و دەبێتە خودی بنیاتی ئەم جیهانە، لە ڕێگەی دروستکردنی بارودۆخێکی سەرسامکار لە ناو هۆشی پێشوازیکەری قورئان لەبەردەم موعجیزەی دروستکردن، کە سنووری مرۆڤ و تواناکانی تێدەپەڕێنێ).[1]

ئەبوزەید بەدواداچوونی بۆ هەموو ئەو ئەندێشە و بیرۆکە بنەڕەتیانە سەبارەت بە سروشتی زمانی دینی کردبوو، کە بەسەر عەقڵی ئەرەگۆن-دا زاڵبوون، چاوگی ئەم ئەندێشانە چی بوو؟ ئایا لەبەر ئەوەبوو، کە زمانی دینی بەوە جیا دەکرایەوە، کە دەربڕینە نموونەییەکانی پێشدەخست بۆ بارە سنوردارەکانی بارودۆخی مرۆڤایەتی؟، یان لەبەرئەوەی زمانێکە، کە ناتوانرێ چڕ بکرێتەوە بۆ زمانێکی

[1]- ابوزید، نصر حامد. الخطاب والتاؤیل، سەرچاوەی پێشوو. ص ١١٨.

ئاسایی، وەک زمانەکانی تر، کە تەنیا زمانی گەیاندن بێ، تەنانەت ناتوانرێ چڕبکرێتەوە، وەک زمانێکی ئەدەب و ویژە.[1]

تایبەتمەندێتی زمانی دینی لە تێڕوانینی ئەرەگۆن-دا، خۆی لە وەدا دەبینێتەوە، کە بازدەدا بەسەر ئەوەی تەنیا زمانی تێکگەیشتن بێ، چونکە کاتێک کەسێک بەزمانێکی دینی هەڵدەستێ بە نوێژ و پەرستش، جا زمانی قورئان بێ یان زمانی تەوڕات و ئینجیل، یان هەر زمانێکی تر بێ، ئەو تەنیا بەو دەربڕین وگوتانە، کە دەیانڵێ گوزارش لە کارەکەی ناکا بە ئەندازەی ئەوەی، کە بە هۆی پەرستش و دروشمەکەیەوە گوزارش دەکات لە ڕێیانەوە و کۆمەڵێک ڕاستی ڕێنمایی پیادە دەکات، کە توێژەر ناتوانێ ئەم دروشمانە لە شیکارەکەی پشتگوێ بخات، ئەگەر بیەوێ هەموو ئاستەکانی واتاکان و واتا تایبەتییەکان بە زمانی دینی بە هەند وەربگرێ.

هەروەها یەکێک لە تایبەتمەندیەکانی زمانی دینی ئەو وزە زۆرەیە، کە هەیەتی بۆ کۆکردنەوە و وروژاندن بەهۆی ئەو سروشتە سیۆلۆژیەی، کە هەیەتی، کە لە سەروەری باڵاوە بۆی دیاریکراوە و هەموو پرۆژەکانی سەروەری دینی لە هەموو کۆمەڵگا دینییەکان لەم پەیوەندییەوە سەرچاوە دەگرن و هەڵدەقوڵێن، ئەم تایبەتمەندییە تایبەتمەندییەکە، کە لە زمانە ئاساییەکاندا نییە، بەڵکو ئەم تایبەتمەندییە لەو باوەڕ و ئیمانە بە سەرچاوەی ئەم زمانە باڵادەستە جیاکراوە هەڵقووڵاوە.

ئەم تێڕوانینە ئەرێنییە بۆ سروشتی زمانی دینیی لای ئەبو زەید، ناکۆک و بەریەککەوتنی هەیە لەگەڵ ئەو تێڕوانینەی، کە بۆ دیاردەی وەحی و ئەوەی لە دەرەنجامی وەحی بە ئاکام دەگا، بەگەڕان و توێژینەوە لە چۆنێتی زمانی دینیی.

---

[1]- هەمان سەرچاوە، ل ١٢١.

ئەوەتا لە چەمکی دەقدا، پێناسە و زاراوەی زمانی دینیی لەسەر بنچینەیەکی دوور لە زمانەوانی دامەزرا، چونکە ئەو چەمکی وەحی بە چەمکی سەنتەری دەقی قورئان دادەنا.[1]

ئەو ڕایوایە کردارێکی پەیوەندی کردنە لەنێوان خوا و مرۆڤدا، بەڵام ئەوەی سەرنجڕاکێشە ئەوەیە، کە کرداری پەیوەندیکردن بە وەحی لای ئەبو زەید بەشێکە لە چالاکی ڕۆشنبیری عەرەبی بە پەیوەندیکردنی مرۆڤ بە جینەکانەوە، کە دەڵێ:

(بێگومان دوو دیاردەی شیعرنووسین و کاهنی و فاڵچێتی و دوارۆژخوێندنەوە، پەیوەندیکردنن بە جینەکانەوە لە عەقڵی عەرەبیدا، ئەوەی بەم دوو هونەرەشەوە پەیوەست بووە لە عەقڵی عەرەبی، کە پەیوەندی بەستنە لە نێوان جن و مرۆڤ کارێکی دروستە و مەحاڵ نییە وگونجاوە، بۆتە بناغەی ڕۆشنبیری بۆ خودی دیاردەی وەحی دینیش).[2]

بەراوردکردن و هاوتەریبکردنی بابەتە دینییەکان و بابەتە ئەفسانەییەکان کارێکی مەترسیدارە، دەق لە بازنەی واقیعی/ هەستەوەری دەردەکات بۆ ئەودیوی واقیع/یان بۆ ئەودیوی زمان، یان بە واتایەکی تر:

دەق لە کاری زمانەوانی دەردەچێ بۆ کاری ڕۆشنبیری، ئەمە لەوە هەست پێدەکەین، کە گونجانی بەراوردی نێوان دووانەی جن/وەحی کە دەڵێ: (ئەگەر وێنای خاڵیبوونی ڕۆشنبیری عەرەبی پێش ئیسلاممان بەدوور لەو وێنایانە زانبایە، تێگەیشتن لە دیاردەی وەحی، کارێکی مەحاڵە لە لایەنی ڕۆشنبیرییەوە، چۆن عەرەبی نەخوێندەوار دەیتوانی قبوڵی بیرۆکەی هاتنە خوارەوەی وەحی بەهۆی فریشتەوە لە ئاسمانەوە بەسەر مرۆڤێکی هاوشێوەی خۆی بکات، ئەگەر ئەم بیر و

---

[1]- ابوزید، نصرحامد. مفهوم النص، دراسات في علوم القرآن، سەرچاوەی پێشوو، ص ٣١.
[2]- سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٤.

خەیاڵە لەناو ڕەگ و ڕیشاڵی پێکهاتنی عەقڵیی و فیکریی ئەو تاکانە بوونی نەبووبێ؟).[1]

ئەم بیروباوەڕە بۆ ئەم خەیاڵ و وێنایە گریمانەیە، کە بنیاتنراوە لەسەر کەلەپووری ڕۆشنبیری سەرەتایی، وای لێکرد ئەو دەرەنجامەمان بۆ دەرخا، کە ئەوەی پێشکەش کراوە ئەوە دەسەلمێنێ، کە دیاردەی وەحی و قورئان دیاردەیەکی بەدەر و جیا نەبووە لە واقیع و بازدان و تێپەڕینێک نییە بۆ یاسا ئاساییەکان، بەڵکو بەشێک بووە لە چەمکەکانی ڕۆشنبیری و لە وەسفەکانی ئەو هەڵقوڵاوە، ئەو کەسەی درک بەوە بکات، کە جینی شاعیر دەدووێنێ و ئیلهامی شیعری بۆ دێنێ، درک بەوە بکات کە فاڵچی و جادووگەر وکاهنن هەواڵیان لە جنەکانەوە بۆ دێ، لاشی مەحاڵ نابێ، کە فریشتەش بێ بۆ لای مرۆڤێک.

بۆیە ئەو عەرەبە کافرانەی، کە لە سەردەمی قورئان دابوون، هێچ پەلپیان لە دیاردەی هاتنەخوارەوەی وەحی نەبوو، بەڵام کێشەی وان لەگەڵ ناوەرۆکی گوتاری وەحی و ئەو کەسەبوو، کە وەحیەکەی بۆ هاتووە، هەربۆیە دەکرێ، کەوا تێبگەین خەڵکی مەککە سووربوون لەسەر ڕەتکردنەوەی دەقی نوێ قورئان و گێڕانەوەی بۆ دەقێکی دەستەمۆ و ڕێککەوتوو لەگەڵ واقیع و ڕۆشنبیری، جا شیعر بێ، یان کاهنی بێ.[2]

بەڕاستی دانانی دەقی قورئانی لە چوارچێوەی ئەو ڕۆشنبیریەی، کە شیعر و سەجع و کەهانە و فاڵچێتی بەرهەمهێناوە، هەڵسوکەوتکردن لەگەڵی، کە ئەوە بنیاتێکە لەو بارودۆخ و دەوروبەر و واقیعە جیا نییە، لە یاسا و ڕێساکانی تێناپەڕێ، تێڕوانینی بەو سیفەتەی، کە بارێکی هەڵقووڵاوە لە دەرکەوتنی ڕۆشنبیری بەربڵاو و وێنا و ئەندێشە و بابەت و بنچینەکانی، کارێکە سیفەتی پیرۆزی لێدادەڕنێ، وەک

[1]- هەمان سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو.
[2]- هەمان سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو.

گوتارێکی ئیلاهی بە تەنیا، بەڵکو لە کرۆک و بنیات و مەبەستەکانیدا، گومان دەوروژێنێ.

تێڕوانینی ڕەخنەیی بۆ قورئان، وەک ڕووداوێکی زمانەوانی مێژوویی لە ڕووی ڕەخنەییەوە قبوڵ دەکەین، بەڵام لە بازنەی زمانەوانی مێژوویی بۆ دوای زمان و باڵا و ئەودیوی واقیع دەرناکەوین، تا لە وێ سروشتی زمانی دینی لە چوارچێوەی دیاردەی وەحی و ڕێگاکانی پەیوەندیکردنی وەحی بە پەیامبەری مرۆڤەوە ئاشکراکەین.

بانگەشەی ئەوەش دەکەین، کە ئەم ئاڕاستە لەگەڵ پێوانەکانی تێڕوانینی ڕەخنەگری هاوچەرخ گونجاوە، لەگەڵیشدا وا هەڵسوکەوت بکەین، کە بنچینەی خوێندنەوە و لێکدانەوەی دەقی قورئانییە، ئەمە بۆچونێکە، کە تێڕوانینی ڕەخنەیی قبوڵی ناکات، چونکە ئەمە بە سادەیی، دەق لە تێڕوانینی ڕەخنەییەوە دەباتە ناو ئاسۆی ئەفسانە و خورافە و گێڕانەوەی میللی و فۆلکلۆرییەوە.

# کۆتایی

ئەم تـــویژینەوە چـــاودێریی تیـــۆری تەفســـیری قورئـــانیی لە ئاســـۆی پرســـیارە ســـەردەمییەکان کـــرد، هەوڵیـــدا ڕەوتـــی گشـــتی ئەو ڕێـــڕەوە تێبگـــا، کە تیایـــدا دەرکەوتـــووە، بە ڕەخـــنە و شـــیکار لەلای دوو ئاڕاســـتە، لە ئاڕاســـتەکانی تەفســـیری هاوچەرخ هەڵوێستەی کردووە، ئەو دوو ئاڕاستەش:

- ئاڕاستەی ڕەوانبێژی شێوازیی.
- ئاڕاستەی لێکدانەوە (تەئویلی).

بۆیەش ئەم دوو ئاڕاستەی هەڵبژاردوون، چونکە ئەم دوو ئاڕاســتە جیاکراوەن لە بـــواری تێـــڕوانین و میکانیزمەکـــان و و خوێنـــدنەوە و تەفســـیر، ســـەرەڕای پاڵـــدانی هەردووکیان بۆ بـواری زمـانەوانی، ئاڕاسـتەی یەکەم سـوور بـوو لەسـەر پەرەدان بە تیۆری تەفسیر، بەهەسـتی نـازک هەسـت بە چەمکـی ئیعجـازی زمـانەوانی بکـات، سوود لە داهێنراوە نوێیەکانی هاوچەرخیش وەربگیرێت.

بەڵام ئاڕاستەی دووەم ڕەوتێکی ڕەخنەئامێزی پەیڕەو کـردووە، کە لە گومـانەوە دەردەچـێ و بەوە لێکـدەدرێتەوە ڕێسـاکانی ڕەخـنەی مێژوویـی زیـاد دەکـرێن، کە لەسـەر کتێبە پیرۆزەکـان چەسـپێنراون لە چوارچێـوەی ڕۆشـنبیری ڕۆژئـاوا، لەگەڵ زیـادەڕویکردنی بەهـانە بە زانینەکـان و میتۆدەکـان، کە بـووە هـۆی زیـادەڕەوی لە تێڕوانین وتیۆری و پشتگوێخستن و بچوکبوونەوەی بواری کرداری و مەیدانی.

تێبینی دەکرێ جیاوازی بنچینەیی و گەوهەریی لە نێوان ئەو دوو ئاڕاستە هەیە، کە بۆتە هۆی ئەوەی ڕۆشنبیری عەرەبی هاوچەرخ باوەشی بۆ هەوڵەکانی ئاڕاسـتەی یەکەم بکاتەوە و ئەم ئاڕاستە وەک درێژەپێدەری بۆچـوونی پێشـەواکانی زمـانەوانی دێرین،کە لە بواری ئیعجازیـان کۆڵیـوەتەوە و کۆششـێکی ڕاسـتگۆیان کـردووە بـۆ ڕۆشنکردنەوەی بیری مرۆڤایەتی بە نوری قورئان.

سەیری ئاراستەی دووەمی بەچاوی تۆمەتباری و لێ وریابوون کردووە، بەچاوی گومان و دڵەڕاوکێ لێی ڕوانیووە، بەهۆی ئەو ئاراستە ڕەخنەییەی و بە لەرەلەرخستنی بنچینە ڕوحییە چەسپاوەکانی ئوممەت، پاڵدانی بە بڕشتی بۆ وێکهێنانەوەی پایەکانی خوێندنەوەی ئیمانیی بۆ قورئان، کە ڕوحی مسوڵمانان لەسەر ڕەوتی درێژی ئەم خوێندنەوە مسوڵمانبوون و ڕێنمایی و ئارام و متمانەی پێشکەشکردووە و چاوی دڵی بۆ بینینی مەبەست و حیکمەتە قووڵەکانی ئەم بوونە کردۆتەوە و بەرەو ئاسۆی دواڕۆژی کەمەندکێشکەری دەبات، بە ڕوحی پڕ تامەزرۆی مرۆڤایەتی و ناوناخی بە ڕۆشنایی قورئان ڕۆشنی دەکاتەوە، واشی لێدەکات بە هەموو وزەیەوە، بۆ ئاوەدانکردنەوەی گەردوون و بڵاوکردنەوەی نوری عیرفان و دانایی و عروج و بڵندکردنی ڕوحی مرۆڤایەتی پاڵنێرێ، بەرەو ئاراستە ڕوحییە دروستەکەی.

ئەم لێکۆڵینەوەیە ئەو کۆششە بنچینەییە پڕ زەحمەتەی شێخ محەمەد عەبدەی ئاشکراکرد و ئەو پەڵە هەور و تەپو تۆزەی تۆمەتبارکردنی، کە بە هەوڵەکانی ئەم شێخەوە نووسابوو بە نوێکردنەوەی تیۆری تەفسیری قورئان و پەرە پێدانی ڕەواندەوە، شیکارێکی ڕەخنەیشی بۆ ئەو ڕەخنە و هەڵانە بکات، کە گەمارۆی ئەم قوتابخانەیان دابوو، ڕوونیشیکردەوە، کە پاڵەپەستۆی سەردەمی نوێ، ئەو دڵەڕاوکێ و گومانانەی، کە عەقڵ و هۆشی مرۆڤایەتی پێیەوە دەتلایەوە، ئەو کەلێنە گەورەی لەنێوان ژیاری ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا هەبوو، ئەمانە هەموو کۆبوونەوە و هاوبەشبوون لە زاڵکردنی تێڕوانینی عەقڵیی لای محەمەد عەبدە.

هەوڵە عەقڵییە بوێرەکانی محەمەد عەبدە ڕێخۆشکرد بۆ دەرکەوتنی ئەستێرەیەکی پڕشنگداری تر لە ڕێکخستنی هزردا، کە ئەویش ئەمین خوولی بوو، ئەم توێژینەوە بیرۆکەی گەوهەری لە هزری خوولی دەرخست، کە پێیوابوو قورئانی بەڕێز، تاکە دەقی عەرەبی بالایە لەنێوان دەقەکانی ڕۆشنبیریی عەرەبیدا، ئەرکی ڕاڤەکاری نوێی قورئان ئەوەیە، کە تایبەتمەندییەکانی ئەدەبی بالا و ناوازە بدۆزێتەوە لە قورئانی بەڕێزدا.

ئەم بیرۆکەی لای خوولی بوو بە هۆی ئەوە، کە بڵێ: ئیعجازی زمانەوانی مەبەستی گوتار و بەڵگەی سەلمێنەر و دڵنیاییدەرە بە عەقڵی مرۆڤایەتی، بێجگە لەوەش لە دیاردەکانی ئیعجاز، ئەوانیش هەر پاشکۆی ئەم مەبەستە ناوازەی ئیعجازن، کە ئەو وزە زۆر و سەرسامکارەی قورئان لەبواری زمانەوانی دەردەخەن.

ئەمین خوولی لە شێوەژیان و خوولیاکانی سەردەمەکەی کارامەبوو، درکی بە گرنگی دارشتنی میتۆدێکی تەواوکار بۆ خوێندنەوە، کە لە زمانەوە دەرچێ و بۆ زمانیش بگەڕێتەوە کردبوو، وا شارەزایی قووڵی ڕەوتی ئاڵوگۆڕکردن بە دەستەواژەکان بەکاربێنێ، بەزیرەکییەکی تێبینیکراو بڕوانێتە پەرەسەندنی مێژوویی بۆ ئاماژە (دەلالەتە) قورئانییەکان، ئالێرەدا پێشنیازی میتۆدی تەفسیری بابەتیی بۆ قورئانی پیرۆز کرد، بەو پێیەی میتۆدێکی گونجاوە بۆ گەیشتن بە واتای بە مەبەستخوازراو، ئەو پێشنیازەش داننانێکی ناوەرۆکی بوو بە بوونی کەموکوڕی لە میکانیزمی ڕاڤەکاری هاوچەرخ بۆ تویژینەوە لە قورئان، بەدەرچوون لە بنیاتە جێگیرەکەی لە مێژوودا، هەروەها لەلایەکی تریش داوای سوود وەرگرتنی کرد لە زانستیی ئوسوڵی فیقە و بنچینەکانی تێگەیشتن، کە ڕێساکانی هەڵدەێنجا و بناغەی میتۆدەکانی تێگەیشتن(فقە)ی دادەڕشت، لەچوارچێوەی تێڕوانینێکی نزیک لە تێڕوانینی تەفسیری بابەتیی، کە خوولی پێشنیازی کردبوو، لەژێر ڕۆشنایی ئەم پێشنیازەش خوێندنەوەیەکی ئەدەبی بۆ هەندێ بابەتی قورئانی کرد و تیایدا پەردەی لەسەر ڕێکخستنی دەروونی وکۆمەڵایەتی لەقورئاندا بۆ ژیانی مرۆڤایەتی هەڵماڵی، جەختیشی لەوەکرد، کە ئەم ڕێبازە تاکەڕێی گرێنتیە بۆ جێبەجێکردنی ئامانجەکانی پەیامی ئیسلامی وکاریگەربوونی لە ژیاندا.

ئەم قوتابخانەی تەفسیری ویژەیی، کە خوولی دایمەزراند تووشی گەردەلولی دژایەتی و ناڕەزایی و گەمارۆدانی پەیڕەوانی ببووە، سەرەڕای ئەم دژایەتی و گەمارۆدانەش، بەڵام دەستەیەکی کەم لە شاگردانی خوولی ویستیان درێژە بەکاروانی خوولی بە ناو ئەو چقڵ و چاڵەدا بدەن، لەمەوپێش ئاماژە بەو دەمەتەقێیە توندەکرا، کە بەهۆی نامەی توێژینەوەکەی محەمەد ئەحمد خلف الله (هونەری

چیرۆک لە قورئانی پیرۆز)دا، چۆن ئەم نامە بووە هۆی بێبەشکردنی خوولی لە سەرپەرشتیکردنی توێژینەوە قورئانییەکان، پاشان دوو قوتابی لە پەیڕەوانی خوولی، کە بە ئەمینییەکان ناسرابوون ڕێگەی تەفسیری ویژەییان بۆ قورئان درێژە پێدا، ئەوانیش: شوکری عەیاد و عائیشە عەبدوڕڕەحمان بوون.

کۆشش و داڕشتنەکانی عائیشە بە هەندێ زاراوەی کەلەپوری ڕەوانبێژی دەچوو، بەڵام خوێندنەوە ئەدەبییەکەی هەر بە هەژاری مایەوە، هەرچەندە ئەو هاوسەر و کەسی هەرە نزیکی خوولی بوو، بەڵام جیاوازییەکی تێبینیکراو لە نێوان خوێندنەوەی ئەو و خوولی دا هەبوو، خوولی بە عەقڵ و چێژی واتای دەستەواژەکانی دەزانی و ڕەسەنایەتی و ڕێنمایی واتاکان بەڵگەی دەوڵەمەندی ئەو کەسایەتییە و هەستەوەریی ئەو بوون بە ئەدەبی زمانەوانی قورئانی، بەڵام ئەمە لە خوێندنەوەی عائیشە عەبدوڕڕەحماندا نەبوو، هەر بۆیە چارەسەر و خوێندنەوە ئەدەبییەکەی زۆربەی جار سادە و بێ توانابوو لە قووڵبوونەوە لە واتاکانی قورئان.

هەرچی پەیوەستە بە شوکری عەیاد، ئەو زیاتر نوێنەر بوو بۆ میتۆدی ئەدەبیی لە تەفسیردا، شارەزایی لە تێڕوانینی ئەدەبی هاوچەرخ و هەوڵەکانی ڕۆژهەڵاتناسانیشدا بۆ چارەی هەندێ بابەتی تەفسیر دەوڵەمەندتربوو.

هەر بۆیە خوێندنەوەی ئەو بۆ ڕۆژی لێپرسینەوە و ڕۆژی دوایی، زۆرترین واتای تێدابوو، کە میتۆدی ئەدەبی لە تەفسیردا پێشکەشی کرد، لەسەر هەستێکی ئەدەبی ڕەسەن دامەزرابوو، شارەزایەکی زۆریشی باشی هەبوو لە تیۆری تەفسیر لەناو ڕۆشنبیری عەرەبی ئیسلامیدا، ئەمە ئەندازەیەکی باش لە هۆگربوون و سەرنجڕاکێشانی پێبەخشی، هەروەها گیانێکی ڕەخنەگری هەبوو، کە ڕێبازی خوولی مامۆستای لە تەفسیردا پەرەپێدا، خوێندنەوەیەکی زیرەکی بۆ کرد، کە مژدەی توێژەرێکی لێهاتوو لە تەفسیری قورئان دەدا، بەڵام ئەو بارودۆخە زەحمەتەی، کە بەسەر قوتابخانەی ئەدەبیدا هات، وایکرد هەر زوو عەیاد لەو قوتابخانە جیاکراوە بکشێتەوە، خۆی خەریکی ڕەخنەی ئەدەبی و نووسینی ڕۆمانیش بکات، بەکشانەوەشی توێژینەوەی قورئانی یەکێک لە باشترین

هەڵسەنگێنەرەکانی لە دەستدا، بەم شێوە خۆری توێژینەوەی ئەدەبیی قورئانیی لە دوای هەورێکی ڕەشی دژایەتی و سەرکۆنەکردن خۆی شاردەوە و بزربوو.

توێژینەوەی ئەدەبی لە قورئاندا، لە پاش ئەم ڕاوەستانە، پێویستی بە ساڵانێکی زۆر بوو، تا بۆ جارێکی تر دووبارە بە جوڵە بکەوێتەوە بەرەو ئاسۆیەکی نوێ، لە دوای سێ ساڵ لە ئاوابوونی ئاڕاستەی یەکەم، ئاڕاستەیەکی تر بلورەی لە ڕۆشنبیری عەرەبی هاوچەرخدا کرد، کە ئاڕاستەی لێکدانەوە (تائویلی) بوو لە خوێندنەوە و تەفسیردا، ئەم ئاڕاستە لە گەوهەری گوتەکانی قەرزداری ڕۆشنبیری ڕۆژئاوا بوو، کە ڕۆژئاوا زۆر لەو ڕێسایانەی ڕەخنەی مێژوویی گەشە پێدابوو، لە خوێندنەوەی کتێبە پیرۆزەکانیش بە هەردوو قۆناغی کۆن و نوێ (تەورات و ئینجیل)، هەر بۆیە ڕەوتێکی هاوشێوەی ڕەخنەیی لە ڕۆشنبیری عەرەبی هاوچەرخ لە دایکبوو، کە وەک دەقێکی زمانەوانی لە قورئانی دەڕوانی، کە بەهۆی کارە ڕۆشنبییەکان پێکهاتووە و پیرۆزی قورئانی لە لایەک دانا و بەرکەناری کرد، زیادەڕەوی لەلایەنی تیۆریشی کرد و لایەنی کرداری پشتگوێخست.

لەم ڕەوتە لەلای دوو لە جەمسەرانی ئاڕاستەی تائویلی هەڵوێستەمان کردووە، ئەوانیش: محەمەد ئەرەگۆن و نەسر حامد ئەبو زید بوون، پەردەم لە ڕووی کەموکورتی میکانیزمی تەفسیر لای ئەرەگۆن هەڵماڵیوە، چونکە سەرەڕای زۆری ڕۆشنبیری و پێزانینەکانی، کە شانازی پێوە دەکرد لەکاتی نزیکبوونەوەی لە دەقی قورئانی، بەڵام خوێندنەوەیەکی زۆر سادەی پێشکەشکرد، کە زۆربەی خوێندنەوەکەی لە ڕۆژهەڵاتناسان وەرگرتبوو و زۆر زیادەڕەوی کرد لە بەرزەفڕی و بانگەشەکردن، شانازیشی دەکرد بەو خوێندنەوە گومانـاویەی، کە دەیەویست واتای نورانی قورئان بپڵیشێنێتەوە، بەرەو بێهودەیی و عەدەمی و عەبەسی ئاڕاستەی بکات و دان بە واتا و ڕاستییە ڕەهاکاندا نەنێ و هەموو ڕاستیەک بە ڕێژەیی بزانێ.

ئەبو زەید زیاتر هۆشیار بوو و شارەزای ئاڵۆزییەکانی تیۆریەکانی تەفسیر بوو، کە لە ڕۆشنبیری عەرەبی ئیسلامی داهەبوون، عەقڵ و هۆشێکی کراوە بەڕووی کەلە پورێکی دەوڵەمەندی ڕەخنەیی هەبووکە بەهۆی ئەو دەمەتەقێیە گەرمەی

نێـوان مـوعتەزیلی و ئەشـعەرییەکان هـاتبۆ ئـاراوە، هەروەهـا شـارەزای فەلسـەفەی لێکدانەوە- هیرمنیۆتیگای ڕۆژئاوایش بـوو، بەمەش چەنـدین کەلەپـوور و تێڕوانینـی لەخۆدا کۆکردبوونەوە و دیاریکردنی ناسنامە و ناسـینی سـەر بەچێتـی ئەبـو زەیـدی زۆر بەزەحـــمەت کردبـــوو، ئەو لەلایەک ســـووره لەســـەر خۆناســـاندن، وەک درێژەپێدەری قوتابخـانەی ئەمـین خـوولی، لەلایەکـی تـریش خوێنـدنەوەیەکی زۆر نامۆ و ڕەقی بۆ دەقی قورئان پێشکەشکرد، کە لە ناو ڕۆشنبیری عەرەبدا ئەو جـۆرە خوێندنەوە بوونی نەبوو، لە لایەکی تریش ڕۆشنبیرییە مارکسیەکەی لە ڕەخنەگـرتن بەکارهێنا، هێرشێکی زۆر توندیشی کردە سەر قەڵای هـزری ئیسـلامیی هـاوچەرخ، تا وا سەیرکرا، کە تـوێژەرێکی ئـاڵۆزە و هەوڵـی وروژانـدن و نـانەوەی ئاشـوب و پشێویی دەدا و ناتوانێ هیچ چارەسەرێک پێشکەش بکات، هەمیشە لەسەر سنووری تیـۆر ڕاوەسـتاوە و نـاتوانێ بپەڕێتەوە نـاو کـاری کرداریـی و چەسـپاندن، تـا توانـا ڕاستەقینەکانی ئاشکرابکات لە گەشەدان بە تیۆری تەفسیری قورئانی.

ئەم لێکـۆڵینەوە، لەمەولا هەر بە کراوەیـی دەمێنێـتەوە بـۆ چـوونە نـاو ئاسـۆی خوێنـدنەوە هاوچەرخەکـانی قورئـان، هەنـدێک هەوڵـی تـر هەبـوون نەمتـوانی هەڵوێسـتەی پێویسـتی لا بـکەم، دەبـێ ئەم پـرۆژە هەر تەواو بکـرێ و هەوڵەکـانی خلف الله و عفت شەرقاوی و حەسەن حەنەفی و محەمەد عابد جـابری و کەسـانی تر لەوانەی بە لێکۆڵینەوەی قورئان خەریکن، نادیدە نەگرێن.

لە بەرامبەر ئەمانە، هەندێ خوێندنەوەی تـر هەن، کە نیشـانەی کـرچ و کـاڵی و پەلەییان پێوە دیارە، زیـادەڕەوی دەکەن لە بانگەشـەی میتـۆدی بـوون، بەڵام دەیـان پشکنی دەبینی، کە ئەمـانە لە ئاسـتێکدا نـین کە شـایانی نـاوی خوێنـدنەوەبن، بـۆیە تاکەچارە بۆ ئەوانە پشتگوێخستنیانە، زۆرێک لە توێژەران هەوڵیاندا، سەر ئەم دیـوار و شوورایە بکەون و بێنە ناو حەوشەی ناو بانگ دەرکردن، بە قسـەی کـرچ وکـاڵ و نەشـیاو و بۆچـوونی کـاڵ و نەکولێـو و سـەرپێی لە تەفسـیرکردنی زۆرێـک لە ئایەتەکانی قورئان.

ئەم قورئانە پیرۆزە، وەک چرایەکی پڕشنگدار دەمێنێتەوە، کە تاریکاییەکانی ئەم بوونەوەرە ڕۆشن دەکاتەوە، وەک مانگێکی نورانی تاریکیەکانی ناو دڵ و دەروون و ناخی مرۆڤایەتی ڕووناک دەکاتەوە، هەمیشە لەسەروو وزە و توانای ئەو دەمە بچوکانە دەبێ، کە دەیانەوێ ڕووناکی خوای گەورە بکوژێنەوە و ئاماژەکانی ئاسمان لە کاربخەن، بۆ هەمیشە خەڵکی قورئانخوێن بە نزیک و دۆست و تایبەتەکانی خوا دەمێننەوە، ڕەحمەت لەو سۆفیە نامۆیە بێ، کە کاتێ گوتی:

کاتێ ئەوانەی ویرد و تەهلیلێکیان هەیە، کە ویردەکەیان تەواو کرد، چوون پشوویان دا، ئەوانەی چەند بەش و جزمی قورئانیان دیاری کردبوو، کە خوێندیان ڕۆیشتن بۆ پشوودان، بەڵام ئەهل و خانەوادە و دۆستانی من هێشتا نەڕۆیشتوون بۆ پشوودان، جا ئەوان چۆن بڕۆن؟؟

**چرای پێکگەیشتن لە نێوانمان هە ڵئایسابوو**
**بەڵام بای هەجر و غەدر هەڵیکرد و کوژاندیەوە..**

# ليستى سەرچاوەكان:

- ابن الاثير، ابوالسعادات. النهاية في غريب الحديث والاثر، خرج احاديثه وعلق عليه: صلاح عويضة، بيروت: دارالكتب العلمية، ط١، ١٩٩٧ ز.

- ابن تيمية، احمد. درء تعارض العقل والنقل، تحقيق: محەمەد رشاد سالم، بيروت: دارالكنوز الادبية، ط ١، ١٩٧١ز.

- مقدمة في اصول التفسير، ضمن(مجموع الفتاوى)، اعتنى بها وخرج احاديثها: عامر الجزار وانور الباز، بيروت: دارالجيل، ط ١، ١٩٩٧ز.

- ابن خلدون. المقدمة، تصحيح نصر الهوريني، بيروت: دار الجيل.

- ابن سينا. رسالة في اثبات النبوات، حققها وقدم لها: ميشال مرمورة، بيروت: دار النهار للنشر، ط ١، ١٩٩١ز.

- ابن كثير، اسماعيل بن عمر. تفسير القرآن العظيم. تحقيق محەمەد سلامة، جدة: دار طيبة، ٢٠٠٣ز.

- ابن هوازن، القشيري عبدالكريم. لطائف الاشارات، تحقيق: ابراهيم بيضون، القاهرة: الهيئة المصرية العامة للكتاب، ط ١، ١٩٧١ز.

- ابوزيد، احمد. مقدمة في الاصول الفكرية البلاغية واعجاز القرآن، الرباط: دار الامانة، ط ١، ١٩٨٩ز.

- ابوزيد، نصر حامد. القراءة الادبية للقرآن: اشكالياتها قديما وحديثا، مجلة الكرمل، ع ٥٠ ، ١٩٩٧ز.

- النصوص الدينية بين التاريخ والواقيع، قضايا وشهادات، الحداثة-١- ع ٢، ١٩٩٠ز.

- اشكاليات القراءة وآليات التأويل، المغرب: المركز الثقافي العربي، ٢٠٠١ز.

- الخطاب والتأويل، الدارالبيضاء: المركز الثقافي العرابي، ط٢، ٢٠٠٥ز.

- النص، السلطة، الحقيقة، الدار البيضاء، المركز الثقافى العربي، ط ٢، ١٩٩٧ز.

- مفهوم النص، دراسات في علوم القرآن، بيروت، المركز الثقافي العربي، ط ١، ١٩٩٠ز.

-آدمز، تشارلز. الاسلام والتجديد في مصر، ترجمة: عباس محمود، القاهرة: لجنة دائرة المعارف الاسلامية، ١٩٨١ز.

- ادوونيس. النص القرآني وآفاق الكتابة، بيروت: دار الكتب، ط١، ١٩٩٣ز.

- اركون، محمد. الفكر الاسلامي نقد واجتهاد، ترجمة: هاشم صالح، بيروت: دارالساقي، ط ٢، ١٩٩٢ز.

- الفكر الاسلامي واستحالة التاصيل، ترجمة وتعليق: هاشم صالح، بيروت: دار الساقي، ط ٣، ٢٠٠٧ز.

- الفكر الاسلامي، قراءة علمية، ترجمة وتعليق: هاشم صالح، بيروت: دار البيضاء: مركز الانماء القومي، المركز الثقافي العربي، ط٢، ١٩٩٦ز.

- القرآن من التفسير الموروث الى تحليل الخطاب الديني، ترجمة هاشم صالح، بيروت: دار الطليعة، ط١، ٢٠٠١ز.

- تاريخية الفكر الاسلامي، ترجمة: هاشم صالح، بيروت: مركز الانماء العربي، ١٩٩٤ز.

- اركون، محمد، وغارديه لوءي. الاسلام الامس والغد، ترجمة: علي المقلد، بيروت: دار التنوير، ١٩٨٣ز.

- اسبينوزا. رسالة في اللاهوت والسياسة، ترجمة وتقديم: حسن حنفي، بيروت: دار الطليعة، ط ٣، ١٩٩٤ز.

- اقبال، محمد. جناح جبريل، ترجمة وتعليق: جلال السعيد الحفناوي، مراجعة محمد علاءالدين منصور، القاهرة: المجلس الاعلى للثقافة، ط١، ٢٠٠٣ز.

- الاندلسي، ابن عطية. المحرر الوجيز في تفسير الكتاب العزيز، بيروت: دار ابن حزم، ط١ ، ٢٠٠٢ز.

- اولندر، موريس. لغات الفردوس، ترجمة د. جورج سليمان، بيروت مركز دراسات الوحدة العربي، ط ١، ٢٠٠٧ز.

- ايفانوكس، خوسيه ماريا. نظرية اللغة الادبية، ترجمة: حامد ابو احمد، القاهرة: مكتبة غريب، ١٩٩٢ز.

-باختين، ميخائيل. مسالة النص، ترجمة محمد علي مقلد، مجلة الفكر العربي المعاصر، ٦، ١٩٨٥ز.

- بارت، رولان. التحليل النصي، تطبيقات على نصوص من التوراة والانجيل والقصة القصيرة، ترجمة عبدالكبير الشرقاوي، الدار البيضاء: مطبعة النجاح، ٢٠٠١ز.

- برجشتراسر، جوتهلف. التطور النحوي للغة العربية، القاهرة: مكتبة الخانجى، ط٤، ٢٠٠٣ز.

- بكار، يوسف. بناء القصيدة في النقد العربي القديم في ضوء النقد الحديث، بيروت: دار الاندلس، ط ٢، ١٩٨٣ز.

- بلاشير. القرآن: نزوله، تدوينه، ترجمته، تاثيره، ترجمة: رضا سعادة، بيروت دار الكتاب البناني، ط ١، ١٩٩٤ز.

- بنفنست، اميل. سيميلوجيا اللغة، ترجمة: سيزا قاسم، مجلة فصول، مج ١،ع٣، ١٩٨١م.

- يكوفيج، علي عزت. الاسلام بين الشرق والغرب، ترجمة: محمد يوسف، بيروت مؤسسة العلم الحديث، ط١، ١٩٩٤ز.

- هروبي الى الحرية، ترجمة: اسماعيل ابو البندورة، بيروت- دمشق: دار الفكر المعاصر، ط١، ٢٠٠١ز.

- بيرك، جان. القرآن وعلم القراءة، ترجمة وتعليق: منذرعياشي، بيروت- حلبدار التنوير، مركزالانماء الحضاري، ط١، ١٩٩٦ز.

- تفيفحه، رمزي، معقولية الاصل واللغة الرمزية، الفاتحة رهانات المعنى، قراءة محمد اركون نموذجا، مجلة كتابات معاصرة ، ع٤٧ ، ٢٠٠٢ز.

-تليمة، عبدالمنعم. القوة الناقدة والقوة الخالقة: شكري محمد عياد، مجلة ابداع، ع٩ سبتمبر١٩٩٩م.

- الثعالبي، عبدالعزيز. روح التحرر في القرآن، ترجمة: حمادي الساحلي، راجعه ووضع حواشيه: محمد مختار السلامي، بيروت: دار الغرب الاسلامي، ط١، ١٩٨٥م.

- الجابري، صلاح. النص والواقيع، مجلة المنطلق الجديد، بيروت: ع٩، ٢٠٠٦ز.

- جاسبر، دايفيد. مقدمة في الهرمنيوطيقا، ترجمة: وجيه قانصو، الجزائر: الدار العربية للعلوم/ناشرون، منشورات الاختلاف، ٢٠٠٧ز.

- جاكبسون، رومان. قضايا الشيعرية، الترجمة: محمد الولي ومبارك الحنون، الدار البيضاء: دارتوبقال، ط ١، ١٩٨٨م.

- الجرجاني، عبدالقاهر. الرسالة الشافية، نشرت بضميمة دلائل الاعجاز، قراءة وعلق عليه: محمود محمد شاكر، القاهرة: مكتبة الخانجي، ط٢، ١٩٨٩م.

- اسرار البلاغة، قراءه وعلق عليه: محمود محمد شاكر، القاهرة- جدة: مطبعة المدني، دار المدني ط٢، ١٩٩١م.

- الجصاص، ابوبكر. احكام القرآن، بيروت: دار الكتاب العربي، ١٩٨٦م.

- جعيط، هشام. الوحي والقرآن والنبوة، بيروت: دار الطليعة، ط١، ١٩٩٩م.

- اوروبا والاسلام: صدام الثقافة والحداثة، ترجمة: طلال عتريسي، بيروت: دار الطليعة، ط ١، ١٩٩٥م.

- جول، محمد زاهد. النص والتأويل، استراتيجيات القراءة المحدثة، مجلة التسامح، ع٢٤، ٢٠٠٨م.

- جولدتسيهر، اجناس. العقيدة والشريعة في الاسلام، ترجمة وتعليق: محمد يوسف موسى وزميلاه، لبنان: دار الرائد العربي، طبعة مصورة عن دار الكتاب المصري، ١٩٤٦م.

- مذاهب التفسير الاسلامي، ترجمة: عبدالحليم النجار، بيروت دار اقراء، ط٣، ١٩٨٥م.

- جيب، هاملتون. الاتجاهات الحديثة في الاسلام، ترجمة: هاشم الحسيني، بيروت: دار مكتبة الحياة، ١٩٦٦م.

- جيد، اندريه. دستوفسكي. مقالات ومحاضرات، ترجمة: الياس حنا الياس، بيروت- باريس، منشورات عويدات، ط١، ١٩٨٨م.

- حافظ، صبري. افق الخطاب النقدي، القاهرة: شرقيات للنشر والتوزيع، ط١، ١٩٩٦م.

- حرب، علي. نقد النص، الدار البيضاء: المركز الثقافي العربي، ط٤، ٢٠٠٥م.

- حسين، طه. من الشاطيء الاخر، كتابات طه حسين بالفرنسية، جمع وترجمة وتعليق: عبدالرشيد الصادق محمودي، القاهرة، المركز القومي للترجمة، ط١، ٢٠٠٨م.

- حمادة، منتصر. الايات القرءآنية والقراءات الحداثية عند د. طه عبدالرحمن، مجلة المنطلق الجديد، لبنان، ع٩، ٢٠٠٦م.

- حنفي، حسن. التفسير ومالح الامة: التفسير الاجتماعي، قضايا اسلامية معاصرة، ع٤، ١٩٩٨م.

- علوم التأويل بين الخاصة والعامة، مجلة القاهرة، الاعداد ١٧٣-١٧٥، ١٩٩٧م.

- قراءة مفهوم النص لنصر حامد ابو زيد مجلة فصول، مج ٩ع ٢-٤، ١٩٩١م.

- حنون، عبدالمجيد، اللانسونية واثرها في رواد النقد العربي الحديث، القاهرة، الهيئة المصرية العامة للكتاب، ط ١، ٢٠٠٦م.

- حوراني، البرت. الفكر العربي في عصر النهضة ١٧٩٨-١٩٣٩، ترجمة: كريم غزقول، بيروت دار النهار، ط ٤، ١٩٨٦م.

- الخطابي، ابوسليمان. بيان اعجاز القرآن حققها وعلق عليها: محمد خلف الله ومحمد زغلول، مصر، دار المعارف، ١٩٥٦م.

- خلف الله، محمد احمد. الفن القصصي في القرآن الكريم، القاهرة، مكتبة النهضة المصرية، ط ١، ١٩٥٠م.

- الخولي، امين. من هدي القرآن، الاعمال الكاملة، القاهرة، الهيئة المصرية العامة للكتاب، ١٩٧٨م.

- مناهج تجديد في النحو واللغة والتفسير والادب، القاهرة، دار المعرفة، ١٩٦١م.

- عبده، محمد. الاسلام بين العلم والمدنية. دمشق، دار المدى، طبعة خاصة، ٢٠٠٢م.

- الدهلوي، حجة الله. الفوز الكبير في اصول التفسير. دمشق، دار قتيبة، ط ١، ١٩٨٩م.

- دى سوسير، فرديناند. دروس في الالسنية العامة، تعريب: صالح الفرمادي وزميليه، ليبيا، دار العربية للكتاب، ط١، ١٩٨٥م.

- الذهبي، محمد حسين. التفسير والمفسرون، بيروت، دار احياء التراث العربي، ط ٢، ١٩٧٦ز.

- راضي، عبدالحكيم. شكري عياد: وصف القرآن يوم الحساب/ جدل المادة/ الموضوع/ النظرية/ المنهج. مجلة ابداع، ع٩، ١٩٩٩م.

- الرفاعي، مصطفى صادق. اعجاز القرآن والبلاغة القرآنية. بيروت، دار الكتاب العربي، ط ٢، ١٩٧٤م.

- تاريخ آداب العرب. بيروت، دار الكتاب العربي، ١٩٧٤م.
- رضا، محمد رشيد. تفسير المنار، تحقيق: ابراهيم شمس الدين، بيروت، دار الكتب العلمية. ط ٢، ٢٠٠٥م.
- الرفاعي، عبدالجبار. الاتجهات الحديثة في التفسير، مجلة قضايا اسلامية معاصرة، ع٤، ١٩٩٨م.
- ريتشارد، آى ايه. فلسفة البلاغة. ترجمة: سعيد الغانمي ود. ناصر حلاوي، الدار البيضاء، دار افريقيا الشرق للنشر، ٢٠٠٢م.
- رينان، والافغاني. الاسلام والعلم. مناظرة رينان والافغاني، ترجمة ودراسة، مجدي عبدالحافظ، القاهرة، المجلس الاعلى للثقافة، ط١، ٢٠٠٥م.
- الزمخشري، ابو القاسم محمود بن عمر. الكشاف عن حقائق التنزيل وعيون الاقاويل في وجوه التأويل، القاهرة، دار الريان، ط ٣، ١٩٨٧م.
- سالم، احمد، محمد. تجديد الفكر الديني عند امين الخولي. القاهرة، رؤية للنشر والتوزيع، ط١، ٢٠٠٩م.
- ستيتكفتش. العربية الفصحى الحديثة، بحوث في تطور الالفاظ والاساليب، ترجمة وتعليق، محمد حسن عبدالعزيز، مصر، الهيئة العامة لشؤون المطابع، ٢٠٠٢م.
- السعافين، ابراهيم. في محراب المعرفة: دراسات مهدات الى احسان عباس. بيروت دار الغرب الاسلامي، دار الصادر، ط ١، ١٩٩٧م.
- سعيد، ادوارد. مقالات وحوارات، تقديم وتحرير: محمد شاهين، بيروت المؤسسة العربية للدراسات والنشر، ط ١، ٢٠٠٤م.
- سل، كانون. تطور قرآن التاريخي، ترجمة، مالك مسلماني، ٢٠٠٥م.
- كتاب الكترونى:
http//www muhammadanism org arabic book sell hdq arabic pdf

- سليمان، حسناء. محمد عبده والتفسير العقلي، مجلة كتابات معاصرة، ع ٥٩، ٢٠٠٦م.

- سونتاغ، سوزان. ضد التأويل ومقالات اخرى، ترجمة نهلة بيضون، بيروت، المنظمة العربية للترجمة، ط١، ٢٠٠٨م.

- السيوطي، جلال الدين. الاتقان في علوم القرآن، تحقيق، محمد قيسية ومحمد اشرف الاتاسي، الامارات العربية، مؤسسة النداء، ٢٠٠٣م.

- المزهر في اللغة وانواعها، تحقيق، محمد جدالمولى واخرين، بيروت، دار الفكر.

- الشاذلي، عبدالسلام. شكري عياد بين التاريخ والنقد والذاكرة الحضارية. مجلة ابداع. ع٩، ١٩٩٩م.

- شاكر، محمود محمد. اباطيل واسمار، القاهرة، مطبعة المدنى، ط ٢، ١٩٧٢م.

- رسالة في الطريق الى ثقافتنا، القاهرة، كتاب الهلال، ١٩٩١م.

- مدخل اعجاز القرآن، القاهرة، جدة، مطبعة المدني، دار المدني، ط١، ٢٠٠٢م.

- شحاتة، عبدالله. الامام محمد عبده بين المنهج الديني والمنهج الاجتماعي، الهيئة المصرية العامة للكتاب، ٢٠٠٠م.

- الشرقاوي، عفت. الفكر الديني في مواجهة العصر، دراسة تحليلية لاتجاهات التفسير في العصر الحديث، القاهرة، مكتبة الشباب، ١٩٧٦م.

- صالح، هاشم. حول مفهوم الحس التاريخي، مجلة الوحدة، ع٨١، ١٩٩١م.

- طبانة، بدوي. سوانح وآراء في الادب والادباء. لونجمان، مكتبة لبنان، ناشرون، الشركة المصرية العالمية للنشر. ط ١، ١٩٩٧م.

- الطبري، ابي جعفر ابن جرير. جامع البيان في تفسير القرآن. بيروت، دار الفكر، ١٩٨٣م.

- طرابيشي، جورج. مذبحة التراث في الثقافة العربية المعاصرة، بيروت، دار الساقي، ط ١، ١٩٩٣م.

- عباس، احسان. تاريخ النقد الادبي عند العرب. بيروت، دارالثقافة، ط٤ ، ١٩٨٣م.

- العباسي، احمد ابي يعقوب. تاريخ اليعقوبي. بيروت، دار صادر.

- عبدالرحمن، عائشة. الاعجاز البياني للقرآن. مصر، دار المعارف، ١٩٨٤م.

- التفسير البياني للقرآن الكريم. مصر، دارالمعارف، ١٩٦٨م.

- القرآن والتفسير العصري. مصر، دار المعارف، ١٩٧٠م.

- عبدة، محمد. تفسير القرآن العظيم، جزءعم، بيروت، القاهرة، دار ابن زيدون، مكتبة الكليات الازهرية، ١٩٨٩م.

- رسالة التوحيد. بيروت، دار الكتاب العربي، ١٩٧٧م.

- مشكلات القرآن الكريم وتفسير سورة الفاتحة. بيروت، دار مكتبة الحياة.

- عصفور، جابر. دروس الاستاذ، مجلة الهلال، ع١٠٨، ١٩٩٩م.

- هوامش على دفتر التنوير، الكويت، دار سعاد الصباح، ط١ ١٩٩٤م.

- العقاد، عباس محمود. محمد عبدة. وزارة الثقافة والارشاد، سلسلة اعلام العرب، القاهرة، مكتبة مصر.

- عمارة، محمد. التفسير الماركسي للاسلام. القاهرة، دارالشروق، ط١، ١٩٩٦م.

- دار الهلال، التكوين. حياة المفكرين والادباء والفنانين باقلامهم. القاهرة، كتاب الهلال، ع٥٦٦، ١٩٨٨م.

- عياد، شكري. الرؤيا المقيدة التفسيرالحضاري للادب، الهيئة المصرية العامة للكتاب، ١٩٧٨م.

- القفز على الاشواك، القاهرة، دار الهلال، ١٩٩٩م.

- اللغة والابداع، مبادىء علم الاسلوب العربي، القاهرة، انترناسيونالبرس، ١٩٨٨م.

- تجارب في الادب والنقد. القاهرة، دار الكاتب العربي للدراسة والنشر، ١٩٦٧م.

- رسالات قرآنية، يوم الدين والحساب، القاهرة، دار الشروق ١٩٨٠م.

- فضل، صلاح. بلاغة الخطاب وعلم النص. عالم المعرفة، الكويت، ع١٦٤، ١٩٩٤م.

- فك، يوهان، العربية: دراسات في اللغة والدراسات والاساليب، ترجمة وتعليق: رمضان عبدالتواب، مصر، مكتبة الخانجي، ط٢ ، ٢٠٠٢م.

- فهمي، جدعان. اسس التقدم عند مفكري الاسلام، عمان، دار الشروق، ط٣، ١٩٩٨ز.

- فيلد، شتيفان. ترجمة القرآن الكريم، اشكاليات وابعاد، مجلة التسامح، ع١١، ٢٠٠٥م.

- قطب، سيد، التصوير الفني في القرآن، القاهرة، دار الشروق.

- ـــــ في ظلال القرآن. القاهرة، دار الشروق، ط ٢٥، ١٩٩٦م.

- القيام، عمر حسن. في دائرة المنهج، قراءة نقدية. منشورات امانة عمان الكبرى ٢٠٠٥م.

- كاسيرر، ارنست. مدخل الى فلسفة الحضارة الانسانية او مقال في الانسان، ترجمة احسان عباس، مراجعة، محمد يوسف نجم، بيروت: دار الاندلس.

- م. ايزوتسو، توشيهيكو. الله والانسان في القرآن، ترجمة وتقديم: د. هلال محمد الجهاد، بيروت، المنظمة العربية للترجمة، ط ١، ٢٠٠٧م.

- المازري، محمد بن علي. اكمال المعلم بفوائد مسلم. تحقيق: محمد الشاذلي النيفر، بيروت، دار الغرب الاسلامي، ١٩٩٣م.

- ــــــــ ايضاح المحصول من برهان الاصول، دراسة وتحقيق: عمار الطالبي، بيروت، دارالغرب الاسلامي، ط١، ٢٠٠١م.

- ماكوري، جون. الوجودية، ترجمة امام عبدالفتاح امام، مراجعة فؤاد زكريا، الكويت، عالم المعرفة، ع٥٨، ١٩٨٢م.

- مجلة ابداع، العدد ٩ سبتمبر١٩٩٩م.

- مرتاض، عبدالملك. التأويلية بين المقدس والمدنس. مجلة عالم الفكر، مج٢٩ ، ع١ ، ٢٠٠٠م.

- مصطفوي، محمد. نظريات لغة الدين واشكاليات المعرفة والتبين. مجلة المحجة، لبنان، معهد المعارف الحكمية، ع١٠، ٢٠٠٤م.

- ملكيان، مصطفى. العقلانية والمعنوية. مقاربات في فلسفة الدين، ترجمة: عبدالجبار الرفاعي وحيدر نجف. بيروت، دارالهادي، ط١، ٢٠٠٥م.

- مندور، محمد. النقد المنهجي عند العرب، القاهرة: دار النهضة، مصر للطباعة والنشر، ٢٠٠٨م.

- ناصف، مصطفى. اللغة والبلاغة والميلاد الجديد، الكويت، دار سعاد الصباح، ١٩٩٢م.

- نخبة من الكتاب. مرفاء الذاكرة، الكويت: كتاب العربي، العدد ٥٤، اكتوبر٢٠٠٣م.

- نصر، سيد حسين. القرآن كلمة الله، مصدر المعرفة والفعل. تعريب: موسى صفوان، مجلة المحجة، بيروت، دار الهدى، ع١٠، ٢٠٠٤م.

- نولدكه، تيودور. تاريخ القرآن. ترجمة: جورج تآمر واخرين، بيروت، اسم الناشر، ط١، ٢٠٠٤م.

- نويفرت، انجيليكا. طريقة الباقلاني في اظهار اعجاز القرآن. تحرير: وداد القاضي، بيروت: الجامعة الامريكية، ط١، ١٩٨١م.

- النيفر، حميدة. الانسان والقرآن، وجهالوجه. بيروت، دمشق، دار الفكر المعاصر. ط١، ٢٠٠٠م.

- هالبير، رون. العقل الاسلامي امام تراث عصر الانوار في الغرب، الجهود الفلسفية عند محمد اركون. ترجمة: جمال شحيد، دمشق، الاهالي للطباعة، ط١، ٢٠٠١م.

- هاملّتون، جيب. دراسات في الادب العربي، ترجمة: اسحاق هاشم الحسيني، دمشق، المركز العربي للكتاب.

- لهمذاني، القاضي عبدالجبار. المغني في ابواب التوحيد والعدل، خلق القرآن. قوم نصه: ابراهيم الابياري، مصر: وزارة الثقافة والارشاد القومي، ط١، ١٩٨١م.

- الهواري، احمد. شكري عياد: جسور ومقاربات ثقافية، مصر، عين للدراسات والبحوث. ط١، ١٩٩٥م.

- ويليك، رينيه. تاريخ النقد الادبي الحديث. ١٧٥٠- ١٩٥٠م، ترجمة: عبدالمنعم مجاهد. القاهرة، المجلس الاعلى للثقافة، ٢٠٠٠م.

-Abu-Zayd،Nasr."The D<ilemma of the Literary Approach to the Quran" Alif:Journal of Comarative Poetics ،no.٢٣ -٢٠٠٣..

# پەیمانگای جیهانیی فیکری ئیسلامیی

دامەزراوەیەکی فیکریی ئیسلامیی ڕۆشنبیریی سەربەخۆیە، لە سەرەتای سەدەی پانزەیەمی کۆچی (١٤٠١ک - ١٩٨١ز) لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دامەزراوە، تا کار بۆ ئەم خاڵانەی خوارەوە بکات:

- فەراهەمهێنانی تێڕوانینی گشتگیرانەی ئیسلام، لەپێناو تەئسیلکردنی مەسەلە هەنووکەییەکانی ئیسلام و ڕوونکردنەوەیان، هەروەها لەپێناو پێکەوەگرێدانی بەش و لقەکان بە هەمەکییەکان (الکليات) و مەبەست و ئامانجە گشتییەکانی ئیسلام.
- گێڕانەوەی ناسنامەی فیکریی و ڕۆشنبیریی و ژیاریی بۆ ئوممەی ئیسلامی، ئەویش لە میانەی چەند هەوڵ و کۆششێکی بەئیسلامکردنی زانستە مرۆڤایەتیی و کۆمەڵایەتییەکان و چارەسەرکردنی مەسەلەکانی فیکری ئیسلامی.
- چاکسازی لە پرۆگرامەکانی فیکری ئیسلامی هاوچەرخدا، بۆ ئەوەی ئوممەی ئیسلامی توانای دووبارە گەڕاندنەوەی شێوە ژیانە ئیسلامییەکەی خۆی و هەروەها ڕۆڵی خۆی لە ئاڕاستەکردنی کاروانی ژیاریی مرۆڤایەتی و بەرچاوڕۆشنکردنی و گرێدانی بە بەها و ئامانجەکانی ئیسلامەوە، هەبێت.

پەیمانگا، بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی چەند هۆکارێک دەگرێتەبەر لەوانەش:

- بەستنی کۆنگرە و سیمیناری زانستی.
- هاوکاریی هەوڵ و کۆششی زانا توێژەرەوەکانی زانکۆ و بنکەکانی توێژینەوەی زانستیی و بڵاوکردنەوەی بەرهەمە زانستییە نایابەکان.
- ئاڕاستەکردنی توێژینەوە زانستی و ئەکادیمییەکان لەپێناو خزمەتکردن بە فیکر و مەعریفە.

هەروەها پەیمانگا چەند نووسینگە و لقێکی لە پایتەختی وڵاتە عەرەبی و ئیسلامییەکان و وڵاتانی تریش هەیە، کە لە ڕێگەیانەوە کار و چالاکییە جۆراوجۆرەکانی خۆی ئەنجام دەدات، هەروەها چەند ڕێکەوتننامەیەکی لەگەڵ ژمارەیەک زانکۆی عەرەبی و ئیسلامیی و خۆرئاوایی لە سەرانسەری جیهاندا بۆ هاوکاریی زانستی هاوبەش، هەیە.

سەنتەری زەهاوی
بۆ لێکۆڵینەوەی فیکریی

## سەنتەری زەهاوی بۆ لێکۆڵینەوەی فیکریی

سەنتەرێکی کوردستانیی ناحکومیی ناسیاسییە، گرنگیی دەدات بە توێژینەوە و تاوتوێکردنی پرسە هزرییە بنەڕەتییەکان بۆ دووبارە هێنانەگۆی دەق و تێکستە پیرۆزەکان و چۆنیەتی دابەزاندنی چەمکە مەعریفی و بەبایەخەکانی ئیسلام لە بوارە جیاوازەکانی سەردەمدا. لە سۆنگەی ئەوەوە کە هزر و بیری ڕەسەن و قووڵ بنچینەی تێگەیشتنی ڕاست و دروستە بۆ دەقەکانی قورئان و سوننەت و دەستەبەری لێکدانەوەی گونجاوە بۆیان.

سەنتەر هەوڵی ڕەخساندنی کەشوهەوای گونجاو دەدات بۆ کارابوونی عەقڵ و بیر و ڕانانی هزریی، لەم پێناوەدا سەنتەر هەردوو سەرچاوەی قورئانی پیرۆز و فەرموودەی بەرز و بەڕێز بە بەکارهێنانی ئامرازی زانستە ئیسلامییەکان و زانستەکۆمەڵایەتی و سروشتییەکان دەکاتە بنەمای کارەکانی.

**بوارەکانی کارکردن:**

- نووسین بە قەڵەمی خۆماڵیی نووسەرانی کورد و بیرمەندان.
- وەرگێڕان لە زمانە جیاوازەکانەوە بۆ زمانی کوردیی، لە پێناو دەوڵەمەندکردنی کلتووری کوردییدا.
- بەستنی کۆنگرەی زانستی و کۆڕ و سازدانی سیمینار لە لایەن خاوەن بیر و ئەکادیمیانە وە.
- خوولی ڕاهێنان و ۆرکشۆپ لە لایەن کەسانی پسپۆڕ و خاوەن بڕوانامەی زانکۆییەوە.
- هاوکارییکردنی دامودەزگا و دامەزراوە ئەکادیمییەکان و زانکۆکان لە پێناو پەرەپێدانی ئاستی زانستیی.